فاتح رسول

چەند لاپەڕەیەک لە

مێژووی

خەباتی گەلی کوردمان

ڕووداو و بەڵگەنامە

١٩٨٠ و ١٩٨١

بەرگی دووەم

١٩٩٢

فاتح رسول

چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان

ڕووداو و بەڵگەنامە
۱۹۸۰ و ۱۹۸۱

بەرگی دووەم

سوید ۱۹۹۲

ناوی کتێب: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان (ڕووداوو بەڵگەنامە)
نووسینی: فاتح رسول
چاپی: یەکەم
بەرگی: دووەم

Adeication fron the future of the chaldren of kurdistan



پێشکەشە بۆ دوارۆژی منداڵانی کوردستان

پێشەکی

خوێنەری خۆشەویست... بەرگی یەکەمی «چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد» ماوەیەک دەبێ لەبەر دەستی ئێوەی بەرێزدایە. هەر وەک لەسەرەتاکەیدا ئاماژەم بۆ کردووە (ئەوەی پێشکەشی دەکەم هەندێ لە ڕووداوو کارەسات و ئاپۆری دوازدە ساڵی ڕەبەقە کە خۆم تێیدا ژیاوم‌و ڕۆژانەش ئەوەی سەرنجی ڕادەکێشام یەکسەر تۆمارم دەکرد، بەو ئامانجەی کە هەر کاتێک دەرفەتم بۆ هەڵکەوێ ڕووداوەکان نێگەتیڤ‌و پۆزەتیڤ. ئەمانەی پێویست بەوە دەکەن ون نەبن، وەک زنجیرەیەک لە ئەزموون‌و تاقیکردنەوە بە یەکتری گرێبدەم و بکەوێتە بەر هەڵسەنگاندنی خوێنەری کوردو توێژەران).

بەرگی یەکەمم لەسەر شێوەی یاداشتی ڕۆژانەی ڕامیاری نووسیوە (المذکراە الیومیە السیاسیە) بۆیە دەبینرێ کە لە ڕۆژو کاتژمێرێکی دیارکراودا باسی ڕووداوێک یا کارێک لە پەیوەندی نیشتمانی پێشکەشی دەکەم. بێ ئەوەی بگاتە ئەنجامێک و کۆتایی بە وانەکە بهێنرێ. چەندان ڕووداوی تری ڕۆژانە هاتوونەتە پێش و تۆمار کراون کەچی دوای ماوەیەک جارێکی تر گەڕاومەتەوە سەر هەمان باسی پێشوو. ئەم جۆرە نووسینەش خوێنەر ناچار دەکات بە وردی لاپەڕەکان بخوێنێتەوەو هەڵگێڕو وەرگێڕیان پێ بکات‌و بچێتە بنج‌و بناوانیان تا بەو ئامانجە دەگات کە

ئاواتیەتی.

بلأوکراوە لەم شێوەیە گەلێ زۆر نووسراوە وەک سیاحەتنامەی ئەولیای چەلەبی یاداشتی مامۆستای ئەمر رەفیق حیلمی، تاریخ الوزارات العراقیە ـ عبدالرزاق الحسني و دفاتر سیاسیە ـ معین بەسیسو... هتد.

سادیم ئەگەر لەسەر شێوازی نووسینی پێشوو بەردەوام بم گەلێ رووداو هەن، ئەو سەرلجە راناکێشن و گرنگی رووداوەکانیشیان کەم دەبێتەوە. بۆیە وام بەروا زانی کە بە پێی توانا تەقەللا بدەم ئەم چەند رووپەڕەی پێشکەش دەکەم ئەو هیواو ئامانجەی هەمە وەدەستی بهێنم‌و تا رادەیەک توانیبێتم خوێنەرو توێژەران، ئەوانەی کێش‌و پێوانی راستەقینەیان لەدەستدایە بۆ هەڵسەنگاندن لێم رازی بن و بە دڵێکی فراوانەوە سەیری کەم‌و کورییەکانی بکەن.

بە پێویستی دەزانم لەم پێشەکییەدا ئاماژە بۆ ئەو کارەساتە وێرانکاریانە بکەم کە لە سەدەی بیستەم دووچاری نەتەوەکەمان هاتوون.

سەد ساڵ لەمەوبەر، بە هۆی دۆزینەوەی پیترۆل و گرنگی شوێنی ستراتیژی رۆژهەڵاتی ناوەراست، وڵاتە سەرمایەدارو کۆلۆنیالیەکان بایەخی زۆریان بە هەموو ناوچەکەداو زوو کەوتنە پلاندانان و نەخشەکێشان بۆ داگیرکردنی.

لە رێککەوتنە نهێنییەکەی سایکس بیکۆی ساڵی ١٩١٦دا، کە لە نێوان بەریتانیا و فەرەنساو روسیای تەزاریدا بەسترا، لە سەر ئەوە رێککەوتبوون کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم هەر یەکێک لەم سێ وڵاتە چ وڵاتێکی لە ناوچەکەدا بەر دەکەوێ و دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی. ئەوە بوو هەر وڵاتە سوێندخۆرەکان سەرکەوتن و جەنگەکە کۆتایی هات، ستەمکارانە کوردستان زیاتر کەوتە بەر لەت و پەتکردن و ژێر دەستی.

لە ئەنجامی بەرژەوەندی دەوڵەتە داگیرکەرە زلهێزەکانی دونیادا، لە

ڕۆژی ١٩٢٣/٧/٢٤ کۆنگرەی (لۆزان) لە سویسرا لە بڕیارەکانی کۆنگرەی (سیڤەر) پاشگەز بووەوە کە لە ١٩٢٠/٨/١ دەربارەی مافی چارەنووسی کورد وەریگرتبوون. بەمەش باری نیشتمانەکەمان بەرەو خراپتر گۆڕا، زیاتر کەوتە ژێر چەوساندنەوەو پۆستالی داگیرکەران. لەوساوە ئەمە ٧٠ ساڵە کە بەسەر دەمی زانست و تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتن، بەسەردەمی ڕاپەڕین و ڕزگار بوونی گەلانی دونیا و مافی مرۆڤایەتی و دیموکراسیەت ناو دەبرێ. دەیەها نەتەوەی گەورە و بچوک لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەران ئازاد و سەر بەرز بوون و بە ئامانجی خۆیان گەیشتن و دەوڵەتی سەربەخۆیان بنیات نا.

ئێستاش دەبینن چۆن ئەو وڵاتانەی بە ناڕەوا تێکهەڵکێشرا بوون، شیرازەی نێوانیان دەپچڕێن و هەڵدەوەشێنەوەو لەبەر یەکتری دەردێن. جێگەی خۆیەتی کە هەر کوردێک لە هەر سووچ و کەنارێکدا دەژیت پرسیار بکات کەی بۆ ئێمەی کورد کە گەورەترین نەتەوەین بێ ماف ماینەتەوە، ژمارەشمان لە ٢٥تا٣٠ ملیۆن کەسە ئەو ڕۆژە دێت وەکو گەلانی دیکەی ئەم جیهانە بە ئاواتەکانمان بگەین؟ کەی ئەو کات و دەرفەتە دەرەخسێ کۆنگرەیەکی نەتەوایەتی گشتی بۆ سەرانسەری کوردستان ساز بکرێت؟ کە هەموو کارەساتەکانمان، هۆیەکانی مانەوەمان بە لەت و پەتکراوی و دواکەوتیمانی تێدا دەرس بکرێت؟ بەیەکگرتوویی و ڕێکوپێکی و یەک دەنگ پرۆگرامێکی درێژخایەن بۆ گشت گیروگرفت و پرۆسەکە دابندرێ و ئازایانە و بە جەرگ نەتەوەکەمان خەباتی جۆراوجۆر بۆ وەدەست هێنانی بکات، بە ڕاو بۆچوونم ئاسۆی ئەو هەل و کاتە سەری دەرهیناوە کە هەموو حیزب و هێزو جەماوەری کوردستان لە سێ پارچە گەورەکەیدا، تێبکۆشێت و خەبات بکات بۆ دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری فیدراڵی لەو وڵاتانەی کوردستانیان پێوە لکێندراوە. ئۆتۆنۆمیش بۆ

کوردەکانی ئەرمینیاو سوریا و ئەو کەمە نەتەوایەتیانەی لە خاکی کوردستان دەژین.

خوێنەری خۆشەویست: ئەوەی پێشکەشی دەکەم بەشێکە لە مێژووی خەباتی سەختمان، زۆربەیان لە جەماوەر شاردراوە بوون یان لە باشترین حاڵدا تۆزێکیان لێزاندراوە. گرنگی و بایەخیشیان بە تایبەتی لەوەوە دێت کە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ کتوپڕ هێزەکانی سیاسی و ڕۆڵە قارەمان و بە جەرگەکانی کوردستانی باشوور چۆکیان دانەنواند و سەریان بۆ ڕژێمی شۆڤێنستی بەعسی عێراق شۆر نەکرد، شێرانە ڕاپەڕینەوە، پەنایان بۆ چەک و شەڕی پارتیزانی بردەوە، بە لەخۆبووردنەوە قوربانیدان بۆ داکۆکی کردن لە ماف و بوونی نەتەوەکەی دژی ڕاگوازتنەوەو بەعەرەب کردنی کوردستان و بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی.

شایانی باسە ئێستاکە جیاوازی زۆر لە نێوان باری کوردستانی عێراق و ئەوکاتە هەیە کە ڕووداوەکانی تێدا تۆمار کراوە. تەبایی و هاوکاری نێوان هەشت پارت لە ناو بەرەی کوردستانی لە کایەدایە، بە گفتوگۆی برایانە چارەی کەم و کورتی و گیرو گرفتەکان دەکەن. تا سنوورێک ڕەفتاریان بۆتە هیواو ئاواتی زۆربەی خەڵکەکە. بە سوور بوونێکی پتەو داوادەکەن بەرەکە زیاتر ڕۆڵی خۆی بنوێنێ. لێیهاتوانەش ڕابەرایەتی و پێشڕەوی خەباتی سەختیان بکات و بیانگەیەنێ بە کەناری سەرکەوتن و پێشکەوتن.

گەلێ لە گوتە و نووسراو و ڕووداوو بەڵگە نامەم بڵاوکردۆتەوە کە هی ساڵانی ڕکابەرایەتی و شەڕی برا کوژین. زیانی یەکجار زۆریشی بە هەموو نەتەوەکەو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان گەیاند. تەنها بە چاوپێخشانێک بە ڕووداوەکانی ئەوکات و باری ئێستاکەی کوردستانی

باشور به زەقی دەبیندرێ کە چەندان کاری چەوت و تاوانی گەورە لە ڕیزی بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوایەتی لە ناو ئەم بەرگەدا هاتووە، کارەساتی تاڵ و ژەهراوین، هەمووشی ڕاستن، هەڵنەبەستراون. هەرچەندە زۆربەیان پڕ ئەستەم و ئازارن، بەڵام بەکێش و بۆچوونم بلاوکردنەوەیان فرە لە قازانج و بەرژەوەندی ئێستەو داهاتووی نەتەوەکەماندایە. تا ئەماتەش وەک هەڵە زل و تاوانە گەورەکان کە دەیەها جار بە سەر ئەم گەلە دووپات کراونەتەوە و هەمووشی ون کراون نەخرێنە ژێر لێفەوە. با ڕووداوەکانی ئەو دوازدە ساڵەی دوایشمان وەکو پێشوو ون نەکرێن و تێپەڕ بێت بەبێ سوود لێوەرگرتنی لە کۆنەوەش گوتراوە (ئەوەی کفر بگێڕێتەوە کافر نیە!)

لە کۆتایدا چاوەڕوانی یارمەتیدان و پشتگیری هەموو ڕۆشنبیر و خەباتکەران، هەموو هێزو حیزبە سیاسیەکان دەکەم، هەڵەکانم بۆ ڕاست بکەنەوە، بە ئامۆژگاری دڵسۆزانە و تێبینی ڕاستەقینەو ڕەخنەی پاکی دروستکەر بە بەڵگەنامە و وێنەی گرنگی سەرنج ڕاکێش فریام بکەون، دەستی خێرو چاکەیانم پێبگات تا وەکو ئەو کارو ئەرکە بچووکەی دەستم داوەتێ بتوانم بە تێروتەسەڵ و دەوڵەمەندتر پێشکەش بە نەتەوەکەمانی بکەم. جارێکی دیکەش ڕێزو سوپاسی بێ پایانم بۆ ئەو هاوڕێ و براو دۆستە خۆشەویستانە کە بە پێی توانایان یارمەتیان داوم، چاکەیان لە یادم دەرناچێت، لە بەرگی سێیەمی کتێبەکەمدا زیاتر ئاماژەیان بۆ دەکەم.

سەرکەوتن هەر بۆ ڕاستی و گەلە ماف خوراوەکەمان.

ئیسکلستونا ـ سوید

١٠ی نیسانی ١٩٩٢

ساڵی ١٩٧٩ تێپەڕ بوو

ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٧٩ بە گەلێ ڕووداوی سەرنج ڕاکێشەری خێرا خێرا تێپەڕبوون، ڕووداوەکان نەک هەر پەیوەندیان بە کوردستان یان عێراقەوە هەبوو، بە پێچەوانە هەموو وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بگرە هەتا گەلێ لە وڵاتانی جیهانیشی گرتبۆوە. هەندێکیان شوێنی گەلێ زەق و دیاریکراویان وەرگرتبوو، ئەو ڕووپەرانەی لەسەریان پڕکراوەتەوە هەرگیزو هەرگیز دەمێنێت و قەتیش ناسڕێنەوە...! گەر کەمێ مێژوونووسان و ڕۆشنبیران خۆ ماندوو بکەن چارێک بە مێژووی کۆن و تازە بخشێننەوەو ڕووداواکان لە بێژنگ بدەنەوە و هەڵیان بسەنگێنن و بەراوردیشیان لەگەڵ سەرجەمی ڕووداوەکانی ١٩٧٩ پێبکەن، دەبینن لە ڕووی چۆنی و چلۆنی ج ڕووداو و گۆڕانکاری قۆ قوڵ لە ماوەی یەک ساڵ ڕووی دا بووا جیاوازی چەند سەر سووڕمێنەریان لە گەڵ ڕیالیستی هەموو ڕووداوەکانی پێشوو تێدا هاتە کایەوە.، وا لێرەدا هێندێکیان پێشکەش دەکەین:

١- سەرکەوتنی شۆڕشی« گەلانی ئێران بەسەر ڕژێمی پاشایەتی بنەماڵەی پەهلەوی، کە بە کۆنترین ڕژێمی پاشایەتی دەژمێردرا لە مێژووی کۆن و تازەدا.

٢- دوور خستنەوەی سەرۆک کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر لە سەرۆکایەتی کۆمار، سەدام حوسێن تکریتی شوێنی گرتەوە، ئەم ڕووداوە لە هەموو ڕوونکەوە بوو بە هۆی گۆڕانکارییەکی قوڵ بەسەر حزبی بەعس و عێراق دا هات،دەرکردن و ئاڵوگۆڕکردنی زۆر لە نێوان سەرکردەکان و کادرەکانیان کرا. هەتا بە پیلان و فرتوفێڵی سەدام حوسێن ژمارەیەکی زۆریان ئیعدام کران.

٣- شالاوی هێرشی درندانەی حیزبی بەعس و دام و دەزگای ڕژێمەکەیان بۆ سەر هەموو نیشتمان پەروەران و پێشکەوتوخوازەکانی عێراق و نەتەوەی کوردمان، بە تایبەتی هێرشی پەلاماردانی توندو تیژیان بۆسەر حشع وای کرد حشع بەرەی هاوکاری کردن لەگەڵ ئەوان تێکبدات و دروشمی ڕوخاندنی ڕژێمەکەیان بەرز بکاتەوە.

٤- گەشەکردن و پەرەساندنی ڕێکخراوەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە زۆربەی ناوچەکاندا، دوای هەوڵ و تەقەللادانی زۆری حدکا لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە بە ڕێگای وتووێژی ئاشتیانە دان بە مافە ڕەواکانی گەلی کوردی کوردستانی ئێران بنێن و ڕژێمێکی لیبرالی نیمچە دیموکرات لە ئێران بنیات بندرێ، زۆری نەخایاند بۆ دونیا دەرکەوت کە سەر سەختی و کەللە ڕەقی و لاساری و ماکی بیری کۆنەپەرستی ناخوندەکان لەوەدا نیە، بچوکترین هەنگاو بنێت بۆ پێشەوە بۆ چارەسەرکردنی مشکیلەی کوردو هەموو گەلەکانی تری ئێران و سوورن لەسەر ڕێبازی ڕ‌‌پوو برین و کپکردن و دامرکاندنەوە. حدکا ناچار بوو پەنا بەرێتەو بەر شەڕی پارتیزانی و داکۆکی لە نەتەوەکەی بکات...

٥- مردنی تێکۆشەری کورد مەلا مستەفای بارزانی.

٦- پارتی سۆسیالیستی یەکگرتوو لە کوردستانی عێراق دامەزرا.

٧- بۆ یەکەمجار لە پەرلەمانی تورکیا چەند نائیبێک لە هۆڵی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە (المجلس الوطني الكبير) نارەزایی و بێزاری خۆیان دژی ئەو کوشت و بڕەی ئەرتەش و پاسدارەکانی ئیسلامی ئێران دژ بە کوردەکان پیوە هەڵدەستن دەربڕی، داوایان لە حکومەتی سەرۆکی وەزیران (بلند اجويد) کرد، دەنگ دژی ئەم قەسابخانەیە بەرز بکاتەوە پروتستوش بکات. هەروەها دوو نائب داوایان کرد کۆماری تورکیا دان بەوە بنێت نەتەوەی کورد لە تورکیا هەیە و مافی نووسین و قسەکردن بە

زمانی زگماکی نەتەوایەتی خۆی هەبێت .

٨- بە بڕیاری دەفتەری ئیمام خومەینی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران داگیرکرا و هەموو مووچەخۆرو کارکەرەکانی کاریان تێدا دەکرد کە ژمارەیان ٦٠ کەس بوون بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ تێدا بەند کران. ئەم کارەش لە ڕووی عادات و نەرەتو زاکونی پەیوەندی نێوان دەوڵەتانی دونیادا کارێکی یەکجار نارەواو بێ جێ بوو. بەگەن نەکرا.

٩- یەکەم سەرۆکی کۆماری ئەفغانستان سەرۆکی پارتی گەلی دیموکراتی (نور محمد تەرەقی) بە پیلانێکی گۆمان لێکراوی پیس، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبەکە (حەفیزوڵا ئەمین) پێوەی هەڵسا لە ژوورەکەی خۆی بە سەرین خنکێندرا. حەفیزوڵا شوێنی ئەوی گرتەوە، زۆری نەخایاند تاوانەکە ئاشکرا بوو بە تەوهێنی خیانەتی گەورەی نیشتمانی حەفیزوڵا ئیعدام کرا. شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد، سوپای سۆڤیەتیش دەستی هاوێشتە ناو کاروباری ئەفغانستان.

ئەمانە هەندێ لەو ڕووداوە گرنگانە بوون لە نزیکی وڵاتی ئێمە ڕوویانی دا، هەموو ناوچەکەی هانیبووە جوڵانەوەو هەژان. جگە لەمانە ڕووداوو گۆڕانکاری ئەوەندە خێراو بنەڕەتی لە زۆر وڵاتانی تری دونیا ڕوویدا. توێژینەرانی مێژوو دەتوانن ناوی بنێن ساڵی سەرەتای قەیران و کوژانەوەی ئەستێرەو باوی ڕژێمە دیکتاتۆرە ملهوڕەکانی هەموو دونیا. لەو ساڵە چەندان ڕژێم و سەرۆک کۆماری دیکتاتۆری وەکو (سموزا) لە نیگاراگوا و (بوکاسا) لە کۆماری ئەفەریقای ناوەند، ڕووخاندنی ڕژێمی پول پۆتیەکان لە کامبوج، تێکدانی ڕژێمی دیکتاتۆری عەسکەری لە بۆلیڤیاو نیجیریا... هتد.

لە هەمان کات دوو ڕووداوی یەکجار بایەخدار و سەرنج ڕاکێشەر ڕوویانیدا. کۆبوونەوەی ٩٥ وڵاتانی بێ لایەن (دوا عدم الانحیاز) لە

پایتەختی کوبا (هاڤانا)و کۆبوونەوەی بریجنێڤ سکرتێری یەکەمی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی و جیمی کارتر سەرۆک کۆماری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە (ڤینا)و ڕێکەوتنیان لەسەر داناتی سنوور بۆ چەکی ئۆتۆمی و تەقەلادان بۆ دوور خستنەوەی تۆپی زەوی لە شەڕی جیهانیدا.

لە نێو ئەو هەموو ڕووداوو گۆڕاکاریە گرنگانەی جۆراوجۆر، نزیک و دوور بە نیشتمانەکەمان، جولانەوەی شۆڕشگێری نەتەوەییمان هەنگاوی هاوێشتە ناو سالی ۱۹۸۰.

* * *

جموجۆلی نوێنـەرانی
کـۆمـیتـەی ڕێکخســـــتن

لە بەرگی یەکی ئەم کتێبە بلاۆمان کردەوە کە لە کۆتایی سالی ڕابوردوو کۆمیتەی ڕێکخستن (هیئە التنسیق) وەفدێکی لە نوێنەرانی هەر چوار حزبی کۆمیتەکەیان پێکهێنا بوو، بۆ دەرەوەی ولاتی نارد. بە مەبەستی کۆبوونەوەو چاو پێکەوتن بە زۆربەی حزب و هێزەکانی ئێران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە دوایشدا هێزەکانی لە سوریا دەژین. لە حەفتەی یەکەمی مانگی یەکی ۱۹۸۰ یەکەم نامەو دەنگوباسی وەفدەکەمان پێگەیشت نووسیبوویان (لە مەهاباد لەگەلْ نوێنەرانی حدکا د. قاسملو و غەنی بلوریان و عەزیزی ماملێ،، نوێنەری حزبی تودە د. عەلی گەلاوێژ، مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی، حەمەدەمین شێخانی نوێنەری ڕێکخراوی سازمانی چریک ــ اکزیت ــ نوێنەری کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران د. جەعفەر کۆبوونەوەیان کرد بوو، لە هەموو دانیشتنەکانی دوو قۆلی، نوێنەرانی ئەم حزب و هێزانە پێشەکی پیرۆزبایی گەرمیان بە بۆنەی هەنگاوی پێکهێنانی کۆمیتەکەیان پێشکەش بە وەفدەکە دەکرد. ئەندامانی وەفدەکەش بە هێمنی و ڕاشکاوی باری کوردستان و عێراقیان بۆ باسدەکردن. هەموو لایەنەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردبوو کە پێویستە ئەم هەنگاوە پیرۆزە بپارێزرێت و سودی زۆری

لیٚ وەربگیریٚت. تەقەلاش بدریٚت لە نیٚوان هیٚزەکانی ئیٚرانیش کاریٚکی ئەوها ساز بکریٚت.

هیٚزەکانی ئیٚرانی داوایان دەکرد شەڕی برا کوژی نیٚوان هیٚزەکانی کوردستانی عیٚراق کۆتایی پیٚ بهیٚندریٚ و لوولەی چەکەکانیان و وزەو توانایان لە یەک سەنگەری خەباتی هاوبەشی ئاراستەی دوژمنەکانیان بکەن. هەموو لایەنەکانیش مەترسی خۆیان بەرامبەر بە دەرەندەیی و تیرۆرو فشاری ڕژیٚمی بەعسی دیکتاتۆری عیٚراق دەردەبڕی و لە سەر یەک بیروڕا بوون، کە ڕژیٚمەکە بە هیچ شیٚوەیەک شویٚنی بڕوا پیٚکردن نیە. نویٚنەرەکانی حدکا نیشانیان دابوو کە تەقەلای زۆر دەدەن بۆ ئەوەی د. قاسملو بتوانیٚ چاوی بە ئیمام خومەینی بکەویٚ، بەڵکە بە ڕیٚگای گفتوگۆی ئاشتیانە چارەیەک بۆ مشکیلەی کوردەکانی ئیٚران دەدۆزیٚتەوە.

ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٣ وەفدەکە بەرەو تاران کەوتە ڕیٚگا ئەو ماوەی کە لە تاران بوون لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و دەفتەری ئیمام خومەینی و سەرکردایەتی حزبی کۆماری ئیسلامی و حزبی بەرەی دیموکراتی ئیٚران کۆبوونەوەیان کردبوو. لە ئیٚرانیاندا ئاڵوگۆڕی ڕاو بیرو بۆچوونی زۆر ببوو لەسەر باری عیٚراق و ناوچەکان، دەقی ڕاگەیاندنی کۆمیتەکەی ڕیٚکخستنیان بەسەر هەموویان دابەشکردبوو هەموو لایەنەکانی ئیٚرانی پیرۆزبایی گەرمیان دەربارەی هەنگاوەی پیٚکهیٚنانی کۆمیتەکە پیٚشکەش کردبوو، بە هەنگاویٚکی گەلیٚ ڕیٚکوپیٚک و هیٚژانەیان لە قەڵەمدا بوو. ئیٚرانیەکان بە دوورودریٚژی باسی ئەو هیٚرش و شەڕ فرۆشتنانەیان کردبوو کە لە لایەن ئیمپریالیزم و ڕژیٚمە کۆنەپەرستەکانی دراوسیان ئاراستەی وڵات و شۆڕشەکەیان دەکریٚت) دوای چەند ڕۆژیٚک وەفدەکە تاران جیٚ دەهیٚڵیٚت و بەرەو دمشق دەڕوات...

ڕۆژی ١٩٨٠/١/٣ نویٚنەرەکەی حشع گەڕایەوە (ناوزەنگ) لە

کۆبوونەوەی ساتایی مەکتەبی هەرێمی حشع بە درێژی باسی جموجۆڵی گەیشتنەکەیانی بۆ گێڕاینەوە. بەتایبەتی ئێمە گەلێ ئارەزوومان بوو لە هەڵوێست ڕۆکاری سەرکردەکانی ئەو هێزانەی لە سوریا دەژیان بزانین چیە !و ڕوویان بۆ کوێ دەڕوات! باسیکرد کە وەفدەکە چاوی بە م.س حشع و سەرکردایەتی حزبی بەعس ـ هەرێمی عێراق، نوێنەرانی چەند حیزب و هێزی تر کەوتبوو، کۆسپ و بەرگر زۆر هەیە لە پێشی بنیاتنانی بەرەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی. تەگەرەی گەورەو سەرەکی لە لایەن بەعسیەکانی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق دروست دەکرێت، ئەوان لەو ڕەوانگەوە بۆ کارەکە دەڕوانن کە دەبێ دوای ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق، شوێنی ئەوان بگرنەوە، بەعسی هەر بەعسیە تەنها ١٠٠ـ١٥٠ کەسێک تاوانباری سەرەکینە. نابێ جڵەوی دوا ڕۆژی عێراق لە دەستی ئەوان دەرچێت. بەرامبەر گیروگرفتە بنەڕەتیەکان وەک گیروگرفتی فەلەستینی، دیموکراتیەت بۆ عێراق، دان نان بە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردو کەمە نەتەوەییەکانی لە عێراقدا دەژین لە هەڵوێستیاندا جیاوازێکی ئەوتۆ لە نێوان ئەوان و ڕژێمی بەعسی دەسەلاتداری عێراقدا نیە. هەتا ڕاگەیاندنی کۆمیتەکەیان لە ڕۆژنامەی (صوت الجماهیر[١]) بلاو نەکردەوە سوورن لەسەر ئەوە کە دەبێ لەمەو دوا قورسایی دانیشتنەکانی گفتوگۆکردن بۆ دامەزراندنی بەرەکە بکەوێتە دمشق لە شاخ نەمێنێتەوە...!

لە کۆبوونەوەکەماندا ئێمە بە وردی لە هەموو ڕوێکەوە دەرسی بارەکەمان کرد. بڕیارمان وەرگرت زیاتر بکەوینە تەقەلادان بۆ تەنیشتنی

---

[١] صوت الجماهیر ڕۆژنامەی پارتی بەعس ـ سەرکردایەتی هەرێمی عێراق، مانگی جارێک لە دمشق دەردەچێ.

ناکۆکی و شەڕی براکوژی نێوان هێزە کوردستانییەکان. بڕیارێک لە و بڕیارانەی وەرمان گرت ئەوە بوو ڕۆژی ١٩٨٠/٢/٢ دوو ئەندامی مەکتەبەکەمان سەردانی برادەرانی م.س یەک بدەن، بە ڕاشکاوی و دوورودرێژ لەگەڵ یەکتری باسی بارو هەڵوێستی سەرکردەکانی ئەو هێزو حزبانەی لە سووردیادا دەژین بکەین. لەکاتی دیار کراو سەردانیان کرا لە رووکارو بۆچوون هەر دوو لامان فرە ي لەیەکتری نزیک بووین.

لەسەر داوای م.س یەک رۆژی ١٩٨٠/٢/٦ کۆبونەوەیەکی سێ قۆڵی حشع. یەک و بەعس ـ سەرکردایەتی هەرێمی عیراق سازکرا. لە حشع سێ هاورێ ئامادەبووین لە یەک جەلال تالەبانی و دوو ئەندامی م.س لە بەعس فەوزی راوی ـ <١>. دوای لێدوان و باسکردنی باری عیراق و کوردستان نوێنەرەکانی یەک چەند خاڵێکیان پێشنیارکرد، رێککەوتنی لەسەر کرا، ئەمانەش خاڵەکانن:

١- کۆمیتەکەی رێکخستن بەردەوام بێت لە کۆبوونەوەکانی هەفتەیی و مانگی خۆی بۆ دەرسکردنی ئەو کۆسپ و تەگرانەی لە پێش بنیاتنانی بەرەکەدا هەنە، بەو نیازەی چارەیان بۆ بدۆزنەوە.

٢- بەیاننامەیەک یا بانگەوازێک بۆ جەماوەری کوردستانی عیراق بلاوبکرێتەوە. لێیان داوا بکرێت بەشداری لەم ئاهەنگانە نەکەن کە رژێمی بەعسی عیراق دەیەوێ بۆ هەڵخەڵەتاندن و دیماگۆگیەت ئەم ساڵە بە بۆنەی نەورۆز پێوەی هەڵبستێت.

٣- پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی چەکداری کوردستان بەهێز کەین بەتایبەت لەگەڵ حدکا.

٤- بەناوی کۆمیتەی رێکخستن پەیوەندی بەسەرکردایەتی بەعسی ـ

<١> فوزي الراوي: ناوی لەخۆنابوو صفاء جمیل

هەرێمی عێراق بکرێت کە کۆمیتەکە لەگەڵ ئەوەدایە تەقەلا بدرێت بە زووترین کات بەرەکە پێکبهێندرێ...

لە ڕاستیدا دوای ئەم کۆبوونەوەیە گشت ئەرکە سەرەکیەکانی تەقەلادان بۆ دامەزراندنی بەرەی بەرفراوان بۆ (دمشق) گێوزرابەوە.

* * *

کۆمەڵێک لە ڕووداوی جیاواز

هەرچەندە زستانی ۱۹۸۰ زستانێکی گەلێ دژوارو ساردو سەخت و بەفراوی بوو، باری ژیان، هەڵسوکەوت، سوتەمەنی و ئازوقەی گوزەران و کەلوپەلی پێویستی پارتیزانی، پەیوەندی بە لق و مەڵبەند و هێزەکانی پێشمەرگەو ڕێکخراوەکانی سیاسی، بە شارو شارۆچکەو لادێیەکان، یەکجار بە گرانی و بە دەرەنگ وەجێ دەهات. لەگەڵ ئەمانەشدا ژمارەیەکی زۆر لە ڕووداوی جۆراوجۆرو سەر سوڕمێنەر ڕوویدا. وا لەم بەشە هێندێکیان دەخەمە پێش خوێنەری خۆشەویست:

* ۱- جارێکی تر نوێنەرانی کاربەدەستانی ئێران، بەناوی نوێنەرانی ئارەزوو نیاز باشی (وفد الحسن انیه) گەڕابوەوە بۆ ناوچەی کوردستانی ئێران، بەسەرۆکایەتی نوێنەری ئیمام خومەینی حوجەت ئەلیسلام (ئیشراقی) لە مەهاباد چاوی بە د. قاسملو و شێخ عیزەدین کەوتبوو، دەنگ لەملاو ئەولا بلاو بزوە کە ئەنجامی وتووێژەکانیان چاوەنواری خێری تێدا دەکرێت.

* ۲- بگرە هەشت ساڵ زیاتر دەبوو کە ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) لە بلاوکردنەوەو چاپکردنی ڕاگیرا بوو بەو بەڵگەیە لەسەردەمی هاوکاری کردنی حشع لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عیراق، گۆڤاری (بیری نوێ) لە شوێنی ئەو بە ئاشکرا بلاودەکرایەوە، لەسەرەتای ساڵی

١٩٧٩ هەموو بڵاوکراوەکانی حشع قەدەغە کران و دامودەزگاکانی چاپەمەنیش دەستی بەسەر داگیرا. دوای تەقەلادانی زۆر لە شاخ یەکەم ژمارەی (ڕێگای کوردستان) ئۆرگانی ڕێژنەی هەرێمی کوردستان ـ حشع لە ١٩٨٠/١/١٤ بە کوردی و عەرەبی بڵاوکرایەوە. دوای ئەم هەنگاوەش بە ٢٥ ڕۆژ(١٩٨٠/٢/٨) یەکەم گۆڤاری پارتیزانی بە ناوی (ڕێبازی پێشمەرگە ـ نهج الانصار) بڵاوکرایەوە. ئەم دوو هەنگاوە یاریدەدەری بە سوود بوون لە ڕووی ڕاگەیاندن و گەشەکردنی جولانەوەی فیکری و رامیاری و راگەیاندن.

* ٣- لە ناوەڕاستی مانگی کانونی دووەم، حسیک دوو بەیاننامەی بڵاوکردەوە، بەیاننامەی یەکەمیان لە ١٩٨٠/١/١٥، دەربارەی وتووێژکردنیان لەگەڵ ڕژێمی بەغدا کە نزیکی سێ مانگی خایاند، بەیانەکە هەشت ڕووپەری فولسکاپی پڕ کردبووەوە. لەسەرەتادا باسی ئەوە دەکەن، هەموو تەقەلاکانیان لەگەڵ ڕژێم بەفیڕۆ ڕۆیشت نەگەیشتە ئەنجامێک هیچ سوودی بۆ گەلی کورد تێدا بێت، جا دێتە سەر باسکردنی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ حشع و یەنک و پدک، ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد بوو کە پەیوەندیان لەگەڵ پارتی باشە. کەمێکیش بە هێمنی ڕەخنەیان ئاراستەی یەنک کردبوو، بەرامبەر بە حشع نووسیبوویان (پێکهێنانی بەرەی دیوکراتی عێراق بە وانەوە بەند نیە و لەسەر ئەوان نەوەستاوە، گەلێ هێزو گروپی چەپڕەوی‌تر هەنە لە گۆڕەپانەکە دەتوانن لە شوێنی ئەوان ڕۆڵی خۆیان بدینن).

بەیاننامەکەی دووەمیان، بەبۆنەی ئەو شەڕە قارەمانیەی ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٢٠ لە نێوان پێشمەرگەکانیان و سوپاو جاشەکانی عێراق لە دۆڵی ساقوڵی لە باکوری شاری کۆیە ڕووی دا بوو، لە ئەنجامدا زیاتر لە ٨٠ سەرباز و چەند ئەفسەریان کوژرا بوون و لە هێزی پێشمەرگە ئامیر

هێزەکەیان سەید سەلیم رەواندزی و سەر لق شێمەی بۆڵی شەهید دەکرێن و چەند پێشمەرگەکیش بریندار. لە بەیاننامەکە هێرشی یەکجار توند دەکاتە سەر رژێمی بەغدا بە فاشی ناوی دەبات و داوای رووخاندنی دەکات. ئەم هەڵوێستەی تازەی حسیک دوای سێ مانگ زیاتر لە گفتوگۆ کردن و هاتوو چۆی ئاشکراو نهێنی، لە لایەن هەموو هێزو حزبەکانی بەر هەڵستکار بە هەنگاوی ئیجەکتیفی وەرگیرا. دەقی هەردوو بەیان لاقاوەکەی پشتی گوندی نۆکان رۆژی ١٩٨١/١/١٢ لەگەڵ خۆیا ڕای ماڵین.

* ٤- دوو ئەندامی سەرکردایەتی ینک د. کەمال خۆشناو، د. خدر مەعسوم رۆژی ١٩٨٠/١/١٤ هاتنە سەرداغان گوتیان (بە بریاری م.س هاتووین ئاگادارتان بکەین کە وەزیری ناوخۆی عێراق سەعدون شاکر ناسیارێکی سەر بە ینک دیوە و ناردوویەتی بۆ سەرکردایەتیمان دوو پرسیاریان هەیە وەڵامیان لێمان دەوێت پرسیارەکان:

١- ئایا ینک سوورە لەسەر دروشمی رووخانی رژێم؟

٢- ئایا ینک ئامادەیە بۆ وتووێژ کردن لەگەڵ رژێم بە مەبەستی رێککەوتن؟

وەڵامان بۆ گێڕانەوە، ینک و هەموو هێزەکانی تری عێراقی و کوردستانی ئامادەنە بۆ گفتوگۆو وتوێژ کردنی پێکراپی، بە مەرجێک رژێم ئامادەبێت داوا ڕەواکانی هەموو گەلەکانی عێراق جێبەجێ بکات، باری وڵات بۆ بارێکی ڕێکوپێک و برایانە و هێمنی بگۆڕێت. نێردراوەکە گێڕایەوە کە سەدام لە یەکدو شوێن گوتبووی (هەڵەی زڵان بەرامبەر بە کوردەکان کردیە دەبێ هەموو گیروگرفتەکانیان چارسەر بکرێت...)!.
هەرچەندە ئێمە لەو بڕوایەدا بووین کە سەدام حوسێن و رژێمە ڕەگەزپەرستە دیکتاتۆرەکەیان دان بە مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت و مافەڕەواکانی

نەتەوەی کورد و کەمە نەتەوایەتییەکان نانێت لەگەڵ ئەوەش ئەو کات ڕای ئێمەش لەگەڵ ئەوەدا بوو کە دەرگای گفتوگۆ کردن و وتووێژ لەگەڵ ڕژێم نەگیرێت، بەو مەرجەی زەمینە ساز بکرێت و لەگەڵ هەموو هێزەکانی بەرهەڵستکار بێت.

* ٥- لە سەرەتای مانگی شوبات کتێبی (ڕێبازمان لە شەڕی پارتیزانی ـ (نهجنا في حرب الانصار) نووسینی پاڵەوانێکی سۆڤیەتی (مێجەر ژەنەراڵ کومیاک)م خوێندەوە کە لە شەڕی جیهانی دووەم ڕۆڵێکی قارەمانی لە شەڕی پارتیزانی دژی هیتلەریە فاشیستەکان گێڕا بوو. کتێبەکە پڕە لە ئەزموون و نموونەی ئازایەتی و لەخۆ بوردن، لەو کاتەی مرۆڤ بە قەناعەت و بیرو بڕوای تەواو داکۆکی لە خاکی نیشتمانەکەی دەکات. چەند ڕستەیەک سەرنجی ڕاکێشام ئەویش ئەوە بوو کە فەرمانبەرێکی پارتیزانی، ڕۆژانە گاڵتەی زۆر بە هاوڕێکەی خۆی کە ناوی عەریف گریگوری یاکوڤیشە دەکات، بەهۆی ئەوەی ئەم عەریفە لە دوای هەموو ئازارو ماندوو بوون و تێکهەڵچوونێک و دەردەسەرییەک تووشی دەهات ڕووداوەکانی تۆمار دەکرد. فەرمانبەرەکەی هەردەم پێی دەگوت (هاوڕێم ئەمە بۆچ وا ئەوەندە خۆت بە نووسینی پڕو پووچ خەریک دەکەی؟) عەریفەکە لە وەڵامدا پێی دەگوت (ڕۆژێک دێت نووسەرێک سوود لەم بیرو بۆچوونانەم وەرگرێت...).

لە دڵی خۆمدا گوتم کورت بینان و مێشک وشکان لە هەموو سەردەم و چەرخێک لە هەموو شوێنێک هەبوون و هەنە خۆیان کاری بە کەڵکیان لەدەست دەرناچێت و ڕێگاش لەوانە دەگرن دەیانەوێ سوود بەخش بن! وە دەم گوت خۆزیا زۆربەی هەرە زۆر لە خەباتگێڕو تێکۆشەرو خوێندەوارەکانی نەتەوەکەمان پیشەیان وەکو پیشەی ئەم عەریفە سۆڤیەتیە بایە؟!

ئێمەی نەتەوەی کورد دەبێ پشتاو پشت، هەتا هەتایە، رێزو ستایش و شکۆ لە پیاوە ناودارە مێژوویەکانی وەک شەرەفخانی بەتلیسی، مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی، محەمەد ئەمین زەکی، شێخ محەممەدی خاڵ، عەلائەدین سوجادی و هەزاری موکری گەلێکی تر بگرین، هەمیشە سەر بۆ ناوو شوێنەوارەکانیان شۆڕکەین ئەو گەنجینە پڕ ترخانەی لە دوای خۆیان جیان هێشتووە. وەک موقەدەس‌ترین نووسراوو بەرهەم بەرامبەر بە خۆمان لە دەلاقەکانی ناو ماڵمان بیان پارێزن، رەنج و تەقەلاو بەرهەم و پاشماوەی ئەو ئەمرانەیە بونەتە بەردی بناغە و بنچینەی سەرەکی و بنەرەتی بۆ پاراستنی مێژوو کالتورو فۆلکلۆرو ریشەو رەگەی درێژی نەژادی نەتەوەکەمان.

* ٦- بە بریاری م.س هەرێم بۆ سەردانی مام جەلال چووم. دوو قۆڵی سێ سەعات دانیشتین، خاڵی سەرەکی کە لە هەموو کۆبوونەوەکان جا چ کۆبوونەوەی فرەوان یا تەسک یا باسی شەری برا کوژی و پەیوەندی نێوان هێزەکانی کوردستانی بوو. هەر کەوتینە قسەکردن تاڵەبانی دوو نامەی لە گیرفانی دەرهانی نامەی یەکەم د. فواد مەعسوم لە تارانەوە بۆی نوسیبوو چەند رستەکی بۆ خوێندەمەوە نووسرا بوو(ئەبوالحسەن بنوسەدر کە بە سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵبژاردراوە، پەیوەندی گەلی نالەبارە لەگەڵ حیزبی کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئایەتوڵلا بەهەشتی رەهبەرایەتی دەکات، دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی ئێرانی لە هەموو ئیشوکارەکان دەستکاری دەکرێت. خۆم چاوم بە بەنوسەدر کەوت یەکجار نارەزایە لە مستەفا شەمیران و گوتی هەر هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان تەواو بێت ئەم پەیوەندیەی بە قیادە موقتە هەیە وای ناهێڵم. تەقەلاش دەدەم چارەیەک بە رێگای ئاشتیانە بۆ گیروگرفتی کوردەکانی ئێران بدۆزمەوە) نامەی دووەم بە مێژووی ١٣٥٨/١١/٨ ئیرانی کە

دەکاتە ١٩٧٩/١٢/٢٨ دکتۆر مادحی شێخ عوسمانی نەقشبەندی (لە شێخانی تەوێڵەو بیارە)بۆی ناردبوو لەو پێش یەکدو رستەی خوێندەوە (وا بە کاک شەوکەتی حاجی مشیر هەندێ دیاریم بۆ ناردی هەرچەندە کەمە. هیوادارم لە هەلێکی‌تر دیاری گەلێ باشترتان بۆ بنێرم ئامادەمە بۆ هەموو خزمەت و ئامۆژگاریەکانت).

لە دەمێکەوە دەمزانی کە هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەمۆزی ١٩٥٨ شێخ عوسمان و بنەماڵەکەی عێراقیان جێهێشت و چوونە پاڵ رژێمی پەهلەوی ئێران، کە شۆرشی گەلانی ئێران بەسەر رژێمی پاشایەتی حەمەرەزا شا سەرکەوت و رووخێندرا، کورەکانی شێخ عوسمان و کەسوکاری، پەیوەندیان بە رژێمی بەعسی فاشی عێراق کردەوە بوون بە بەکرێگیراو وابەستەی ئەوان، چەک و پارەی زۆریان وەرگرت، هێزێکیان بە ناوی هێزی رزگاری کۆکردەوە، کەوتنە ئاژاوەنانەوەو کاری تێکدەری دژ بە دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی پاوەو کامیران لە ئوستانداری سنە، هەر زوو چەکدارەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و کوردەکانی ئێران هێرشیانە بردە سەریان زیاتر لە ٣٠٠ چەکداریان لێ بەدیل گرتن، چەکەکانیان لێ ساندن و هێزەکەشیان پەرت و بڵاوبووە.

مام جەلال بۆی گێرامەوە کە (بارزانی برای سەدام چاوی بە زەبیحی(١) کەوتیە و بۆلای من هاتیە بزانن ینک ئامادەیە بکەوێتە

---

(١) عەبدورەحمان زەبیحی: تێکۆشەرێکی ناسراوی کوردە، لە شاری مەهاباد هاتۆتە دونیا. لە بنەکاڵەیەکی هەژار پێگەیی. ٩ ساڵ لە قوتابخانەدا خوێندبووی. لە ساڵی ١٩٤٣ رۆڵێکی سەرەکی گێرا لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانی کوردستان (ژ.ک) لەدوایدا بوو بە سکرتێری گشتی کۆمەڵەکە. هەر کە کۆماری مەهاباد تێکچوو وەکو دەیەها تێکۆشەرانی کوردستانی بە زۆر بە ئێران لکاندراو تووشی ئازارو دەردەسەری و پەرەوازەیی هات، ماوەیەکی زۆر ژیانی لە عێراق بەسەر برد، چەند ساڵ خەریکی

گفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا یان نا ؟و ئامادەیتە واز لە دروشمی ڕوخاندنیان هەڵبگرین؟ و گوتی (لەو ماوەیە زۆر ماندوومە خەریکی ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی فراوان داینە. نیازمان هەیە زیاتر لە ٦٠ کادرە پێشکەوتووەکانمان کۆبکەینەوە دەرسی باری کوردستان و عێراق و هەڵوێستی کۆن و تازەمان بکەین. دوا بە دوای ئەوە نیازم هەیە بۆ سوریا بڕۆم تەقەلا دەدەم چاوم بە مامۆستا عەزیز محەمەد بکەوێ بە درێژی هەموو شتێکی لەگەڵدا باس دەکەم. هەروەها تەقەلاش ئەدەم چاوم بە یاسر عەرەفات و جۆرج حەبەش و نایف حەواتمە بکەوێ داوای یارمەتی و پشتگرتنیان لێدەکەم...). کەوتمە قسەکردن و وەڵامدانەوەی بە ڕاشکاوی ڕاو بۆچوونەکانی خۆم و حزبم خستە پێشی، دەربارەی باری ئاڵۆزو شڵەژاوی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەڕی برا کوژی و پەیوەندی نێوان هێزەکانی کوردستانی و عێراقی.وە گوتم گەر بارەکە هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە ڕووداوەکان بەرەو کێوەمان دەبات؟ لەسەر پەیوەندی نێوان یەنک و پدک و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو بارزانی دەمەتەقەی زۆرمان کرد. هەتا نارەزایشی دەربڕی لەسەر هەڵوێستی مەکتەبی هەرێمی حشع، کە بەرای ئەو زیاد لە پێویست پەیوەندی بە هێزی لەگەڵ پدک پەیدا کردووتەوە!.

* ٧- ڕۆژی ١٩٨٠/٣/٢ نامەیەکی کورتی سەرکردایەتی حسیک/مان پێگەیشت ئاگادارمان دەکەن کە لاشەی دوو پێشمەرگە لە نێوان گوندی گۆڕەشێر و دۆڵەتو دۆزراونەتەوە پێویستە لەم تاوانە بتۆژینەوە و بزانین کێنە و هۆی کوشتنیان چیە؟

نووسین و ئامادەکردنی فەرهەنگێکی کوردی بوو. ساڵی ١٩٨٣ ڕژێمی بەعسی فاشی لە بەغدا کوشتی. خۆشم هەر ئەوکات لەبارەگای م.س یەنک ماوەیەک لەگەڵ مامۆستای شەهید زەبیحی دانیشتم دەربارەی باری کوردستان گفتوگۆمان کرد.

یەکسەر م. هەرێم بڕیاری وەرگرت ئێمە دوو هاوڕێ بۆ لای برادەرانی م.س یەک چووین، ئاگادارمان کردن، دوو پێشمەرگە لە نزیک بنەکەکانمان کوژراون، م.س حسیک داوای لێتوژینەوە دەکات. سەرکردایەتی یەک گەلیٚ بە ساردی و هێمنی ڕووداوەکەیان وەرگرت داوایان کرد پەلە نەکرێت با چاوەنۆڕی پشکنین و لێتوژینەوەی برادەرانی حسیک بکەین. لە دوای چەند ڕۆژێک لە ناوچەکە بلاو بووەوە کە بەهۆی دوژمنایەتی خێلەکی دوو پێشمەرگە لە مەنگوڕەکان کوژراوە.

* ٨- لە ناوەڕاستی مانگی ئادار بە بۆنەی نەوروز یەک و حشع دوو بەیاننامەیان بلاوکردەوە داوایان لە هەموو جەماوەری کوردستانی عێراق کرد بەشداری لەو ئاهەنگانە نەکەن ڕژێمی فاشی پێوەی هەلدەستیٚ، با لە هەموو ناوچەو شوێنێک ئاگر لە لوتکەی شاخە بەرزەکان بکرێتەوە، ئاهەنگی خنجیلانەی خۆش و ڕێکوپێکیش دوور لە داموودەزگای ڕژێم بگێڕن.

* ٩- لەسەرەتای مانگی ئادار سەرکردەو کادرە پێشکەوتووەکانی یەک کۆنفرانسێکی فرەوانی دوورودرێژیان بەست، ١٦ ڕۆژ بەردەوام بوو.

گەلیٚ بە ڕاشکاوی باری تازەی کوردستانی عێراق، هەموو هێزو حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان پەیوەندی نێوان هێزەکانی (التجمع الوطني العراقي) هەلۆێستیان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی و هێزو حزبەکانی سیاسی و نەتەوایەتی ئێران دەرس کردبوو. دەربارەی ڕاو بۆچوون و بڕیارەکانیان، ئەوەی بە ئێمە گەیشت وای دەگەیاند کە سەرجەم ڕووکاریان ئەبجەکتیڤ بووە، تەنها بەرامبەر بە سەرکردایەتی پارت لەسەر هەمان توندو تیژی و خڕچو کالی مابوونەوە. بەرامبەر بە حسیک بڕیاریان وەرگرتبو بۆ لای خۆیان ڕایان بکێشنەوە. لە کۆتاییدا م.س تازەیان هەلبژارد بووە لەم برادەرانەی خوارەوە:

١- جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی

٢- نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێر

٣- عومەر شێخ موس ئەندامی م.س

٤- نەجمەدین عەزیز ئەندامی م.س

٥- د.کەمال خۆشناو ئەندامی م.س

٦- فازیل کەریم ئەندامی م.س

٧- جەمال حەکیم م.س

٨- عەلی حەویز م.س

بریاریشیان وەرگرتبوو کە عومەر مستەفاو د. کەمال فواد بگەرێنەوە سەرکردایەتی. بە مێژووی ١٩٨٠/٤/٣ راگەیاندنێکی سیاسی دوورو درێژیان بلاوکردەوە. ماکی هەموو گفتوگۆو راو بۆچوون و رووداوەکانیان بەرامبەر بە داهاتووی ئیشوکارەکانیان تێدا بلاو کردبووە.

* * *

کۆنگرەی چوارەمی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی ١/٣/ ١٩٨٠ کورتە ڕیپۆرتاژێک دەربارەی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گەیشتە مەکتەبی هەرێم، تێدا هاتبوو کە لە ڕۆژی ٤/١٢/١٣٥٨-١٩/٢/ ١٩٨٠ لە شاری مەهابادی قارەمان کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرایەوە، ژمارەی نوێنەرانی کۆنگرە/ ٣١٠ نوێنەر بوون، بۆ هەر ١٠٠ ئەندامی حیزبی نوێنەرێک هەڵبژێردرا بوو. بە ڕاوەستان لەسەر گیانی شەهیدەکانی هەموو کوردستان، لە پێشەوەیان پێشەوای نەمر قازی محەممەد و سروودی ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان، کۆنگرە کرایەوە. جووڵە و جۆش لەســەر ڕووی گــشــی هــەمــوو نــوێنــەرەکــان خــۆیــێ دەنــواند. دکــتــۆر عەبدوڕەحمان قاسملو سکرتێری گشتی حیزب ڕاپۆرتی سیاسی پێشکەش کرد، بە ڕاشکاوی و ڕێکوپێک باری کوردستانی ئێران و ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی نەتەوەی کوردی خستە ڕوو. بە شانازییەوە ئاماژەی بۆ ئامادەیی و لە خۆبوردن و قوربانیدانی هەموو گەلی کوردی ئێران درێژ کرد. کە چۆن دڵسۆزانە هاتۆتە کۆڕی خەبات و تێکۆشان، لە دەورەی حیزب کۆبوونەتەوە... حیزبەکە بە پێشڕەو و ڕێگا نیشاندەر و ڕزگارکەری

خۆی دادەنێ. بە رەهبەرایەتی حیزب چوست و جەسورانە داکۆکی لە مان و بوونی نەتەوەکەی دەکات. قوربانی زۆریش پێشکەش دەکات بۆ بە دەستهێنانی مافە ڕەواکان. بەشێکی باش لە ڕیپۆرتەکە بۆ لێکدانەوەو هەسەنگاندنی باری هەمور ئێران، پەیوەندی نێوان گشت هێزو گروپ و حیزبە سیاسیەکان و ئاینیی و نەتەوەیی، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی.

د.قاسملو جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە گەلی کورد و حیزبی دیموکرات شەڕی ناوێت و حەز بە کوشتن و قڕچ و بڕی ویران کردن ناکات، دڵسۆزانە دەیەوێ بە ڕێگای گفتوگۆی ئاشتیانە چارەی هەمور گیرگرفتەکان لەگەڵ کاربەدەستانی تاران بکات. گەلێ لەسەر مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت و مافی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری لە چوارچێوەی ئێراندا دەژین دوا بوو گوتبووی «حیزبی دیموکرات بەردەوام دەبێ لە تەقەلادانی بۆ ئەوەی بگاتە ئاکامێکی پڕ سوود، بەرەی یەکیەتی تێکۆشان و خەبات لە نێوان گشت هێزە پێشکەوتوخوازەکان و نەتەوەییەکان بنیات بندرێ» لە راپۆرتەکە باسی ئەوە هاتیە پەیوەندیەکانی حیزب لەگەڵ هەمور هێزەکانی کوردستانی لە سێ پارچەکەی تر و ئاسورکەی بەرەو کێو ئەروات. بە تایبەت پەیوەندیان بە هێزەکانی کوردستانی عێراق.

لەناو ڕاپۆرتەکە ڕەخنەو گلەیی و گازاندە لەسەر شەڕی برا کوژی و دەست هاوێشتنی هەندێ هێزی کوردستانی عێراق بۆ ناو کاروباری کوردی ئێران و شێوەی پەیوەندیان بە رژێمی کۆماری ئیسلامی بە درێژی باسکرا بوو، چەند بروسکەیەک لەناو کۆنگرە خوێندرابەوە، بروسکەی حشع، حیزبی شیوعی فەرەنسا، حیزبی شیوعی بلجیکا، حیزبی ئیشتراکی فەرەنسا، ڕێکخراوی مجاهیدین، ڕێکخراوی سازمانی چریکی فیدائیان خەڵک، حیزبی میللی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی

کوردستانی ئێران... هتد.

چوار ڕۆژ دەمەتەقەو گفتوگۆی گەرم و توندوتیژ لە نێوان نوێنەرەکان بەردەوام بوو تەنانەت هەندێ جار شێوەی ناڕەواشی وەردەگرت. ئەو بەشەی لەسەر پەیوەندی حیسی دیمـ ـرات لەگەڵ حیزبی توده و کۆماری ئیسلامی و ڕژێمی - ـ ـ ا ڕا بوو، بەکجار فرە وەختی خایاند، بە ڕاشکاوی چڕو پڕ دووانی لەسەر ... - ـ ـکانی دژ و ئەوانەی لەگەڵ ناوەڕۆک و ماکی ڕاپۆرتەکەدا بو ن، هەرچی لـیـاریاندا بوو خستیانە پێشی کۆنگرەکە. لە دوایەمین ڕۆژی ... ـنگرە دەست بە هەڵبژاردنی کۆمیتەکان کرا. لە پێشەوە لیژنەی مەرکەزی ... بژاردرا، ئەم برادەرانەی خوارەوە دەنگیان وەرگرت و بوون بە ئەندام:

١- غەنی بلوریان ٢٨٠ دەنگ

٢- د.قاسملو ٢٧٣ دەنگ

٣- جەلیلی گادانی ٢٧١ دەنگ

٤- مەلا حەسەنی شیوەسەڵ ٢٤٠ دەنگ

٥- فەوزیە قازی ٢٣١ دەنگ

٦- ئەمیری قازی ٢٢٢ دەنگ

٧- مستەفا شەلماشی ٢١٩ دەنگ

٨- دکتۆر سادق ٢١٠ دەنگ

٩- ڕەحمانی کەریمی ٢٠٨ دەنگ

١٠- مەلا عەبدوڵای حیاکی ٢٠٤ دەنگ

١١- فاروقی کەیخسرەو ١٨٧ دەنگ

١٢- مهندس جهانگیر ١٩٤ دەنگ

١٣- سەرگورد عەباسی ١٨٠ دەنگ

١٤- ئەویدی موعینی ١٦٣ دەنگ

١٥- ستاری مامەدی ٢١٥ دەنگ

١٦- مەلا حسەنی رستگار ٢٠٠ دەنگ

١٧- ئەحمەدی عەزیزی ١٩٨ دەنگ

١٨- کەمالی دەباغی ١٨٠ دەنگ

١٩- قادری عەبدی ١٧٥ دەنگ

٢٠- هاشمی کەریمی ١٧٣ دەنگ

٢١- دکتۆر رەحیمی قازی ١٦٥ دەنگ

٢٢- مستەفا هیجری ١٦٤ دەنگ

٢٣- ئەبوبەکری هیدایەتی ١٦٤ دەنگ

٢٤- سەید رەسوڵی بابە گەورە ١٥٤دەنگ

٢٥- حوسێنی مەدەنی ١٥٤ دەنگ

شەش ئەندامیش بە پاڵێوراوی کۆمیتەی مەرکەزی هەڵبژێردران ئەمانەش:

١- عوسمانی ئەسراری

٢- حەمەدەمینی سراجی

٣- مەلا رسولی پێشنەماز

٤- کەریمی حیسامی

٥- مهندس رەحمانی ئەحمەدی

٦- ئافرەتێکی نەغەدەیی

دوای ئەوە کۆمیتەی ئەسانسۆر و پشکنین هەڵبژێردران، لەم ، برادەرانە پێکهات:

١- سەعیدی سوڵتانیان

٢- عەلی حسەنیان

٣- سەرهەنگ رەبیعی مهندس ئاریا

٤- فەتاحی کاویان

٥- محەممەد پور ئازەر
٦- سەدیقی قەوی پەنجە
٧- سیوان ئەفشیر
٨- قادری شەهابی
٩- سەرهەنگ قادری

بڕیارێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە ئەوە بوو، نەمایەندەیەک بە سەرۆکایەتی تێکۆشەر غەنی بلوریان بنێرنە تاران بۆ ئەوەی چاویان بە کاربەدەستانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و دەفتەری ئیمام خومەینی و حیزب و گرووپە سیاسیەکان بکەوێ، باسی گشت کۆسپ و تەگەرانەی هەنە پێشی پێشکەوتن و گۆڕانی باری ئێران و چارەیەک بە ڕێگای گفتوگۆی ئاشتیانە بۆ گیروگرفتی کوردستانی ئێران بدۆزرێتەوە!.
کۆمیتەی مەرکەزیش دەفتەری سیاسی هەڵبژاد لە:
١- د.قاسلمو سکرتێری گشتی
٢- غەنی بلوریان ئەندامی دەفتەری سیاسی
٣- ئەمیری قازی دەفتەری سیاسی
٤- جەلیلی گادانی دەفتەری سیاسی
٥- مەلا عەبوڵای حەیاکی دەفتەری سیاسی
٦- مستەفا هیجری دەفتەری سیاسی
٧- مستەفا شەڵماشی دەفتەری سیاسی

لە پێش و لە ناو کۆنگرە دووبەرەکی و کێشەی لایەلاو ناو خۆیی دەستی پێکرد بوو. دوای کۆنگرە ناکۆکیەکان زیاتر سەری هەڵکێشا. هەرچەندە لە دیاردە وانیشان دەدرا گۆیە کێشەکانیان لەسەر ڕێبازی ڕاست ڕەوی و چەپ ڕەوی و پەیوەندی بەم لاو ئەولایە. بەتایبەت پەیوەندی بە ڕژێمی بەعسی عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران، لە ڕەچەدا هۆی تریش

هەبوو! ڕۆژ دوای ڕۆژ ناکۆکیە لابەلایەکان و بگرە و بەردە، تێک بەربوون و لەیەک سیرواتدن زیاتر لە ریزی حزب تشەنای دەکرد. هێرشی بە تین و تاو، قسەی ناڕەوا و ناراست و دروستکردنی توهین دژی هەندێ سەرکردەکانی حیزب، بە تاوگیری بڵاودەکرایەوە. دامو دەزگای ڕاگەیاندنی ڕژێمی تاران کەوتبووە ئەوپەڕی چوستی و چالاکی دژی نەتەوەی کورد و حیزبی دیموکرات، هێرشی درندانەو قڕچ و بڕکردنی ئەرتەش و پاسداران، کەوتبووە پەلاماردان و وێرانکردن، وشک و تەڕیان پێکەوە لەناو دەبرد. بە ئاشکراو بە نهێنی سەرکردایەتی حیزبی تودە و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی، ڕۆڵی تێکدەری خۆیان دەگێڕا، بۆ تێکدان و شێواندنی باری حزبی دیموکرات و کوردستانی ئێران لە ژێر پەردەی داکۆکی کردن لە پەیرەوی ئیمام خومەینی، ئەوە بوو دوای کۆنگرە ززوی نەخایاند چەند ئەندامێکی کۆمیتەی مەرکەزی و کادری پێشکەوتوو وەکو:

غەنی بلوریان

حەمەدەمین سەراجی

فاروقی کەیخسرەوی

ئەحمەدی عەزیزی

فەوزیە قازی

د.ڕەحیمی قازی

نویدی موعینی

مامۆستا هێمن

ڕەحمانی کەریمی

ستاری مامەدی

جیاوازی خۆیان و ژمارەیەک لە کادرو ڕێکخراوی حزبیان ڕاگەیاند، حیزبیان کەرت کرد و کۆمیتەی سەرکردایەتی تایبەتیان بۆ خۆ پێکهانی،

هەر لە ژێر ناوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش کەوتنە جمموجوڵ و کارکردنی رامیاری و جەماوەری... ئەم هەنگاوە لە کاتێکی یەکجار ناوەخت ناگونجاو دووچاری حیزبی دیموکرات هات، بارەکەی لەگەڵی رووەوە هەڵتەکاند، زیانی یەکجار زۆر بە ئەستۆی هەموو گەلی کورد و جوڵانەوەی ئازادیخوازو دیموکراتی ئێران گەیاند. هەتا پرێشکی کرتکردنە ئازاری بۆ بەشەکانی کوردستانیش هەبوو. دەرفەتی زێڕینە بۆ رژێمی کۆماری ئیسلامی روخسا و باشترین سوودیان وەدەست هانی. هەروەها رژێمی فاشی بەغداش لێزانانە رووداوەکەی قۆزتەوە، نەخشەی دووری کێشا، کە لە داهاتوو سوودی گەلێ زۆرتر و لەبارتری لێ وەربگرن.

مات بوون و هەناسە هەڵکێشان، دەربڕینی ئاخ و داخ، دەست لە چۆکدان و خۆزیا و بریا سوود نادەن...!! مرۆڤ ناچاریشە دەبێ بڵێ هەزار جار بە داخەوە دوای ئەم کرتکردنە باری کوردستانی ئێران گۆڕانکاری قوڵی بەسەردا هات، ئەو جەماوەرە پاکە قارەمانەی کە زۆربەی هەرە زۆری دڵسۆزانە لە دەوری رێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات کۆبیوونەوە حیزبیش شوێنی ریزگرتن و خۆشەویستیان بوو، هەموو هیواو ئامانجی رزگار بوونی نەتەوایەتی خۆیان وێرای ئەو حیزبە کردبوو، تووشی دوو بەرەکی و ڕارای هات، سەرلێشواوی و بێ ورەیی بڵاو بووە. زەمینەی باش بۆ گشت نۆکەر و کۆنەپەرستان، کەسانی لاواز و ترسنۆک، کاسە لێس و گومان لێکراوان هاتە کایە. لە هەموو شوێن و پەنا و کون و قوژبنێک کەوتنە بزوە، بۆ ئەوەی زلکاوی دووبەرەکی قوڵترو لیخنتری بکەن و سەقامگیریش بێت؟

هێرش و پەلاماری ئەرتەش و پاسدارانی ئیسلامی بۆ سەر هەموو ناوچەکان یەکجار بە تەوژمتر کرا. دامو دەزگاکانی راگەیاندنی کۆماری ئیسلامی و فترای ناڕەوای پیاوە دواکەوتووەکانی ئایینی، رۆژانە بوختان و درۆ دەلەسەی پیسی ناڕەواو بە بێ ویژدانی دژی سەرکردەکانی حیزبی

دیموکرات بلاو دەکردەوە.

رۆژنامەی (مردم) ئۆرگانی حیزبی تودە بە فارسی و کوردی گەلێک لە خومەینییەکان گەرم و گوڕتر بەرگریان لە رژێمی ئاخوندەکان و پەیڕەوی ئیمام دەکرد. بە غەمزە لەغزیش پشتگیری کەرتکەرەکانیان دەکرد. کۆمەڵ و یارمەتیشیان لە تودەوە پێدەگەیشت. هەڵوێست و رێبازی سەرکردەکانی تودە، دەربارەی تاپۆز وێرانکردنی کوردستان وەک هەڵوێستی هەموو حیزبەکان شۆڤینیست تووشی گۆمڕا هاتبوون گێویان تورتوشمی تێکرا بوو، دەویان لۆک کرا بوو،دەنگێکی ناڕەزایی، هاوارێک، پروتستویەک لیان دەرنەچوو نە بەناوی مافی مرۆڤایەتی و دیموکراسی، یا ئایدیۆلۆژیەتی ئینتەرناسیۆنالی کە بەدەروو سەرزارەکی نشە نشیان پێوە دەکرد. کەمێک داکۆکی لە نەتەوە لێقەوماو ماف ژێر پێ خراوی کوردی کوردستانی ئێران بکەن، کە دووچاری ئاگر و ئاسن و وێرانکاری کردن هاتوون لە دەستی رژێمی ئاخوندەکانی کۆنەپەرستی شۆڤێنی لە هەمووی دڵگیرتر و ناخۆش ئەوە بوو، هێندێ لایەنگرەکانی گروپی حەفت نەندامە کەرتکەرەکان، چەکی رژێمی کۆماری ئیسلامیان خستە شان و کەوتنە دژایەتی کردنی چەکدارو رێکخراوەکانی حزبی دیموکرات، بە هیچ جۆرێک لەم جۆرە هەڵە زلانە شەفاعەت کردن و خۆ رزگارکردن سانا نیە! لەناو ئەو هەموو کارەسات و ئاپوورە، تێکهەڵچوون و گژبەندو تەشقەلانەدا، دەنگ بلاوبووە کە گروپی حەفت نەندامەکە دەچنە ناو رێکخراوەکانی حیزبی تودە، دەبن بە بەشێک لەوان، کەچی رێبازی کۆنەپەرستی و دواکەوتنانەی رەهبەرەکانی کۆماری ئیسلامی سوور بوون لەسەر پەرت و بلاوە پێکردن و چۆکپێدادان بە هەموو هێزو گروپ و حیزبەکان، رەق و قین و دژایەتی دڕندانەیان بوو هەموو ئەو نەتەوەو تیرانەی لە رەچەدا فارس نینە و ئەو ئاین و مەزهەبانەی لەگەڵ مەزهەبی

شیعە یەکتر ناگرنەوە. ماوەی ئەوەی تەدا ئاواتەکانی حزبی تودە و کەرتکەرەکان بێتە دی. بارەکە زوو گۆڕا، سەر لە نوو هەموو کەوتنەوە بەر فشار و ئەشکەنجە، ڕاونان و شەپۆلی تیرۆر باری ئێرانی کرد بە دۆزەخێک، بۆ نیشتمانپەروەران، ئازادیخوازانی دیموکرات پەروەران بۆ ئەوانەی دەخەبتن بۆ مافی مرۆڤ و یەکسانی و سەربەستی بیرو بڕوا شوێنی حەوانەوە نەما.

ئەو چەند برگەی دەربارەی کێشەی ناوخۆی حیزبی دیموکرات نووسراوە، ئەو مانایە ناگەێنێ هەمووی هەر داکۆکی کردن بێت لە ڕەهبەرایەتی و کردەوەی سەرکردەکانی حدکا، بە تایبەت لە کات و ڕۆڵگێرانی خوالێخۆشبوو تێکۆشەری لێهاتووی ناسراو شەهید د.عەبدوڕەحمان قاسملو.

لەگەڵ هەموو ئەو هۆشمەندی و زانایی و لێهاتوییەی و هێژاو ڕێکوپێکی دکتۆری شەهید کەلەبەری گەورە لە هەڵسوڕەفت و ڕەهبەراتیدا پەیدا ببوو، تووشی نەخۆشی لەخۆ بایی بوون و تاک ڕەوی و بیروکراتیەت هاتبوو، بەم پیشەو ڕەوشتانەی حدکاو جولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ئێرانی تووشی ئازاردان کرد، و لە دوایەمیندا بە پلانێکی ناڕەواو نا ئەخلاقانە لە ڕۆژی ١٢ تموزی ١٩٨٩ لە (ڤینا) پایتەختی نەمسا سەری خۆشی تێدا چوو، شەهید کرا.

* * *

مانگی گوڵان ـ نیسانی ١٩٨٠

باران و تەڕی، قوڕو چڵپاو کەم ببوو، سەرمای زستان تەوژمی نەما بوو، سروشت ئاوو هەوا بەرەو هەرەتی خۆشی و گەرمی دەڕۆیشت، دیمەنە جوانەکانی کوردستان، شاخ و هەرد، دووڵ دەشت، کانی و کانیاو کەوتبوونەوە خوڕازاندنەوە، جەنگەڵ و دارستانەکان، گیاوگوڵ هەتا ژیانی مرۆڤ، ئاژەڵ و باڵندەش کەوتبوونەوە دادڕینی بەرگی کۆن و گۆڕینەوەی بە بەرگی قەشەنگی تازە. هەموو خاکی پیرۆزی نیشتمانەکەمان بە گوڵی زەردو سوور وەک جوانترین تابلۆی بێ هاوتا خۆی دەنواند. لەمێژ ساڵە لەو کاتانەدا، دوژمنە ملهوڕەکانمان دەکەونەوە هێرش و وێرانکردن، وەک جانەوەر، دڕندانە سەردەکەنە سەر سروشت، مرۆڤ، جەنگەڵ و دارستان، ڕەوەزو باخ، هەموو گیان لەبەرێک، هەرچی خێرو بێرو پیت هەیە، دیمەنە جوانەکان، ڕەنگی ئاڵ و زەردو سەوز بە بۆیەی دەستکاری دەستی گڵاوی نگریس و ناپاکیان بە خوێنی سووری ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان یەکپارچە سووری هەڵدەگێڕن. ئەم ساڵیش هەروەک ساڵەکانی پێشوو گەلێ ڕووداوی هەمە جۆر و جەرگ بڕی پڕ ئازار، کاولکردن و ئاوارەیی دووچاری نەتەوەکەمان هاتەوە وا هەندێکیان پێشکەش دەکەین:

* لە کۆتایی مانگی ئادار هێزەکانیپێشمەرگەی کوردستان لەم دیوو ئەو دیو تووشی چەند شەڕی قورس و تێک هەڵپڕژان هاتن، شەڕی

یەکێکیان لە نێوان پێشمەرگەکانی حدکا و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە لایەک، لەگەڵ هێزی ئەرتەش و پاسدارانی ئیسلامی و جاشەخۆفرۆشەکانی شکاک، دەنگ بڵاوبووە کە چەکدارەکانی پارت یارمەتی هێزەکانی رژێمی ئێرانیداو پشتی گرتن. لە ئەنجامدا زیاتر لە ۲۰ پێشمەرگە و دانیشتوانی بێ تاوان شەهید کران و برینداریش زۆر. کوژراوو برینداری دوژمنیش گەلێ زۆر بوو.

* رۆژی۱۹۸۰/۳/۲٤ مەفرەزەیەک لە پێشمەرگەکانی حشع لە گوندی قزلەر سەر بە ناحیەی سەرچنار، پارێزگای سلێمانی توشی شەڕو تێکهەڵچوونێکی یەکجار قورس دێن، سرپاو جاشی عێراق لە هەموو لایەکەوە ئابلوقەی پێشمەرگەکان و دێیەکە دەدەن، ۹نۆ فڕۆکەی هەلیکۆپتەر بە موشەک و شێستتیر دەکەونە گیانیان، ئەرزو ئاسمانیان لێ دەکەن بە ئاگر، پێشمەرگەکان شێرانە رادەپەڕن و دەست دەکەنەوە، لە بەیانی تا تاریکی دادێت شەڕو ئاگر باران بێ وەستانەوە بەردەوام دەبێت. کۆڵ نادەن بەرگری بە جەرگ و وێرانە لە شەرەفی پێشمەرگایەتی و دانیشتوانی دێیەکە دەکەن. ئاگری لوولەی چەکەکانیان ناکوژێتەوە، ناوەستێ لە بەلاماردان تا دوژمن پاشەکشە دەکات، لە ئەنجامدا لە ۱٦ پێشمەرگە کە ژمارەی مەفرەزەکە دەبێ پێنجیان شەهید دەکرێن و ژمارەکیش بریندار یەکێک لە شەهیدەکان هونەرمەندێکی ناسراوی بەغدادی، (معتصم عبدالكريم) بوو. دەست کردنەوەو خۆراگرتن، داکۆکی پێشمەرگەکان ئەو کات دەنگێکی باشی لە هەموو ناوچەکانی سلێمانی و نێوان هێزەکانی پێشمەرگە دایەوە.

رژێمی فاشی بەغدا بە دەیان فڕۆکەی هەلیکۆپتەر رۆژانە هێرشی دەهێنایە سەر هەموو ناوچەکانی کوردستان، تەرووشکیان دەدایە بەر ئاگر. لەسەرەتای مانگی گوڵان چەندان هێرشی دڕندانەیان هێنایە سەر

ناوچەی عەسکەرو ئاغجەلەر، سەختترین هێرش، چەند هێرشێک بۆ کرایە سەر گوندی بولقامیش<١> لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگە شەهید دەکرێت و دووش بە دیل دەگرن و بە فڕۆکە دەیان بەرن، لە دانیشتوانی گوندەکەش کوژراوو بریندار هەبوو. دیسان لە هەمان کات ٢٠ تەیارەی هەلیکۆپتەر هێرش دەباتە سەر گوندی (چیوە) لە قەزای شەقلاوە لە ئەنجامدا ژمارەیەک لە دانیشتوانی بێتاوانی گوندەکە و چەند پێشمەرگەیەک شەهید دەکەن.

** زانکۆی مستەنسریە

ئێوارەی ١/٤/١٩٨٠ رادیوو تەلەفزیۆنی بەغدا بە دەنگێکی ناسازایی شەڕاوی، پڕ ڕقین و هەڕەشە و هێرش، بڵاوی کردەوە لە کاتژمێری دەی بەیانی ئەم ڕۆژە جێگری دووەمی سەرۆک وەزیران تارق عەزیز لە هۆڵی زانکۆی مستەنسریە وتارێکی سیاسی بۆ قوتابیانی زانکۆ ئەدا. لەو کات قوتابیەک ناوی سەمیر نور عەلی، بۆمبایەکی نارنجۆک فڕێ ئەداتە ناو کۆبوونەوەکە، لە ئەنجامدا دوو قوتابی دەکوژرێن و چەند کەسێکیش بریندار. تارق عەزیز یەکێکە لە برینداەکان، هەر هەمان کات زۆری نەخایاند سەدامی دیکتاتۆر خۆی هاتە سەر تەلەفزیۆن تووشی تارگیری و هێستیریا هاتبوو، هەرچی ڕق و کینی شۆڤێنیستانەی لە دڵدا بوو هەڵی ڕژتبوو لە سنووری عەقڵ دەرچو بو گوتبووی (ناهێڵم تۆزێکیک لەو خوێنانەی ڕژێندرا بەبێ تۆڵە کردنەوەی زۆر تێپەڕبێن، دەکوژێن،

<١> دێیەکە سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر لە قەزای چەمچەماڵ، کەوتۆتە سەر زێی بچوک گەلێ نەزیکە لە گوندی دوکانی کۆن.

قرچوبر دەکەین، رەچەیان ناهێڵین، ئاداری هەموو گومان لێکراوان و تاوانباران لە ڕەگ و ڕیشە دەردەهێنین گ... هتد).

جارێکی‌تر رۆژی ٤/٤ رادیۆ کە بڵاوی کردەوە کە لەو کاتەی کە مەوکیبی دوو کوژراوەکە (تەبعا ئەوان دەیان گوت دوو شەهیدەکە)ی هۆڵی زانکۆی مستەنسریە بەرەو گۆرستان دەڕۆیشت بۆ ئەوەی بیان نێژن، بۆمبایەکی تر فڕێدرایە ناو مەوکیبەکە ئەوجارەش کوژراوێک و ژمارەیەک بریندار دەکەونە گۆڕ، دوای چەند ڕۆژێک دەنگوباس گەیشت، رژێمی فاشی هێرشی توندی بۆ سەر خێزان و خزموکەسی (سەمیر) بردووە، ژمارەیەکی لێ قرچو بڕ کردوون، دەستیان بە شاڵاوێکی فشارو تیرۆریستانەی فرەوان دژی برا کوردە فەیلیەکان کردیە، کەوتونەتە تاڵانکردنی ماڵ و سامانیان، بەبێ تاوان دەیان گرت لە هەموو شتومەک و کەلوپەلی ژیان ڕووتیان دەکردن، بە برسیەتی و رۆتی کەساسی فڕیان دەدانە سەر سنووری نێوان عێراق و ئێران ژمارەیەک منداڵ و پیر، ئافرەت و نەخۆش بە هۆی شەکەتی و سەرما، برسیەتی و تونیەتی بە ڕێگاوە مردن، ئەوکارە جنایات کارو دڕندایەتیە دژی برا کوردە فەیلیەکانی بەغدا رەفتاریان پێکرد. مەگەر هەر رژێمی هیتلەری فاشی گۆڕ بەگۆڕ بە نەتەوەی جوولەکە یا پێشکەوتنخوازەکانی ئەورووپای کردبێ. رژێم ڕووداوەکەی مستەنسریەی بە ڕێککەوت و دەرفەتێکی گەلێ لەبار وەرگرت بۆ ئەوەی ڕیشەو رەگەی هەموو کوردە فەیلیەکانی بەغدا و خوارووی عێراق دەربهێنێ بەو بەڵگەو بیانووە گۆیە ئەم کوردانە بێگانەو عێراقی نیتە، شۆڤێنیستە رەگەزپەرستەکان کەوتنە گیانیان، دەستیان بەسەر سامان و ماڵ و شوێنی ژیانیان داگرت. دەربەدەرو پەرەوازەو ئاوارەیان کردن. مامۆستای نەمر شێخ محەممەدی خاڵ لە بەرگی یەکی فەرهەنگەکەی کە لە ١٩٥٩/٨/٣٠ بڵاوی کردووتەوەو نووسیوە: «برا

کوردە فەیلیەکان سێ سەد ساڵ زیاترە لە بەغدا دەژین کەچی خۆیان فەرامۆش نەکردیە» .

هەموو حیزبە کوردستانیەکانی عێراق، مەکتەبی هەرێمی کوردستان، حشع، گروپە ئیسلامیەکان لە تاران دامودەزگاکانی راگەیاندنی کۆماری ئیسلامی هەموویان بە بەیاننامە، بڵاوکردنەوە، بە بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایی و پروتستو تاوانەکانی رژێمی رەفتار فاشی عێراق کە بەرامبەر کوردە فەیلیەکان و شیعە ئەنجامیان دەدا، ریسوا و مەحکومیان کرد. کەچی نە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، نە ئەو ولاتانەی داوای سۆشیالیستی و پێشکەوتوخوازی و دیموکراتیەتیان دەکرد. نە ئەو گروپ و کۆمیتەو کۆمەڵانەی داوای یەکسانی و مافی مرۆڤ و ژیان دەکەن دەنگی بێزاری و نارەزاییان بەرامبەر ئەو کارەساتە بەرزنەکردەوە، کە رژێمە رەگەزپەرستەکەی دیکتاتۆری عێراق دژی ئەو کوردە عێراقیانە ئەنجامی دەدا.

لە رووپەرەکانی پێشەوەی کتێبی «شەرەفنامە» مامۆستای نەمر هەژاری کورد هەژاری موکری لە بەشی (بەسەرچلی ژینامەی هەژاری وەرگێر نووسیویەتی «هەر لە ساڵی ۱۹۷۲دا نزیکەی چل هەزار کوردی فەیلی بەو بەهانەی کە ئێرانینە لە عێراقەوە دەرکران و تاڵان کران» شاردراوە نیە هەر لە دوای رێککەوتنی ۱۱ ئاداری ۱۹۷۰ رژێمی بەعسی رەگەزپەرست کەوتۆتە راونانی برا کوردە فەیلیەکان، تا هەنکە بەردەوامن لە تاڵانکردنیان، دەست داگرتن بەسەر ماڵ و سامانیان، لێ ساندنەوەی شوناسنامەو بەڵگە زاکونیەکانی تریان، بگرە لە خانەقین و جەلەولا و سەعدیە تا مەندەلی ـ بەغدا، بەدرە، جەسان، زرباتیە، عەلی غەربی، عەمارە و بەسرە... هتد ئەم فاشیە تاوانبارانە هەزارەها کوردییان ئاوارەی هەندەران کرد، بێ شوێن و کار، بێ خاک و نیشتمان پەرەگەندەی ولاتان

بوون لە داوو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی و هەندەران بڵاوکرایەوە کە لە دوای ڕووداوەکەی مستەنسریە لە ماوەی ٤٥ ڕۆژ زیاتر لە ٣٨ هەزار کوردی فەیلی ئاوارەو دەربەدەر کران، ژمارەیەکی زۆریش لاوەکانیان زیندانی کران و بێ سەروشوێنی. چەندانی ساڵە نەتەوەکەمان قوربانی و شەهید ئەدا لە ژێر ئاگرو ئاسنی دوژمنانمان، و شاڵاوی ویرانکاری، ڕاگوێزاند ئاوارەکردندا دەژیت.

* بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٤٦ لەسەر دامەزراندنی حشع ڕۆژی ١٩٨٠/٤/٥ کۆبونەوەیەکی ڕێکوپێک پێکهێندرا. نزیکی چوار سەد کەسێک بەشداری لە ئاهەنگەکەدا کرد. وتاری حیزب هاوڕێ عبدولوەهاب تاهیر بە عەرەبی خوێندیەوە، دوا بە دوای ئەو وتاری یەک بە گوتارێکی کورت جەلال تاڵەبانی پێشکەشی کرد. جەختی لەسەر دۆستایەتی و هاوکاری کردن نێوان حشع و یەک کردەوە. ئاهەنگەکە سێ سەعاتی خایاند. بەم بۆنەوە پرۆگرامێکی ئەنجیلاتەی هەمەجۆر ئامادەو پێشکەش کرا.

* ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٠/٤/٧ نامەی ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی پارت (خورشید شێرە)مان پێ گەیشت ئاگادارمان دەکات کە «لایەنگرەکانی یەک لە ناوچەی هەورامان خەریکی ئەوەنە هێرش بەرنە سەر هێزەکانی پارتی کە لە ناوچەی هەورامان دەژین، ئامیر هێزەکەیان هەڤاڵ نادر هەورامیە» داوا لە حشع دەکات تەقەلا بدات (پێشمەرگەکانی یەک بەم کارە ناڕەوایە هەڵنەستن، واز لە شەڕی براکوژی بهێنن، خۆ گەر هێرش بەرنە سەر کاک نادرو هێزەکەی، ئەوە هێزی چەکداری پارت هێرش دەباتە سەر بنکەو بارەگاکانی یەک لە ناوچەی سەردەشت، جا خۆیان

ئۆباڵی هەموو شتێک هەڵدەگرن).

نامەکەی کاک خورشید کەمێک توندی و بۆنی هەڕەشە کردنی تێدا هاتبوو. وەلامیان بۆ نوسیبوو کە (حشع بەردەوامە لە تەقەلادان، بۆ ئەوەی هەموو هێزەکانی کوردستان و عێراق لە بەرەیەکی بەرفراوان دژی بەغدا کۆ بێتەوە...) بە ڕێککەوت ئەو کات هاوڕێی لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی حشع لە مەڵبەندی سلێمانی بسەردان لای ئێمە بوو. بەپەلە گێڕدرایەوە بۆ شوێنی خۆی بۆ ئەوەی تەقەلا بدات شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکانی ینک و پارت ڕوو نەدات. دوو هاوڕێش لە مەکتەبی هەرێم بۆ سەردانی ینک ڕۆیشتن، داوایان لێبکرێ ماوەی شەڕی براکوژی نەدەن لە هەورامان، لە ئەنجامی براکوژی ماڵوێرانی کوردو پەشێمانی بەدواوەیە. ئێمە لەم هاتووچووەدا بووین نامەی م.س پارتیمان گەیشتە دەست، ئەمە دەقەکەیەتی:

الحزب الديمقراطي الكردستاني ـ العراق	العدد/٢٠٩
المكتب السياسي	التاريخ ١٩٨٠/٤/٦
العلاقات	

الى/ الحزب الشيوعي المناضل

مكتب اقليم كردستان

تحيه ثوريه

في هذا الظروف الخاص الذي تمر به الحركه التحرريه الوطنيه العراقيه بشكل عام و الحركه الكرديه بشكل خاص و الذي يحتم توحيد امكانيات القوى و الاحزاب الوطنيه و التقدميه ذات العلاقه في المنطقه و زجها في ساحه النضال ضد العدو المشترك و خلق كافه الاجواء المناسبه لبناء جبهه

وطنيه و قوميه تقدميه على االصعدين الوطني و الاقليمي.

وردتنا معلومات مفادها ان جماعه جلال قد خططت لغرض اقتتال اخوي اخرى كالذى حدث في حزيران عام ١٩٦٤ و ذلک بمحاوله الاعتداء على قواتنا في منطقه هورامان، فحرصا منا على عدم اراقه الدماء و ثفتيت الامكانيات لصالح العدو تدعوكم كطرف في التنسيق مع الاتحاد الوطني بالتدخل في الموضوع و تفنيد المؤامره المخططه لها من قبل العدو، ولا خوف من تهاون ضرب مقرات و تواجد زمره جلال اين وجد و سيتحمل البادي و المعتدي المسوليه التاريخيه.

هذا و نرى بان المصلحه تستوجيب اجراء لقاء بيننا لذا نرجو ان تزورنا وفد من حزبكم لتدارس امور متعلقه بقضايا مشتركه.

مع تحياتنا النضاليه

الحزب الديمقراطي الكردستاني

المكتب السياسي

دوای چەند ڕۆژێک بە نامەیەکی کورت وەڵامان بۆ م.س پارت نوسیەوە، کە بەردەوامین لە تەقەلادانەکانمان و بەم زووانە سەردانتان دەکەین.

* ڕۆژی ٨/٤ کاک نەمیری قازی هاتە سەردانمان، ئاگاداری کردین بەم دوایە باری ناوچەکانی کوردستانی ئێران یەکجار شڵەژاوە، ئاڵۆزتر بووە، هێرش و پەلاماردانی دوژمن بۆ سەر زۆربەی ناوچەکان بەردەوامە. هەروەها گوتی «دەفتەری سیاسی ئاگادار کرا کە ئێمرۆکە حجت الاسلام مهدي کرومی دەگاتە سەردەشت داوای دیتنی ئێمەی کردیە. بۆیە بەپەلە دەڕۆم هەوڵ دەدەم لە گەڕانەوەمدا بێمەوە سەردانتان.

* دوای تیوەرۆی ڕۆژی ٤/١ . ڕادیۆی بەغدا مەرسومێکی کۆماری لە ژێر ناوی سەدام حوسێن بڵاوکردەوە دەڵێ: هەر کەسێک ئەندام یا یاریدەدەری حزبی دەعوە یا حزبی عەمەلی ئیسلامی بێت یەکسەر ئیعدام دەکرێت. ئەم دوو حیزبە ئاینیی نە، تایبەتیشە بە شیعەکانی عێراق،

ڕژێمی بەغدا چەند غوونەی وەکو ئەم جۆرە مەرسوومە دەرهانیوە بۆ لەناوبردنی هەموو هێزو دەنگێک چۆکیان بۆ دانەدات و کەرنوشیان بۆ نەبات، ئەمانە هەموو نموونەی ئاشکران لەسەر فاشیەت و دڕندایەتی ڕژێمەکە کە بێ بەزەییە لە هەموو هەستی مرۆڤایەتی و شارستانیەت!!

* لە ناوەڕاستی مانگی نیسان نامەیەکمان لە مەهاباد پێگەیشت، دوو ئەندامی مەکتەبی هەرێم نووسیبوویان(چاومان بە د.قاسملو کەوت، ئامادەیە ئەو بەڵێنەی پێ دابووین پارمەتیمان بدەن، جێبەجێ بکات. هەروەها چاومان بە ئەندامی م.س حزبی تودە (ڕەزا شەلتوک) کەوت. ڕەزا بە ناوی م.س حیزبەکەیان پێشنیاری کرد کە حشع بەیاننامەیەک دەربهێنێ تێدا پشتگیری کۆماری ئیسلامی ئێران و هەنگاوەکانی ئیمام خومەینی بڵاو بکاتەوەو کردەوە فاشیەکانی عێراق دژی فەیلیەکان و شیعە ڕیسوا بکات. دوا بە دوای ئەوە وەفدێک لەسەرکردەکانی حشع بێنە تاران هەوڵبدەن لەگەڵ ڕەهبەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆببنەوە سودی تێدا هەیە، دوو هاوڕێ کە نوسیبویان (ئێمە هەردوکمان لەگەڵ پێشنیارەکەی حیزبی تودە داینە) ئێمە ئەو کات سێ ئەندام لە مەکتەبی هەرێمی حشع لە بنکە بووین کەوتینە دەرسکردنی داواکەی حزبی تودە، گەیشتینە سەر ئەو ڕایە شتێک بە ناوی سەرکردایەتی حشع لە ڕۆژنامەکانی تاران بڵاوبکەینەوە بەسوودە، چەند بشتوانین ڕژێمی عێراق ڕیسوا و ڕوو ڕەش بکەین کەمە، بەتایبەت بەرامبەر بەو شاڵاوە جانەوەریانەی دەیکاتە سەر کوردە فەیلیەکان و شیعە. دەقی کورتە ڕاگەیاندنێک بۆ ڕۆژنامەکان تاران

مان ئامادەکرد. سکرتێری هەرێم هاوڕێ (ع) لەگەڵ خۆیدا بۆ مەهاباد و تارانی برد.

* ساڵێکی ڕەبەقە ئاکۆکی و کێشە، هێرشی ناڕەوا بۆسەر یەکتر، شەڕی برا کوژی تێک هەڵقرای نێوان یەنک و حسیک بە توندی بەردەوامە. لەم ڕۆژەدا سەرکردایەتی حسیک بڵاوکراوەیەکی تایبەتی بڵاو کردەوە بە وردی خوێندمەوە، هەنگاوی ئەنجەکتیڤی باشی تێدا بەدی دەکرا. ئەمەش دەقەکەیەتی:

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان ژمارە/٥
مەکتەبی سیاسی ڕۆژ ١٩٨٠/٤/١٧

بڵاوکراوەی تایبەتی (تەنها بۆ ریزەکانی هێزی پێشمەرگەو حیزب)

هەڤاڵانی تێکۆشەر:

وەکو ڕوونە لە هەموو لایەک کە هەمیشە بەردەوام بووین لەسەر سیاسەتی نەگۆڕو سەرەتایی (مبدئی) حزبمان (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، بۆتەرخانکردنی هەموو هێزو توانا لە پێناو بەگژا چوونەوەی دوژمنی ڕەگەزپەرستی خوێن ڕێژی بەغدا، وە خۆ بواردن لە گیروگرفت و کێشەی لابەلا وە درێغیمان نەکردووە بۆ ڕێز دانان و بە دەنگەوە چوونی ئیرادە و خواستی بەردەوامی جەماوەری میللەتەکەمان سەبارەت بە دەربڕینی هەراسانی و بێزاری لە گیروگرفتەکانی ناو ریزەکانی جولاَنەوەی رزگاری و نیشتمانی گەلی کوردمان. وە پێویستی بازدان بەسەریاندا و چارەسەرکردنیان بۆ بەرژەوەندی پتەوکردنی خەباتی ئاوکۆییمان دژ بە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سروشت فاشی بەغدا. وە بۆ

جێبەجێ کردنی و ڕەچاوکردنی پێشنیارەکانی کە لە دەستگاکانی حیزبەوە بەرز دەکرانەوە دەربارەی پێویستی دەست پێشکەری کردنی حیزب لە بواردی هەوڵدان و خەبات.

بۆ دابین کردنی هەلومەرجی پێک هاتنەوەی نیشتمانی کوردستانی (الوفاق الوطني الكردستان) وە پاش ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەگەڵ هێزە نیشتمانیەکانی کوردستان و عێراقی سەر گۆڕەپانی خەبات وە بە دیتن و بۆچوونی هاوبەش لەگەڵیاندا لەو بارەوە سەرکردایەتی حزبمان وەکو هەست کردن بە مسئولیەتی نیشتمانی و مێژوویی سەرشانی خۆی بە تایبەتی لەم قۆناغە ناسکەدا کە خەباتی گەلی عێراق پێدا تێدەپەڕێت وەلە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بە یەکیەتی ریزو خەبات هەیە بۆ بەگژ چوونەوەو تێکشکاندنی سیاسەتی ارهاب و فاشیەتی رژێمی بەغدا و پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرست لەسەر شۆڕشی فەلەستینی و شۆڕشی گەلانی ئێران و شۆڕشی گەلەکمان و جولانەوەی ئازادیخوازەکانی ناوچەکە بە گشتی، کە رژێمی دیکتاتۆریە خوێن ڕێژەکانی بەغدا دەورێکی گرنگی گرتوتە ئەستۆی خۆی لە جێبەجێ کردنی ئەو نەخشە و گومارداندی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و کۆنەپەرست وە دوژمنی بەرژەوەندی گەلی عێراق و تەتەوەی عەرەب و شۆڕشی گەلانی ئێران بەرابەر ئیمام خومەینی خۆی ساغ کردۆتەوە.سەبارەت بەوە سەرکردایەتی حزبمان لە لای خۆیەوە و بەم هەست و بۆچوونەوە بۆ پیشاندانی زیاتر خۆشەویستی و فیداکاری لە پێناو ئامانجەکانی گەلدا لە لای خۆیەوە کەوتە هەوڵی خۆشکردنی زەمینە بە نووسین و رەفتارو هەڵوێست و دەست پێشکەری کردن لەسەر هەموو ئاستێک (سەرکردایەتی و ناوچەکان و هەرێمەکان) بۆ دروستکردنی هەلومەرجی پێویست بۆ یەکیەتی ریزەکانی شۆڕشی دیموکراتی هەڵگیرساو لە کوردستان بۆ ئەوەی ببێتە سەرەتایەک بۆ بە

عیراقی کردن و تەواو کردنی پیداویستیەکانی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی عیراقی ئەوتۆ کە هەموو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکان و جولانەوەی شۆڕشگێری ڕاپەریوی برا شیعەکان و کەسایەتیە نیشتمانپەروەرەکان کۆ بکاتەوە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی عیراقی کە رابەری خەباتی گەلی عیراق بکات بۆ ڕوخاندنی رژێمی دیکتاتۆری رەفتار فاشیستی بەغدا و دامەزراندنی حوکومەتێکی دیموکرایەتی نیشتمانی کە ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ گەلی کورد مسۆگەر بکات. ئەم سیاسەتە و هەلۆیستانەی حزبمان لەم دواییەدا، خۆشبەختانە لەگەلْ ئارەزوو هەلۆیستی برایانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکیان گرتەوە. ئەوە بوو لە بەرهەمی ئەوە لە زۆربەی ناوچەکان گیانی تەبایی و برایەتی کێشا و برا پێشمەرگەکانی کوردستان، سەر بە هەردوو لا لە کۆسرەت و مەرگە و حاجی قەلاْو سەرگەلْوو شارباژێر و باغسەمەر دەستیان کرد ملی یەکتری و تفەنگەکانیان جووت کردو ڕووەو دوژمنیان ئاراستە کرد. هیواو ئاواتی دوژمنیان بە شەڕی براکوژی خستە گۆڕەوە. هەر زوو پێکەوە دوژمنیان شکاندو ڕاونا لە گاپیلۆن جەماوەری میللەتەکەمان بەو کردەوانە وەکو گولْ گەشایەوەو وەرو باوەڕی زیاتر بەرز بووە. ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریشەوە برایانی یەکێتی نیشتمانی لەسەر ئاستی سەرکردایەتیش ئارەزوویان دەربڕی بۆ لا بەلاکردنی گیروگرفت و کێشەکانی لەگەلْ حزبماندا لە ڕێگای سیاسیانە و شێوەی دیموکراتیانە ووتووێژی برایانە. وە لە ئەنجامی هەولْو ئارەزووی هاوبەشی هەردوو لا یەکەم کۆبوونەوەی راستەوخۆ لە نێوان وەفدی هەردوو لا لە بارەگای حزبی سۆسیالیستی کورد/ پاسۆک لەسەر ئاستی م.س لە ڕۆژی ١٥/٤/١٩٨٠ کرا. شایانی باسە کە کۆبوونەوەکەمان لە جەوێکی پڕ لە برایەتی و دۆستایەتی و لەیەکتری گەیشتنەو بە سەرکەوتوویی و بە ئەنجامی باشەوە کۆتایی پێ

هات کە گیانی برایەتی و هەستکردن بە مسئولیەت و جدیەقان لە وەفدی یەکیتی نیشتمانی هەست پیکرد و هەردوو لا بەلی برانی تەواو و سوور بوونی خویان نیشاندا بۆ بەردەوام بوون لەسەر کۆبونەوەکان تا چارەسەری ئەواوی هەموو گیروگرفتەکان دەکرێت و برایەتی و تەبایی و یەکیتی تەواو لە نێواندا دەچەسپێتەوە. وە لەو کۆبوونەوەدا زۆر سەرەتاو بریاری سود بەخش دران و ئومیدیشمان زۆرە کە هەردولا پەیرەویان لێ بکەن و لەناو جەماوەردا رەفتاریان پێ بکەن کە هەندێک لەو بریارو سەرەتاییانە ئەمانەن:

١- سوور بوون لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان. چونکە رۆنە کە ناکۆکیەکانی نێوانمان لاوەکین واتە ناکۆکی نێوان ریزەکانی گەل هەر بە رێگای دیموکراتی ووتووێژی برایانە بە رەخنە لە یەکتری گرتن و رزن کردنەوە و بە یەکتری سەلماندن چارەسەر دەکرێن وە پەنا بردنە بەرچەک و چارسەرکردنی گیروگرفتە سیاسیەکان تەنها خزمەت بە دوژمن ئەکات و هیچ لاش تێدا سەرکەوتوو نابێت وە بەگرە هەردوو لاو کێشەی گەلەکەمان توشی زەرەرو زیان دەبن.

٢- راگرتنی حملەی اعلامی لە نووسین و نامەو قسەکردندا.

٣- هەنگاو هەڵگرتن بە هەموو شێوەیەک بەرەو ئاسایی کردنی پەیوەندیەکان لە نێوان هەردوو لا.

٤- بەردەوام بوون لەسەر کۆبوونەوەی دەوری بۆ ئالوگۆڕی بیرو راو باسکردن و چارسەر کردنی گیروگرفتەکان و زۆر بریاری تریش.

هەڤالانی تێکۆشەر، وەکو دەزانن کە دوژمن زۆر لە چەکی یەکیتی ریزەکانی شۆرش و گەلەکەمان دەترسێت، بۆیە هەمیشە هەوڵ ئەدات لە رێگای نانەوەی دووبەرەکی و ئاژاوەو کێشە لاوەکیەکانمان لێ ئالۆزو قوڵ بکاتەوە بۆ ئەوەی بەیەکەوە خەریک بین و خەباتەکەمان لاواز بکات جا لەم

کاتێدا کە گیانی برایەتی و تەبایی و یەکێتی خەریکە باڵ ئەکێشێ بەسەرماندا و بە تاکیدی دوژمن زۆر هەراسان دەبێ و دەکەوێتە پەلەقاژەو و هەوڵی تێکدان و تەقاندنەوەی نارنجۆکی تەوقیت بۆ ئەوەی چەکی یەکێتی ریزەکانی شۆرش بەکار نەهێنرێت لە دژی. بۆیە پێویستە زۆر وورییا بین و چاومان بکەینەوە لە ئاستی ئەو جۆرە تەقەلاّیانەی دوژمن وە بەوپەڕی لەخۆبوردن و فیداکاریەوە ئەم سەرکەوتنەی کە وەدەست هاتووە (ئێوە و جەماوەری میللەتەکەمان دەورێکی پڕ شانازیتان هەبووە لە دروستکردنی) بپارێزن و گەشەی پێ بدەن و گیانی برایەتی و تەبایی و هاوکاری پتەو بکەن لەگەڵ یەکێتی رەفتاری پێ بکەن و خۆتان لە هەموو ئەو رووداوو هەڵوێستانە دوور بخەنەوە کە زیان بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا دەگەیێنێت و بەو رەفتارو هەڵوێستانەوە خەریک بن کە گیانی برایەتی و هاوکاری و یەکێتی ریز پتەو دەکات.

هەڤالانی تێکۆشەر، ئێمە دڵنیاین کە هەرگیز درێغی ناکەن وە بەو پەڕی فیداکاریەوە و پەیرەوی لەم گیانی برایەتی و تەباییە دەکەن کە دروست بووە و دەیپارێزن وە گەشە پێ دەکەن بە شێوەیەک کە دەیکەنە چەکێکی کاریگەر بەرامبەر بە دوژمنانی گەلەکەمان لە ئیمپریالیزم و رژێمی بەغداو زایۆنیزم و کۆنەپەرست.

وێنەیەک بۆ: یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بەڕێز بۆ ئاگاداری تکایە.

زۆری نەخایاندگشت ئەم هەڵوێستە ڕاست و ڕەوایانە، ئامۆژگاری پڕ مانای بە سوود، داوا کردنی بە سۆزی برایانە، هاوکاری و دۆستایەتی نێوان هەردوو حیزب، تەمەنی یەکجار کورت بوو، بارەکە گەڕایەوە هەمان دۆخی جارانی، ڕێبازی شلەژان، تاوگێری کردن و تێک بەربوون، ڕاوناتی یەکترو شەڕی برا کوژی، هەردوولاشیان، هەتا توانا‌شیان هەبوو هاواریان

دەکرد ئێمە تاوانبار نییە، ئەوی تریان شەرم پێدەفرۆشی، کۆسپ و تەگەرە دەخاتە پێش تەقەلادان و خەباتم! کوردیش دەڵێ: چەپڵە بە دەستێک لێنادرێ!!؟

* رۆژی ٤/١٧ سێ بەیاننامەی پارتیم کەوتە دەست، بەیانی یەکەمیان بە رێککەوتی ١٩٨٠/١/٢٦ دەربارەی شۆرشی فەلەستین نووسرا بوو، هێرشی توند دەباتە سەر ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و پشتگیری لە جولانەوەی ئازادیخوازی عەرەبەکانی فەلەستین دەکات. هی دووەمیان بە مێژووی ١٩٨٠/٣/٦ لە ژێر ناوی (آذار الثورە، آذار الانتصار) نووسرا بوو. باسی شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ و ئازارو نەورۆز، هەموو خەباتی خوێناوی نەتەوەی کورد دەکات. بەیانی سێیەمیان دەربارەی باری تێکچوو و پر ئاژەوەو ناجوری هەموو ئێران نووسرا بوو، بە راشکاوی ناوەرۆکی بەیانەکە بۆ لای بەرگری کردن لە رێبازی کۆماری ئیسلامی و پەیرەوی ئیمام خومەینی شکاوەتەوە. ئەمە دەقی بەیانەکەیە:

پیلانەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لەسەر کێوی یەکیەتی میللەتانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا وردو خاش دەبێ.

سەرکەوتنی شۆرشی پیرۆزی ئێران، بە لەناوچوونی رژێمی پەهلەوی خوێن رێژ کە سەختترین قەلای ئیمپریالیزمی ئەمریکی و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی رۆژهەلاتی ناوەراست بوو، شیرازەی داوو دەزگای رژێمەکانی دژ بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی میللەتانی منطقەی لەرزاند، بگرە بەرەو لەناو بردنیان دەبات. بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی جیهانی خستۆتە مەترسیکی گەورەوە پەیمانی سەنتۆی زیندە بە گۆر کرد. بزوتنەوەی ئازادیخوازی میللەتانی سەرزەمین و ناوچەکەی گەشاندەوە، هیواو ئاواتی

نەتەوەکانی ژێر ستەمی نەتەوەیی و چینە چەوسێنەرەکانی منطقە و جیهان بەرز بووە، سەروەت و ساماتی نەتەوە بەرەو رزگار بوون دەڕوات لە دەسەڵاتی کۆمپانیەکانی نەوتی ئیمپریالیزم، سەربەستی سیاسی و ئابووری دەوڵەتانی پێشکەوتنخوازی منطقە بەرەو چەسپاندن ئەڕوات دروشمی (زەحمەتکێشانی جیهان یەکبگرن دژی چەوسێنەرەکانی جیهان) هەڕەشەی هەرە گەورەی لە پێنج و بنەوانی بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی جیهانی و رژێمە کۆنە پەرستەکانی نۆکەری دەکات. بۆیە جێگەی سەر سووڕمان نیە کە ئیمڕۆ ئیمپریالیزمی ئەمریکی بەوپەڕی توانایەوە خەریکی پیلانگێڕانە دژی جمهوریەتی ئیسلامی ئێران. پەوەی کە هانی رژێمی بەعسی عێراقی فاشیست ئەدا کە هاوکاری لەگەڵ رژێمی سادات بکات بۆ دروستکردنی مشاکیل بۆ ئێران، ئاشکرایە پەنای محمد رەزا بۆ قاهیرە و بەختیار بۆ بەغداو حەوانەوەی پیاوەکانی شاو ساواک/ی خوێنڕێژ و ئامادەکردنیان بە چەک و هەموو پێویستیەک بۆ بەهێزکردنی لەشکری جاشەکانی جمهوریەتی ئیسلامی و بڕینی عیلاقاتی دیبلۆماسی و ئابووری ئەمریکا لەگەڵ ئێران و هێرش بردنی رژێمی فاشیستی عێراق بۆ سەر ناوچەکانی سنووری ئێران و ناوچەکانی پڕ نەوتی ئێران، چاکترین بەڵگە نە بۆ هاوکاری رژێمەکانی کۆنەپەرستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکی بە هیوای ئاژاوە نانەوەی هەمیشەیی لە ئێران و بەرهەڵستی کردنی لە جێبەجێ کردنی ئارام و ئاسایش تێدا تا وەکو چەسپاندنی رژێمەکە نەبێت. بگرە هەل هەڵخرێت بۆ کۆدەتایەکی کوت و پڕ لەسەری و لەناو بردنی.

تەنانەت ئەو هێرشە درندانەی رژێمی فاشیستی عێراق ئێستاکە ئەیکات دژی موسڵمانان برا شیعەکانمان لە جنوب و وسطی عێراق و گرتن و دوور خستنەوەی (آیت‌الله محمد باقر الصدر)و خاوو خێزانی لە

نجفی ئەشرەفەوە بۆ شوێنێکی نا مەعلوم و دەرکردن و دەربەدەرکردنی ١٥ هەزار موسڵمانی شیعە لە عێراقەوە بۆ ئێران، ئاشکراترین بەڵگەن بۆ هاوکاری بێ ڕادەی نێوان ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ڕژێمی فاشیستی عێراق و سادات و سەهیۆنیزم بە دژی کۆماری ئیسلامی بە هیوای ئەوەی ئەو ڕژێمە نیشتمانپەروەرەی دژ بە ئیمپریالیزم لەناو بەرن، و بزوتنەوەکانی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێ بدەن کە لە سەرووی هەموویانەوە بزوتنەوەی ئازادیخوازی میللەتی عەرەبی فەلەستینە بە سەرکردایەتی (منظمە تحریر فلسطین) و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی عێراق بە سەرکردایەتی پارتیمان، بێگومان ڕێکەوتنەکەی ٦ ئاداری جزائیر ١٩٧٥ لە نێوان شاو صدام بە پیلانی کیسینجر بۆ لەناو بردنی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ی کوردستانی عێراق یەک لە هەرە پیلانەکانی گڵاوی ئەمریکا بوو، دوا بە دوای ئەوە ڕێکەوتنەکەی (کامپ دیڤید) کە هەڕەشە لە بزوتنەوەکانی ئازادیخوازی نەتەوەی عەرەب دەکا. بە گشتی وە بزووتنەوەی عەرەبی فەلەستینی بە تایبەتی و ڕژێمی ئیسرائیلی داگیرکەریش ئەچسپێنێ و دەسەڵاتی ئەمریکا و زایۆنیش لە منطقەدا بە هێزتر دەکات، ڕێکەوتن و هاوکاری ئەمنی لە نێوان ڕژێمی عێراق و ڕژێمی سعودی کۆنەپەرست بە ئاراستەی CIA و گڵالە کردنی ڕیکەوتنی ئەمنی خەلیج و هەڕەشە کردنی پنتاغۆن بە هێرشێکی سوپایی و دەریایی بۆ سەر ئێران و دەست بەسەرداگرتنی بەسەر تەنگەی هورمز بۆ ڕێگە بڕین لە نەوتی ئێران بۆ بازاری جیهانی و ئابلوقەدانی ئابووری ئێران و خنکاندنی و لەناوبردنی ڕژێمەکەی، هەموو ئەو ڕێکەوتنە و هاوکاریيانە ئەلقەیەکن لە زنجیرەی پیلانەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی ئەمریکی و زایۆنیزم و ڕژێمەکانی فاشیست و کۆنەپەرستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە هیوای ئەوە (میزانی قوی) بۆ بەرژەوەندی ئەوان بگۆڕێت و دەسەڵاتی کۆنیان لە هەرێمەکە تازە

بکەنەوە. چاکتر بەرژەوەندیان تأمین بکەن. بەلام خەیالیان خاوە، هەموو ئەو پیلانانە لەسەر کێوی یەکیەتی میللەتان و هێزی نیشتمانی و سیاسی و دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا وردو خاش ئەبن هەر وەکو بوون.

پارتیمان و شۆرشی ٢٦ی گولانی ١٩٧٦ی پیرۆز، بە هەموو تواناى پشتگیری کۆماری ئیسلامی و شۆرشی گەلاتی ئێران بەرابەری ئیمام خومەینی دەکات،دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و زایۆنیزم و رژێمی فاشیستی عێراق و ساداتی نۆکەر و بانگی هەموو هێزە سیاسی و نیشتمانپەروەرەکانی ئیسلامی، دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی ئێران ئەکەین کە لەم زروفە ناسکەدا لە بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتی لە ژێر رابەری ئیمام یەکبگرن و هەموو خیلافاتێکی ناوخۆی نێوانیان بلاوە بنێن لە پێناو ئامانجی ستراتیژی شۆرش و گەلاتی ئێران دژ بە ئیمپریالیزم و نۆکەرانی و لە ئاستی هەست بە مسئولیەتەوە داوا لە لێپرسراوانی کۆماری ئیسلامی ئێران و حەکا ئەکەین کە تەگەرەی کوردستانی ئێرانیش لە رێگەیەکی ئاشتیخوازانەی دیموکراتیانە لایەلا بکەن بۆ ئەوەی بیرا بیرا کە لەبەر نەهێنی لە نێواندا کە دوژمنانی کۆماری ئیسلامی کە دوژمنی نەتەوەی کوردیش بە ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیەوە کەلک وەربگرن. هیواداریـن رابەری میللەت ئیمام خومەینی بە چارێکی بارکانە ئاراستەی حەلێکی مەعقولی ئەو تەگەرەیەش بکات لە پێناو بەرژەوەندی گەلانی ئازادیخوازو موستەزعەفین کە گەلی کوردیش لە هەرە گەلە زۆرلێکراوەکانی ئەو گەلانەیە هەروەها پێویستێکی مێژوویی یە کە هێزە سیاسییەکانی نیشتمانی و دیموکراتی و پێشکەوتوخوازو موسلمانەکانی عێراق یەکبگرن لە بەرەیەکی نیشتمانی و دیموکراتی یەکگرتوودا لە پێناو لەناو بردنی رژێمی فاشیستی عێراق و دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتی

ئیتیلافی لە نوێنەرانی بەرەی نیشتمانی‌یەکداو بەوپەڕی توانا هەوڵبدەین کە عێراق بە گشتی و کوردستانی عێراق بەتایبەتی بکەین بە گۆرستانی فاشیستییەکانی عێراق. دروشمی دیموکراتیەت بۆ عێراق و حوکمی زاتی حقیقتیش بۆ کوردستان بهێنێتە دی‌ی کە ئامانجی هەموو گەلی عێراقە.

پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق
مەکتەبی سیاسی
١٩٨٠/٤/٩

* لە کۆتایی مانگی گوڵان، بەبۆنەی یادکردنەوەی شەهیدەکانی شاری قەڵادزە حزبی سۆسیالیستی کورد/پاسۆک بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە بە توندی کردەوەکانی ڕژێمی بەغدا ریسوا دەکات، یادی ئەو شەهیدانە دەکاتەوە کە لە ڕۆژی ٢٤نیسانی ١٩٧٤ لە ئەنجامی هێرشی فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق کرایە سەر شارە قارەمانەکە زەرەرو زیان و کاولکاری زۆری هانیە سەر شارەکە زیاتر لە ١٥٠ لاو و پیرو ژن و منداڵ بە بۆمبای ناپاڵم شەهید کران، بەیانەکە دەست پێدەکا:

کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان

لە ڕۆژی شەهیدا

(با بۆ تۆڵەی شەهیدان و ڕزگاری کوردستان یەکگرین) بەیانەکە سەرجەم پڕە لە گیانی دڵسۆزی و ڕێزگرتن لەگەڵەکەمان و ئامادەیی و لەخۆبوردن نیشان ئەدا بۆ داکۆکی کردن لە هەموو خاکی کوردستان.

بە بۆچوونم ڕێکوپێک‌ترین برگە لە بەیانەکە ئەمە بوو:

ئێمەی پاسۆک هەڵگرانی بیری نەتەوایەتی پیرۆز، ئامادەگی خۆمان دەردەبڕین کە سەربازی نەناسراوی ڕێگای یەکگرتن و یەکخستن و هاریکاری نێو هێزە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق بین لە سەنگەرەکانی پێشەوەی گیانبازیدا گیانمان بکەینە سوپەری بەرگری لە خاکە پیرۆزەکەمان.

باخوێنی شەهیدانی قەڵادزە هاندەری یەکێتی ریزەکانمان بێت.

با یەکگرین تا سەرکەوین

سەرکردایەتی کوردستانی باشور
پارتی سۆسیالیستی کورد «١»
٢٤ نیسانی ١٩٨٠

«١» دەقی بەیانەکە کەوتە بەر لافاوەکەی پشتی گوندی نۆکان لە ١٩٨١/١٠/١٢.

* ئافرەتی کورد: لە ڕۆژی پەیدابوونی ئادەمیزاد، ئافرەت لە گشت ڕووداوەکانی ژیانەوە نیوەی تەواوی کۆمەڵ بووە، لە هەموو چەرخ و قۆناغەکانیش، وەک چەوسێنراو ڕەفتاری لەگەڵدا کراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ جیاوازی سایکۆلۆژی و لەشی کە لە ئافرەتدا هەیە، هەمیشە پارسەنگی هێزو دەسەلاّت بۆ لای پیاو شکاوەتەوە. قەتیش گومان لەوەدا نەبووە کە ئافرەت ڕۆڵی گرنگی سەرەکی لە مێژووی دوورودرێژی مرۆڤایەتیدا دیوە، دەمێکە مێژوونووسان گوتوویانە (بەتەک هەر پیاوێکی گەورەی ناسراو ئافرەتێک هەیە).

لە مێژووی خەبات و تەقەلادانی بێ پسانەوەی نەتەوەی کوردیش، گەلێ نموونەی ئافرەتی ناودار و پرشنگدار لە چالاکی و نەبەردی

لەخۆبوردن و هاتنە ناو کۆڕی خەبات، لە نان دان و چاوتێری و پیشەی مەردانە و قوربانی دان هەبوو.بەڵام چ دەگوترێ لەگەڵ بێ چارەیی، بێ مافی، پارچە پارچەکراوی خاک و نەتەوە، نەبوونی دەسەڵات و حوکمی نەتەوایەتی بۆ نەتەوەیەکی گەورەی وەک کورد. هەتا تۆمارکردنی مێژوو و شوێنەوارو ئاساوەرمان، لەژێر دەسەڵات و ئارەزوویی خۆیدا نەبووە. تەنانەت بەشێکی زۆری مێژوی کۆنمان، بێگانەکان بە ئارەزوو مەبەستی خۆیان تۆماریان کردیە. ڕەشیان بە سپی کردووە و سپیش بەڕەش!. بە درێژایی ئەم سەد ساڵەی دوایی کە نەتەوەکەمان زۆرپەی کات لە شۆڕشی چەکداری و خەبتی سەختی خوێناویدا بووە. هەردەم قورسایەکی گەورە کەوتۆتە ئەستۆی ئافرەتان، لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە شەڕو ئاشتیدا بەتەک پیاو وەستاوە، مەیدانی جێ نەهێشتوە، تیپ تیپ ڕۆڵەی بەخۆشەویستی نیشتمان و نەتەوە پەروەردە کردووە و پێ گەیاندووەو بۆ ناو کۆڕی خەبات و قوربانی دان ناردویەتی. لە مێژووی کۆن و تازەماندا، لە کاروانی دووروودرێژی ناوداران و قارەمانانی میللەتی کورد، ناوی ژمارەیەک لە ئافرەت دێت وەک نمونە بۆ ئافرەتی هەڵکەوت و ناودار، بە وەفاو چاونەترس، ڕاستگۆو لەخۆبوردوو، لەمانە زین، خانزادە خاتونی سۆران، قەدەم خێر، خانمی وەسمان پاشای جاف، حەفسەخانی حەفید و سورەیا بەدرخان..هتد<١> وا لێرەدا نمونەیەک لە ئازایەتی دایکێ پێشکەش دەکەم کە برایەک و مێردەکەی و دوو کوڕی لە کۆڕی خەبات گیانیان لە سەر دانا . [illegible] لە سەر

<١> جەگە لەمانە گەلێ ژنی هەڵکەوتوو و ناوداری کوردی تر هەنە وەکو عائیشە تەیمور، د. سهیر قەلاوی کە لە وڵاتی میسر ژیاون و گەیشتبونە پایەی بەرز لەناو کۆمەڵیش ناو نیشانیان دەرکردبووە. گەلێ نووسین و بڵاوکراوەشیان هەیە. بەداخەوە بە زمانی کوردییان نە نووسیوە، ساڵێک لەمەوبەر لە چاپێکەوتنێک ئێزگەی رادیۆی لەندەن لەگەڵ د.سهیر قەلاوی کردی گوێم لێبوو د. سهیر گوتی من کوردم لە بنەماڵەیەکی کوردی شاری دیاربەکر/ین، لە یادمە ساڵی ١٩١٤ بە خاوخێزانەوە ←

تۆڵەی شەهیدەکان دەکرێتەوە و نەتەوەکەمان بە ئاوات دەگات. لە کۆتایی مانگی نیسان ئەم نامەیەم کەوتە دەست کە دایکی شەهیدە بۆ دوو کوڕی پێشمەرگەی ناردبوو ئەمەش دەقەکەیەتی:

١٩٨٠/٣/٢٤

- ک -

کوڕی خۆشەویستم

بەرخی نێر بۆ سەربڕین باشە نەک دابەستان، هیوادارم کە شەهید بوونی باوکی ئەژین/ی بێ ئاوات ڕقتان ئەستور بکات بەرامبەر بە دوژمن، هیوادارم تەمامی باخی ژیانی ئێوە کە بە خوێنی ئەو هەزارەهای وەکو ئەوان ئاودار بێ پێبگات (و ئەژین ئاورەنگ ‹١›و ئاوات) و هەزارەهای وەکو ئەوان لەبەر سێبەری‌دا بحەسێنەوە.

هیوام سەرکەوتنتانە بەسەر زۆرداران، هیوام گەیشتنتانە بەسەر ئاواتی بەرزی ژیان. انشاالله وەکو کاکتان نەگەیشت بە ئاوات، ئێوە بە پێچەوانەی ئەو دەگەنە ئاوات، وە بە هەمان ئەو ڕێگایەی ئەوان لەناوچوون دوژمنانی ئێوە لەناو بەرن لە کۆتایدا سڵاوم بۆ گشت ئەو هاوڕێیانەیە لەگەڵتانن.

دایکی دڵسۆزتان
دایکی شەهید کاکەڕەش
١٩٨٠/٣/٢٤

‹١› ئەژین، ئاورەنگ و ئاوات سێ منداڵی ساوای کوڕی شەهیدی دووەمیەتی، سێ مانگ پێشی ئەم مێژووە بەدەستی ڕاند کاکل گەردی تاوانبار شەهید کرا. سێ منداڵی ساوایی دووا خۆی جێهێشت. تەمەنی گەورەکەیان لە چوارساڵ کەمتر بوو.

←

هاتینە میسر تا مردن دایکو باوکم لەماڵەوە هەر قسەیان بە کوردی دەکرد، خوێندنم لە میسر تەواو کردیە و بووین بە میسری.

نووسەر

* بلاْوکراوەییەکی ینک/م کەوتە دەست، دەربارەی ئاسایی کردنی پەیوەندیان لەگەڵ حسیک نوسرابوو:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

مەکتەبی سیاسی ١٩٨٠/٤/٢.

لەسەرەتا دەست پێدەکات بە باسکردنی مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە رۆژی دامەزراندنەوە تاکو ئێستاکە. کە چۆن خەباتی کردووە، هەڵوێستی بەرامبەر بە چینی زەحمەتکێش و گشت هێزەکانی نیشتمانی عێراقی و نەتەوایەتیەکان چۆنە؟ و لەسەر چ بنکەییەکی زانستیەوە بنیات نراوەو دەڵێ: (ئەم هەوڵ و تەقەلایەی یەکێتیمان هەمیشە رووبەرووی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی و کۆنەپەرستانی کورد و ناوچەکە بۆتەوەو دوژمنانی گەلەکەمان هەر لە کۆنەپەرستانی کوردستانەوە تا کاربەدەستە دەسەلاْتدارەکانی عێراق و ناوچە کە تەقەلایەکی زۆریان داوە بۆ لاوازکردنی وشکاندنی و لەناوبردنی یەکیەتیمان و لادانی لە رێبازی راست و شۆرشگێرانەی و خەریک کردنی بە شەری لابەلاو ناکۆکی ناسەرەکی و لاوەکییەوە. هەر بۆیە یەکێتیمان زۆرجار تووشی پەلاماردان و هێرشی عەسکەری و سیاسی و ئیعلامی بووە، بۆیە نارەوا پەلاماردراوە، هێرشی کراوەتە سەر بەرخستانی درۆو ناراستی بە پاڵ دراوە، بەشەری لابەلا خەریک کراوە).دوای ئەمە بە درێژی باسی باری وڵات و کوردستان و کێشەی چینایەتی ئەکات تا وەکو دەگاتە سەر ئەم بەشە (یەکێتیمان هەرگیز هەوڵی ئیحتیکارکردنی مەیدانی خەباتیشی نەکردووە و هەمیشە بەرەچاوکردنی سەرەتاکانی حورمەتگرتنی سەربەخۆیی فیکری و تەنزیمیان هەوڵی داوە بە ئەندازەی نزیکی و

لەیەکچوونی هەڵوێست و ڕێباز و بۆچوونە سیاسیەکان هاوکاریبان لەگەڵ بکات و خەباتی خۆیان لەگەڵ یەک بخات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان.

بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕاستییانەی سەرەوە وەفدێکی یەکێتیمان کە پێکهاتبوو لە نوێنەرانی هەر سێ باڵەکەی ناو یەکێتی ـ بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان، هێڵی گشتی، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ـ وەفدێکی حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستانی بینی بۆ لێدوان و گفتوگۆ لەسەر باری کوردستان و عێراق). بڵاوکراوەکەی یەکێتی دێتە سەر باسکردنی ئەوە کە چۆن گفتوگۆیەکانیان و ئاڵوگۆری بیرورا لە جەوێکی دیموکراتی ئازادو برایانە بوو. هەر دوو لایان گەیشتبوونە ئەو ئاکامە کە لەمەولا بە گیانی هاوکاری و برایەتی ئیشوکار لەگەڵ یەکتری بکەن و ئەڵێ (بۆیە ئەم مەبدەئە گشتیانە بەلای یەکێتیمانەوە مەرجی سەرکەوتنی هەموو هاوکاریەکە، هیواداریـن حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان بۆ ئەو گیروگرفتەکانی لەگەڵ یەکێتماندا لابەلا بکات و کۆبوونەوەکانی داهاتوو سەرەنجامێکی سەرکەوتووانە بە خۆیەوە بگرێنت، هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرایان لەسەر قیادەی موقتەی کورد کوژی دوژمن بە گەلی کوردستان و عێراق بۆ هەموو لایەک ڕوون بکەنەوە، وە هەموو پەیوەندییکی خۆیان لەگەڵدا بپچڕێنن و وەکو بەشێک لە دوژمنانی گەل حیسابیان بۆ بکەن و ڕەفتاریان لەگەلا بکەن، ئێمە دووپاتی ئەکەینەوە کە هەڵوێستی ڕاست و دروست وەرگرن. بێگومان ئاکۆکیەکانی نێوانمان چارەسەر ئەکات و ئەمانگەیەنێتە سەر ئەنجامێکی باش و بەسوود بۆ گەلەکەمان.

وێنەیەک بۆ حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان بەرێز. بۆ ئاگاداری(١) ←

زۆربەی ناوەرۆکی بلاوکراوەکە بە هەڵسەیەکی ئیجەکتیڤی و برایانە نووسرابوو، تەنها ئەو برگە نەبێت کە پێوەندی بە پارتەوە هەبوو. دوای دوو حەفتە سەرکردایەتی حسیک ئاگاداریان کردین، کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرکردایەتی یەنک کردیە لە زەڵێ بارەگاکەی د.خدر مەعسوم. سەرجەم دانیشتنەکەیان بە سوود بووە، هەردوو لا جەختیان لەسەر ئەوە کردووە لەمەودوا بە گفتوگۆ کردن و کۆبوونەوەی دوو قۆڵی، ناکۆکی و ئەو گیروگرفتانەی ڕوودەدەن دڵسۆزانە چارەیان بکەن. سەرکردایەتی یەنک بریاریدا ئەو چوارە پارچە چەکەی لە شارباژێر لە پێشمەرگەکانی حسیک/یان ساندبوو، بوویان بگێڕنەوە.

* بەبۆنەی شەهید کردنی (ایتالله محمد باقر الصدر) لەلایەن رژێمی فاشیستی عێراق، حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان، بەیاننامەیەکی بە زوبانی عەرەبی بلاوکردەوە، نارەزایی و پروتستۆی حزبیان بەرامبەر بەم تاوانە گەورە دەردەبڕن و بە توندی مەحکومی دەکەن. بەیانەکە باسی ئەو هێرش، فشار، گشت تیرۆر و ئەشکەنجانە دەکات کە رژێمی عێراق ئاراستەی برا کوردە فەیلیەکان و شیعەکانی دەکات، داوا لە رای گشتی جیهان دەکات دەنگی بێزاری و نارەزایی خۆیان بەرامبەر کارە جانەوەرە درندیەکانی رژێم بەرز کەنەوە. بەیانەکە بەم شێوەیە نوسراوە:

---

(١) دەقی بلاوکراوەکەی یەنک رۆژی ١٢/١/١٩٨١ کەوتە بەر لرقەی شالاوەکەی پشتی گوندی نۆکان.

جريمه جديده يقترفها النظام الفاشي في بغداد

ياثوار العراق

ان السلطه الحاليه تعرف جيدا بان المواطنين الاكراد الذي طردوا من بيوتهم و اماكن عملهم في العراق كانوا دوما وقودا للحركةالثوريه العراقيه و تعرف جيدا بانهم من المعادين للسلطه الطائفيه المتسلطه على مقدرات و خيرات العراق. لذا فاننا نعاهدكم باننا سنسير معا رافعين بنادقنا لاسقاط سلطه بغداد باعتماد على الطبقات الكادحه و نطالب كافه القوى العراقيه الوطنيه و القوميه التقدميه و الديمقراطيه و الدينيه الثوريه الى تجاوز الخلافات الهامشيه لبناء جبهه الشعب الواسعه امل الجماهير للفوز بالسلطه الشعبيه الحقيقيه و ان حزبنا يعلنها بصراحه الثوار بانه سيضع كافه امكانياته و طاقاته البشريه و العسكريه المتواضعه في خدمه هذه المساله الاساسيه). دواى ديته سەر باسکردنی محمەد باقر سەدر و چزنیەتی شەهید کردنی و کۆتایی دەهینیٚ: لتسقط السلطه الشوفينيه الطائفيه في بغداد

الظفر لثوره شعبنا في العراق.

النصر للشعوب المناضله من اجل حريتها و استقلالها الوطني.

الحزب الاشتراكي الكردستاني الموحد

المكتب السياسي

١٩٨٠/٤/٢٧

دەقی بەیانەکە لاقاوەکەی پشتی گوندی نۆکان لەگەڵ خۆیا رایماڵی.

دەربارەی گشت رووداوەکانی مانگی گولانی ١٩٨٠ ئەوە دەهینیٚ لیرانە ئەم پارچە شیعرەی مامۆستا عەبدوڵلا پەشێو تۆمارکەم کە دەربارەی

شەهیدی کوردی نووسیوە!

کە وەفدێ دەچێتە شوێنێ
بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون
تاجە گوڵینەیەک دێنێ
ئەگەر سبەی وەفدێ بێتە ولاتی من
لێم بپرسێ:
کوانێ گۆڕی سەربازی ون؟
دەڵێم گەورەم:
لە کەناری هەر جۆگەیێ
لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ
لەبەر دەرگای هەر ماڵێ
هەر کەنیسەیێ
هەر ئەشکەوتێ
لەسەر زناری هەر شاخێ
لەژێر درەختی هەر باخێ
لە کوردستان
لە سەر هەر بستە زەمینێ
لە ژێر هەر گەزە ئاسمانێ
مەترسە!
کەمێ سەرت داخەو
تاجە گوڵینەکەت دانێ.

رۆژی ۱ی ئایار

* بەبۆنەی رۆژی ۱ی ئایار، جەژنی کرێکارانی هەموو جیهان، لە سەرووی دۆڵەکەی ناوزەنگ، ئاهەنگێکی رێکوپێک و خنجیلانە کرا، زیاتر لە ۳۰۰ کەس تێدا بەشداری کرد نوێنەری یەنک و حزبی بەعس سەرکردایەتی هەرێمی عێراق، سازمانی چریک ئامادە بوون. وتاری حشع لە لایەن تۆما تۆماس خوێندرابەوە، دوای ئەو وتاری یەنک حکمت حکیم ـ مەلا بەختیار بە ارتجالی پێشکەش کرد، وتارێکی نارێک و نا رەوا. پڕ لە قسەی بێ سەرو پێ، توندو تیژی دابەزیە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان، گلەیی و رەخنەی ئاراستەی ئەو حیزب و هێزانە کرد، دۆستایەتی و لایەنگری پارتی دەکات دیار بوو رەخنەکانیش دژ بە رێبازو روکاری حشع بوو. گەلێ گۆرانی و سرود و شانۆگەری جوان جوان پێشکەش کرا.

* لەسەرەتای مانگ نامەیەکی م.س/مان لە دمشقەوە پێگەیشت. داوا دەکەن ژمارەیەک لە هاورێیانی ل.م خۆ ئامادە بکەن و بگەنە دمشق بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی مەرکەزی بکەن. مەکتەبی هەرێمی کوردستان حشع کۆبۆوە، دەست نیشانی ئەو هاورێیانەی کرد کە بەشداری لە کۆبوونەوەکە دەکەن، وە ئەوەی بۆ بەرێوەبردنی ئیشوکارەکان دەمێنێتەوە، کەمێک دوواتریش لەسەر باری کوردستان و عێراق و

ئیشوکارەکان کرا. بە نامەیەک ڕاو پێشنیارەکانی مەکتەبەکەمان بۆ م.س نارد. بریتی بوون لەم خالانەی خوارەوە:

١- ژمارەیەک لە ئەندامانی م.س بگەڕێنەوە ناوەوەی وڵات

٢- ئێزگەی تایبەتی بۆ بلاوکردنەوەی دەنگوباسی حشع پەیدا بکرێت.

٣- کۆمیتەیەکی تایبەتی بە ناوی کۆمیتەی کاروباری کوردستان پێکبهێندرێ، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە هەموو حیزب و هێزو گروپ و پێشمەرگەکانی کوردستان پتەوتر کات. فرەتریش تەقەلا بدات بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و گیروگرفتەکانی نێوانیاندا.

٤- بایەخی باش بە پەیداکردنی چەک و پارە و کەلوپەلی پێویست بدرێت نەک هەر تەنها بۆ حشع بەڵکە بۆ ئەوەی بتوانندرێ دەستی یارمەتی بۆ هێزەکانی‌تری کوردستان درێژ بکرێت.

٥- ژمارەیەک لە لێزان و ڕۆژنامەنووسی حیزبی بگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی بایەخی باش بە دامودەزگای ڕاگەیاندن بدرێت و گەشە بکات.

٦- سەرکردایەتی حیزب زیاتر بایەخ بە مەسەلەی دامەزراندنی بەرەی دیموکراتی و نیشتمانی عێراقی بدات، هەروەها زیاتر خۆماندوو بکرێت بۆ چارەکردنی ناکۆکی نێوان سێ حزبە کوردیەکە (یەنک، حدک، حسیک) ئەمانە هێزی سەرەکینە لە گۆڕەپانەکە بڕیاریش وەرگیرا نوسەری ئەم کتێبە بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی ناوەوە بێنێتەوەو سەرپەرشتی گشت کارەکان بکات.

* * *

شەڕی سنەو سەقز

لە ئیستگەی رادیۆی تاران و ئیستگەی گەلێ وڵاتانی دونیا بڵاوکرایەوە، لە ڕۆژی ١٩٨٠/٤/١٧تا١٩٨٠/٥/٢ شەڕو تێکهەڵچوونێکی قورس بەردەوام بووە لە نێوان هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانی ئێران لە شاری سنە بە ڕەهبەرایەتی هێزی پێشمەرگەی حدکا. ئەرتەش و پاسدارانی ئیسلامی بێ ئەوەی بەزەییەک یا هەستێکی مرۆڤایەتیان لە جەستەدابێ، ڕۆژانە بە جۆرەها چەک کەوتبوونە گیانی دانیشتوانی بێ‌تاوانی شارەکە بە تۆپ، هەلیکۆپتەر، شستتیر شارەکەیان ئاگر باران دەکرد. ژمارەیەکی گەلێ زۆر لە ژن، منداڵ، پیرو پەککەوتەی شارەکە شەهید و بریندار کران.

لە رادیۆکان بڵاوکرایەوە کە ٧٢ پاسدارو سەربازی ئێران کوژراون و ٢٨٢ بریندار. ژمارەی ٥٦ کەسیشیان لێ ون بووە، کوژراو برینداری دانیشتوانی شارەکەیان بڵاو نەکردەوە. بەراستی خۆڕاگرتنی دانیشتوانی شارەکەو دەوروبەری و هێزی پێشمەرگە، چەند لاپەڕەی تریان لە ئازایەتی و گورج و گۆڵی و داکۆکی کردن لە خاک و نەوە خستە سەر ڕووپەڕە پڕ شانازیەکانی مێژووی خوێناویمان. بەهۆی ئەوەی پارسەنگی چەک و توانا بۆ بەرژەوەندی هێزەکای کۆماری ئیسلامی شکایەوە، دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتەوە. وەکو داگیرکەری خوێنمژ کەوتنەوە گیان جەماوەرەکە، ئەوەی پێبگوترێ خراپەکاری و تاوان رەفتاریان بوو، شایانی نووسین و

تۆمـار کردنـه کـه ژمـارەیـەک لـه پێشـمـەرگەی حشـع شـان بـەشـانـی بـرا پێشمەرگە ئازاو نەترسەکانی حدکا بەشداری شەڕەکەیان کرد. لـه ئەنجامدا دوویان لێ شەهید کرا، یەکێکیان ڕۆڵەیەکی بەجەرگی شاری حەلەبجەی خوێناوی مامۆستای قوتابخانەی منداڵان شەهید جەبار کۆکۆیی بوو، سێیان لێ بریندار بوو، هەردوای ئەم کارەساتە بە چەند ڕۆژێک شەڕێکی قورس‌تر لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئێران و هێزێکی زۆری ئەرتەش و پاسدار لە دەورووبەری شاری سەقز ڕوویدا، زیانی یەکجار زۆر بە ئـەسـتـوی هێزەکـانـی ڕژێمی تـاران کـەوت. فـرە شـوێنی سـەربـەرزی و شانازی و ستایشە، هێزەکانی نیشتمانی و نەتەوایەتی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەرچۆنێک بێت جیاوازی بیروڕاو بۆچوون و ڕوکاریان بەرامبەر بە دوژمنانی مرۆڤ و نەتەوە دیموکراتیەت لە کاتی پێویست لەناو یـەک سەنگەر دەخەبتن و داکۆکی لە ماف و شەرەفی ئەوەیان دەکەن.

***

* لـه نـاوەڕاستی مـانگی ئـایار سەرکردایەتی یەنک ئاگاداریان کردین کـه بە یـارمـەتیدانـی کاربەدەستانی کۆماری ئیـسلامی وەجبەیـەک ٢٧ پارچە چەک، کلاشینکۆف، گرینۆف، دۆشکا، تفەنگی قەناسە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر فیشەکی جۆراوجۆریان بۆ گەیشتە گوندی کانی زەرد ‹١›و تورژەڵە ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە لەم چەکانەی بۆیان هاتووە بەشی ئێمەش دەدەن. سێ حەفتە بەسەر ئەم ئاگادار کردنەی برادەرانی یەنک تێپەڕ بوو، لە لایەن م.س یان ئاگادار کراین کە بڕیاریان وەرگرت بە چەند پارچە چەکێک یارمەتیمان بدەن. و ئەم نامەشیان گەیشتە دەست:

بۆ برای بەڕێزم کاک فاتح ڕەسوڵ
سڵاوێکی گەرم...
هەردەم هیوام خۆش و شادیتانە
کاکە گیان تکایە هاوڕێیەکتان بنێرن بۆ ئەوەی نامەی بدەینێ بۆ ئەوەی بەیانی چەکەکانتان وەربگرێت.
ئیتر هەر بژیت
برات: سەید مەجید
ئەندامی مەکتەبی عەسکەری یەنک
١٩٨٠/٦/١.
بۆ ڕۆژی دووەم چەند هاوڕێیەک بۆ گوندی کانی زەرد<١> ڕۆیشتن ئەم چەکانەیان لەگەڵ خۆیان هێنا، کە وەک یارمەتیدان و دیاری م.س یەنک پێشکەشی کردین:
١٥ کلاشینکۆف، ١ گرینۆف، ١ دیکتاریۆف، ١ ئاربی‌جی، ١ تفەنگی قەناسە، ١ تۆپی ٦٠ گری، ۲٬۰۰۰ فیشەکی کلاشینکۆف، ١٬۰۰۰ فیشەکی گرینۆف، ١٥ گولە تۆپ. لە چەند شوێنێ برادەرانی یەنک قسەیان قڕێدا بوو کە هەموو چەکەکانیان بگاتە دەست ۸۰ پارچە بە حشع دەدەن، ئەوەی ئەمن ئاگادارم چیتر بە ئێمە نەگەیشت.
* چەند ڕۆژ لەمەوبەر هاوڕێی سکرتێری هەرێمی حشع (ع) و ئەندامێکی ل.م بەرەو سوریا بۆ کۆبوونەوەی ل.م کەوتنە ڕێگا. بەدەستی ئەوان ئەم نامەیەم بۆ کاک عەلی عەبوڵڵای سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نارد. دوو هاوڕێیەکە لە ڕێگای خۆیانەوە سەردانی ڕاژان دەکەن. دەقی نامەکە:

<١> کانی زەرد گوندێکی کوردەکانی لە دیوی کوردستانی ئێران کەوتۆتە پشتی شاخی مامەندە، ٣ سەعات بە پا ڕۆیشتن لە گوندی شێنێ کوردستانی عێراق دوورە سەعاتێک و نیو لە ئاوزەنگ.

برای گەورەو بەریزم کاک عەلی

زۆر بەگەرمی هەواڵت دەپرسم. داوای خۆشی و سیحەت باشی و بەختیاریتان بۆ دەکەم. هەواڵی ماڵومنداڵەکان و خوشکە کافیە دەپرسم. سڵاو ریزی زۆرم بۆ هەموو برادەرانی م.س و ل.م و ئەو ناسیارانەی لە نزیکتانن.

ئێمە سەرجەم باشین، سیحەتم کەمێک لە پێشو باشترە، هەرچەندە لە ناو ئیشوکارەکانی رۆژانە سەرمان یەکجار قاڵ بووە. بەراستی هەتا ماوەی سانەوەو پشودانی کەمیشمان نیە، بە هەموو توانامانەوە لە تەقەلادایین بۆ زەمینە خۆشکردن، بۆ چارەکردنی هەموو ناکۆکی و گیروگرفتەکانی لە نێوان حیزبەکوردستانیەکاندا هەیە، بە توندی دژی شەری برا کوژی و دوو بەرەکینە. دەمانەوێ بە رێگای وتووێژکردنی ئاشتیانە هەموو مشاکیلەکان حەل بکرێن. بەڵام ئەنجامی تەقەلادانەکان لەسەر لایەک نەوەستاوە، دەبێ خۆشیان بەکردەوە لە هەڵسوکەوتیان لە راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیات هەڵوێستی ئەبجەکتیڤی نیشان بدەن.

زۆر هەنگاو و رووداو هەیە لەسەرەتاو دیارە، بچوکن گرنگ نینە بەڵام بایەخ پێدان و چارەکردنیان گەلێ پر مانا و نیات باشیە. هەموو لایەکمان لە یەکتری نزیک دەکاتەوە.

هیوادارم وزەو توانای هەمووشمان هەر بۆ هاو کاری کردن و هاریکاری و یەکبوون و سەرکەوتن تەرخان بکرێت.

دووبارە سڵاو ریزی زۆرم بۆ برایانی بەریز هەیە.

هەر خۆشی و سەرکەوتنتان

برای بچوکت: باوکی ئاسۆس

لە ناوەڕاستی ئایار چەند نامەو بلاوکراوەی پارتیمان لە ڕاژانەوە پێگەیشت کاک علی عبدوڵلا وەڵامی بۆ نوسیبووەوە، ئەمەش دەقی وەڵامەکەیە:

بۆ برای بەڕێز و خۆشەویستم کاکە فاتح

دوای سڵاو و ئیحتیرام، هیواداریم هەردەم سیحەت باش و دڵنیاو سەرکەوتوو بی لە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەماندا. شوکر ئێمەش باشین وردە وردە باشتریش ئەبین.

نامەی برایەتیتان گەیشت، سوپاسی هەستی بەرزتان دەکەم. زۆر یادتان دەکەم، ئومێد دەکەین بەم زوانە چاومان پێک بکەوێت. هەردەم لە هاوڕێیان ئەحواڵتانم پرسیە تازا دەیەک (کوێایەتی و خوێایەتیم کردووە!) هەر ئەشی کەم!! ئێمەو کاک عومەر و کاک ئەحمەد و ملازم ئەحمەد لامان بوون، خۆشمان بەسەر برد و ئەوەی پێویستە بۆ گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانەوە، بە دوورودرێژ باسمان کردووە. هیواداریم بەهەر دوو لامان و تێکۆشانی بێ وچانمان بگەینە تحقیق کردنی اهدافەکانی گەلەکەمان. ئێمە و ئێوە دوو هێزی موثرین لە عێراق بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی. لەبەر ئیشکی ئەم حقیقەتە ئەبێ هەنگاو بهاوێن بۆ ئەوەی لولەی تفەنگی هەموو هێزەکانی معارضی ڕژێمی فاشیستی عێراق ئاراستەی لەناوبردنی ئەم ڕژێمە خوێنڕێژە بکرێت، ئەبێ بە ئارەزوو ئاواتی جماوەری میللەتەکەمان، کە مەبەستە لە بەرژەوەندی گشتی بەرەو پێشەوە بڕوین.

بیستومە سیحەتت تەواو نیە و پارێزیت هەیە، هیوادارم بەرەو باش بێت وا دیارە پیرەکان مقاومەیان زیاترە لە جاحیلەکان ماڵ و منداڵ و کافیە و رەجبەر باشن، بەلام ماوەیەکە نوسراویان نیە شوکر سەلامەتن

ئومێدەکەم ماڵ و منداڵتان زۆر باشبن و چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم.
سلاوو ئحیترامم هەیە بۆ هەموو هاورێیان بەتایبەتی کاکە ابو حکمت
ئیتر خۆشیتان

براتان: علی عبداللە
١٩٨٠/٥/١١

* * *

چەندە لە دوژمنانمان هۆشیاربین کەمە

هەر دوای ئەوەی حیزبی بەعس دەسەلاتی عێراقی کەوتەوە ژێر دەست. بایەخی سەرەکیان دا بە دامودەزگای کپ کردن و قڕچو بڕو تیرۆر (ئەمن و مخابرات) پارەی یەکجار زۆر و کادریان بۆ تەرخان کرد، پسپۆڕو لیزان و شارەزایان لە ولاتانی رۆژئاواو رۆژهەلات هانی، ژمارەیەکی باش لە بڕوا پێکراوەکانی خۆیان بۆ ولاتانی دەرەوە نارد. تا وەکو پلەی زانیاریان لە کارکردنی جاسوسی و راونان بەرزبێتەوە، سود لە ئەزمونی دوورودرێژی سازمانە ناو رەشە ناودا رزاوەکانی وەکو KGB ی سۆڤیەتی، ساڤاکی سەردەمی شای پێشووی ئێران، ئیسکۆتلاند یاردی ئینگلیزی و CIA ئەمریکی وەربگرن دژی هەموو حیزب و هێزو نەتەوەیەک یا کەسانی دوژمن بە رژێمەکەیان بچوکترین نارەزایی، بێزاری یا بزوەیان لێ هەست کرا ئەم سازمانە بەکار بهێنن.

بۆیە بەبێ دڵ لە دڵدان دەتوانین بڵێین کە لە ماوەی ئەو ۲۳ ساڵەی حزبی بەعس حوکمرانی عێراق دەکات. دەسەلات و کردەوەو پایەی سازمانەکانی ئەمنیەتی عێراقی گەیشتۆتە پایەی ئەوانەی ناویان هاتووە بگرە لە رووی قڕچو بڕی گەلێ پێشیان کەوتووە. گیویان نەداوەتە شتێک پێی بڵێن مافی مرۆڤ، زاکون و ناداب یا کەمێک شەرەفی کۆمەلایەتی یا دینی تێدا رەچاو بکەن. جگە لە کوشت و بڕو تاواندنەوەی ئادەمیزاد و

بەکار هاتنی چەکی کیمیاوی و ویران کردنی شارو لادێ و دەربەدەرکردنی دانیشتوان. دەیەها نۆکەر و کاسە لیس و گراوەی خۆیان ناردووتە نێوان ئەو هێزانەی لەگەڵیاندا تینە، کەسانی لاوازو ڕاڕاو پەشیمان بویان بە پارەو پول و کار پێ سپاردن هەڵخەڵەتاندووە بۆ ئەوەی دەنگوباس، هەڵسوکەوت، یا هەر بزوە یا چرپەیەک دژیان دەکرێت زوو پێیان بگات! تاوانەکانی ڕژێم بە درێژایی ئەو ماوەی حوکمی عێراق دەکەن باشترین شاهێدو بەڵگەن، دەردەکەوێ کە ڕژێمی بەعسی فاشی عێراق هەر وەک کۆنە بەعسیەک حسەن علەوی ناوی ناوە (العراق دولە المنظمە السریە) بە هەموو مانای وشە دەق وایە.

پاش ئەوەی ڕژێمی بەعس نەیتوانی ئەو پەیوەندیە لاوازەی گەر حشع ڕاگرێت کە لە هەموو ڕونێکەوە بۆ بەرژەوەندی ئەوان دەگونجا لە ناوەڕاستی ۱۹۷۸ کەوتە هێرش بردنە سەرو ڕاونانی حشع. دەیەها نمونە لەبەر دەست دانە کە ڕژێم چەندان نۆکەرو بە کرێگیراوی ناردووتە ناو ریزی حیزبەکان و هێزی پێشمەرگە. محاولاتی زۆریش بووە بۆ کڕینی کەسانی لاوازو ڕووخاو لە ریزی ڕێکخراوەکانی حشع. وا لێرەدا سێ نمونە بە خوێندەواری ئازیزو خەباتکەرانی تێکۆشەر پێشکەش دەکەم کە لە دەیەها نمونەی خیانەت و جاسوسی لە شاخ پێمان دەگەیشت هەڵمبژاردووە:

۱- لەسەرەتای ئەم ساڵە (۱۹۸۰) هاوڕێیەکی دڵسۆز لە ڕێکخراوی نهێنی حشع ناو شاری بەغدا کاری دەکرد، گومان لە لێپرسراوی حیزبی خۆی پەیدا دەکات کە بۆتە جاسووسی ڕژێمی عێراق دوای تەقەلاو ماندوو بوونی زۆر گومانەکەی دەگەیەنێ بە هاوڕێیەک کە بە تەواوی شوێنی بڕوای خۆی بیوو، لێپرسراوی یەکەمی ڕێکخراوی بەغدا ئاگادار دەکرێت کە نزیکترین هاوڕێی گومان لەسەرە و بۆتە جاسوسی بەعس. لێپرسراوەکەی بەغدا داوای لێدەکات بچێت بۆ ناوزەنگ کاری یەکجار

گرنگ هەیە زۆر ناخایەنێ دەگەڕێتەوە!!

بە ڕێگای پەیوەندی ئیشوکاری نهێنی گەیشتە لامان لە ناوزەنگ. بە ناوی ابو محمد خۆی پێشکەش کرد. گەلێ بە فشوفۆڵ و لوت بەرزی رەفتاری لەگەڵ هاوڕێیان دەکرد. لاقی ئەوەی لێدەدا کە کادری نهێنی ناو شارەکانە لە خەبتی سەختی پڕ مەترسی دژی رژێم دایە. زۆر نەخایاند هاوڕێیان لە چەند لاوە کەوتنە سکالاکردن کە ئەو ابو محمدە پرسیاری سەیر سەیر دەکات، دەیەوێ شارەزایی هەموو شتێک بێت وەکو ڕێگای قەلادزە لە کێیە؟ حیزب چۆن چەک پەیدا دەکات؟ کادر و ئیشکەرەکان ناویان چیە هی چ شارو ناوچەیەکن؟ هەتا ڕۆژێک هاوڕێیەکی تەمەن ۱۷ ساڵ کوڕە جوتیارێک گوتی (ئەم ابو محمدە هەر لە جاسوس دەکات هەر دەرفەتی بۆ ڕێککەوێت دەکەوتە پرسیار و معلومات کۆکردنەوە) چەندە مانەوەی لە ناوزەنگ درێژەی دەخایاند زیاتر ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرا داوای دەکرد بگەڕێتەوە بەغدا، ماوەی پێ نەدرا. بەلام سەرفیرازانە لە هەموو ناوچەکەدا دەگەڕا. ژیانی لە هەموو ڕوێک وەک ژیانی گشت هاوڕێیانی بنکە بوو. ڕۆژێک لقی تۆپ (سریە المدفعیە) ئاگاداریان کردین کە ابو محمد بۆ فرائین خواردن نەگەڕاوەتەوە دیار نیە. دوای چەند سەعاتێک مەکتەبی عسکەری بنک ئاگاداریان کردین کە پێشمەرگە پاسەوانەکانی سەری شاخی مامەندە پیاوێکی پانتۆڕو چاکەت لەبەرو عەینەک لە چاوی عارەبیان دەستگیر کردووە. نیازی ئەوەی هەبوو ڕاکاتە ڕەبیەکانی سوپاو جاشی عێراق لە بناری شاخی مامەندە لە دیوی قەلادزە. بەبێ وەستان چەند پێشمەرگەی چالاکی شارەزامان نارد و هێنایانەوەو یەکسەر زیندانی کرا.

چەند هاوڕێیەک لەگەڵیا کەوتنە لێتۆژینەوە، دانی بە هەموو شتێک نا کە ناوی مەنصور علوان احمد/ە ۲۵ ساڵ زیاترە لە ریزی حشع

حزبایەتی دەکات. خانەنشینی سەربازیە، پێش پەلاماردانی بەعس بۆسەر حزب پلەی حزبایەتی ئەندامی لیژنەی محلی شاری صدام (مدینە الثورە) بوو لە دوای هێرشی درندانەی رژێمی دیکتاتۆر بوو بە ئیشکەرەکی سەرەکی لە رێکخراوی نهێنی ناوشاری بەغدا. یەکسەر پەیوەندی بە پالێوراوی کۆمیتەی مەرکەزی، لێپرسراوی رێکخراوەی نهێنی لە بەغدا (عائدە یاسین)بوو لە مانگی کانوونی یەکەمی ۱۹۸۷ لە لایەن مدیری ئەمنی (کرادە) بانگ دەکرێت. هەر لە یەکەم بانگ کردنی پارەیان لێوەردەگرێت و دەبێتە وابەستەیان. سازمانی ئەمن (ابو زیدون) ناوێکی بۆ دائەنێ مانگانە لەگەڵیا کۆبێتەوە یا بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە بکات، بەم شێوەیە زیاتر لە ١٤ مانگ بە گورجوگۆڵی و نەترسی بە وێرانە هەموو ئیشوکارەکانی حزبی دەبرد بەرێوە، بەلاَم لە ژێر چاوەدێری ئەمن! لەو ماوە زیاتر لە ۲۰ بیست هەزار دیناری لێ وەرگرتبوون. هەرچی ئەمن داوای لێ بکردایە وەلاَمی راست و رەوانی ئەدانەوە، دەیگوت ئێستاش پەشێمانم لەم خیانەتەی کردومە (ماوەم پێ بدەن تۆڵە بکەمەوەو رووی خۆم و ماڵ و منداڵم سپی کەمەوە) ماوەی پێ نەدرا کۆتایی پێ هێندرا.

لە ئەنجامی خیانەتی ئەم خۆفرۆشە تاوانبارە عائدە یاسین و ژمارەیەک لە ئەندام و کادر لە لایەن رژێمی فاشی بەغدا بێ سەرو شوێن ون کران.

٢- دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەی ل.م لە کۆتایی پایزی ۱۹۸۰ کە هاورێیان بە رێگای سنوور گەڕانەوە، ئەفسەرێکی نەقیب روکن دەرکراو لە سوپای عیراق ناوی (کامل محسن الخفاجي) لەگەڵ خۆیان هانی، ئاگاداریان کردین ئەم ئەفسەرە دەبێتە ئەندام لە مەکتەبی عەسکەری رێکخراوی پارتیزانی حشع، هەر دوای چەند رۆژێک وەکو مرۆڤێکی گرژو مات، رووگێژ کەوتە بەرچاوی هەموو پێشمەرگەو کادر. کارو پیشەی ئەوە بوو دوورە پەرێز بوەستێت، تەماشای رێگاو شاخ و لوتکە بەرزەکانی

ناوچەکە بکات. ئەوپەڕی ڕێزی لێدەگیرا، هەتا شوێنی نوستنی و ژیانی لەو بنکەیە داندرا، ئەندامانی مەکتەبی هەرێم لێی دەژیان، حسێبی ئەوەی بۆ دەکرا وەک پسپۆڕێکی عەسکەری بۆشایەکی باش پڕ دەکاتەوە!!

دیسان جارێکی‌تر برادەرانی مەکتەبی عەسکەری یەک ئاگاداریان کردین لەسەر ئاوەکەی گوندی (تالیبەڕەش) کە چوار سەعات لە نێوزەنگ دوورە، پیاوێکی عەرەبی بالآ بەرزیان دیوە، گومانی لێدەکەن دەیەوێ ڕاکاتە ناو ڕەبیەکانی دوژمن لە ناوچەی پشدەر. دەستگیریان کردووە؟ داوامان لێکردن بەری نەدەن لەگەڵ خۆیان بیهێنەوە.

گەیشتنەوە لامان، شەلەژاوی زۆر پێوە دیار بوو دەمو چاو هەڵقرچاو، هەناسە بڕکێی و ڕەنگ زەرد هەڵگەڕا بوو، وەک بڵێی باش لە فیت و تاوانی خۆیی گەیشتبوو کورد گوتەنی (دار هەڵگرە سەگی دز دیارە) یەکسەر فڕێدرایە ژوورێکی تایبەت و ژێر سانسۆری توند. بڕیار وەرگیرا کومیتەیەکی لێتوژینەوە لە نوسەرو شەهید عەلی کلاشینکۆف و باوکی سەربەستی یەزیدی پێک بێت، لەم هەڵاتوە بتوژێنەوە و بگاتە پنجو بنەوانی کارە ناڕەوایەکە و هۆی چی بوو؟ لە یەکەم دانیشتن لە گەڵیدا جلوبەرگی پشکندرا، دیمان زیاتر لە دوو هەزار دۆلار و ۱۵۰ دینار و دەمانچەیەکی بچوکی لە ڕانی خۆی شەتەک داوە، لێی وەرگیرا. کەوتینە پرسیارکردن، باوکی سەربەست مەحزەری دانیشتنەکەی دەنووسی، پێش هەموو شتێک داوای لێکرا سەرگوزشتەی ژیانمان بۆ باس بکات!

زیاتر لە چوار سەعات قسەی کرد کە تەمەنی ۵۰ ساڵە، لە دانیشتوانی گەڕەکی گرادە شەرقی بەغدایە ناوی کامل محسن خفاجیە لە سوپای عێراق ئەفسەر بووە، پلەی گەیشتبووە نەقیب روکن‹۱› دوای

‹۱› نقیب رکن ئەو دەرەجەیە کە ئەفسەر سێ ئەستێرە دەکاتە سەرشانی. رکن پارچە قوماشێکی سوورە لە تەک ئەستێرەکان مانای ئەوەیە بۆتە پسپۆر لە کاروباری جەنگی.

شۆڕشی ١٤تەموزی ١٩٥٨ بوو بە ئەندام لە ریزی حشع. لە کودەتای هەشتی شوباتی١٩٦٣ گیرا و ساڵێک لە زیندان مایەوە، کە لە بەندیخانە دەرچوو فرنی نانەوایی لە کرادە کردەوە. لەسەردەمی سەرۆک کۆمار عەبدورەحمان عارف گەڕایەوە خوێندن لە دانیشگای ئاداب بەشی زوبانی ئینگلیزی، کە دانیشگای تەواو کرد، بە موچەخۆری وەرگێڕ (مترجم) لە وەزارەتی بەرگری عێراق کاری پێدرا. لەسەرەتای حەفتاکان بۆ دەرەوەی عێراق رۆیشت بوو بەگەڕۆک لەم ولاَتانەدا مەملەکەی عەرەبی سعودی، میسر، لیبیا، مراکش، اسپانیا، هولەندە، یۆنان. وەکو رووداوی دراماتیکی کارەکانی دەگێڕایەوە. ئەم هەموو گەرو سوورەی بۆ ژیان کردیە! لەکاتی باسکردنی بەسەرهاتەکانی دەنوزایەوە، هەندێ جار بە درۆ ئاو بەچاوی دەهاتە خوارەوە، وا خۆی دەردەخست دڵسۆزەو هەموو ژیانی هەر دەردەسەری و لەخۆ بووردوویی بووە! گوتی: لە سەرەتای ئەم ساڵە ١٩٨٠ لە یۆنان گێر بیست بووم حشع لە بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی گەر حزبی بەعس دەرهاتووە، دەستی داوەتە چەک دژ بە رژێمی بەغدا، یەکسەر بە فرۆکە لە ئەسینا بۆ عەدەن پایتەختی کۆماری یەمەنی دیموکراتی<١> چووم. لە عەدەن رێکخراوی حشع/م دۆزیەوە، داوام لێکردن بگەیێنن بە سەرکردایەتی حزب ناردمیان بۆ دمشق لەوێ ماوەیەک لەگەڵ هاورێیانی سەرکردایەتی حشع ژیام لە دوایدا بە رێگای سنووری نێوان سوریە ـ تورکیە ـ عێراق گەیشتمە لای ئێوە. دیم ژیان سەختە بڕیارم دا بگەڕێمەوە سوریا....

بە هەموو قەناعەتی تەواوی ئێمەی لێتوژەر ئەم کامل محسنە مشتی باشی لە کاروباری جاسوسی پێکرابوو، رژێمی فاشی بەغدا ئەرکێکی تایبەتی گرنگی پێ سپارد بوو، بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە گێڕدرابۆوە، تا بزانێ رێگای تەهێنی هاتووچۆ کردن لەسەر سنووری سوریا ـ تورکیا بۆ

ناو خاکی عێراق و ژیانی پێشمەرگەکانی حشع و ئەم چەکانەی بەدەستیانەوەیە چیە و چۆنە.

سەرکەوتووانە گشت ئەو ئەرکانەی پێسپێردرا بوو جێبەجێی کردبوو. بۆیەش وا پەلەی پێکەوتووە و پەستوپەتی بگاتەوە لای مامۆستاکانی لە دامودەزگاکانی ئەمن و مخابراتی عێراق. مەحزەری دانیشتنەکان لەگەڵ راپۆرت و پێشنیاری خۆمان خستە بەردەمی مەکتەبی هەرێم و داواشمان کرد بۆ م.س بەرز بکرێتەوە. رەخنەو نارەزایی توندمان نیشاندا بەرامبەر بەم ساویلەییەو دڵ سافیەی هاورێیان هەر لە عەدەنەوە(١) تا دمشق تێی کەوتبوون. ئەم جاسوسە توانیبووی هەڵیان بخەڵەتێنێ و لە خشتەیان ببات وا خۆی دەردەخات لەبەرهەڵستکاری رژێمەو شۆرشگێرەو دڵسۆزە بۆ حشع .لە زستانی ١٩٨١ بە هۆی نەخۆشیمەوە، بنکەم جێ هێشت بۆ دەرەوەی وڵات رۆیشتم، دوای ٦مانگ گەرامەوە ناوزەنگ دراماتیکی ترم دەربارەی ئەم تاوانبارە کامل محسن بیستەوە. هەر بە پاڕانەوەو گریە و زمان لووسی جارێکی تریش هاورێیانی سەرکردایەتی حیزب هەڵدەخەڵەتێنێ و تووشی هەڵەی گەورەیان دەکاتەوە!! بریار وەردەگرن ماوە بدرێت بە رێگای سنوور بگەرێتەوە دەرەوەی عێراق. م.هەرێم بە نامەی تایبەت دەینێرنە راژان داوا لە م.س پارتی دەکات لەگەڵ مفرەزەیەکی خۆیان ئەم ابو حسینە رەوانەی مەڵبەندی بادینانی بکەن تاکو لە وێشەوە یاردیدەی بدرێ بچێتە دەرەوەی وڵات.

م.س پارتی ئەیدەنە دەست چوار پێشمەرگەی دڵسۆز کە ئەم میوانە بە فرە رێزگرتن و یارمەتیدان بگەیێنە ئەو شوێنەی دەیەوێ. وەکو پێشەی

---

(١) کۆماری یەمەنی باکور و کۆماری یەمەنی دیموکراتی باشور لە ساڵی ١٩٧٩ بوونەوە بەیەک کۆمار. شاری صفاء پایتەختە.

باوک و باپیرانمان وەکو ئەخلاق و داب و نەرەتی کوردی، میوان و بێگانە لە نێوانماندا ئازیزە بە درێژایی هەموو رێگاکە تەوپەڕی رێزی دەگرن و بارمەتی ئەدەن. لەکاتێک پێشمەرگەکان دەگەنە سەر کانی ئاوێک دەکەونە نوێژ کردن و نان خواردن و پشودان، ئەم تاوانبارە کامل محسن دەرفەت بۆ خۆی رێکدەخات هەر چوار پێشمەرگە گوللە باران دەکات، دوویان شەهید دەکات و دوویشیان بریندار سەخت، رادەکات خۆی دەگەیێنێتەوە نزیکترین رەبیەکانی دوژمن!!

٣- هەتیوێک کوڕە جووتیەرێکی هەژاری دەوروبەری هەولێر، لە کۆتایی شێستەکان، ئەو کات قوتابی دەبێ لە قوتابخانەی ناوەندی، دەبێتە لایەنگر لە دوراییدا ئەندام لە ریزی حشع بە هۆی ئەوەی کوڕە هەژارو دەست کورت و لاو بووە، رێکخراوی حیزبی ناوچەکە یارمەتی پێ دەدات، لەسەرەتای حەفتاکان بۆ ماوەی ساڵێک نێردرایە (معهدی علومی اجتماعی) لە مۆسکۆ تا دەرسی مارکسی ـ لینینی بخوێنێ پلەی زانیاری و فیکری بەرز بێتەوە. کە لە مۆسکۆ گەڕایەوە رێکخراوی حیزب لە هەولێر گەلێ یارمەتیدا لە ژن هێنانی. پلەی کاری حیزبیشی گەیشتە ئەندامی پاڵێوراوی لیژنەی پارێزگای هەولێر.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ گومانی لێکرا کە پەیوەندی لەگەڵ دامودەزگای ئەمن پەیدا کردووە، دوای تۆژینەوەو پشکنینی زۆر لیژنەی پارێزگا، بریاری دەرکردنی لە ریزی حیزب وەرگرت، هەموو کۆمیتە سەرەکییەکانی سەرکردایەتی حیزب لەسەر دەرکردنەکەی موافق بوون.

کە پەلاماردانی رژێمی بەعس و ئاگری شالاوەکانی زیاتر پەرەی ساند و شێوازی سەخت و درێتری وەرگرت، دژی هەموو هێزەکانی کوردستانی و عێراقی لە ناوەراستی ساڵی ١٩٧٩ دیترا ئەم تاوانبارە (مەمو ئیسماعیل) گەیشتە تاوزەنگ گۆزیە رای کردووە، دەیەوێ ببێتە

پێشمەرگە. لە بنکە لای حشع وەرنەگیرا. دارای لێکرا بڕوات بەرەو شارەکانی کوردستانی ئێران ڕۆیشت، زۆری نەخایاند زاندرا بۆتە پێشمەرگە لە ریزی چەکدارەکانی حسیک، ناردوویانە بۆ دەوروبەری هەولێر وەک کادیرێک لەناو جاش و جووتیارەکان کاریان بۆ ئەنجام بدات. لەملاو ئەولاش وا خۆی دەردەخست هەر کار بۆ رێکخراوەکانی حشع دەکات نەفام و ساویلکەی واش لە ریزی رێکخراوەکانی حشع هەبوون نیمچە بڕوای پێ هاتبووە، تاگەیشتەوە ئەو سنوورە پەیوەندی لەگەڵ یەک دوو کادری کاربەدەست پەیدا کاتەوە. مامۆستاکانی ئەم تاوانبارە لە دامودەزگای ئەمن و مخابراتی عێراق، پیلان و ڕێگاو تاکتیکی وایان بۆ نەخشە دەکرد کە بە پشووی درێژ هەنگاو بە هەنگاو ئەرکەکان جێبەجێ بکات. ئەوەی پیان ڕادەسپارد، زیاتری بۆ دەکردن، هەتا پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی نهێنی حشع و بنک/ی ناو شاری هەولێر پەیدا کردبۆوە کاتێک بیندرا لە ساڵی ١٩٨٤ زیاتر لە ٢٤ پێشمەرگەو کادری حشعی بە ئیعدام کردن و کوشتندا... گەلێ زیانی گەیاند بە هەموو هێزەکانی کوردستان بەشی حشع لە هەموویان زیاتر بوو.

پێویستە ئەم ڕاستیە بگوترێ ئەم هەموو ڕووداوە جەرگبڕانەی دوژمن لە بلیمەت و بیرکردنەوەی قوڵیان نەهاتووە؟ کورت بینی و بێ لێکدانەوەی قوڵ، دڵسافی ، گێلیەتی هێندی کادر، ئاژاوەو شەڕی ناوەخۆو کێشەی لابەلای نێوان هێزەکانی سیاسی ڕۆڵی زۆریان هەیە لە ڕوودانی ئەم جۆرە کارەساتانە. پێشینان گوتوویان: هەر ئاقڵە لە خەسارەتێک. بەڵام وا دیارە تا ئەم ڕۆژانەش هێزەکانی کوردستانی و حشع دەیەها خەسارەتی گەورەو کوشندەیان بە ئەستۆ کەوتیە کەچی نە سودی لێوەرگیراوە و نە لە یاد ماونەتەوە.

هەندێ ڕووداو چەند نامەیەک

ڕۆژی ١٩٨٠/٥/١٣ هەلیکۆپتەرەکانی ڕژێمی بەغدا هێرشێکی سەخت دەبەنە سەر گوندی چورک لە ناوچەی شارباژێر، ٦ جوتیاری بێتاوان دەکوژن لەگەڵ ژمارەیەک ئاژەڵ و یەکسم. لەژێر پەردەی قەدەغە کردنی هاتوچۆ کردن لەم هێڵە سنوورییە کە دانیشتوانەکانی تێدا گیوزراوەتەوە.

* لە ناوەڕاستی هەمان مانگ یازدە جوتیار و منداڵێکی ١٢ ساڵی چەند سەد مەترێک لە گوندی سوران ڕۆژهەلاتی قەلادزە دوور دەکەونەوە بۆ گیا درووینەوە مەفرەزەیەکی سوپای عێراقی هێرشیان دەباتە سەر هەر ١٢یان دەکوژن!

* ڕۆژی ٥/٢٧ ئەم نامەی کاک عمر مستەفام بەدەست گەیشت، ئەمەش دەقەکەیەتی:

لەندەن ١٩٨٠/٤/١٠

برای بەرێزو خۆشەویستم کاکە فاتح

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

زۆر بە گەرمی هەواڵتان دەپرسم و هیوای خۆشی و سەرکەوتنتانم هەیە لە خەباتی پیرۆزتاندا. منیش ئەوەی ڕاست بێت زۆر دڵتەنگ و نارەحەتم

بە بۆنەی دواکەوتنم و مانەوەم لێرە، بەڵام چی بکەم هیچ دەسەڵاتم نیە، بێگومان هەڤاڵ مام جەلال و ئەوان هۆیەکەیان تێ گەیاندوون و ئومێد دەکەم زوو ئیشەکەم بە لایەکدا بکەوێت و بگەڕێمەوە لاتان، وا خەریکیشم تا ئیشەکەم جێبەجێ ئەبێت هەندێ تعمیراتی خۆم بکەم بەڵکو نەختێ بەرگرتر ئەبین وە دەتوانم زیاتر بمێنمەوە، ئێستە دوو عەمەلیاتم لە پێشە. لە شام هەڤاڵان کاک کەریم و (مەبەستی هاوڕێ کەریم ئەحمەدی ئەندامی م.س حشعە) ئەوانم ئەدیت، بەڵام بەداخەوە ئەوەتەی هاتوومەتە ئێرە ئاگام لێتان براوە، ئەگەرچی ئەوەندەی دەرفەت بوو بێت و کرا بێت هەواڵم پرسیون و دڵنیا کراوم کە هەمووتان تەندروستیتان باشە.

هەموومان هەروا چاومان بڕیوەتە ئەنجامی کۆبوونەوەکانی بەرەی نیشتمانی بە پێی ئەو هەواڵانەی وەرم گرتووە تا ئێستە دانیشتنەکان باش ئەڕۆن وا دوو سبەی کاک کەمال فوئادیش ئەچێت و بەشداری کۆبوونەوەکان ئەبێت، ئومێدەکەم کۆبوونەوەکان بەسەرکەوتوویی زوو کۆتایی پێ بێت و بەرەی نیشتمانی و دیموکراتی عێراقی زوو بێتە کایەوە کە بێگومان زەمینێکی گەورە دەبێت بۆ گەشە پێکردن و بۆ پێشەوە بردنی شۆڕشە پیرۆزەکەمان کە بێگومان هەموو گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتیەکانیەوە چاوەنۆڕی ئەم خەبەرە خۆشە ئەکەن و هەموومان ئەیزانین کە هەر بە دامەزراندنی ئەو بەرەیە ئەتوانرێ ئەم حکومەتە فاشیستە بۆگەنە خوێنڕێژەی عێراق بڕوخێندرێت و حکومەتێکی ئیئتیلافی وەتەنی لە نوێنەرانی پارتیەکانی بەرەی نیشتمانی بێتە کایەوە، کەلە سێبەریدا کوردیش بە حوکمی زاتی راستەقینەی خۆی بگات. بێگومان ئێوە باش ئەزانن کە ئێمە بۆ ئەم مەبەستە، واتە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی هەڵوێستمان زۆر ئیجابییە و زۆریش هەوڵمانداوە کە تاثیر لە لایەنەکانی تر بکەین کە ئیجابی بن، بۆیە ئومێدم زۆرە کە ئەمجارە

کۆبوونەوەکان بەسەرکەوتوویی کۆتاییان پێ بێت.

داخم ئاچێت لێرە کەس لە هاوڕێیە مەسئولەکانتان ناناسم تا پەیوەندیان پێوە بکەم. زۆرم حەز ئەکرد ئەگەر بکرابا ئەدرەسی یەکدو وانێکانت بۆ ناردبام تا پەیوەندیان پێوە بکەم بۆ ئیشوکار پێکەوە کردن و ئاڵوگۆڕی مەعلوماتیش. داخم ناچێت هاوڕێیانتان لێرەو لە وڵاتەکانی تری ئەوروپا تەنیا لەگەڵ جەماعەتی قیادەی موەقەتەی ناوانبار و بەکرێگیراو هاوکاری دەکەن.

لێرە چەند جارێک پەیوەندیم بە حزبی شیوعی بەریتانیەوە کردووە وەزعی عێراق بە گشتی و کوردستانم بە تایبەتی بە دووروودرێژی تێگەیاندوون، هەڵوێستیان تا بڵێی باش و عەبدەئیبە بە تایبەتی بەرامبەر بە کورد. بەینێ لەمەو پێش لێرەدا بڵاو بۆوە کە تونبولە خرابێتە ناو ترویێلی سدام بەلام خۆی بەرنەکوتووە، تەنیا یەکدو مرافقی کوژراون، وە ئەو خەبەرە لە هەندێ لە رۆژنامەکانی ئەوروپاش بلاوکرابووە، هەروەها ئەڵێن لە بەینی جەماعەتێک لە زابتەکانی تەرەفداری سدام لەگەڵ هەندێ زابتەکانی تەرەفداری عبدالخالق السامرائي و عدنان حسێن بە دەمانچە بەشەڕ هاتوون و نزیکەی ۳۰ کەسیان لە یەکتری کوشتووە. هەروەها دەڵێن تەقەکردن و تونبولە خستنە ناو مقەرەکانی حزبی بەعسی فاشی حاکم زۆر بووە و تەنانەت دەستیش کراوە بە کوشتنی کادرەکانیان، ئیعداماتیش هەر بەردەوامە، ئەمانە وا دەردەخەن کە وەزعی حکومەت شڕ بووە و ڕووخانی نزیکە بۆیە دامەزراندنی جبهەکە لەم کاتەدا زۆر لە جێی خۆی دەبوو.

ئیتر سلاوم ڕێزم بۆ هەموو هاوڕێیانتان هەیە بە مەسئولو پێشمەرگەوە، بۆیە ناوی کەسیشیان نانوسم چونکە نازانم کامیان لە لاتانن.

هەرێزین

برای دڵسۆزتان: عومەر مستەفا

* ١٩٨٠/٥/٣١ ئەم نامەیەی م.س یەک/مان بەدەست گەیشت

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
مەکتەبی سیاسی

بۆ الحزب الشیوعي العراقي ـ لجنة اقلیم کوردستان

سلاوێکی گەرم... هیوامان سەرکەوتنتانە زۆر پێ خۆشحاڵ ئەبین بە هاتنتان بۆ ئاهەنگی یادی تێپەڕبوونی ٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتیمان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئاهەنگەکە لە کاتژمێری ٥ ,٣ پاش نیوەڕۆ ڕۆژی ١٩٨٠/٦/٣ لە بارەگای توسینگەی ڕاگەیاندن ـ اعلام. دەست پێ دەکات و بەخێرهاتنتان ئەکەین

هەر شادو سەرکەوتووبن

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
مەکتەبی سیاسی
٥/٣١

ڕۆژی ٦/٣ لە کاتی دیاریکراو لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێ بۆ شوێنی ئاهەنگەکە ڕۆیشتین چەند دروشمێک هەڵواسرابوو بە بۆنەی تێپەڕبوونی پێنج ساڵ لەسەر دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی و تێپەڕ بوونی چوار ساڵ لەسەر دەست پێکردنەوەی شۆڕشی تازەی کوردستان. یەکێک لە دروشمەکانی سەرنجی ڕاکێشام. بە گەورەیی نووسرابوو: (بەرەی

نیشتمانی نابێ بکرێت به بەردەبازی خائینەکانی کورد و بگەڕێنەوە ناو کوردستان). گەلێ بە دروشمێکی چەوت و ناڕەوار کالْ و خرچم زانی هیچ بیروڕایەکی سیاسی ڕاستم تێدا بەدی نەکرد. بە کارێکی بەدم وەرگرت هێزێکی نیشتمانی و پێشکەوتوخواز خۆی وا دانێت تەنها ئەو خاوەنی سەرەکی گۆڕەپانەکەی خەبات و تەقەلادانی نەتەوایەتیە. بوارنامەی خەبت و بلیتی گەڕان و سوڕان لە ناو خاکی کوردستان ـ عێراق لەدەست ئەودایە!!

ئاهەنگەکە دەستی پێکرد، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کاک علی حەویز وتاری یەک خوێندەوە، لە ڕووی ڕامیاری و بیرو بڕواو ناوەڕۆکی وتارەکە بە ڕاو هەڵسەنگاندنم سەرکەوتوو نەبوو، هەمووی دووپاتکردنەوەی چەند ڕستەیەکی وشکی نەتەوایەتی و هێرش بردنە سەر بۆ ئەملاو ئەولا بوو! چەند خاڵێکی‌تر پێشکەشکرا وەکو تاپلۆی بێ دەنگ و شانۆگەریەک بەناوی (لاساکردنەوە) جگە لە ئێمە لە نێوان میوانەکاندا برادەرانی حسیک و بەعس ـ سەرکردایەتی هەرێمی عێراق و حزبی ئیشتراکی عەرەبی و نوێنەرانی سازمانی چریک، ئاهەنگە سێ سەعاتی خایاند.

* بەدەستی میوانەکان برادەرانی حزبی ئیشتراکی عەرەبی عێراق ‹۱›

ئەم نامەیەم بۆ کاک د.فواد مەعسوم ئەندامی م.س یەک بۆ دمشق نارد ئەمەش دەقەکەیەتی:

‹۱› حزبێکی بچوکە. بەشێکن لە پاشماوەی ناسریەکانی عێراقن، لەسەرەتای حەفتاکان لە لایەن رەشید محسن مدیری ئەمنی گشتی سەردەمی عبدالرحمن عارف و چەند هەواڵێکی دامەزرێندرا. دوای مردنی رەشید محسن لە قاهیرە د.عبدالوس بوو بە سەرۆکی ئەم حزبە.

تورژەلە ١٩٨٠/٦/١

برای خۆشەویستم د.فواد

دوای پێشکەشکردنی سلاو...

خۆشی و بەختیاریت هەردەم داوایە، ئومێدەوارم هەمیشە سەرکەوتوو بی. گەر هەواڵم پرسیار ئەکەی، سیحەتم لە پێشوو باشترە. بەڕاستی دەمێکە هەر گیو بیست ئەبم ئەلێن د. فواد گەیشتەوە تاران و بەم زوانە دەگاتەوە بنکە، بەلاّم دەرنەکەوتی وادیارە کارت زۆرە سەرت قاڵە، هیوادارم کارەکانت زۆر سوود بەخش بێت بۆ گشت جەماوەری گەلی عێراق. نامەکەتم پێ گەیشت زۆر سوپاس، بەلاّم دەبێ لێم ببوری وەرامەکەم کەمێ وەخرا.

کاکی دکتۆر: بەڕاستی هەست کردن بە مسئولیەت و ئەم ئەرکە گرانەی کە لە سەرشانمان دایە ئەبێ کاری زۆر باش و پڕ سوود بکەین و مسئولیەتی مێژوویمان نەکەوێتە سەر... لەبیرتە کە ساڵێک پێش ئەمڕۆکە گفتوگۆمان ئەکرد زۆر بە گەرمی لەسەر هەڵوێست بەرامبەر بە حدک سەرکردایەتی کاتی و چەندان جیاوازی هەبوو لە نێوان هەڵوێستی ئێمەو ئێوە، تۆ گوتت یەکەم هەنگاو لەگەڵ ئەوان ئەبێ لە (پشارەکە)وە دەست پێبکات، پرسیارم لێت کرد پشارەکە چیە؟ گوتت یانی هدنە. ئەمڕۆ ڕۆژی پشارەکەیە کە هەنگاوی یەکەم بێ. هیوادارم هەڵبستی بە دەورێکی ایجابی لە ڕێگای کوژاندنەوەی ئەم شەڕە براکوژیە نارەوایەی لە نێوان ئێوەو ئەوان هەڵگیرساوە. زۆر ئارەزووم بوو لە دەرەوەی وڵات بۆ نموونە لە شام چاومان بە یەکتری بکەوتبایە، زۆر بە دوورودرێژی لەسەر گەلێ شتی پڕ سوود و گرنگ ئەدواین. بەلاّم وادیارە تاوەکو ئێستاکە بۆم ڕێکنەکەوتووە. سەرەم نەگەیشتوتە سەر هیوام وایە هەروەک مسئلە

کوردیەکە دەڵێ: ئەمەی لە دوای هەموان دەست بە پێکەنین ئەکات لە هەموان زیاتر پێ دەکەنێت. جا چاوەنۆڕی ئەوە دەکەم سەفەری من لە کاتێکی خۆش و پڕ سوود بێ، ماوەی زۆریش درێژ بێت.

د.خدر زۆرباشە زوو زوو چاوم پێدەکەوێ، سڵاوێز گرتنم بۆ گشت برادەرانە بە تایبەتی بۆ مام جەلال. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم، سڵاوێزم بۆ دایکیان هەیە.

هەردەم لە خۆشی و بەختیاری دابن

هەر سەرکەوی لە ژیانتا

برات: باوکی ئاسۆس

* رۆژی ٦/٤ لە رێکخراوی حزبی بەعس سەرکردایەتی هەرێم لە شاخ ئەم نامەیەمان پێ گەیشت. دەقی نامەکە:

حزب البع العربي الاشتراكي

قيادە قطر العراق

اللجنه الحزبيه لكردستان العراق

الرفاق الاعزاء في قياده الحزب الشيوعي العراقي

م/ اقليم كردستان المحترمين

بمناسبه الذكرى الرابعه لاندلاع الثوره العراقيه في جبال كردستان العراق تحت رايه التجمع الوطني العراقي يتشرف حزبنا حزب البعث العربي الاشتراكي قياده قطر العراق، بدعوتكم لتناول طعام الغداء في مقره بـ (توجله)<١> و ذلک يوم الجمعه المادف ١٩٨٠/٦/٦ و ان

حضورکم هذه المناسبه سیکون موضع سرورنا و اعتزازنا.
و تقبلو احترامنا و تقدیرنا

رفیقکم: ابو هادي<۲>
۱۹۸۰/٦/٤

کاتی دیار کراو ئیمە شەش کەس چووین بۆ میوانداریەکە، لەسەرخوانی عەراقین خواردن ژمارەی هەموو ئامادە بووەکان نەدەگەیشتە ۳۰ کەس. سەیر ئەوەبوو ئەم ژمارە کەمە بەعسیەی ـ سەرکردایەتی هەرێمی عێراق کە لە ناوەڕاستی ۱۹۷۹ گەیشتە ناوزەنگ بە کادرو چەکدار ژمارەیان بە پەنجە دەژمێردرا وا هەڵسوکەوت و فیزی ئەوەیان لێ ئەداو خۆیان وا دەردەخست کە ئەمان نوێنەری باڵیۆزخانەی وڵاتێکی دەسەڵاتدارن لەناو شۆڕشی کوردستان، فیتۆ لەسەر زۆربەی کارەکان لە دەستی ئەوان دایە!!.

شاردراوە نیە کە لە سەرەتای حەفتاکان بە ئامادەو یارمەتی کاربەدەستانی سوریا، ڕێکخراوی بەعسی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق لە دمشق دروستکراوێکی لە چەند هێزی بچوک بچوک بە ناوی (التجمع الوطني العراقي) بنیات نابوو، بۆ ئەوەی وەک هێزێکی بەرهەڵستکار دژ بە ڕژێمی عێراق بکەوتەکارکردنی ڕاگەیاندن و پروپاگاندە و ڕیسوا کردن. مرۆڤ کەمێ بە هوردی و بیرکردنەوە سەیری ناوەڕۆکی نامە کورتەکەی ابو هادی بکات کە دەڵێ «بمناسبه الذکری الرابعه لاندلاع الثوره العراقیه في جبال کردستان العراق تحت رایه التجمع الوطني العراقي» یەکسەر

<۱> مەبەست تۆژەڵەیە.

<۲> نازناوی دکتۆر احمد موسەویە لە دمشق دەژیت.

دەگاتە سەر ئەو قەناعەتە کە سوریا ڕۆڵی سەرەکی بووە لە دروستکردنی ئەم التجمعە، لە دوایشدا بە ئاماژە و ئامۆژگاری ئەوان سەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی تازەی کوردستان دەستی پێکردووەتەوە.

ئەمەش تازەترین نموونەیە لە چەندان ئەزموون و تاقیکردنەوە، کە دەوڵەتە دەسەلأتدارەکانی کوردستانیان بە خۆوە لکاندووە. مەسەلەی هەستی نەتەوایەتی میللەتی کوردو مافەکانی وەک کاغەزی قومار بۆ بەرژەوەندی تایبەتی ولأتەکەیان بەکار هێناوە کاتێک بینیان پێویستیان پێ نەما یا خەریکە مەترسی دەروست دەکا، دەکەونە تەفروتونا کردنی، بە پۆستالْ بە ئاگرو ئاسن سیاسەتی شۆفێنیستی رەگەزپەرستیان بەسەر کوردستان دەسەپێنن. نە ئەوەی کورد دەبێتە دوژمنی سەرەکیان خاکی کوردستانیش بە بەشێک لە خاکی نەتەوەی خۆیان دەزانن کە تا مێژوو ماوە وا بڕواتەوە بەهیچ شێوەیەک گۆڕانکاری تێدا ناکرێت.

* * *

ڕێگا لە یەکتری گرتن

بەیانی ڕۆژی ٢٠/٥/١٩٨٠ سەردانی هاوڕێیانی زەڵێ/م دەکرد دیم کتوپڕ بوو بە تەقە کردنی خەست و هاوارو هەلا، بۆ ئەوە چووم کە بووک هێنان و زەماوەندو ئاڵوگۆڕکردنی بووک بێت لە نێوان دانیشتوانی دوو گوند، پرسیارم کرد ئەم گۆیەندە چیە؟ زانیم کە پێشمەرگەکانی یەک ژمارەی ١٧ لاوی کوردیان پێش خۆیان داوە. ئەم بەزمو هەڵایە بۆ ئەوەیە گۆیە ئەمانە پێشمەرگەی پدک لە ناوچەی ڕووست و گرتک قەزای ڕەواندز بەدیل گیراون، چەکەکانیان لێ ساندراوە، بە بەند کراوی هێناویانەتە بارەگای سەرکردایەتی یەک.

هەر چاوم بەم پانۆراما شووڕەیە کەوت، هەموو گیانم، مێشکم کەوتە ژان و تێکچوون؟ کەوتمە پرسیارکردن لە خۆم؟ ئایا بەم شێوەیە نەتەوەی کورد بە ئاواتەکانی دەگەیەندرێ؟ تاوانی ئەم ڕۆڵە دڵسۆزاو هەژارانە چیە؟ بەمجۆرە سوک و ڕیسوا دەکرێن! بە جووین پێدان و هەای هوی پاڵیان پێوەبندرێ، هەروەک شاربەدەر کردن ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرا! وەڵامدانەوەم دەربارەی ئەم جۆرە سەو لێشران و کارەساتە ئەوە بوو پێشینان گووتویانە: (گەورە ئاو دەڕێژێت بچووک قاچی لێدەخشێنێت).

بۆ ڕۆژی ٢٣/٥/١٩٨٠ ئەم یاداشتەی دەفتەری سیاسی پارتیمان پێنگەیشت ئەمەش دەقەکەیەتی:

الحزب الديمقراطي الكردستاني العراق
المكتب السياسي
قسم العلاقات

الى:

الحزب الشيوعي العراقي المناضل
الحزب الاشتراكي الكرستاني الموحد المناضل
كافه الاطراف الوطنيه العراقيه الاخرى

اصدقاء شعبنا العراقي المحترمين

تحيه الثوره و النضال

ناضل حزبنا الديمقراطي الكردستاني و مازال يناضل من اجل تشكيل جبهه وطنيه كردستانيه و عراقيه واسعه لاسقاط النظام الديكتاتوري في العراق و اقامه حكم ديمقراطي ائتلافي منتخب من الشعب و حكم ذاتي حقيقي لكردستان العراق و حرصا منا على وحده الصف الوطني سواء في العراق عامه او في كردستان خاصه، فقد عملنا على تجنب معارك جانبيه مع طرف سياسي عيراقي يعمل ضد النظام و اصدرنا تعليمات صارمه و واضحه الى تنظيمات حزبنا و فصائل انصارنا (البيشمركه) للتحلي بضبط النفس و تجنب الانجراء وراء ايه مهاتراتو و خاصه مع جماعه جلال الطالباني التي كانت ومازال تستفز حزبنا و قواعده وفصائل انصارنا البيشمركه بشتى الوسائل. ان اطراف وطنيه عديده قد لمست مدى حرصنا على وحده الصف الوطني و مدى تصميمنا على تجاوز التمزق الداخلي في صفوف الحركه التحرريه الكرديه.

لقد كنا نتصور بان (جلال) قد اعتبر بتجارب الماضي وما لحقه من جراء المواقف و المتزلقات الخيانيه منذ ١٩٦٤ و حتى ١٩٧٠، لكن تبين مع الاسف الشديز بانه مايزال يعتبران وظيفته الاولى هي محاربه حزبنا و يعتبر ان شرط بقائه هو القضاء علينا. وقد داب (جلال) و خاصه في الفتره الاخيره على تصعيد الاستفزازات ضد حزبنا و انصارنا، بل استغل الصبر الثوري الذي يتحلى به حزبنا، فلم يتوقف لحظه واحده على التشهير بحزبنا و تاريخ نضاله، و آخر ماقام به انه نشر تصريحا في جريده (اطلاعات) الايرانيه في ١٩٨٠/٥/٦ شن فيه حمله اعلاميه ظالمه على حزبنا و قيادته و رئيس حزبنا الراحل الزعيم الوطني الكبير مصطفى البارزاني. اما ردنا عليه و المنشور في نفس الجريده بتاريخ ١٩٨٠/٥/١٠ فكان ردا هادئا منطقيا من روح الحرص على وحده الصف الوطني و بعيدا كل البعد عن صيغه المهاترات التي اعتمدها جلال في تصريحه. و مع شديد الاسف تبين لنا بان جلال كان و مايزال يستهدف من وراء حملاته المستمره علينا في كل ادبيات ان يثير مره اخرى (حرب اقتتال الاخوه) في كردستان العراق، و هي الحرب التي يشهد الجميع على مآسيها و كوارثها سواء بالنسبه للحركه التحرريه الكرديه او الحركه الوطنيه باسرها.

ففي نفس الوقت الذي واصل فيه جلال حملاته الاعلاميه على حزبنا، عمل على توجيه قواته للاستفزاز پيشمرگتنا و مضايقتهم، بل و حتى محاوله ابادتهم مثلا:

١- في ١٩٨٠/٤/١٩ كان ٤٠ پيشمرگه من انصارنا في منطقه هورامان يتوجهون من قريه دزلي(١) نحو اسكوله لتنفيذ بعض العمليات

---

(١) دێیەکی گەورەیە لە ناوچەی هەورامانی کوردستانی ئێران. کەوتۆتە ئەو دیوی سەرچاوەی ئاوەکەی ئەحمەداوە لە ناحیەی خورماڵ.

الفيدائيه ضد مراكز و موسسات النظام العراقي الدكتاوري العنصري. لكى مجموعه من مسلحي جلال مع مجموعه من الكومله الايرانيه بل مجموعهم معا اكثر من ٤٠٠ اربعمائه مسلحا قطعوا الطريق على پيشمرگتنا و طوقهم بهدف ابادتهم. وقد حاول رفاقنا محاولات جديه لتجنب الاصطدام معهم لكن مسلحي جلال و حلفائه اصرو على القتال، فاضطر پيشمرگتنا الى ممارسه حق الدفاع المشروع عن النفس و الحقوا الهزيه بجماعه جلال رغم تفوقهم العددي بعد ان كبدوهم ٣ قتلى و ٥ جرحى في قتال استمر حوالي ٣ ساعات.

٢- كان ٢٧ پيشمرگه من انصارنا يعودون من منطقه (بەرسرين‹١›) في قضاء رواندوز بعد ان نفذوا عده عمليات جريئه ضد موسسات و مراكز السلطه العراقيه الارهابيه و كان عتادهم نفذ تقريبا. و في طريق العوده التقوا في منطقه (سرێشمه) بمجموعه من مسلحي جلال و كان موقف رفاقنا وديا معبرا عن حسن النيه و روح تجاوز الخلافات و آثار السلبيات الماضيه حتى باتوا ليلتهم معا في المنطقه و لكي تبين بان جماعه جلال تتامر على پيشمرگتنا بتوجيه من قيادتهم، ففي اليوم التالي ١٩٨٠/٥/١ فوجى پيشمرگتنا بمجموعه كبيره من مسلحى جلال حوالي ٧٥ مسلحا و هي تطوقهم و تطلب منهم القاء السلاح و اطلقت قاذفه آر بي جي على پيشمرگتنا مما ادى الى جرح احد پيشمرگتنا وقد الح رفاقنا نبذ اقتتال الاخوه و تجاوز الخلافات و حذرو جماعه جلال من النتائج السياسيه لهذه الموقف الغادر. لكن الجماعه ابت الا ان تجرد پيشمرگتنا من السلاح، و الذي كانوا يعودون من محاربه النظام

‹١› بەرسرین: گوندێکی بچووکە، ٣٠كیلۆمیترێک لە ڕەواندوز دوورە، کەوتوتە سەر ڕێگای ئۆتۆمبیلی نێوان ڕەواندوزو ناحیەی گەڵاڵە.

العنصري الذي يضطهد الشعب الكردي خاصه و الشعب العراقي عامه، وكان عتاهم قليلا جدا ولم يكن لديهم رغبه في خوض حرب اقتتال الاخوه فجردتهم جماعه جلال من السلاح و اسروهم و مازال مصيرهم مجهولا.

اننا نناشد و نقول، ايه روح وطنيه تلك التي يتشدق بها جلال اذا كان يوجه مسلحيه لقطع الطرق على انصارنا العائدين من ساحه القتال ضد موسسات النظام الدكتاتوري في العراق. اننا اذ نطالبكم التدخل لاطلاق سراح رفاقنا و استرجاع اسلحتهم و نوكد بان صمتنا طيله هذه المده لم يكن بسبب عجزنا عن الرد علي جلال قولا او عملا و لن نخشي من مواجهته على الصعيد السياسي او العسكري.

ان حرصنا على الصف الوطني هو الدافع الوحيد لصمتنا و التزامنا بضبط النفس، فاذا لم يوضع حد لتصرفات جلال و اذا لم يتراجع سياسيا و عسكريا عن الموقف الخاطئه التى تلحق اشد الاضرار بالحركه الوطنيه العراقيه باسراها اضافه الى الحركه الكرديه فاننا سنمارس حق الدفاع المشروع على كل المستويات. و سنصدر تعليماتنا الى قواعد حزبنا و پيشمرگتنا على ضوء الممارسات اللاوطنيه و اللاقوميه لجماعه جلال و سنضع حدا نهائيا و نرى ان لنا كامل الحق في فضح تصرفات جلال على المستوى الاعلامي، ليطلع شعبنا العراقي و سائر اصدقائه على هذه الحقائق من اجل الوحده الوطنيه الحقيقيه التى لا يمكن ان تقوم الا بعد ان يتم استئصال كافه المواقف اللاوطنيه و اللاقوميه من اى طرف كان.

و الى الامام

المكتب السياسي
للحزب الديمقراطي الكردستاني
١٩٨٠/٥/١٥

* ڕۆژی ١٩٨٠/٥/٢٥برادەرانی سەرکردایەتی حسیک ئەم نامەیان بۆ ناردین، دەقی نامەکە:

حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان
مەکتەبی سیاسی ١٩٨٠/٥/٢٥

بۆ/ برایانی حزبی شیوعی عێراقی تێکۆشەر
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم
برایانی بەرێز...

لەبەر ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە لەم دواییەدا ڕووی‌دا لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پدک عێراق لەوە ترسی لێدەکرێت شۆڕشی کورد بەرەو هەڵدێرو حربی اهلی بەرێت کە تەنها دوژمنانی کورد تێدا سەرکەوتوو ئەبن... هەروەها مەترسی هەیە لەسەر جولانەوەی ڕزگاریخوازی عێراق بە گشتی و بەتایبەتی لەم کاتە ناسک و گرنگەدا. هەروەها لەم ڕۆژانەدا پدک وێنەی مزەکەرەیەکی بۆ ناردووین کە توجیە بۆ بەرێزتان و ئێمە و هەندێ جیهاتی نیشتمانی عێراقیش کراوە. جا بۆ دراسەت و باسی ئەو تطوراتانە و مذکەرەکە وە امکانیەتی هەنگاونان بە دوو قۆڵی بۆ بەربەستی شەڕی براکوژی بە پێویستمان زانی بەرێزتان دەعوەت بکەین بۆ بارەگامان لە (دووای دۆڵە تو) لە ڕۆژی ١٩٨٠/٥/٢٨ سەرلەبەیانی. هیواداریین بفەرموون و چاوەنۆڕی وەڵامتانین بۆ موافقەت و سوپاس.

ئیتر بۆ پێشەوە.

حزبی سۆشیالیستی یەکگرتوی کوردستان.

* له ٥/٢٦ راگەیاندنی ژماره/١٦ مەکتەبی عسکەری ینک/مان پێگەیشت:

هەواڵێکی گرنگ

له ڕۆژی ١٩٨٠/٥/١٣ پێشمەرگەکانی هەرێمی٧ گەمارۆی دەستەیەک له چەکدارەکانی سەربه قیادەی موەقتەی خۆفرۆشی‌دا که بۆ ئاژاوەنانەوه و ڕاوو ڕووت هاتبوونە گوندی سەرچشمەی پشت گەلاڵەی ناوچەی ڕۆست وەپاش شەڕێکی نیو سەعاتی توانیان بە تەواوی چەکەکانیانەوه له مۆڵگاکەدا بەدیل بیانگرن که پێکهاتبوون له ٢٤ چەکدار. دەسکەوتمان ٧ کلاشینکۆف، ١٤ تفەنگی برنۆ، ١ تفەنگی ژ٣، ١ نارنجۆک ئەنداز، ١ بازوکا، ١ هاوەنی ٥٧ ملیم، ٢ دەزگای بێسیم، ٨ دووربین چەند نارجۆکێکی دەستی لەگەڵ ڕەشاشێک هەروەها ١١٦٠ فیشەکی برنۆیان پێ بوو لەگەڵ ١٢٢٠ فیشەکی کلاشینکۆف و ٦٠٠ فیشەکی ژ٣، ٢٠٠ فیشەکی ڕەشاش و ٢٨ گولەی نارنجۆک ئەنداز.

ئیتر بۆ پێشەوه له ژێر ئالای یەکێتی نیشتمانی کوردستان

مەکتەبی عسکەری
١٩٨٠/٥/٢٣

لەسەر داوای سەرکردایەتی حسیک ڕۆژی ٥/٢٩لەگەڵ هاوڕێ عبدالوهاب تاهیر<١> بۆ گوندی دۆڵەتوو ڕۆیشتین، برادەران کاک ڕەسوڵ

<١> له خەباتگەره کۆنەکانی شاری بەسرەیه، ماوەیەک ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی حشع بوو له کۆتایی ١٩٧٩ گەیشتە کوردستان. (دوای گەڕانەوەی هاوڕێیان له کۆبوونەوەی کۆمیتەی مەرکەزی له پاییزی ١٩٨٠بوو بە ئەندام له لیژنەی هەندرێن.دوای کۆنگرەی چوارەمی حشع له کۆمیتەی مەرکەزی نەما. دەربەدەرو له دەرەوەی وڵات دەژیت.

مامەند، شەهید تاهیر عەلی والی، قاد جەباری و سەید کاکە پێشوازی گەرمیان لێکردین و دەست بە گفتوگۆ کرا.

کاک رەسوڵ بە دووردرێژ باسی باری ئاڵۆزو شڵەژاوی هەموو ناوچەکانی کرد بە تایبەت: ناکۆکی و دوژمنایەتیە توندەی نێوان پارتی دیموکرات و یەک و مەسەلەی بنیاتنانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی. ئێمەش جەختمان لەسەر رێبازی چەسپاوی حشع کرد کە بێ وچان بەردەوامە لەگەڵ هەموو هێزەکان بۆ نەهێشتنی ناکۆکی و شەڕی برا کوژی. هەردوولامان لەسەر ئەوە رێککەوتین نامە بۆ سوریا بنێرین، داوا لە هەموو هێزەکانی نیشتمانی و دیموکراتی و پێشکەوتووخوازەکان بکەین رۆڵی خۆیان بدیەن بۆ چارە کردنی ناکۆکی و دوژمنایەتی کۆنی نێوان ئەم دوو هێزە نیشتماپەروەرە. ئێوارە بۆ بنکەی خۆمان گەراینەوە.

لە ناو ئەم بارە ناڕواو ناهەموارەدا دەژیان، ئاژاوەو تێک بەربوون و تێک هەڵقژانی توند، نێوان هێزە کوردستانیەکان بەرەو زیاد بوون دەرۆیشت. دەیەها رووداوی بچووک و گەورە رۆژانە رووی ئەدا. هەر لایەک لە سەرکردەکانەوە تا بچووکترین ئەندام و لایەنگریان خۆیان بە خاوەن هەق دەزانی، تاجەزەکەیان بە دوژمن، تاوانبار، گێرە شێوێنەکەر یا بە کۆنە پەرستو گومان لێکراو لەقەڵەم دەدا. تۆسقاڵێک بەزەییان بە رەنجدان، رووتو برسیەتی، لە خۆ بووردن و تەقەلادان بە پۆل شەهید بوونی ئەم رۆڵە نەبەردانەی دەستیان داوەتە چەک و بە خوێنی سوریان داکۆکی لە مافی نەتەوەکەیان دەکەن، نەدەهات!!.

گشت هاوڕێیانی مەکتەبی هەرێمیش بۆ دەرەوە رۆیشتبوون. هەستم دەکرد جۆرلەو کارکردن لە ناو ئەم گێژاوە لێرەدا کارێکی ساتا نیە چونکە کورد گوتەنی: هەق رەقە. هیچ لایەکیشیان کەمو کوڕینەکانی خۆیان نابینن و ساتاش مل بۆ راستیو بەرژەوەندی گشتی داناتوێنن! پیاو ترسی

هەبوو لەم تاوێژیکردنەدا بە ناڕەوا خراپ بکرێت!! لەسەر تەقەلادان ◘ ماندوو بوونی زۆریش قەرزار بیتەوە. بەڵام چار نەبوو لە پێچو گەوەیکی گریاوی جەنجاڵ، ڕووداوەکان هێندە خێراو کوتوپڕ ڕووی ئەدا، لەسەر ئەستۆی تێکۆشەر دەیکرد بە پێویست. بە پەڕانە بێ سل کردن، بچیتە ناو مشاکیلەکان، وا ···انە تەقەلا بدات دەستی خێرو چاکەی هەبێ لە دۆزینەوەی چارە بۆ ب ئۆکییەکان و بەربەست کردنی ئاگری شەڕی براکوژی و دووبەرەکی.

ـ بێ بێ سیم (لاسلکی) ئەم بروسکەی پارتیمان پێگەیشت:

الی الحزب الشیوعي العراقي　　　　العدد/١

م/ حدک　　　　التاریخ ١٩٨٠/٦/٥

یرجی رایکم حول عقد اجتماع ثلاثي بیننا و بینکم و حسیک.

انبونا.

لەگەڵ چەند کادرێک دەرسی وەزعەکەمان کرد، دیمان بەهۆی سەرقاڵی زۆرو ڕووداو یەک لە دوای یەکەوە، بەهۆی دووری ڕاژان بەم پەلەیە ماوە نیە کۆبوونەوەکە رێک بکەوێت، بە بروسکە وەڵامان بۆ نوسیەوە داوامان کرد بۆ ماوەییکی‌تر بوخرێندرێت.

من : حشع

الی: م.س حدک

جوابا لبرقیتکم، نظرا لانشغالنا الکثیر و ارتباطاتنا بمواعید عدیدە، نری من الضروري تاجیل اللقاء الی وقت مناسب.

ـ لەسەر داوای برادەرانی سەرکردایەتی ینک ئێوارەی رۆژی ٦/٨ لە

بارەگاکەی ئێمە کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵیمان کرد لە یەنک نەوشیروان مستەفا و عومەر شێخ موس لە حشع فاتح و عبدالوهاب تاهیر.

برادەرانی یەنک ئەم چوار خاڵەی خوارەوەیان خستە پێش بۆ گفتوگۆکردن:

١- دەربارەی بڵاوکراوەکانی حشع.

٢- چۆنیەتی بەرگری کردن لە ناوچەکەمان، کە هەموومان تێدا دەژین.

٣- هەڵوێست بەرامبەر بە پدک.

٤- دەربارەی ئاڵوگۆڕ کردنی یارمەتیدانی یەکتر.

هاوڕێ عبدالوهاب تاهیر محزەری دانیشتنەکەی بە عەرەبی تۆمار دەکرد. بە هوردی گیرمان لە ڕاو ڕەخنەو گازاندەکانی برادەرانی یەنک گرت، بە تایبەتی ڕەخنەیان لەسەر:

١- بڵاوکراوەکانی حشع بایەخێکی ئەوتۆ بە باری کوردیستان، چالاکی و ئازایەتی پێشمەرگە، تاوانەکانی ڕژێم دژی جەماوەر نادات... هتد. بە کەمیش ئەدەبیات و بڵاوکراوەی حزبی خۆتانمان بۆ دەنێرن.

٢- دەربارەی هۆشیاری و ئامادەکردن بۆ پاراستنی ناوچەکە دەوروبەری بنکەکانمان. ئەوەی تێبینی دەکرێت برادەرانی حشع بایەخێکی ئەوتۆ بەم مەسەلەیە نادەن؟

٣- هێندێ چەکمان پێگەیشتووە، بەشی ئێوەمان داناوە، سبەی دەگاتە دەستتان.

٤- ئامۆژگاری ناوخۆیی تایبەتیتان هەیە لەسەر هەڵوێستی یەنک کە دژایەتی سەرکردایەتی کاتی پارتی دەکات، دەنگ هەیە و بە ئێمە گەیشتیە کە حشع لە ناوچەی بادینان بە چەک و پارە یارمەتی پارتی دەدات، پەستین لەم هەڵوێستانەتان! ئێمە پارت بە هێزێکی گومان لێکراو

دەزانین.

٥- جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە هەمیشە یەنک دەیەوێ پەیوەندی و دوو قۆڵی لەگەڵ حشع بەهێز بکات.

ئێمە بە دووورو درێژ و ڕاشکاوی ڕووکارو هەڵوێستەکانی حزبمان بۆ باس کردن کە بێوچان بەردەوامین لە تەقەلاداتی دڵسۆزانە، بۆ تەهێشتنی ناکۆکی و دووبەرەکی، بۆ چارەکردنی هەموو کۆسپ و تەگەرەکان بە گیانی برایانەو ئاشتیانە. بە ژماردن چەند گوتارێکمان بۆ ژماردن کە لە (طریق الشعب) و (الثقافە الجدیدە) و (ڕێگای کوردستان) و (ڕێبازی پێشمەرگە دەربارەی کوردستان بلاْوکراونەتەوە. ڕەخنەمان نیشاندا کە دامودەزگای راگەیاندنی یەنک زیادەی زۆر دەخاتە سەر بلاْوکراوەکانی.

دەربارەی هۆشیاری و ئامادەیی بۆ پاراستن و داکۆکی لە ناوچەکە. بە پێچەوانە ڕەخنەمان هەیە، ئێوە لەو ڕووەوە گیو بە ئێمە نادەن. ئەو دەنگوباسانەی پێتان دەگات، بە کەمی ئاگاداری ئێمە دەکەن. هەڵوێستمان بەرامبەر بە پارت ساڵێک لەمەوبەر هاوڕێ کریم ئەحمەد هاتە ناوزەنگ ئاگاداری کردن کە حشع دژی شەڕی برا کوژیە، دەخەپتێ بۆ ئەوەی نێوان یەنک و پارت و حسیک ڕێکبخرێتەوە، هەموو لایەنەکان لەگەڵ یەکتری ئاش ببنەوە. باڵی هاوکاری کردن و خۆڕاگرتن لە یەک سەنگەرادا بەسەر هەموو کوردستان بشکێنەوە. چەند جار داوای پاک و ڕەوامان لە ئێوە کردیە، چاوێک بە هەڵوێستەکانتان بخشێنەوە،لاپەڕەی تازە لەگەڵ پارت بکەنەوە. دژی سەرسەختی و لاساری، دژی پێک وەربوون و تێک وەربوونی نێوان هێزەکانی کوردستانینە. یەکجارەکی لەگەڵ ئەوەدا نینە، هیچ لایەکتان تاوگیریانە و بە هەڕەشە و گوڕەشە وەلاْمی یەکتری بدەنەوە یا کۆسپ بخەنە پێشی یەکتر. ڕەخنەی زۆرمان هەیە لەسەر ڕووداوەکەی ڕوستەو گرتک ئێمە نازانین بەرژەوەندی چی لەوە

بەدی‌ی دەکرێت، لاوی کورد، هەزارو جووتیاری کورد تەنها بە هۆی دڵسۆزی بۆ نەتەوەو خاکەکەی خۆی دەستی داوەتە چەک بە دەستی برای کوردی بکوژرێت، ڕیسوا بکرێت، تووشی ئازارو دەربەدەسەری بێت. بە ڕاستی ئێمە یەکجار پەست و نارازینە لەم ڕووداوانە... داواتان لێدەکەین چیتر کاری سوخرە و قورس بەم پێشمەرگانەی پارتی کە لای ئێوە زیندانیە مەکەن. بە ناوی مرۆڤایەتی، نیشتمانپەروەری داواتان لێدەکەین هەموویان بەردەن، چەکەکانیان پێبدەنەوە، بیانگێڕنەوە ئەو شوێنەی خۆیان دەیانەوێ! لەسەر زۆربەی خاڵەکان لە یەکتری نزیک بوین تەنها لەسەر پەیوەندی و هەڵوێست بەرامبەر بە پارتی نەبێت. کاک عومەر شێخ موس گوتی: دەرسی داواکانتان دەکەین. کۆتایی بە دانیشتنەکە هات.

ـ لە ڕۆژی ٩/٦/ ١٩٨٠ ئەم نامەیەمان بۆ م.س پارت نارد، دەقی نامەکە:

الاخوه الاعزاء اعضاء الكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستان-العراق المحترمين.

تحيه حاره مع التقدير...

منذ استلامنا لمذكرتكم الموجهه الينا و الى القوى الوطنيه الاخرى حول الحوادث الاخيره في منطقه بالك. فقد بدانا بالتحرك و نحن مستمرون في بذل جهودنا من اجل التوصل الى صيغه مقبوله لوضع حد لاقتتال الاخوه فقد عقدنا عده لقاءات مع الاطراف الاخرى من قياده الاتحاد الوطني لكن اسفا لم نتوصل لحد اليوم الى صيغه مشجعه لتدارك الكارثه بخصوص ١٧ پيشمەرگه من انصاركم المحجوزين حاليا عند الاتحاد. طلبنا منهم التعامل معهم ايجابيا و اطلاق سراحهم فوعدونا خيرا. سنواصل مساعينا و لنا وطيد الامل بان المساعي لكل القوى

الخيره العراقيه و العربيه والصديقه ستضع حدا للاقتتال و تخلق ارضيه جيده و ايجابيه لفتح صفحه جديده فيما بين كافه اطراف الحركه الوطنيه الكرديه و قواها المسلحه.

نرسل لكم عددين من (طريق الشعب) و نرجوا بان ترسلوا لنا من الان فصاعدا على الاقل خمسه نسخ من كل مايصدر عندكم لغرض ارسال نسخه فيها الى قياده حزبنا في الخارج و الداخل. لدينا الرغبه في زيارتكم لكن بالنظر لسفر اكثريه رفاقنا و لكثره انشغالنا في هذه الايام حال دون ذلک، نامل تحقيق ذلک في القريب العاجل.

يرجى تزويد مراسلنا برساله خاصه الى احد مسوليكم لمساعده رفيقنا بشراء كميه من البنزين لحاجتنا الماسه اليه، و ينقله الى (ميراوه)‹١› و هناک يتم نقله الى مقرنا بالحيوانات.

ختاما نشد على ايديكم بحراره و نتمنى لكم النجاح

مكتب اقليم كردستان
الحزب الشيوعي العراقي
١٩٨٠/٦/٩

ملحوظه: سنكون شاكرين لو ارسلتم الادبيات المعنونه الى (گوستا)‹٢› مع مراسلكم حال سفرهم الى المنطقه.

‹١› دێیەکی خنجیلانەیە کەوتۆتە سەر ڕێگای سەردەشت خانە، ٣٥کم لە سەردەشت دوورە.

‹٢› دۆڵێک و ڕووبارێکە کەوتۆتە سەر سنووری تورکیا و عێراق لە ناحیەی برادۆست

لە هەمان ڕۆژ ئەم نامەی کاک نەوشیروان مستەفام بەدەست گەیشت، دەقی نامەکە:

برای بەڕێزم باوکی ئاسۆس

سڵاوێکی گەرم

هیوام خۆشی و بەختیاریتانە

سوپاس بۆ ئەو بەیاننامەی ناردوتە، سبەی شەو دێمە خزمەتتان، زۆر حەز ئەکەم کە ماوەیەکمان هەبێ پێکەوە هەندێ مناقشە بکەین.

سڵاوم هەیە بۆ هەموو برادەران

نەوشیروان

١٩٨٠/٦/٩

ـ پێشمەرگەگیراوەکانی پارتی لە لایەن ینک هەر ماون، لەسەر داوای ئێمە وازیان لێیان هانی، ئیشی قورسیان پێ ناکەن. بەگەرمی داوای بەرداتیان دەکەین.

ڕۆژی ٦/٢٢ئەم بروسکەی م.س پارتیمان پێگەیشت.

الی/ الرفاق الشیوعیین	العدد/ ٤
من/ م.س حدک	التاریخ٦/٢٢

تؤکد برقیتنا رقم/١ حول الاجتماع الثلاثي. انیونا.

بەیانی ڕۆژی ٦/٢٣ بەم بروسکەیەوە وەرامان دانەوە:

الی/ الاخوان الاعزاء في م.س حدک

من/ م.اقلیم

ننتظر عودت الرفاق من الخارج !!! یرجی تاجیل اللقاء لحین عودتهم.

ـ هاوڕێیانی مەڵبەندی سلێمانی لە (هیرتا*) بە بروسکە ئاگاداریان کردین کە ڕووداوێکی ناخۆش کەلەبەرێکی تر لە ناوچەی هەورامانی دیوی ئێران ڕووی‌داوە. پێشمەرگەکانی حدکا هێرشێکی کتوپڕیان بردۆتە سەر پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە گوندی دزلی هەموویان دەستگیر و چەک کردووە، لای خۆشیان زیندانیان کردوون. ئەمە گیروگرفتەکی‌تر لە شوێنێکی‌تر ڕووی‌دا. ڕۆژی ١٩٨٠/٦/٢٨ کاک نەوشیروان و ملازم عومەر عەبوڵلا هاتنە سەردانمان لەکاتی ئاخافتن و گفتوگۆکردن، داوامان لێکردن گیراوەکانی پارتی بەردەن. نەوشیروان بەڵێنی دا گوتی بەریان دەدەین. بەلام ئێمەش تکامان هەیە سیٚ گیرامان لای پارت هەیە ئەوانیش گیراوەکانی ئێمە بەردەن، هەر ئەوان ئێمەیان جێ‌هێشت ئەم نامەیەمان بۆ م.س پارت نارد، دەقی نامەکە:

توژەلە : ١٩٨٠/٦/٨

الاخوان الاعزاء اعضاء الكمتب السياسي

للحزب الديمقراطي الكردستاني المحترمين

تحيه و تقدير.

نرسل لكم بعض الادبيات و مجموعه من الاخبار بالامكان اذاعه ماترونه مناسبا في اذاعتكم كما نهدي اليكم نسخه من مجله (الثقافه الجديده) العدد /٤/ و نحن نشعر بالاسف باننا لا نتمكن ان نوصلها اليكم باستمرار لان ما يصل الينا قليله جدا.

---

* هیرتا دێیەکە لە کوردستانی ئێران کەوتۆتە بەرامبەر گوندی هاوار، ئاوەکەی سیراوان ئیوانیانە، خێڵی ئێتاخیەکان لیٚی دا ئەنیشن.

استلمنا قبل ايام برقيه في هيرنا اخبرونا بالحادث الموسف التي حدث على اثر هجوم مسلحي حدكا على مسلحيكم في دزلي هذا و من جانبنا ارسلنا برقيه على الفور لرفاقنا بتقديم كافه المساعدات الممكنه لرفاقكم (جماعه ملا عارف) و كذلك اخبرنا قياده حزبنا بالحادث الموسف و تطورات الوضع المفاجي.

قبل ايام ارسلنا برقيه جوابيه رجونا منكم تاجيل اللقاء لحين عوده رفاقنا بالمناسبه نخبركم باننا مستمرون ببذل الجهود المكثفه مع كافه القوى بغيه التوصل الى صيغه مقبوله لوقف اقتتال الاخوه و نبذ الخلافات التي لا يستفيد منها الا اعداونا المشتركون، الامبرياليه و النظام الدكتاتوري الشوفيني و نلاحظ ان ثمه تغيرا ما في الموقف ازاء الخلافات و هدور الدماء و العمل على حقنها بغيه التوصل الى صيغه مقبوله للعمل المشترك بين الجميع لتحقيق الاهداف المشتركه. وقد زارنا وفد من المكتب السياسي للاتحاد الوطني الكردستاني و وافقوا بعد المداولات على اطلاق سراح كافه الاسرى من رفاقكم و نامل بانكم ستخذون نفس الموقف باطلاق سراح العناصر المحسوبه عليهم، مساهمه منكم في جهود المبذوله لتخفيف حده الصراع و تسهيلا لعملنا في المداولات التي لا زالت مستمره بينا و بينهم للتوصل الى الهدف و وقف الصدام وصولا الى التعاون و العمل المشترك. اننا نوكد لكم نيتنا في مواصله العمل بكل ماقي وسعنا لوضع حد لاقتتال الاخوه تفويتا للفرصه على النظام الدكتاتوري الشوفيني الذي يستغله ابشع استغلال لتنفيذ مآربه الدنيئه ضد شعبنا الكردي و مجموع الحركه الديمقراطيه في بلادنا.
يرجى تقديم الساعده الممكنه لرفاقنا الخمسه الذين ارسلناهم بمهمه خاصه الى گوستا و كما نرجو اخبار مسؤل جهازكم نقصد اللاسلكي القريب منكم ان يساعد رفاقنا و محطتنا للاتصال برفاق بتكه مەرگه و لدى

رفاقنا العاملين في هذا المجال بعض الملاحظات عن اسلوب التعامل السلبي لرفيقكم المسؤل عن المحطه معهم و لاشک ان مثل هذه الهفوات السيطه تبدو من خلال تعاون و عملنا المشترک.

و ختاما نشد على ايديكم بحراره و تقبلوا احر تحياتنا و احترامنا.

مكتب اقليم كردستان
للحزب الشيوعي العراقي
١٩٨٠/٦/٢٨

له هه‌مان رۆژ ئێواره‌كه‌ی كاک م.عومه‌ر عه‌بدوڵلا ئه‌م نامه‌ی بۆ ناردین، ده‌قی نامه‌كه:

هاوڕێ و برای زۆر به‌ڕێز كاكه فاتح ره‌سول
سلاوێكی شۆڕشگێڕانه
هیوام باشی و سه‌ركه‌وتنتانه. به‌ڕێز ئه‌مه ناوی به‌نده‌كانی ق.م* كه لای ئێمه به‌ندن:

١- محمد شيخ محمد امين
٢- عبدالله حسين عثمان
٣- محمد حاجي طه
٤- محمد مصطفى نبي
٥- عثمان مصطفى نبي
٦- خالد مصطفى نبي

---

* مه‌به‌ستی (القياده الموقته للپارت)ه.

٧- احمد خدر حمد

٨- حسن شوان مير

٩- عزيز حسن سعيد

١٠- مصطفى احمد قادر

١١- محمد احمد قادر

١٢- قادر احمد قادر

١٣- عبدالرحمن عزيز احمد

١٤- احمد عزيز احمد

١٥- عزيز احمد عزيز.

ئەمەش ناوی بەندەکانی ئێمەیە لای ق.م

١- عبدالواحد باجلان

٢- احمد سوراو

٣- حكيم احمد قادر.

سبەی کە ناردتان بۆ گۆڕینەوەی گرینۆفەکە، گرینۆفێکی‌کەشتان بۆ دەنێرین لەگەڵ هەندێ فیشەکی گرینۆف و کلاشینکۆف ئیتر هەر سەرکەوتوو بن.

برات: عمر عبدالله

١٩٨٠/٢٨

هەر بە شێوەکە ٦/٢٩/٢٨ ئەم بروسکەیەمان دا بە م.س پارتی

من/ الاقليم العدد/٧

الى/ م.س حدك التاريخ ٩/٢٨

بعد المداولات يتم اليوم اطلاق سراح كافه اخوانكم البيشمرگه المسجونين عند الاتحاد و عددهم ١٥ سجينا، يرجئ اطلاق كافه مسجونهم

عندكم و عددهم ثلاثه غدا مراسلنا في الطريق اليكم. انبونا رجاء.

پرسیارمان له م.س یهک کرد بۆچی ژمارەی پێشمەرگه گیراوەکانی پارت کەمی کردووە ئاگاداریان کردین چەند پێشمەرگەیەک پاکانەیان له پارتی کرد و ئامادەییان نیشاندا بێنه ریزی یهک.

بۆ رۆژی دووەم وەڵامی بروسکەکەمان وەرگرتەوە:

الى/ الحزب الشيوعي العراقي العدد/ ٥

من/ حدك

نشكر مساعيكم يرجى اعلامنا بمصير اسلحتهم و معداتهم و السعى من اجل اعادتها اصدرنا الاوامر باطلاق سراح موقوفيهم. انبونا.

یەکسەر ئەم نامە کورتەمان بۆ کاک نەوشیروان نارد:

برای بەرێز کاک نەوشیروان

شەوباش

دوای پێشکەشکردنی سڵاوڕێزمان

بە بروسکە برادەرانی م.س پارتی ئاگاداریان کردین کە بریاری بەردانی گیراوەکانی ئێوەیان داوە. تکایە پێشمەرگە گیراوەکانی پارت بنێرنە (تۆژەڵە) لە بۆ لای هاوڕێیانی پێشمەرگەی لقی شارباژێر.

دووبارە سڵاو ڕێزمان بۆ هەموو برادەران هەیە.

لەجیاتی م.هەرێم

باوکی ئاسۆس

٦/٢٩

ئەمەش وەڵامی کاک نەوشیروانە:

برای بەڕێزم باوکی ئاسۆس

سلاوێکی گەرم

زۆر سوپاس بۆ هەوڵو تەقەلای دڵسۆزانەتان هەر ئەم شەو وا دەکەین برادەرە گیراوەکان بهێنن وە ئەیان نێرینە ئەو شوێنەی دیارتان کردووە، وە ئەگەر ئەمشەویش جێبەجێ نەبوو وا سبەی بەیانی ئەگەن چونکە ئەوان لە توژەڵە نین، لە خری ناوزەنگن تا ئەنێرین بێنە ئێرەوە هەر ئێستا ئاگاداریان ئەکەین.

هەر سەرکەوتووبن

نەوشیروان

١٩٨٠/٦/٢٩

ڕۆژی ٣/٣٠ ئەم بروسکەمان بۆ م.س پارت نارد:

من/ الاقلیم　　　　العدد/٨

الی/ م.س حدک　　　　التاریخ ٦/٣٠

رفاقکم البیشمرگه في ضیافتنا منذ البارحه اوضاهم جیده مساعینا مستمره لحل کافه المشاکل بضمنها الاسلحه.

ـ لە هەمان کات ئەو بروسکەمان بۆ هاوڕێیانی مەڵبەندی سلێمانی نارد:

من/١　　　　العدد/٩

الی/٢　　　　التاریخ ٦/٣٠

تم اطلاق سراح کافه موقوفي الطرفین و حالیا في ضیافتنا ١٥

پێشمەرگە مطلق السراح من حدک، العلاقات تسیر نحو الاحسن.

لەگەڵ چەند هاوڕێیەک چووینە سەردانی پێشمەرگەکانی پارتی، ڕێزی زۆرمان لێنان، دڵمان دانەوە، ئاگاداری هاوڕێیانی لقی شارباژێرمان کرد بایەخیان پێ بدەن، میوانداری گەرموگوڕیان بکەن، سەرو ڕیشیان بتاشرێت و خۆیان پاک بشۆن.

ڕۆژی ٧/١ هەر پێشمەرگەی ٥ دیناری پێدرا. سێ هاوڕێ ئامادەکرا کە لەگەڵیان بچێتە سەردەشت ئۆتۆمبێلیان بۆ بگرن و بیان نێرنەوە خانە - ڕاژان، بەم شێوەیە گەڕانەوە بۆ لای م.س پارت.

ئەم بروسکەیشمان بۆ ناردن:

من/م.اقلیم العدد/ ١٠

الی/ م.س حدک التاریخ ١٩٨٠/٧/١

غادر رفاقکم مقراتنا و عن طریق سردشت توجهوا لطرفکم یرجی اعلامنا حال وصولهم.

ـــ ڕۆژی ١٩٨٠/٧/٢ وەڵامی م.س حدکمان وەرگرتەوە. ئەمەش دەقەکەیەتی:

الحزب الدیمقراطي الکردستاني - العراق العدد/١٣٧٦

المکتب السیاسي التاریخ ٦/٣٠

قسم العلاقات

الرفاق الاعزاء اعضاء مکتب اقلیم کردستان

للحزب الشیوعي العراقي المحترمین

تحیه ثوریه

استلمنا رسالتكم المورخه في ١٩٨٠/٦/٢٨ مع الشكر، نثمن دوركم الوطني المشرف لتطويق و انهاء ظواهر حرب اقتتال الاخوه بين قواتنا و قوات (اوک)و نامل ان تثمر جهودکم الطیبه و جهود کافه الاطراف الوطنیه الکردستانیه و العراقیه و تتحقق اراده شعبنا في جبهه وطنیه واسعه لخدمه شعبنا بعربه و اکراده و سائر اقلیاته هذا. و قد اطلقنا سراح المسجونین المحسوبین علی (اوک).

استلمنا الادبیات و المطبوعات التي ارسلتموها مع التقدیر. سنعمل علی وصول رفاقکم المخصصه لي (گوستا) اما بصدد رفیقنا المسول علی المحطه فان تعلیماتنا تقضي بعدم الاتصال لاسلکیا عن طریق الحاکي. بل بالشفرات الموضوعه. و حین یجابه رفیقنا رفاقکم علی المحطات وهم یتکلمون قد یبدر منه التذمر. علی اي حال ان هذا لیس مشکله و نرجو ان یزول اي سوء فهم بین رفاقنا و رفاقکم علی المحطات. وحول حادثه دزلي فاننا نثمن اهتمامکم الرفاقي بوضع مجموعتنا هناک وقد اتصلنا بدورنا بقیاده حدکا یامل حل هذه المشکله بالتفاهم و نامل ان تثمر جهودنا جمیعا لحل هذه المشکله.

مع احر تمنیاتنا لکم بالانتصار و احترامنا الفائق

الحزب الدیمقراطي الکردستاني

م.س

لەناو هەمان پۆستە کاک عەلی عەبدوڵلا ئەم نامە تایبەتیەی بۆ ناردبووم.

برای بەرێزو خۆشەویستم کاکە فاتح سڵاوێکی برایانەی گەرم

هیوای سیحەت باشی و دڵنیایی و سەرکەوتنتانین، ئومێد دەکەین جهودی

هەموو لایەکمان بگاتە ئەنجامێکی باش، بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی لە عێراقدا. لەپێناوی بەرژەوەندی گەلی عێراق و میللەتە بەشخوراوەکمان.

زۆر سوپاستان ئەکەین لە بەردانی برادەرەکانمان. ئێمەش بە گەیشتنی بروسکەتان داوامان لە لقی/٢ کرد کە هەرسێ بەندکراوەکانی یەکێتی بەر بدەن. هەتا ئێستە بەر دراوون و دڵنیایین بۆئەوەی زەمینە چاکتر بێت بۆ جهودی پیرۆزتان لە پێناو لابەلا کردنی خلافات لە نێوان هێزەکانی کوردستان.

ئەزانین میللەت زۆربەی زۆری دژی شەڕی برا کوژیە. بێگومان لەناو یەکێتیشدا دڵسۆز زۆرە کە دژی شەڕی براکوژی بێت. باوەڕیش بکەن لە ناو ئێمە بە قەناعەتەوە دژی شەڕ ئەوەستین و هەردەم ظروف ملائمە کە هەنە ببێت و هەموو لایەک لوولەی تفەنگەکانی لە سنگی فاشیەکانی عێراقی بکەین. زۆر نارەزووی دیتنانین، ئومێد دەکەین سەر قاڵیتان کەمتر بێت و بتوانن سەرێکمان لێبدەن.

سڵاو و ئیحترامان بۆ خۆتان و هەموو برایانتان پێشکەش ئەکەین و برایانی ئێرە سڵاو و ڕێزیان هەیە بۆتان بە تایبەتی کاک مسعود.

ئیتر بە خواتان ئەسپێرین

زۆریش مەمنوون بووین کە بروسکەتان کردووە بۆ ئاگادار بوونی برادەرانتان لە جماعەتی ئێمە لە دژلی

برات: علی عبدالله

١٩٨٠/٦/٣٠

دوای کارکردنی زۆر ماندوو بوونی نزیک دوو مانگ، خۆشبەختانە گیروگرفتی پێشمەرگە گیراوەکانی پارت، بەردران و گەڕانەوە لای

سەرکردایەتیشیان. کەچی ئەمەی شوێنی داخە و لە یادم دەرناچێت، زۆری نەخایاند برادەرانی م.س یەک ئاگاداریان کردین م.س پارت لە بەڵێنی سێ بەرداتی بەندکراوەکەی نەوان پاشگەزبوونەتەوە. دوویان بەرداون، عبدالواحد باجەلانیان لە بەندیخانە هێشتۆتەوە. بەڕاستی ئەمەم بە هەڵوێستێکی چەوت و ناڕەوا وەرگرت. هەمیشە کە ڕێککەوتنێک لە نێوان هێزەکانی سیاسی یا چەند حیزبێک لەسەر کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش تەنانەت خاڵێکیش بێت کتوپڕ بەبێ هۆی ڕووداوی تازە، پەشیمانی یا پاشگەزبوونەوە لە بەڵێن و ڕێککەوتنەکە لە لایەکیان ڕوویدات، بەکارێکی یەکجار ناڕەوا و دڵگیرانە، لە مەیدانی پەیوەندی کاروباری سیاسی و نیشتمانی لەقەڵەم دەدرێ. جگە لەوە ئێمەی کورد بەوە ناسراوین کە لە پێشەماندا نیە لە بەڵێندان پەشیمان بینەوە.

* * *

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق داوای چی دەکات؟

ئێوارەی ١١/٦/١٩٨٠ کاک نەوشیروان مستەفا هاتە میوانیمان. بەو نیازە شەولامان بمێنێتەوە. پێشوازی گەرم و گوڕی لێکرا.

دوو قوڵی تا سەعات دووی بەیانی دانیشتین. دەمەتەقەو گفتوگۆ، ئاڵوگۆڕکردنی ڕاو بۆچوونی یەکتر لەسەر گشت ڕووداوەکان، سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری، ئەو گیروگرفت و کەندو کۆسپی هەموو نیشتمانپەروەران و جەماوەری پێوە مەشغوڵ بوو قسەی لەسەر کرا. نەوشیروان گوتی: (ئێمە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەتایبەتی کۆمەڵە، حشع بە نزیکترین دۆستی خۆمان دەزانین. خۆمان بە جێگری ئەو دانانێین. زۆرمان مەبەستە حشع لە هەندێ ڕووەوە یارمەتیمان بدات. دەمانەوێ پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیست و حیزبە کۆمۆنیستەکان پەیدا بکەین، دەرگای زانکۆو فێرگاکانی ئەو وڵاتانەمان بۆ بکرێنەوە، هەر ساڵە ژمارەیەک قوتابی لە زانکۆو فێرگاکان دەرسی مارکسیزم لینینیزمیان تێدا دەخوێندرێ وەربگیرێن بۆ ئەوەی پلەی زانیاری تیۆریمان بەرز بێتەوە. ئێمە هەموومان لاوین تەمەنمان کەمە، کەندو کۆسپ، هەورازو نشێوی ژیان یارمەتی نەداوین پلەی زانیاریمان، لێزانین و شارەزاییمان قوڵ و فرەوان بێت و لە پراکتیکدا

نازانین ژیانی سۆشیالیستی چۆنه؟. تەقەلا دەدەین خۆمان لە بیرو ڕای چەپگەری توندوتیژ ڕزگار بکەین. دژی بیرو ئایدیۆلۆژیای (ماو)ین پەیوەندیمان بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هەیە، لە کردەوەو هەڵوێستی هەرزەکارانەیان رازی نین. گەلی کورد، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، لە ناخۆشترین ژیان دەژین. لە هەموو مافی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی بێ بەشە. ئەرکێکی مێژوویی لە ئەستۆی حشع دایەو دەبێ ڕۆڵی خۆی ببینێ و زیاتر بایەخ بە مەسەلەی ڕەوای میللەتەکەمان بدات. بەڕای کۆمەڵە ئەگەر حشع بیەوێ دەتوانێ ئەم کارە پیرۆزە ئەنجام بدات. بە شانازیەوە ئامادەین لەژێر فەرمانی بەرەی دیموکراتی عێراق و بە ئامۆژگاری حشع زیاتر گەشە بە خەبات و تێکۆشانمان بدەین. حشع حزبێکە ٤٦ ساڵە لە قوربانیدا و تەقەلای سەختی هەمە جۆردایەو خاوەنی ئەزموون و تاقیکردنەوەی زۆرە. گەلێ لەسەرکردەکانی دەناسین، شوێنی ڕێزگرتن و ستایش و شکۆی ئێمەنە. بڕوامان هەیە کە حشع بەرگری باش لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەکات. هەموو حیزبەکانی تری وڵاتانی عەرەبی و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان پێوە لکێندراوە، بەرامبەر بە مەسەلەی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد ڕەگەزپەرستن و دژی مافە ڕەواکانی نەتەوایەتیمانن تا ئەو سنوورە دان بە هێندێ مافەکانی کورد دەنێن خزمەتی ستراتیژیاو ئایدیۆلۆژیاو بەرژەوەندی نەتەوەی گەورەو دەسەڵاتدار بکات.

زیاتر لە ۸۰ تەن چەکمان لەناو خاکی ئێران ماوە، کاربەدەستان پەلپو بیانوومان پێ دەگرن، چەکەکانیان خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. دەڵێن هێزێکی (ینک) لە شەڕی (پا. وە) پاسدارانی ئیسلامیان کوشتووە. حشع لەسەریەتی باش پارت هەڵبسەنگێنێ، ئەمانە پاش ماوەی سەرکردایەتی کۆنەپەرستەکەی بنەماڵەی بارزانین. تاکو ئێستا هەر بەردەوامن لە

پەیوەندییە گومان لێکراوەکانیان. ئەمانە دوژمنی ئێوەو ئێمەن!! دوژمنی کوردو گشت گەلی عێراقن هەر دەستیان بیێ و بۆیان بلوێ هەموو لایەکمان هەڵدەلووشن و نامانهێڵن!!

حشع و یەنک زۆر زوو لە یەکتری گەیشتن و توانیویانە شێوەی هاوکاری کردن و ئیشوکارەکان و خەبتی هاوبەش رێکبخەن، بەڕای من چەندە ئەم پەیوەندیە دوو قۆڵییەمان بەهێزترکەین باشترین ئەنجامی دەبێ و سەرکەوتنی بەدواوە دەبێ).

بە وردی و راشکاوی رێبازی سیاسی و ئامانجەکانی حشع/م بۆ باسکرد و رەخنەو نارەزاییم لەسەر شێوەی نووسین و بلاّوکراوەکانیان نیشاندا ئەو تەسقیف کردنەی کادرو ئەندامەکانی کۆمەڵەی پێ تەسقیف دەکرێت، دوورن لەو گۆتەو بۆچوونانەی ئێستەت. زۆربەی ئەو کتێب و نووسراوانەی ئەندامەکانتان دەیخوێننەوە هی نوسەرو چەپڕەوەکانی ماویستین!! لایەنگرەکانی کۆمەڵە لەگەلێ ناوچەدا هێرش دەکەنە سەر حشع و دەڵێن گۆیە سەرکردەکانی راستڕەو پیرو پەککەوتەن. هەڵەیەکی یەکجار گەورەیە پارتیتان بە دوژمنی سەرەکی خۆتان داناوە، ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستتان پشت گوێ خستووە، کێشە لەگەڵیاندا بە لاوەکی دادەنێن، راستە پەک کەموکوری زۆری بووە، لە داهاتووش‌دا دەبیێت بەلاّم تکایە بۆ نموونە هێزێکی سیاسی یا حیزبێکم بۆ دیاریکە تووشی چەندان لادان و هەڵەی زل زل و هەڵوێستی نارەوا نەهاتبێ!! پارتی هێزێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، لەناو کۆمەڵگای کوردیدا لایەنگرو چین و توێژ و گرووپی خۆیان هەیە، ئەو پرۆگرامو ئامانجانەی ساڵەها ساڵە خەباتی بۆ دەکەن و لە پێناویدا قوربانی دەدەن وەدەست نەهاتووە بۆیە پێویست دەکات چاوێک بە سەر گشت هەڵوێست و رێبازەکانتاندا بخشێنەوە.

دەربارەی دوو پێشنیارەکەت کە یارمەتی بدرێن پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیستی و حیزبە کۆمۆنیستەکان پەیدا کەن و دەرگای فێرگاکانیان بۆتان بکرێتەوە، دەتوانن داواکە بە نامەی تایبەت پێشکەشی کۆمیتەی مەرکەزی حزبمان بکەن. هەرچەندە خۆشم داواکەتان بەسەرکردایەتی حیزب ڕادەگەێنم؟ لە وەڵامدا کاک نەوشیروان گوتی:

(کۆمەڵەکەمان زۆربەی ڕاو بۆچوونەکانی لە ئێوە نزیکە تەنها یەک نەبێ ئێمە سوورین لەسەر کوشتن و نەهێشتنیان لە هەر ناوچەیەک بتوانین ڕایان دەماڵین و نایان هێڵین). پێم گوت لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە چەوتەتاندا خۆتان و نەتەوەی کورد دووچاری زیانی گەورەتر دەکەنەوە!!

لە سەرجەمی قسەکانی نەوشیروان دا هەستم کرد کە ئەمان کاتێک واز لە شەڕی براکوژی دەهێنن گەر وڵاتێکی سۆشیالیست یا جوڵانەوەی ئازادیخوازی فەلەستین (فتح) یا سوریا داوایان لێ بکات. دانیشتن و گفتوگۆکانمان برایانە بوو، بۆ بەیانی ڕۆژی دووەم ٦/١٢ گەڕایەوە بارەگاکەی خۆیان، ئەو کات سکرتێری یەکەمی یەنک لە دەرەوە بوو و نەوشیروان جێگری بوو.

دوای ١٠ ڕۆژ١٩٨٠/٦/٢٢ کاتژمێری هەشتونیوی بەیانی، کاک فەرەیدون عبدالقادر و کاک عومەری سەید عەلی، دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هاتنە لام، لەگەڵیان دانیشتم، باسی زۆر شت کرا کە بەردەوام مێشکی هەموومانی پێوە خەریک بوو بە تایبەتی قسەی زۆرمان لەسەر پێکهاتنی بەرەی دیموکراتی عێراق کردو ئەو تەگەرانەی لە بەردەوامیدان خراتە ڕوو لەسەر هەڵوێستی توندوتیژی یەنک بەرامبەر یەک وتوێژ کرا. ئاگاداریان کردم کە دوو نامەیان هێناوە، هەر دوو نامەکە لە لایەن ناوەندی کۆمەڵەیە، نامەیەکیان بۆ مەکتەبی هەرێمی حشع، ئەوی تریان بۆ کۆمیتەی مەرکەزی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت هەروەها

خستیانەوە یادم کە ماوەیەک پێش ئێمڕۆ هاوڕێ نەوشیروان ئەو مەسەلەی لەگەڵدا باس کردووم و گوتیان (دوو سێ مانگ پێش تۆش هەندێ هاوڕێیانی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە ئەم داخوازیەیان بەچەند هاوڕێیەکی ترتان ڕاگەیاندووە.بەڕاستی تا نەوشیروان ئەم داوایەی کۆمەڵەی لەگەڵدا باس نەکردبووم، نە لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی هەرێم و نە لە دەمی هاوڕێیانی تری ل.م ئەمەم نەبیستبوو. وا لێرەدە دەقی دوو نامەکە دەخەمە ڕوو:

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ژمارە/ف
ناوەند ڕۆژ ۲۱/حزیران/ ۱۹۸۰

بۆ/ حیزبی شیوعی عێراق - هەرێمی کوردستان

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

هاوڕێیانی بەڕێز لەبەر ڕۆشنایی هەندێ گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیانی هەرێمی کوردستاندا وا نامەیەکمان ئاراستەی هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی سۆڤیەتی دەربارە وەرگرتنی چەند کادرێکی کۆمەڵمان و پەیدا کردنی پەیوەندی و دۆستانە و یەکێتی تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لە کاتێکدا هیواداریین هاوکاری هاوڕێیانمان لەگەڵدا بکەن لە گەیاندنی ئەو نامەیەی لەگەڵ ئەو نووسراوە دایە بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی سۆڤیەتی هیواشمان وایە پشتگیری داواکەمان بکەن و کارێکی وا بکەن ئەو پەیوەندییە لە خزمەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار و جەماوەری گەلدا بەرەو گەشە کردنی هەمیشەیی بچێت

ئیتر بۆ پێشەوە

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (عێراق)

عصبە شغیلە کردستان (عراق) المرکز

ئیمزای نەوشیروان

١٩٨٠/٦/٢١

مۆری کۆمەڵە، درابوو بە چوار زمانیش ناوی کۆمەڵە ، نووسرا بوو، ئەمەش نامەی دووەمیانە بە زمانی عەرەبی:

عصبه شغیله کردستان - العراق	العدد/ق -س
المرکز	التاریخ١٩٨٠/٦/٢١

الی اللجنه المرکزیه للحزب الشیوعي السوفیتي الموقر

تحیه‌ثوریه مقرونه بالاحترام

ان عصبتنا عصبه شغیله کردستان العراق التي تناضل في کردستان العراق من اجل توفیر مستلزمات انتصار ثوره التحرر الوطني الدیمقراطي و ربطها بالثوره الاشتراکیه، ثوره شعب یعاني من الاضطهاد القومي و الطبقي و التخلف الاجتماعي اثر التقسیم الامبریالیه التي جرت في المنطقه و العالم و بسبب الواقع الذي فرضته الامبریالیه من التجزئه و التعبئه.

لقد شهد تاریخ حرکه التحرر الوطني في کردستان و التي اندلع لهیبها منذ مائه سنه انتکاسات عدیده و حالات خرجت الحرکه عن مسارها الموضوعي بسبب القیاده البرجوازیه و العشائریه الیمینیه، الا ان عصبتنا ناضلت منذ تاسیسها الی اعاده الحرکه الی جاده الصواب لتصبح جزا لا یتجزاء من الثوره الاشتراکیه العالمیه و تناهض الامبریالیه و

الرجعيه و مخططاتهما و حيث تناضل عصبتنا عن طريق استنهاض و تعبئه و اعداد و تنظيم جماهير العمال و الفلاحين و تلقيح حركتهما بالماركسيه ـ اللينينيه و بناء تنظيماتها على اساس هذه النظريه الثوريه و انها لتنظر الى الحزب الشيوعي السوفيتي الذي انجب لينين العظيم و فجر اعظم ثوره اشتراكيه في تاريخ البشريه جمعا خير معين في ذلك بخبراته و معاهده، عليه نعرض على مكتبكم السياسي الموقر مساءله قبول عدد من كوادرنا في المعاهد الماركسيه - اللينينيه المعده لمساعده شعوب الشرق التي تناضل ضد الامپرياليه و التبعيه و من اجل التحرر و الانعتاق و التقدم الاجتماعي.

آملين استحصال الموافقه اللازمه بذلك و التكرم باعلامنا النتيجه و ان تكون هذه البادره مفتاح الصداقه و التلاحم الكفاحي و شكرا.

كۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان-عێراق
عصبه شغيله كردستان-العراق- المركز
١٩٨٠/٦/٢١

مۆری کۆمەڵە، بە چوار زمانیش ناوەکە نووسرا بۆ.

دەقی هەردوو نامەکەم لەگەڵ راو بۆچوونی خۆمدا بۆ م.س حیزب نارد، بە هەموو قەناعەتەوە لەگەڵ یارمەتیدانیان دابووم پێشنیارم کرد کە چەند قوتابیەکیان بۆ زانکۆکانی ولاتانی سۆشیالیست و چەند کادریشیان بۆ فێرگاکانی مارکسی-لینینی مۆسکۆ و بولغاریا بنێردرێن. هەنگاوی راست و رەوایە، دەبێ وەک هەر حیزبێکی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز رەفتاریان لەگەڵدا بکەین. بەلام ئەوسا زۆربەی هەرە زۆری حیزبە کۆمۆنیستەکانی دونیا کە حشع/یش یەکێک بوو لەوان، لەسەر

ڕێبازی بیرۆکراتی و دۆگمای ستالینیزم دەڕۆیشتن، بۆ هەر وڵاتێک دەبوایە یەک حیزبی مارکسی - لینینی هەبێت، ئەویش ماوەو بلیتی کارکردنی لە مۆسکۆوە پێبدرێت!! لە هیچ کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی حیزب و نە لە هیچ چاوپێکەوتنێکدا لە کدولەی تەرپشدا ناوی ئەم دوو نامەو داوایانەی کۆمەڵەم نەبیستەوە، دوو سێ جاریش پرسیارم کرد، وەرام نەبوو!.

* * *

دوو یەکتر بینین و نامەیەک

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٠/٦/٢٣ سێ ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی ئیشتراکی عەرەبی عێراق کە بۆ سەردانی کوردستان هاتبوون گەیشتنە لامان و بەگەرمی پێشوازیمان کردن لە دانیشتنێکدا کەوتنە قسەکردن و گوتیان: (لە ڕاژان ڕۆژی ٦/١٠ لەگەڵ کاک مسعود بارزانی و ئەندامانی م.س پدک کۆبووینەوەو باسی باری عێراق، کوردستان و شەڕی براکوژی، دامەزراندنی بەرەی دیموکراتی نیشتمانی عێراقی کرا. کاک مسعود بارزانی گوتی: (ئامادەم لەگەڵ جەلال تاڵەبانی دا دانیشم بۆ چارەکردنی گشت ناکۆکییەکانی لە نێوانماندا هەیە. هەموو هێزو تواناى خۆشمان ڕێکبخەین و لەیەک سەنگەردا دژی ڕژێمی فاشیستی عێراق بوەستین...) کە گەیشتینە ئەم ناوچەیە هەمان باس لەگەڵ برادەرانی حسیک/یش کرابوەو ئەمانیش هەمان هەڵوێستی پدک/یان هەبوو. بەلأم برادەرانی سەرکردایەتی ینک زۆر توندو تیژن بە تایبەت بەرامبەر پدک، ڕای خۆمان دەربارەی سەرجەمی بارەکە خستە پێشیان و ڕەخنەمان لە هەڵوێستی ناڕەوا و کالیان گرت و دەمە تەقەی زۆرمان بوو لە ئەنجامدا گوتیان ینک ئامادەیە لەگەڵ پارتی هودنە بکات بەمەرجێک پدک بەم هەنگاوانەی هەڵسێت:

١- پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ هەموو وڵاتانی کۆنەپەرست بپرن.

٢- چوارساڵ بە چالاکی و شەڕی پارتیزانی هەڵنەستاون، پێویستە دژی ڕژێمی عێراق بجەنگێن.

٣- کوشتنی سیاسی تاوانبار کەن.

٤- دەست لە ئیشوکاری کوردستانی ئێران وەرنەدەن چیتر دژایەتی کوردی ئێران نەکەن.

نەوشیروان گوتی(ئەگەر یەک بەم هەنگاوانە هەڵنەستێت هەتا ئەگەر هەموو کوردستانی عێراق لەگەڵیاندا ڕێککەون، ئێمە دژایەتیان دەکەین.) خۆشحاڵی و ڕەزامەندی خۆیان بەرامبەر هەڵوێست و چالاکی حشع نیشاندا. شەو گەڕاینەوە لای بەعسیەکانی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق.

* دوای نیوەڕۆی ٦/٢٥ لێپرسراوی بەعسیەکان- هەرێمی عێراق هاتە سەردانمان ئاگاداریان کردین کە لە دمشقەوە نامەیان پێگەیشتووە، بۆیان نووسیبوی کە حسیک بووە بە ئەندام لە کۆمیتەی ئامادەکردنی بەرەی نەتەوایەتی عێراق و گۆڕان لە هەڵوێستی یەک هەیە. ئامادەنە ئاگریەس (هودنە) بکەن بە مەرجێک پارتی ڕێگا لە چوونی پێشمەرگەکانی یەک بۆ مەڵبەندی بادینان نەگرێت وە گوتی: (وا هەست دەکەم کە ابو شلال(١) نامەی دەربارەی هەڵوێستی تازەیانی بۆ هەڤالانی خۆی نارد بێ) جاداوای پێشنیارو ڕای ئێمەیان کرد بۆ پشتگیری و پێشخستنی ئەم هەنگاوە تازەیەی هاتۆتە کایە، ڕای خۆمان بۆ ڕوون کردەنەوە کە بریتی بوو لە:

١- شەڕی براکوژی ڕابگیرێت.

٢- شالاوی ڕاگەیاندن و بلاوکردنەوەو لەیەک سرواندن ڕابگیرێت.

---

(١) زۆربەی سەرکردەکانی حیزبە نەتەوایەتیەکانی عەرەب ناوی جەلال تاڵەبانی بە ابو شلال دەهێنن.

٣- هەردوو لایان بەندیەکانی لایان ئازاد بکەن.

٤- کوردستان: هەموو ناوچەکانی کراوە بێت بۆ هەموو هێزو گروپ و حیزبەکان بە سەرفرازی کاری حیزبایەتی و سیاسی و چالاکی پێشمەرگایەتی دژ بە رژێمی فاشی بکەن.

٥- دەست بە وتوێژکردن بکرێت لە نێوان سەرکردایەتی هەردوو لایەن یەک و یەک.

لە کۆتاییدا ئاگاداری کردین بەم زووانە دەگەڕێتەوە دمشق گەر کارێکمان هەبێت.

* رۆژی ٦/٣٠ ئەم نامەیەی برادەرانی سەرکردایەتی حسیک/مان پێگەیشت. دەقی نامەکە:

بۆ برای بەرێزو خۆشەویست کاک فاتح رسول

سلاوێکی شۆرشگێرانە

هیواداریین سیحەتتان باش بێت و سەرکەوتووبن لە خەباتدا بۆ خزمەتی کێشەی ڕەوای میللەتە ژێر دەستەکەمان و هەموو هەژاران.

برای بەرێز، حەزمان کرد بەرێزتان ئاگادار بن کە لەم دوایە وەفدێکی حزبمان لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دەعوەت کرا بوو بۆ لێدوان لە پەیوەندی دوو قۆلی و گیروگرفتەکانی کە هەیە لەسەر ساحەکەدا، لە ئەنجامی گفتوگۆ هەندێک سەرکەوتن بەدەست هاتووە لە علاقاتدا وە پێشنیاری کۆبوونەوەی ٣سێ قۆلی نێوان حزبی شیوعی و پارتی و حزبی سۆسیالیست‌یان کردووە. مکنە بەرێزتان ئاگادار کرابن.

هەروەهارۆژی ١٩٨٠/٦/٢٠ نوسراوێکی حزبی بعث مان بۆ هاتووە کە تێدا نارەحەتی و هەراسانیان دەربڕیوە لەسەر شەڕی براکوژی نێوان یەکێتی و قیادەی موەقەتە (پارتی) و داوای یارمەتی و هاوکاری ئێمە

هەموو لایەنە سیاسیەکانی عیراقی و کوردستانی کردووە. ئێمەش لە وەلأمدا پێشنیارمان بۆیان کردووە کە داوای کۆبوونەوەیەکی تایبەتی هەموو هێزە نیشتمانیەکان بکەن بۆ دراسەتی ئەم مەوزوعەو چۆنیەتی بەربەست کردنی و نەهێشتنی ئەو شەڕە، ئیتر نازانین ئەوان پەسندی دەکەن یان نا !بەلأم بەلای ئێمەوە ئەگەر ئەو پێشنیارە پەسند بکەن دەرفەتێکی باش دەبێت کە هەموو لایەک پێکەوە هەڵوێستێک وەربگرن خزمەت بە مەسەلەکە بکات و چارسەرێکی ئەوتۆ بدۆزیتەوە کە لەگەڵ خواستی جەماوەر بگونجێ، تکایە ئێمەش لە وەزعی لای خۆتان و تطوراتی تازە ئاگادارمان بکەنەوە.

دووبارە حورمەت

برای دڵسۆزتان: رسول مامەند

١٩٨٠/٦/٢٩

بەم نامەی خوارەوە وەلأمان دانەوە:

تۆژەڵە ٧/١

برای بەرێزم کاک رەسول

دوای پێشکەشکردنی سلأوی گەرم و رێزگرتنمان هیواداریـن سەرکەوتووبن. سلأومان بۆ گشت هاوڕێیانتان بە تایبەتی برادەرانی سەرکردایەتیتان هەیە.

نامەکەتان هی رۆژی ٦/٢٩ گەیشتە دەستمان زۆر سوپاس. پێشەکی بە بۆنەی ئەوەی کە حزبەکەتان بوو بە ئەندام لە کۆمیتەی رێکخستن (هیئە التنسیق) پیرۆزبایی گەرموگوڕتان پێشکەش دەکەین. ئاواتە خوازین بەم زووانەش بەرەی دیموکراتی نیشتمانی عیراقی بەرفراوان پێکبهێندرێ کە مەبەست و خواست و داوای هەموو لایەکمانە بێتە دی.

وەکو ئاگادارن دوای هەوڵو تەقەلاو ماندوو بوونی زۆر ١٥ پێشمەرگە گیراوی پدک لـه لایەن یەنک بەردران و گەڕانەوە بۆ خانەو ڕاژان. بە بروسکە پدک ئاگاداریان کردین کە ئەوانیش گیراوەکانی یەنک/یان بەرداوە. بەداخەوە لەم ڕۆژانە تێکهەڵچوونێکی ناخۆش نێوان حدکا و پدک لە ناوچەی هەورامان، گوندی دزڵی ڕوویداوە. پێشمەرگەکانی حدکا هێرشیان بردۆتە سەر ٢٧ پێشمەرگەی پارت دەستگیریان کردوون و چەکەکانیان لێ ساندوون. هەنکە هەر ٢٧یان لە لای دیموکرات زیندانینە.

دەمانەوێ ئاگادارتان بکەین کە مەفرەزەیەکی ئێوە لە لقی عەولا بۆر لە ژێر فەرماندەی عبدالواحد ناوێک پێشمەرگەیەکی ئێمە ناوی طه خدره بە دلێر ناسرا بوو، بە بێ تاوان کوشتوویانە و چەکەکەیان بردووە، داوا دەکەین لێژنەیەکی تۆژینەوە لە نوێنەرانی هەردوولامان پێک بێت تا بزانین هۆی ئەم تاوانە چیە؟.

وا هێندێ ئەدەبیات و بلاوکراوەی تازەمان بۆ ناردن، لەگەڵ ئەوپەڕی رێزمان

هەر سەرکەوتوو بن

لەجیاتی م.هەرێم: فاتح
١٩٨٠/٧/١

زوو زانـدرا کـه ئـامێر مـەفـرەزەکـه و چـەند چـەکدارێکی لـه کـۆنەوە گومانـیان لـەسـەر هەبوو، دوای تـاوانـەکەیان گـەڕانەوە بـاوەشی ڕژێمی فاشیدا.

* * *

ڕووداوێک لە گوندی دزڵی

لە پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ڕۆژی ١٩٨٠/٦/٢٠ بروسکەیەکمان لە هاوڕێیانی (هێزتا) مەڵبەندی سلێمانی پێگەیشت، ئاگاداریان کردین کە هێزێکی پێشمەرگەی حدکا هێرشی بردووتە سەر هێزێکی یەدک لە دزڵی، ٢٧ پێشمەرگەی پارتییان بەدیل گرتووە لای خۆیان زیندانیان کردوون ئەم ڕووداوەش نموونەیەکی ترە لە کێشەو ناکۆکی و دووبەرەکی و تێکهەڵچوونی نێوان هێزە نەتەوەیەکانی کوردستان.

نە لە عێراق و نە لە ئێران شاردراوە نیە کە هەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، یەدک بوو بە ویرای پاسدارو ئەرتەشی ئیسلامی. دەستی هاویشتە ناو هەندێ ئیشوکاری کوردستانی ئێران و پشتی هێزەکانی چەکداری کۆماری ئیسلامی دەگرت. بەلاّم گەلێک ڕاست و ڕەوا و هۆشمەندانە دەبوو گەر سەرکردایەتی حدکا پشوی گەلێ درێژ با و بەم کارە هەڵنەستابان، پەندو دەرس و سوودیان لە هەموو ئەم بەسەرهات و ئەزموون و تاقیکردنەوە تاڵ و سوورانە وەرگرتبا کە ئەمە سەد ساڵێکە چەندان جار بەسەر نەتەوەکەمان دا تێپەر بووە بە تایبەت کارەساتەکانی ئەم ساڵانەی دوایی دوچاری کوردستانی بە زۆر بە عێراق لکاندراو داهات. دیسان کەوتینەوەبیرکردنەوەو دەرسکردنی ئەم برین و کەلەبەرە تازەیەی کەوتە ناو جەستەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەکەمان. چۆن و بەچ ڕێگایەک چارەی بۆ بدۆزرێتەوەو تەشەنە

نەکات.

لەو نامەیەی چەند ڕۆژ لەمەو بەر بۆ م.س پارتیمان ناردبوو، باسی ئەم ڕووداوەی دزلَیمان کردبوو. م.س پدک ڕۆژی ١٩٨٠/٦/٣٠ لە وەلامیان بۆ ئێمە بە کورتی باسی ڕووداوەکە دەکەن، دەقی وەلامەکەیان و نامەی کاک عەلی عبدوڵلا سکرتێری گشتی پارتی لە بەشی گیراوەکانی پدک لە ڕوست و گرتک بلاوکراوەتەوە. هەر لەم کاتە ناهەموارەدا هێزی پێشمەرگەی حشع لە ناوچەی هەوراماندا کەوتبوونە ژێر تەشقەڵە پێکردنی پاسدارەکانی ئیسلامی پەلپو بیانوویان پێدەگرن، بە پاڵەپەستۆو ئابلوقەدان، ماوەی رەوتی ژیانیان تەسک کردبووە، هێڵێکی توندی سانسۆریان بە دەورەدا دروست کردبوو. هەتا ماوەی ئەوەیان پێ نەدەدان بە پارە و پولی خۆیان ئازوقە و پێویستی گوزەرانکردنیان بەدەست کەوێت، لەم بارودۆخەدا ئەم برووسکەیان پێگەیشت:

من/٢	العدد١٢
الی/١	التاریخ. ٧/٢

بالنظر لصعوبه ظروفنا و الوضع المعروف لدیکم بمنطقتنا قرر بعد الدراسات المستضیقه ان راینا هو نقل القوه/٢ الی طرفکم. اعلمونا رجاء

لە هەمان ڕۆژ ئەم بروسکەیمان لە پدک پێگەیشت:

من/ حدک

الی/ حشع	التاریخ ١٩٨٠/٧/٢

منذ اسابیع و ٢٤ من پیشمەرگتنا موقوفین لدی حدک ایران، دون سبب و تفید معلوماتنا بانه في نیتهم تسلیمهم الی العراق و هذا خطر علیهم و علی علاقاتنا معهم. یرجی تدخلکم لدی مکتبکم السیاسی

لاطلاق سراحهم خلال اسبوع، و عكسه سنكون احرار في اتخاذ الاجرآت اللازمه لا تقاذهم دون تحملنا ايه مسوليه من نتيجه هذا الموقف. انبونا رجاء؟

ناوەڕۆکی بروسکەکە (انبونا رجاء هەرشەو گورەشەی کەمی بۆ حدکا تێدا هەبوو) لە نێوان حیزب و هێزەکانی کوردستانی کە داوای نیشتمانپەری و پێشکەوتنخوازی دەکەن قسە بۆ یەکدی فڕێدان بەم شێوەیە هەرەشە لە یەکتر کردن کاری یەکجار چەوتە و پەسند ناکرێت. خۆزیا بزاندرایە تاکەی ئەم پیشە نارەوایانە لەناو هێزەکانی کوردستانیدا بەردەوام دەبێت و هەر دەمێنێتە؟

بەم بروسکەیە وەڵامی پدک/مان دایەوە

من/ حشع

الى/ م.س حدك التاريخ ٧/٢١

غدا نرسل رسالة مع الرفيق الي م.س حدكا حول الموضوع و نقترح عليهم و نطالبهم باطلاق سراح رفاقكم و سوف نرسل جوابهم فيما بعد اليكم.

لە هەمان ڕۆژ و کات ئەم بروسکەیەمان بۆ هاوڕێیان، پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سلێمانی نارد:

من/١

الى/٢ التاريخ ٧/٢١

١- برجي التريث مع اتخاذ كافه الاحتياطات الضروريه.

٢- اخبرونا رجاء علاقتكم مع مسلحي حدكا

٣- عدد جماعه ملا عارف هل هم مسلحون ام لا؟

٤- مارايكم فيها اذا حاولنا بتدبير شراء المواد الغذائيه اليكم عن طريق م.س حدك من مريوان او نەوسود.

٥- ننتظر عوده الرفاق من الخارج قريبا
اعلمونا رجاء

بەپەلەش نامەیەکی دوورو درێژمان بۆ نووسین، داوامان لێکردن هۆشیاربن و خۆ لە شەڕ فرۆشتنی پاسداران دووربخەن. لە بەرژەوەندی ئێمەدا نیە تووشی شەڕی پاسداران بین. کارێکی باش دەبێ شوێنێکی‌تر ڕەچاو بکەن.

ڕۆژی ٧/٢٢ بەدەستی هاوڕێ محمود فقێ خدری قەلادزەیی ئەم نامەیەمان بۆ م.س حدکا نارد، دەقی نامەکە:

حزبی شیوعی عێراق
مەکتەبی هەرێمی کوردستان   مێژوو:٢٢/٧/١٩٨٠

بۆ برایانی بەڕێزی م.س حدکا

دوای پێشکەشکردنی سڵاوو ڕێز گرتنمان... هەردەم داوای سەرکەوتن و پێشکەوتنتان بۆ دەکەین لە ڕێگای خزمەتکردنی گەلی کوردمان لە ئێران و گشت جولانەوەی شۆڕشگێڕی و دیموکراتی و مافە ڕەواکانی هەموو گەلەکانی ئێران. هەروەها هیواداریین کە گشتمان خزمەتی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و گشت جولانەوەی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی بکەین لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەرمان.

بەڕاستی ئێمە هەردەم زۆر دڵگیرو نارەحەت دەبین و لامان ڕووداوێکی زۆر قورسە کە دەبینین ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان هێزە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردمان دەگاتە ڕادەیەکی قووڵ و ناڵەبار هەتا هێندێ جار دەگاتە بەکارهێنانی چەک بۆ لەناوبردن و دامرکاندنی یەکتری. مێژووی خەباتی سەخت و خوێناوی دوورودرێژی گەلی کوردمان

پڕە لە تاقیکردنەوەی تاڵ. پێویست بەوە دەکات هەموو لایەکمان سوودی لێوەرگرین و دەرسی لێ فێربین لە خەبات کردنی ئێستاو داهاتووماندا. گەلێ ڕووداوو کردەوە هەیە وا دەگەیەنێ کە بەهیچ جۆرێک سوود وەرنەگیرا بێت لەم هەموو قوربانیدان و زیانە زۆرانەی بە ئەستۆی گەلەکەمان کەوتووە لە ماوەی مێژووی دوورودرێژی!

برایانی بەرێز: لەم دواییەدا هاوڕێیانمان ئاگاداریان کردین کەلە ناوچەی هەورامان ۲۷ پێشمەرگەی حدک لەلای پێشمەرگەکانی ئێوە بەندکراون. بەرای ئێمە هەرچەند ڕاو هەڵوێست و تێبینی هەمجۆر هەبەو دەبێت لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا بەرامبەر بە گەلێ مەسائیل و ناکۆکییەکان نە ڕاستەو نە ڕەوایە بگاتە ڕادەی قوڵ بوونەوەی کێشەو کردەوە دژ بەیەکتری و نابێ بە هیچ شێوەیەک دوژمنە سەرەکییەکانمان لە بیر بکرێن و کێشە بگاتە دەست لە یەخەنانی یەکتری کە دوژمنەکانی گەلەکەمان لەم ناوەیەدا بکەونە گوشادی و سەیرکردن. جا ئێمە تکای برایەتیتان لێدەکەین و بە ناوی هەستی نیشتمانی و نەتەوایەتی داواتان لێدەکەین کە ئەم گیراوانەی حدک کەلاتانن بەریان بدەن و ماوە نەدەن بە هیچ جۆرێک ناکۆکییەکانی نێوان هێزەکانی کوردستانی زیاتر تەشەنە بکات، با هەموو لایەک پلەی دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمانەکەی و هەستکردن بە مەسئولیەتی مێژووی زیاتر بەرز بێتەوە. دوورتر سەیری ڕێبازو دوارۆژی ئەنجامی خەبات و تەقەلاکانی گەلی کورد و گشت بزووتنەوە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی بکات لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا.

دووبارە هیواداریین کە داواکەمان بە ئیجابی وەڵامی بدرێتەوە و بڕیاری بەردانی گیراوەکانی حدک بدەن. هەردەم لە خەباتکردن داین لە ڕێگای وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردمان و گشت گەلەکانیتر،

چاوەڕوانی وەڵامتانین.

هەربژین

مەکتەبی هەرێمی کوردستان
حزبی شیوعی عیراق
۱۹۸۰/۷/۲۲

لە ڕۆژی ۷/۲٦ سکرتێری هەرێم/حشع و ئەندامێکی ل.م دوای ئەوەی نزیکی ۳ مانگ بوو بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی مەرکەزی ڕۆیشتبوون گەیشتنەوە لامان. جا لەمەودوا شێوەی ئیشکردنی مەکتەبی هەرێم و بەڕێوەبردنی هەموو ئیشوکارەکان دەگەڕێتەوە دۆخی پێشووی.
ڕۆژی ۷/۷۲ هاوڕێ محمود فەقێ خدر لە مەهاباد گەڕایەوە. ئاگاداری کردین (کە نامەکەی بە د.قاسملو دابوو) د.قاسملو و ئەندامانی دەفتەری سیاسی حدکا ڕەخنەو نارەزایی زۆریان لەسەر کردەوەی چەکدارەکانی پدک لەناوچەی دۆڵی دەربڕیبوو. لەسەر داوای ئێمە بەڵێنیاندا گیراوەکانی پدک بەردەن داواشمان لێدەکەن کە داوا لە پدک بکەین کادرێکیان لە ناوچەکە هەیە ناوی مەلا عومەرە، دووری بخەنەوە لە دۆڵی بە هۆی ئەوەی مرۆڤێکی خراپە و گومان لێکراوە.

بڕیارمان وەرگرت ئەم بروسکەیە بۆ م.س پارت بنێرین:

من/ حشع العدد ١٤
الی/ حدک
١- فاتحنا حدکا بموضوع جماعە ملا عمر.
٢- ان حدکا ابدو شکوکهم تجاه ملا عمر و ذلک بسبب المشاکل

التى تخلف لهم.

٣- عليه ابدوا استعدادهم لاطلاق سراح الجماعه مع اعاده اسلحتهم، على شرط ترک المنطقه تلک.

٤- ابدوا استعدادهم للتعاون مع نادر هورامي و ملا قادر.

٥- يبدون استعدادهم لتنفيذ هذا القرار عن طريق جماعتنا.

رجاءً اخبرونا بمواقفكم على ماسبق او عدمه.

بۆ ڕۆژی دووەم ٧/٢٨ م.س پارتی ئەم وەڵامەی بۆ ناردینەوە:

الى/ حشع — العدد

من/ حدک — التاريخ ٧/٢٨

ليس لقواتنا اي وجود في دزلي غير بعض العوائل و سنحاول نقل تلک العوائل في دزلي ايضا في اقرب فرصة. يرجى اعلام حدكا بقرارنا هذا و بذل مساعيكم المشكوره لاطلاق سراح جماعتنا مع اسلحتهم باسرع وقت ممكن انبونا.

مەکتەبی هەرێم دەرسی وەڵامەکەی پدک/ی کرد بڕیارمان وەرگرت نامەیەکی تر بۆ سەرکردایەتی حدکا بنێرین. دەقی نامەکە:

مەکتەبی هەرێم — ١٩٨٠/٧/٢٩

برای بەڕێزو خۆشەویست د. عبدالرحمن قاسملو

دوای پێشکەشکردنی سلاوی شۆڕشگێڕانە

خۆشی و بەختیاریتان هەردەم داوایە. دەمێکە ئارەزووی سەردان و چاوپێکەوتنی ئێوەمان هەیە. لەم ڕۆژانە هاوڕێ مەلا عەبدوڵلا گەڕایەوە.

زۆر زۆر سلاّوو ڕێزگرتنی هەیە بۆتان، چاوەنۆڕی هاوڕێیانی تریش ئەکەین. ئومێدەوارین کە بەم زووانە هەلمان بۆ ڕێک کەوێت و بێنە سەردانتان.

بۆ مەسەلەی گیراوەکانی حدک ئاگاداری مەکتەبی سیاسییانمان کردووە، بە هەلّوێست و ڕای ئێوە بەرامبەر بە گیراوەکانیان زۆر ئیرتیاحیان نیشاندا بەرامبەر بە هەلّوێستی ئیجابی ئێوە و ئاگاداریان کردین کە پێتان ڕابگەیەنین کە بەس چەند خێزانێکتان لە دزلّی هەیە ئەمانیش بەم زووانە دوور دەخەنەوە جا وا هاوڕێ محمود/مان ناردەوە بۆ لای بەڕێزتان تکامان ئەوەیە کە گیراوەکانی پدک بەربدەن و بیاننێرنە لای هاوڕێیانی ئێمە لە هیرتا تا وەکو لە ونشەوە بڕۆن بۆ ئەم جێگایەی لەلایەن سەرکردەکانیانەوە بۆیان دیار کراوە.

دووبارە سلاّوڕێزگرتن بۆ ئێوەو گشت برایانی دەفتەری سیاسیتان

هەردەم خۆشیتان

مەکتەبی هەرێمی کوردستان

حیزبی شیوعی عێراق

دوای چوار ڕۆژ هاوڕێ محمود لە مەهاباد گەڕایەوە لامان ئاگاداری کردین کە(چاوی بە د.قاسملو کەوتبوو، دکتۆر و برادەرانی دەفتەری سیاسی یەکسەر بڕیاری بەردانی گشت گیراوەکانی پارتیاندا و بروسکەیان بۆ سەرگورد عەباسی لێدا کە گیراوەکان تەسلیم بە ئێمە بکات، تکاش دەکەن کە مەکتەبی هەرێم داوا لە پارت بکات گیراوێکی حدکا لەلای پدک ناوی (عیزەدینە) بەری بدەن.

پێشمەرگەی خۆیان وەگەردام و چووین بۆ گوندی (   ) پێشمەرگەکانی پدک/م وەرگرت، یەکسەر ئوتۆمبێلم گرت هەموویانم

گەیاندە گوندی شیناوێ نزیکی خانە، تەسلیم بە لێپرسراوی لقی دوویان خورشید شێرەم کرد. ئاگاداری کاک خورشیدم کرد کە چەکەکانیان ئەدەن بە هاوڕێیانی ئێمە لە هێرتا، بۆتانی دەگێڕینەوە، داواشم لێکرد کە گیراوێکی حدکا ناوی عیزەدینە لای ئەوان گیراوە بەری بدەن، خورشید شێرە بەڵێنیدا گوتی چاوەڕوان بکە بروسکە بۆ م.س دەکەم تا عیزەدین لەگەڵ خۆت بۆحدکا بەریەوە دوای شەوڕۆژێک چاوەنۆڕ کردن خورشید گوتی وەڵامی م.س گەڕایەوە دەڵێن ئەم عیزەدینە بەرنادەین بەهۆی ئەوەی کەلوپەلی پارتی خواردووە). پارچە کاغەزێکی بچووکی پێدام، ئەمەش دەقەکەیەتی):

پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق
لقی/٢
ئەم ٢١ نەفەرەمان لە کاک محمود حاجی فەقێ خدر نوێنەری حشع وەرگرت کە لەلایەن حزبی دیموکراتەوە گیرابوون و بەرەڵلاکراون
پارتی دیموکراتی کوردستان
١٩٨٠/٨/١

بەم شێوەیە جارێکی تریش پێشمەرگەی کورد، گیراوەکانی پدک لە بەندیخانەی پێشمەرگەی کورد رزگار کران، هاوڕێ محمود بەراوردێکی رێکوپێک و بابەتیانەی نێوان هەڵوێستی دەفتەری سیاسی حدکا و سەرکردایەتی پدک خستە پێشمان، لە هەڵوێستی توندو تیژی برادەرانی پدک پەست و ناڕازی بوو،
مەکتەبی هەرێم گەلێ ناڕازی بوو لەسەر ئەوەی کە م.س/ی پارت گوێی نەدا بە تکاو داوای ئێمە، عیزەدینی بەرنەدا.

له ڕۆژی ١٩٨٠/٨/٤ ئەم بروسکەی پارتیمان پێگەیشت:

من/ حدک — العدد١٦

الی/ حشع — التاریخ ٨/٤

حاتم ناوێک لێپرسراوی عەسکەری حدکایە لە منطقەی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ(١) تازە لە عێراق گەڕاوەتەوە بۆ ڕژێمی تکریتی ئیش دەکات ئەیەوێ بنایەی عیلاقەی ئێمە و حدکا تێک بدات. شەوی ڕابوردوو قصفی مقری ئێمەی کردووە لە گوندی کانی شێن کوژراو گەلێ بریندار لە ئێمە هەیە لەگەڵ چەند ئەسیرێکە لەوان وەلە ئەحالی. تکایە م.س حدکا ئاگادار بکەن ئەگەر حاتم لێرە سحب نەکەن، عیلاقاتی ئێمەو خۆیان ناکەین. ئەوکات بە ناچاری دفاع لە خۆمان ئەکەین و ئەوان تەحملی مسئولیەت دەکەن بەرامبەر بە مێژوو، وەلاّم..

دەرسی بروسکەکەو هەندێ ڕووداومان کرد، دیمان شێوەی نووسینی توندە و هەڕەشەی تێدایە، مەکتەبی هەرێم بینی ئەم هەڵوێستانەی پدک یارمەتی هەوڵ و تەقەلاکانمان بۆ چارەکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حیزب و گروپە کوردستانییەکان نادات، زۆربەی ڕەنجمان بە فیڕۆ دەڕوات. بۆیە بڕیارماندا لەسەودوا لەم غارغارێنە لەو بنکە بۆ ئەوی تر کەمێک بوەستین، بزانین ئەم کەشمە کەشەی نێوان ئەم هێزانە بەچی دەگات؟

*   *   *

(١) مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ: ناوچەیەکە لە باکوری ڕۆژئاوای کوردستانی ئێران کەوتۆتە نێوان شاری ئورمیەو سەلماس خێلی شکاک تێدا دەژین.

هێرش و پەلاماردانەکانی ڕژێمی عێراق

لەسەرەتای مانگی تەمووز دەنگێکی زۆر هەبوو کە ڕژێم نیازی خراپی هەیە، هێزێکی گەورەی لە جاش و سوپا هێناوەتە قەڵادزێ و دەیەوێ هێرش بکاتە سەر شاخی مامەندە و هەموو ناوچەکە. بیرکردنەوەو لێکدانەوەی گشت حیزب و هێزەکان و پێشمەرگەکان بەوە خەریک بوو چۆن داکۆکی بکرێت پیلان و هێرشی دوژمن تێک بشکێندرێ؟ ئەوەبوو کاتژمێری نۆو چل دەقیقە ڕۆژی ١٩٨٠/٧/٩ پێنج فڕۆکەی جەنگی ڕژێمی عێراق ناوچەکەیان بۆردوومان کرد. لە ڕووبەرێکی زیاتر لە ١٠ کیلۆمەتردا لە گوندی بێدەلان(١) وە تا گوندی کانی زەرد لە ماوەی ٢٠ دەقیقە ٣ جار ناوچەکەیان ئاگر باران کرد، ژمارەی فڕۆکە هێرشکەرەکان بوو بە ٩. زیانی گیانی و سامان و دارایی زۆریان گەیاند، چوار کەس شەهید و ١٦ بریندار. دامودەزگای ڕاگەیاندنی یەک خاپور کرا، فرۆشگاکەی ناوزەنگ کە بازاڕێکی یەکجار گەرمی کڕین و فرۆشتنی قاچاغچییەتی عێراق و ئێران بوو سوتێندرا، ٣٦ سەعات مەشخەڵی ئاگری فرۆشگاکە بەری ئاسمانی گرتبوو شتومەکی یەکجار نایاب و بە نرخ کەوتە بەر لرفەی ئاگرەکە ئەو زەرەرو زیانەی لە خەڵکەکە کەوت بە

(١) دوایەمین گوندە لە کوردستانی عێراق. بەتەک گوندی گۆڕەشێری کوردستانی ئێرانەوەیە، بەرامبەر گوندی شێنێ و سونێ هەڵکەوتووە.

. ۱۵ هەزار دینار<۲> زیاتر قرساندرا. باری ناوچەکە یەکجار شڵەژا و ئاڵۆز بوو بە چرکە گۆڕانکاری بەسەر شێوەی ژیاندا هات.

یەکسەر پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی یەنک و حسیک بەهێز کرا، بە نامەی تایبەت و بە پەلە چەند پێشنیارێکمان پێشکەش بە برادەرانی سەرکردایەتی یەنک کردو لەسەر گشتیان ڕێککەوتین، ئێوارە کە دوای کاتژمێر ٦، لە سەرووی دۆڵەکەی تروژەڵە دوو شەهیدەکەی یەنک/مان بەخاک سپارد، بریندارەکانیش بۆ سەردەشت ڕەوانە کران. وا دەقی ئەم نانامە پێشکەش دەکەم کە ئەوساکە ئاڵوگۆڕیان پێکرا لە نێوان هەرسێ حیزبدا، حشع، یەنک، حسیک.

۱۹۸۰/۷۹

بۆ برایانی بەڕێزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

دوای پێشکەشکردنی سڵاوی شۆڕشگێڕانە

ئەم هێرشە کتوپڕە چانەوەرانەی کرایە سەرمان دەبێ زیاتر پاڵمان پێوە بنێت سوورتر بین لە خەباتکردنی سەختی خۆمان. پێشەکی گشت کەموکورتی و ئەو کەلەبەرانەی لە نێواندا هەنە چارەیان بکەین و نەیان هێڵین. زیانی هێرشی دوژمن زیانی هەموومانە، دەبێ هەمیشە بیر لە تۆڵەکردنەوە بکەین وا بەپەلە ئەم چەند پێشنیارانەتان پێشکەش دەکەین:

۱- بەبێ وەستان گشت بنکەکانمان بشارینەوە، حەشارگای قوڵ هەڵبکەندرێ بۆ خۆپاراستن.

۲- دۆشکاکان و ئەو گرینۆفانەی هەنە باش سەیر بکرێن. دەسکاری لە شوێنەکانیان بکرێت، بەرچاو نەمێننەوە.

<۲> ئەوکات دۆلار لە بازاڕی ڕەش بە ۵۰۰ فلس کەمتر بوو.

٣- گەر پێویستان بە برادەرانی لیژانی ئەم جۆرە چەکانەی باسمان کرد هەیە، تکایە ئاگادارمان بکەن تا بۆتان بنێرین.

٤- پەیوەندی نێوانمان زیاتر بەهێزکەین. نەک کتوپڕ دوژمن بە بەرەشووت سەربازەکانی دابەزێنێت لەسەر لوتکە بەرزەکان.

٥- نیازمان هەیە سەربازگەکانی دوژمن تۆپ باران بکەین.

هەردەم بۆ پێشەوە، بۆ سەرکەوتن

م. عەسکەری هەرێمی کوردستان

حشع

١٩٨٠/٧/٩

ئەمەش دەقی وەڵامەکەی م. عەسکەری یەک

برایانی م. عەسکەری حیزبی شیوعی عێراقی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

١- نووسراوەکەتان گەیشت. دەربارەی سنوورەکان ئێمە لای مامەندە و پشتی سونێمان بە توندی گرتووە، هەر سەری نیو سەعات بە هۆکی تۆکی پەیوەندیان لەگەڵیان هەیە، تا ئێستاکە پێنجگە لە قصفی طائرات و قصفی چەند تۆپێک نەبێت بە اتجاهی مامەندە دوژمن هیچ جمەوجوڵێکی ئەوتۆی نیە، ئەمشەویش ئەو جێگایانەی باسمان کرد زیاتر تەعزیزیان دەکەین.

٢- جهازی رەقەم . ١مان لانیە بەڵام مادام لێکەوە نزیکین هەروا ئەکەین ساعی لە نێوامانداا بێت و بچێت و هەر گۆڕانێک ڕوو بدات ئێمە بە زوویی بەڕێزتان ئاگادار ئەکەین.

٣- شەهیدەکانمان بوونە دووان، مامۆستا محمدیش لە سکرتاریەت و بریندارەکانیش ٩ بریندارمان هەن، هەندێکیان خەتەرن ناردومانن بۆ

سەردەشت.

بۆ پێشەوە بەرەو سەرکەوتن

م. عسکری: ی.ن.ک

٧/٩

ئێمە هەرسێکمان (نوسەر، عەلی کلاشینکۆف، باوکی سەربەستی یەزیدی) کە نیمچە مەکتەبێکی عسکریمان پێکهێنابوو، بەبەردەوامی لە دانیشتن و راوێژ کردنەدا بووین، بڕیارماندا ئامێر (جهازێکی) ژمارە/١٠ لەگەڵ پسپۆڕێکدا بنێرین بۆ لای برادەرانی سەرکردایەتی یەک بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوانماندا، بەدەستی هاوڕێی ئامێرەکە و ئەم نامە کورتەمان بۆ م.ع یەک نارد.

١٩٨٠/٧/٩

بۆ هاوڕێیانی م.س و م.ع یەکێتی نیشتمانی کوردستان

دوای سڵاو

بەداخەوە شەهید بوونی دوو هاوڕێمان و بریندار بوونی ٩ خەسارەتی هەموومانە، وا جهازی بێسیمی رقم ١٠ لەگەڵ هاوڕێیەکی شارەزامان ناردە لاتان ماوەیەک لای ئێوە دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی اتصالاتی بەردەوام بێ لە نێوانماندا. سەعات ٦ دێینە لاتان بۆ بەشدار بوون لە ناشتنی دوو شەهیدەکە.

هەر سەرکەوتن.

م.ع: حشع

ئەم نامەیەی برادەرانی سەرکردایەتی حسیک/مان پێگەیشت:

بۆ بەرێز کاک فاتح

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە هیوادارم صیحەتتان باش بێت، سلاومان بۆ هەموو هاورێیان، هەڤالاتی ئێرە سلاویان هەیە.

کاکە گیان وەکو دیار بوو ئێمڕۆ سەعات ۱۰ی بەیانی فڕۆکەکانی ڕژێمی ڕەفتار قاشی ناوچەکەیان دایە بەر گەمارۆو بۆردومان. ئێستا ئێمە هیچ مەعلوماتێکمان دەست نەکەوتووە، هیوای دارین لای بەرێزتان سەلامەت دەرچوو بێت. تکایە لە وەزعی سەلامەتی لای خۆتان ئاگادارمان بکەنەوە. وەهەرچی پێویستیەک هەبوو بفەرموون ئاگادارمان بکەنەوە.

ئیتر حورمەت.

بۆ پێشەوە

برای دڵسۆزتان: رەسولْ مامەند

۱۹۸۰/۷/۹

بەیانی ڕۆژی ۷/۱۰ ئەم نامەیمان گەیشتە دەست:

برایانی بەرێز م. هەرێمی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق

سلاوێکی گەرم

بەهیوای سەرکەوتنتانین

نامەکەی بەرێزتان گەیشت ئێمەش هەموو باشین

۱- هێزەکانمان لە ناوچەکە زۆر بە چاکی دابەش کردووە لەسەرانسەری ئەو شوێنانەدا کە گومانی تقدمی دوژمنی لێ ئەکرێت، بەگوێرەی دوا دەنگوباس وا دوژمن لەلای هەڵشۆوە بەرەو کێلێ ئەچێ بە واتە بە محوری قەلادزە -بەردەپان سەردەشت دا ئەڕۆن رەنگە ئەمە بە پشتیوانی

جاشەکانی علی قازی بێ.

٢- ئەو پێشنیارانەی بەڕێزتان کردوویەتی زۆر پەسندو بەجێن ئێمەش بە لامانەوە باشە:

أ- بە تۆپی ١٢٠ ملیم لەو شوێنانە بدرێ کە نیشانی لێ ئەگرنەوە. ئێمە ئاگاداری مامەندە ئەکەین کە وەکو رصد مراقبەی شوێنی کەوتنەوەی بکەن.

ب- ئەگەر ممکنە تۆپی ٨١ ملیم سەر بخەن قصفی هەڵشۆ بکەن زۆرباشە چونکە ئەو ێ بووتە بنکەی جولانەوەی دوژمن.

ج- ئێمەش هێزەکانمان لە بەرامبەر خەتی هەڵشۆ<١> دامەزراون و بە چەند دانە هاوەنی ٦٠ ملیم لێیان ئەدەین.

د- ئەگەر زەحمەت نەبێ هاورێ مدریب با تشریف بهێنێ بۆ لامان تاوەکو بە نامەوە بچێتە لای برادەرەکان و فێریان بکات وە جگە لە شوێنەکانی ئێستا کوێی بە چاک ئەزانی بۆ دانانی گرینۆف ئاگادارمان بکات.

ئیتر هیوای سەرکەوتنتانین

لە م.س.ینک
نەوشیروان

ئێوارەی ٧/١٠ بۆ یەکەمجار بە تۆپی ١٢٠ گرێ ٣ قەزیفەی دوو قات داڕێژراو (دەبل حشو) ئاڕاستەی سەربازگەکانی دەوروبەری قەلادزە کرا، دوژمن بە تۆپ بارانکردن وەڵامی دایەوە. ئەم کارە لە ڕووی پارتیزانی گرنگ بوو بایەخی خۆشی هەبوو لەناو دانیشتوانی ناوچەکە

* دێیەکی یەکجار خۆش و جوانکیلە بوو کەوتبووە ڕۆژهەڵاتی قەلادزە لە بناری شاخی مامەندە.

دەنگێکی زۆری دایەوە بۆ ئێوارەی ڕۆژی ٧/١١ بە تۆپی ٨١ ملیم سەربازخانەی هەلشۆ گوللە بارانکرا.

ڕۆژی ٧/١١ ئەم بروسکەی م.س پدک/مان پێگەیشت:

من/م.س حدک

الی/ حشع التاریخ ١٩٨٠/٧/١١

سمعنا بالقصف الشدید من قبل طائرات النظام العراقي علی کافە المقرات الموجودە في منطقتکم. نشارککم و کل القوی المناضلە الاخری حزنا و الما باستشهاد عدد من البیشمرگە و الناس الابریاء و بجرح الکبیر، طمنونا عن وضعکم. انبونا!!.

ئەم نامەیەی سەرکردایەتی حسیکیش گەیشت:

بۆ برای بەڕێز و خۆشەویست کاک فاتح

پاش ڕێزو سڵاوی گەرم هیوامان خۆشی و سەرکەوتنتانە.

هەڤالان ڕێزو سڵاویان هەیە بۆتان لە ڕێگای بەڕێزتانەوە سڵاو ڕێزمان بۆ هاوڕێیانی لای ئێوە بە گشتی و کاک ابو سعد بەتایبەتی.

نووسراوەکەتان گەیشت زۆر بەداخەوە بۆ ئەو شەهید و بریندارانە. بەداخەوە لای ئێمەش لە گۆزەشێر یەک شەهید و ٣ بریندار هەبوو، دەربارەی ناوەڕۆکی نوسراوەکەی دوێنێ بە پێویستی ئەزانم ئەم خالانەی خوارەوەتان بۆ بنووسین:

١- هێزەکانی لای ئێمە ئامادەیی تەواویان هەیە بۆ دفاع کردن لە ناوچەکە بە هاوکاری ئێوە و برایانی یەنک و پاسۆک.

٢- لەسەر نوسراوی بەڕێزتان هەڤاڵ کاک ملازم طاهرمان نارد لەگەڵ

هێزێک بۆ لای فصیلی مدفعی ئێوە لە سێ کانیەکە.

٣- ئاگاداری برادەرانمان کردەوە کە اتصالی منظم بکەن لەگەڵ برایانی فصیلی مدفعی.

٤- دەربارەی جهازەکانیش ئێمە پاترێمان کڕیوەو لامانە، ئایا بینێرین بۆلاتان یان جهازەکان بهێننەوە بۆ ئێرە؟

٥- سەر قورتەمان و پشتی قوەتی ئێوەمان باش تعزیز کردووە. هەروەها ئاگاداری هێزەکانی لای شێنێمان ئەکەین کە لەگەڵ هێزەکانی ئێوە تەنسیق و هاوکاری بکەن. بۆئەوەی ئەگەر دوژمن انزالی کرد ضربەی باشی لێبدەین.

ئیتر دووبارە سڵاوو رێز

هەربژین بۆ خەبات

برای دڵسۆزتان: رەسول مامەند

١٩٨٠/٧/١٠

رۆژی ٧/١٣ ئەم نامەیەمان بۆ برادەرانی م.س یەک و م.س حسێک نارد:

بۆ برایانی بەرێزی م.س یەک، م.س حسێک

دوای پێشکەشکردنی سڵاو رێزمان

دەرسی باری تازەی ناوچەکەمان کرد بە دووری نابینین کە دوژمن نیازی هێرشی عسکەری بۆسەر ناوچەکەمان هەبێت. بۆ ئەوەی نەتوانی لە پڕ هێرش بهێنێت و ئازاری زۆرمان پێ بگەیێنێ، پێشنیار دەکەین نوێنەری مەکتەبی عسکەری هەرسێ لامان بە زووترین کات کۆبوونەوەیەکی تایبەت بکەن بۆ نەخشەکێشانی داکۆکی کردن لە ناوچەکە، بە راو بۆچوونی ئێمە پێویست دەکا ئامادەیی و هۆشیاریمان گەلێ بەرزتر بێت و

لەسەر ئەم هەنگاوانە رێک بکەوین:

١- کۆمیتەیەکی عەسکەری کاتی لە برادەرانی هەردوولا پێکبهێندرێ و تا وەکو مەترسی لە ناوچەکە دوور دەکەوێتەوە، لەیەک شوێن بژین.

٢- تەقەلا بدەین پەیوەندی لەگەڵ دۆست و لایەنگرەکانمان لە ناوچەی پشدەر بەهێزتر کەین. داواشیان لێبکەین رۆژانە لە جموجوڵی دوژمن ئاگادارمان بکەن.

٣- داوا لە برادەرانی حدکا بکەین بەهۆی ئەوەی هاتووچوویان بۆ ناو شارەکانی عێراق هەیە، لە جموجولی و گواز گوازی هێزە چەکدارەکانی رژێمی عێراق ئاگادارمان بکەن.

٤- برادەرانی کۆمیتەی عەسکەریە یەکگرتووەکە، رۆژانە بەسەر پێشمەرگەکاندا بگەرێن. بەوردی چەک، کەلوپەل، پێویستیەکانی شەری پارتیزانی بپشکنن، ئەو کەمو کورتی هەبوو نەیانهێڵن.

هیواداریین ئێوەی بەرێزیش لەگەڵ پێشنیارەکاندابن و دوژمن نەتوانێ لە شوێنەکانی خۆمان دەرمانپەرێنێت.

هەردەم بۆ پێشەوە بۆ سەرکەوتن

م.ع: حشع
١٩٨٠/٧/١٣

بۆ رۆژی دووەم وەڵامی م.س یەک/مان وەرگرتەوە:

بۆ برای بەرێز باوکی ئاسۆس

سڵاوێکی گەرم

هیوام خۆشی و بەختیارێتانە، سڵاو رێزم هەیە بۆ هەموو هاورێیان.
نامەکەی بەرێزتان گەیشت و بێگومان کاریان پێ دەکرێ وە ئەوەی

پێویست بە وەڵام دانەوە بکات ئەمڕۆ ئاگاداری برادەران ئەکەم کە ئاگادارتان بکەنەوە.

ئەو دەنگوباسانەی بە ئێمە گەیشتوون، تۆپەکان زۆرباش کاریان کردووە. دەربارەی لێدانی تەفەق ئێمەش هەموومان بیروڕامان هەیە وە لەمێژە ئاگاداری هەموو بارەگاکان کراوە کە تەفەقی سەرگیراو لێبدەن، زۆربەیان کردوویانە، دوای بڕدوومانەکەش کەوتونەتە زیادکردنی و تطویری. ئەم پیاوە پێشمەرگەی گومانتان لەسەریەتی لە (کانی کنێرە) نەک لەسەر مامەندە، وە ئەوە لێی ئەکۆڵنەوە، هەروەها مەسەلەی چۆلکردنی مامەندە ئەمە یەکەمجارە من بیبیسم.

به هیوای خۆشی و سەرکەوتنتانم

نەوشیروان
١٩٨٠/٧/١٤

ئەمەش دەقی وەڵامەکەی برادەرانی م.س حسیکە:

بۆ حشع/م.هەرێم

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە
سلاومان بۆ هەموو هاوڕێیان

نامەکەی ڕۆژی ٧/١٣تان گەیشت، ئێمە لەگەڵ پێشنیارەکانی ئێوەداینە، وە چارەنوسی دانانی شوێن و کاتی دیاریکراو بۆ کۆبوونەوەی برادەرانی م. عەسکەری هەر سێ لامان دەکەین، وا دەست نوسی ژمارە هەشتی (دەنگی پێشمەرگە)مان دەنێرین، تکامان هەیە بە ڕێنیۆکانی خۆتان بۆمان چاپ بکەن. دووبارە سلاو ڕێز.

ئیتر بۆ پێشەوە
حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان

م.س
١٩٨٠/٧/١٦

هەروەها لە هەمان ڕۆژ ئەندامی م.س ینک فازیل کەریم (جەعفەر) کە لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندن بوو ئەم نامەیەی بۆ ناردین:

بۆ برای خۆشەویستم کاک فاتح رسولْ بەریز
سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم
بەهیوای شادی و سەرکەوتنتانم

براگیان: ڕۆژی قصفەکە رۆنیزکەمان سووتا، جا ناردومانە بۆ کڕینی تایپ و ڕۆنیو، بۆیە کاک هوشیارمان ڕەوانەی لای بەڕێزتان کرد بەڵکو یارمەتی بدەن و ئەم یەک دوو بەلاغە لای ئێوە چاپ کات،
لەگەڵ ڕیزو سوپاسمان
سلاومان هەیە بۆ هەموو هاوڕێیان، هەربژیت بۆ
برای دڵسۆزتان: جعفر
١٩٨٠/٧/١٦

یەکسەر ئاگاداری هاوڕێیانی دەستەی نووسەرانی خۆمان کرا، دەنگی پێشمەرگەی برادەرانی حسیک و دوو بەلاغەکەی ینک بەبێ وەخران بۆیان چاپ بکرێ. لەهەمان کاتدا ژمارەی سێی ڕێبازی پێشمەرگە چاپکراوو بلاوکرایەوە. پێنج دانە لەگەڵ نامەیەک دەربارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییە نێردرا بۆ دمشق.

لەکاتی هێرشە دڕندەکەی ڕژێمی فاشی بۆسەر ناوچەکە تا دوای چەند ڕۆژێکیش دیاردەیەکی بێ وێنە هاتە کایە، لە هاوکاری و هاریکاری و

پشتگرتنی یەکتر لەناو یەک سەنگەری قوربانیداندا نموونەی بێ هاوتا بوو بە ئاشکرا دەرکەوت کە ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان هێزە کوردیەکاندا هەیە هەموو لاوەکییە.

*   *   *

ئاژاوەنانەوەو شەڕ فرۆشتن

دوای سەرکەوتنی گەلانی ئێران بەسەر رژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی رژێمی کۆماری، حزبی بەعسی فەرمانڕەوای عێراق، ناڕەحەتی و دوژمنکاری و ڕق و کینی خۆی دژ بەم گۆڕانکاریە پێ نەشاردرایەوە. زوو کەوتە لێبڕەواندنو کاری تێکدەرانە دژی باری تازە بەعسیەکان لەسەر ئەوە نەوەستان کە تەنها سوود لە دۆستایەتی کۆنیان لەگەڵ حدکا وەربگرن بەڵکو دەرگای عێراقیان بۆ هەموو کۆنەپەرست و کاربەدەستەگەورەکانی سەردەمی شا واری کرد، کەوتنە جمو‌جۆڵ و پەلهاوێشتن بۆ زۆر لا، بەتایبەت بۆ ئەوانەی ئامادە بوون بە پارەو پوڵ و چەک ببن بە وابەستەی ئاڵقە لە گوێیان. تاوەکو سوودیان لێوەربگرن و لەکاتی پێویست بەکاریان بهێنن.حسێبی ئەوەشیان دەکرد، نەک ڕۆژێ لە ڕۆژان رژێمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حدکا رێککەوێت ئەوکات رژێمی عێراق گشت بەکرێگیراوەکانیان بە گژ حدکا و کۆماری ئیسلامی دا دەکەن بۆ کاری تێکدەری و تێک هەڵدان!

پێش ئێستا لە شوێنێکی ئەم بەرگە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لە سەرەتای ئەم ساڵ رژێمی بەعس هێزێکی چەکداری بەناو (هێزی رزگاری) لە نۆکەرو دەروێش و مریدەکانی شێخ عوسمانی بیارە لەژێر فەرمانەی شێخ مادحی کوڕی پێکهێنا بوو. ئەم هێزەیان گەڕاندبووە ناوچەی کامیران

لە ئستانداری(١) سنە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئێران زۆر هێرشی کردبوونە سەر، چەکی کردبوون و هێزەکانیان هەڵوەشاندبووە.

رژێمی عێراق وەک هەر رژێمێکی رەگەزپەرستی خاوەن هێزو توانا، لە سەر پیلانێک و دووان ناوەستێت، دەیەوێ پیلانەکانی هەموو شوێن و کون و قوژبنێک بگرێتەوە، ئەوەبوو لەسەر سنوور لە نێوان ناوچەی بانە و شاربازێڕ هێزێکی چەکداری لەژێر فەرماندەی جەلال حسێنی، براکەی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی و هێزێکی تریش لە ژێر فەرماندەی ئەفسەرێکی کوردی ئێران (سمکۆ عەلی‌یار) قووت کردبۆوە.

لە ناوەراستی مانگی تەمووزی ١٩٨٠ زاندرا کە هێزێکی چەکداری تری لە راکردووەکانی کوردی ئێران و عێراق لەژێر فەرماندەی عەلی قازی کە بە کوڕی رەش ناسراوە پێکانیبووە. ئەم چەکدارانەیان بۆ ناو خاکی کوردستانی ئێران ناوچەی سەردەشت گێڕابوە. هێزی پێشمەرگەی حدکا ماوەی نەدرابوون پشوو بدەن، زوو نابلوقەیانی دابوو، هەموویانیان دەستگیرکردبوو، کەلوپەل و چەکەکانیشیان لێسەند بوون. رژێمی عێراق لەچەند لای ترەوە بەردەوام بوو لەدەست درێژ کردن و ئاژاوە نانەوە لەناو خاکی کوردستانی ئێران، ئەوە بوو لە هەمان ماوە پارەو چەکی بەسەر چەند کۆنەپەرست و کێخوای وەکو مراد گردە سوری و کیخوا سامخان لە ناوچەی خانەو شنۆدابەشکرد، بۆ ئەوەی بە درێژایی سنوور ئاژاوە بنێتەوەو کاروباری ناو کوردستان و ئێران تێکبدەن. هەر لە کۆنەوە هەموو ئایدۆلۆگیاو ستراتیجیاو رەفتارو هەڵوکەوتی رژێمە ملهوڕو ستەمکارەکانی کوردستانیان پێوە لکاندراوە لەسەر ئەوە دامەزراوە نیشتمانەکەمان قەت لە ژێر دەستیان دەرنەچێت. نەیانویستووە و ماوەیان

---

(١) لە ئێران بە پارێزگا (محافظە) دەڵێن ئستاندار

نەداوە رۆژێ لە رۆژان نەتەوەی کورد یەکێتی و یەکبوون بەخۆیەوە ببینێ..بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان کاتی پێویست، هانایان هێناوەتە بەر کوردو وەک بەردی قۆچەقانی بەکاریان هێناوە کردۆیانەتە کەوا سووری پێش لەشکرەکانیان و بە کوشتیان داوە. کاتێک هەستی ئەوەیان کردووە کە جولانەوەو راپەڕینی کوردان خەریکە مەترسی لەسەر خودی داگیرکردن و چەوساندنەوەکەیان پەیدا دەکات، یەکسەر هەموو شتێکیان خستۆتە لاوە، کەوتوونەتە گیانی لە کوشتن و وێرانکردن و راگوێزان درێغیان نەکردووە. دوژمن هەر دوژمنە پێشینان راستیان گوتووە (دوژمن ببێت بە پرد بەسەریا مەپەڕەوە).

ئایا بەرامبەر بە مێژوو، زانایان، رەهبەرو سەرانی کورد بەشێکی زۆری ئۆبالی مانەوەمان بە دواکەوتوویی و بێ مافی و پارچە پارچەیی و ژێر دەستی هەڵناگرن؟!!

دوای گەڕانەوەیان

هاوڕێ سکرتێرو ئەندامەکانی مەکتەبی هەرێم، حشع کەلە هەمان کاتدا ئەندامی ل.م بوون گەڕانەوە بنکە. دوای پشوودانێکی چەند رۆژێ، دەست بە کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەک کرا، یەکەم جار مەکتەبی هەرێم بەدرێژایی سێ رۆژ کۆبووەوە هاوڕێ شێخ راپۆرتێکی پێشکەش بە کۆبوونەوەکە کرد، دەربارەی ئەوەی لە داهاتوودا خەباتی پارتیزانی و کاروباری حیزبی و پەیوەندیی نیشتمانی دەبێ چۆن بەڕێوە بروات، هەڵوێستی حیزب و رێبازی چۆنە بەرامبەر باری کوردستان و عێراق؟...هتد.

دەربارەی رووداوەکانی ئەو سێ مانگەی ئەوان لە دەرەوەی وڵات بوون، راپۆرتێک بە بەڵگەنامەکانەوە خێرایە پێشیان. دوا بە دوای ئەمە

چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ هەموو کادیرو ئەندام و پێشمەرگەکان کرا. ناوەڕۆکی ئەم خاڵانەی ل.م لە کۆبوونەوەکەیدا دەرسی کردبوو بۆ هاوڕێیان ڕوون کرابەوە کە بریتی بوون لە:

١- هەڵسەنگاندنی ڕێبازو سیاسەتەی حشع لە ساڵی ١٩٦٨ تا دەرچوونی لە بەرە شەق و شڕەکەی گەر رژێمی بەعسی دەسەلاتداری عێراق، تا هەڵگرتنی دروشمی ڕوخاندیان.

٢-گفتوگۆکردن دەربارەی بنیاتنانی بەرەی بەرفرەوان نێوان هێزەکانی بەرهەڵستکاری عێراق.

٣- پەیوەندی حشع لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیستی و حیزبە کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی هتد.

٤- باری کوردستان، ناکۆکی و دوو بەرەکی نێوان هێزەکانی چەکدارو تەقەلادان بۆ نەهێشتنی شەڕی براکوژی.

٥- کاروباری ناوخۆی حیزب.

لە گشت کۆبوونەوەکاندا هاوڕێیان بە ڕاشکاوی بۆچوونەکانی خۆیان و ڕەخنەو نارەزاییان لەسەر هەڵەکانی سەرکردایەتی حیزب و کەموکورتیەکانی دەخستە ڕوو.

جا دەست کرا بە چاوپێکەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ هەموو هێزو حیزبە کوردستانیەکان:

ڕۆژی ١٩٨٠/٨/١٢ لە بنکەی لقی پشدەر لە زەڵێ کۆبوونەوە لەگەڵ برادەرانی سەرکردایەتی حسیک کرا، قادر جەباری و دوو نوێنەری تریان باسی تێکچوونەوەی پەیوەندی نێویان خۆیان و یەک/یان کرد گوتیان (پەیوەندیمان لەگەڵ پارت و پاسوک بەهێزە، بڕیارە ڕۆژی ٨/١٥ بەیاننامەیەکی دوو قۆڵی لەگەڵ پارتیدا بلاوبکەینەوە، دژایەتی هیچ لایەکی تێدا نەهاتووە، دەمانەوێ دۆست و برای هەموو هێزەکانی

کوردستان بێن، ڕەخنەیان بەرامبەر بە حشع دەربڕی کە ئامادە نەبوو ئەوساکە بەیانی دوو قۆڵی لەگەڵیاندا دەربکات. لە ڕوانگەی ڕێبازو سیاسەت و بڕیارەکانی کۆبوونەوەی ل.م.وە گەلێ شتیان بۆ ڕوون کرایەوە. چەند پرسیارێکیان دەربارەی هۆی وەخراتی دامەزراندنی بەرەی هێزە بەرهەڵستکارەکان چییە؟ بە دوورودرێژی وەڵامی پرسیارەکانیان درایەوە.

دوای چەند ڕۆژێک بەیانە دوو قۆڵییەکەی پارت و حسیک بەدەستمان گەیشت، ئەمەش دەقەکەیەتی:

بانگەوازێکی مێژوویی
لە پێناوی پێکهێنانی بەرەی ئازادی کوردستان و بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتی لە عێراقدا

لەسەر داوای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی سەرۆکی پارتی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بەوپەڕی هەست بە مەسئولیەتەوە کۆبوونەوە. تقدیر کرا بۆ ئەو ڕۆڵەی کە حزبی سۆسیالیست نواندوویەتی دژی شەڕی برا کوژی وەلە پێناوی یەکگرتنی ریزەکانی نیشتمانی لە کوردستاندا. پاش ئەوەی چەند کۆبوونەوەو دانیشتن لە نێوان نوێنەرانی هەردوو لا کرابوون بە نیازی پاکەوو باوەڕێکی نەگۆڕەوە کە گەلی عێراقی بە گشتی و میللەتی کورد بە تایبەتی لە هەموو کاتێکی رابووردوو پێویستی بە یەکگرتنی هێزە نیشتمانی و دیموکراتی و ئیسلامییەکان هەیە بە هیوای پێکهێنانی بەرەی ئازادی کوردستان و بەرەیەکی ئیشتمانی دیموکراتی لە هەموو عێراقدا کە هەموو هێزەکانی نیشتمانی و دیموکراتی

و ئیسلامی تییاندا یەکبگرن لەسەر پەیمانێکی نیشتمانی هاوبەش بۆ لەناوبردنی رژێمی فاشیستی خوێن ڕێژی عێراق و دەست تێکەڵکەر لەگەڵ ئیمپریالیزمی عالەمی بەسەرکردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی کە ئێستە لە دڕندانەترین هێرشە دژی شۆڕشی پیرۆزی میللەتانی ئێران بەرابەری امام خمینی وە شۆڕشی فلسطین بە رابەرایەتی سەرکردایەتی رێکخراوی ڕزگاری خوازی فلسطین (منظمە التحریر الفلسطینیە) و لەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردو جولانەوەی رزگاری نیشتمانی عێراق باوەڕی بەهێزی هەردوولامان بە میللەتەکمان و خەباتی بێ وچانی گەلی عێراق هەردەم هانی داوین و هاغمان تەدات کە نەسرەوین تا دروشمی دیموکراتیەت بۆ عێراق و حوکمی زاتی راستەقینە بۆ کوردستان کە دروشمی هەموو کوردێکی دڵسۆزو عێراقییەکی نیشتمانپەروەر نەیندەی، دەیان ساڵە بە تایبەتی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی پیرۆزی ١٩٥٨ نەوەی کوردو عەرەب لە عێراقدا بە پێشڕەوی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی و شان بە شانی‌یەکەوە بۆ جێبەجێ کردن و گەیشتن بەم دروشمانە تێکۆشاون و تێدەکۆشن. بەڵام پیلانەکانی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی بەتایبەتی رژێمە فاشیستەکەی عێراق رێگر بوون لەگەیشتن بەم دوو ئامانجە پیرۆزە، میللەتی کورد لە ساڵی ١٩٦١وە تا ئێستە واتە لە شۆڕشی پیرۆزی ایلولەوە بەرابەری پارتی و سەرۆکایەتی بارزانی نەمر و شۆڕشی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی ئێستەمان، خوێنی گەشی پێشمەرگە نەبەزەکانی و میللەتە بەشخوراوەکەی ڕشتووە تاوەکو لەو زوڵمە زۆرداریەی تێکەوتووە رزگار بێت، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی ریزەکانی هێزە نیشتمانییەکان لە کوردستان و عێراقدا یەکگرتوو نەبووە، بۆیە گەیشتن بە ئامانجەکانی‌یان دواکەوتووە کە مسئولیەتی مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتی سیاسیەکانی. ئێستە بە هەستێکی بەرزی پڕ بە

مسئولیەتەوە انطلاقا لە خواست و ئارەزوو هیوای میللەتەکەمان هەردوو لامان گەیشتووینەتە ئاستی هەست بەو فرمانە مێژووییە و بڕیارماندا کە شەو بکەینە ڕۆژ بۆ ئەوەی ڕۆژێک زوتر لوولەی تفەنگی هەموو هێزە نیشتمانی و دیموکراتی و ئیسلامییەکانی کوردستانی و عێراقی و لەبەرەی ئازادی کوردستان و بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی کۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی بە تەواوی بە مسئولیەتی مێژوویی خۆیان هەڵسن و حدێکی نیهائی بۆ خلافاتی ئانوی نێوانیان دابنێن و هەموو بەرامبەر بە دوژمنی خۆیان و لەناو بردنی بوەستن، کە فەرمانێکی مێژوویی زۆر پیرۆزە.

داوا لە هەموو هێزەکانی برامان ئەکەین کە لە ئاستی مسئولیاتی خۆیان بن و بەوپەڕی دڵسۆزی و هەست بە مسئولیەتەوە بەرەو پیری ئەم بانگەوازە مێژوویەمان بێن لە پێناوی لەناوبردنی ڕژێمی فاشیستی عێراقی و دامەزراندنی کابینەیەکی نیشتمانی ئیئتلافی کە لەژێر سێبەریا دروشمی دیموکراتیەت بۆ عێراق و حوکمی زاتی راستەقینە بێتە دی.

ئیتر بژی هەوڵ و تەقەلای هەموو هێزە نیشتمانی دیموکراتی و ئیسلامییەکان لە پێناوی پێکهێنانی بەرەی ئازادی کوردستان و بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتی لە عێراقدا.

بژی برایەتی کوردو عەرەب و کەمە نەتەوەیەکان.

بژی خەباتی سەختی بێ وچانی پێشمەرگە نەبەزەکانی هەموو هێزە نیشتمانی و دیموکراتییەکانی کوردستانی و عێراقی لە پێناو لەناوبردنی ڕژێمی فاشیستی عێراقی خوێن ڕێژ.

بژی گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و شەهیدانی بزووتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی و ئیسلامی عێراقی.

سەرشۆڕی و ڕیسوایی بۆ ئیمپریالیزمی جیهان بەسەرکردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی لە جیهان و منطقەدا.

مردن و سەرشۆڕی بۆ فاشیستیە خوێن ڕێژەکانی ڕژێمی بەغدا.

مەکتەبی سیاسی — مەکتەبی سیاسی

حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان — پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

١٩٨٠/٨/١٥

** سکرتێری ل.هەرێمی کوردستان/حشع لەگەڵ دوو ئەندامی مەکتەب ڕۆژی ١٩٨٠/٨/١٥ بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ دەفتەری سیاسی حدکا چوون بۆ مەهاباد لەگەڵ د. قاسملو و ئەندامانی دەفتەری سیاسی کۆبوونەوە. هاوڕێیان کەمێک دەربارەی کۆبوونەوەکەی ل.م و باری کوردستانی عێراق و ئێران و شەڕی براکوژی و هەڵوێستی ولاتانی سۆشیالیست بەرامبەر بە خەباتکردنی چەکداری نەتەوەی کوردمان دووا بوون، د. قاسملو بە دووردرێژی باسی باری کوردستانی ئێران و کردەوە ناڕەوایەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کردبوو، بۆچوون و ڕووکاری حدکا بەرامبەر بە چارەکردنی هەموو گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەی ئێرانی باسکردبوو. ڕەخنەو ناڕەزایی زۆریان ئاراستەی گروپە جیابووەکەی غەنی بلوریان کرد. داوایان لە حشع کردبوو یارمەتی ئەوە بدات کە ئەم دەرەزە گەورەیە و پارچە کردنە، کە لەکاتێکی گەلێ ناسک و ناجۆر ڕوویدا پڕ بکرێتەوە و جیابووەکان چاوێک بە هەڵوێستی ناڕەواو تێکدەری خۆیاندا بخشێننەوەو دان بە هەڵەکانی خۆیاندا بێنن. تەنها ئەوسا کە شوێنیان لە ڕیزی حیزبی دیموکراتدا دەبێ. هەردوو حیزب جەختی دۆستایەتی و هاوکارییان لەگەڵ یەکتردا کردبوو.

نوێنەرانی حشع هەر لە مەهاباد چاویان بە لێپرسراوی سازمانی چریک اکثریت شاخەی کوردستان کەوتبوو. بۆ ئەوانیش ڕاڤەی باری

کوردستانی عێراق و ڕێبازی حیزب لە هەموو ڕوویەکەوە کردبوو. نوێنەرانی سازمان باسی گیروگرفتەکانی ئێران و ناوەخۆو پەیوەندیان بە حدکاوە کە بەم دوایە گەلێ بەهێز بووە، دەقی ئەو بەیانە دوو قۆڵییەی لەگەڵ حدکا دەریان کردبوو بە هاوپێیاندا بوو، ڕەزامەندی خۆشحاڵی خۆیان بەرامبەر بە هەڵوێست و بۆچوونەکانی جشع/ی ئیشاندابوو. ئەمەش دەقی بەیانەکەیە:

البیان المشترک بین منظمه چریکهای فدائی الشعب الایراني- الاکثریه و بین الحزب الدیمقراطي الکردستاني الایراني:

حول السلم و القوی المضاده للثوره في کردستان

منذ عده اشهر اندلعت مجددا حرب اقتتال الاخوه في کردستان و کل یوم یذهب ضحایا من ابناء هذا الوطن، ان الذین یهمهم مصیر ثوره الشعب الایراني یعرفون بان الاستمرار في حرب اقتتال الاخوه هو لغیر صالح النضال ضد الامپریالیه و الدیمقراطیه للشعب الایراني..

ان منظمه چریکهاي فدائي خلق (اکثریه) و الحزب الدیمقراطي الکردستاني الایراني اکدا دائما علی حقیقه ان المشکله الکردیه لا تحل بالطرق العسکریه و ان التفاوض و التفاهم هو الطریق الوحید الذي یمکن بواسطته حل المسأله الکردیه بشکل نهائي و کامل، و لکن کلما بذلت جهود لحل هذه المشکله بالطرق السلمیه فان العناصر و القوی التي ترید اشعال فتیل الحرب تسبب في افشال هذه الجهود الخیره الا ان عدم حل المشکله الکردیه بالطرق السلمیه یتفق کلیا مع اهداف و آمال اعداء الثوره. لانه في حاله استمراریه الحرب و اراقه الدماء فان القاده الخونه و

العملاء امثال چمران و فلامرز و صدر و العناصر المرتبطه الاخرى داخل القوى الحاكمه و باقي اصدقاء و جواسيس الامپرياليه الذين منذ انتصار الثوره و لحد الان لم يتلكاو ،لحظه واحده في اشعال فتيل الحرب و القضاء على مكتسبات ثوره الشعب الايراني و لم يفعلوا عنها وانهم يحاولون الاستفاده من الاوضاع الشاذه الموجوده للقيام بعمل تآمري اخر ضد النضال المستمر من قبل الشعب الايراني ضد الامپرياليه و يحاولون فرض السيطره الامپرياليه الامريكيه مره اخرى ولازالت العناصر المرتبطه و المشبوهه من مشعلي فتيل الحرب في كردستان تحاول تشويه افكار الشعب الكردي تحت ستار الدفاع عن حقوق الشعب الكردي المشروعه، و بدات تخلف المشاكل و اضعاف الثوره و قدمت خدمات اكثر للامپرياليه الامريكيه..

و الان و مع استمرار الحصار الاقتصادي من قبل الامپرياليه الامريكيه و المتعاونين معها و مع فشل الموامرات العسكريه الاخيره و مع محاوله ايجاد قنوات جديده ضد الثوره فان بعض الدول في المنطقه و خاصه العراق مع اعداء الثوره يبذلون جهودا في الداخل للقضاء على مكاسب الثوره الايرانيه وان الموامرات الاخيره الفاشله خير دليل على ذلک.

ان السياسه الاحتفاظ بالجيش الشاهنشاهي المعادي للشعب و الادعاء بان الجيش اصبح جيشا شعبيا و اسلاميا تشكل خطرا جديا على مكاسب الثوره التي اريقت في سبيلها دماء الالاف من شهداء الشعب و ان مسووليه الاحتفاظ بهذه الماكنه الحياتيه الحديثه الكبيره تضع على عاتق قاده دوله الجمهوريه الاسلاميه الايرانيه. و حاليا فان نظام البعث الفاشي الذي حرم الشعب العراقي بعربه و كرده من جميع الحريات الاجتماعيه يتبع سياسه القمع الفاشستي ضد القوى التقدميه في داخل

العراق. و يشعر بان الثوره الايرانيه تشكل خطرا جديدا على حكمه الاجرامى فيحاول بكل امكانياته التامر عليها و الاستفاده من النوايا الطيبه للشعب الكردي و شعب خوزستان لضرب ثوره الشعب الايراني. ان وجود المجرمين امثال شاپور بختيار و ناويسي و پاليزان و سردار جاف و فرزند خسروتيان و اعداد كثيرين آخرين من العملاء السابقين لنظام الشاه الهاربين ان وجود امثال هولاء في العراق و احتضانهم من قبل العراق يعبر عن النوايا الحقيقيه السيئه للعراق.

ان هولاء العملاء قد ارتبطو مع الامپرياليه الامريكيه الموجودين داخل ايران بالاضافه الى هذا فان النظام الفاشي للبعث العراقي له دور كبير في تسليح و حمايه الاقطاعين في كردستان و ان وجود عملاء و فئات معاديه للثوره مثل (سپاهی رزگاری) جيش التحرير للعملاء المرتبطين ببختيار و ناويس و پاليزان و سردار جاف و حامد بگ و شيخ محمد كريچنه و علي قاضي (كورى پش) و شبكه من ضباط الشاه السابقين الهاربين باسم جيش تحرير ايران و منظمه الاتهاض الشعبي كل هذه تعبر عن المؤامرات الواسعه لنظام البعث العراقي و الامپرياليه الامريكيه ضد الثوره الايرانيه و ضد نضال و حركه الشعب الكردي.

ومن الجانب الاخر فان بعضا من الاوساط المرتبطه بالجمهوريه الاسلاميه الايرانيه تقوم بتسليح عدد من الاقطاعين المرتبطين بنظام الشاه السابق من امثال رشيد بگ جيهانگيري و بهمن خان خسروي و رحيم معيودي الذين كانوا دائما ضد اى حل سياسي للمساله الكرديه و يعتبرون انهاء اقتتال الاخوى ضد مصالحهم الخاصه و في هذا المجال ايضا يجب ان لا تنسى مخططات الدول الرجعيه في المنطقه امثال پاكستان و تركيا و المشيخات الواقعه على الخليج الفارسي و العربيه السعوديه و النظام الساداتى المكروه في مصر الذي وضع كل امكانياته بسخاء تحت

تصرف بقايا نظام الشاه و بقيه العملاء ان هذه الانظمه المعاديه للشعوب في المنطقه من خدم الامپرياليه اتحدث للقضاء على الثوره الايرانيه.

ان منظمه چريكهاي فيدائى خلق ايران (اكثرية) و الحزب الديمقراطي الكردستاني الايراني في هذا الظرف التاريخي العصيب و شعورا منها بالمسووليه الكبيرة امام مصير الثوره و الدوله الايرانيه يبديان استعدادهما لبذل الجهود مره اخرى لحل المساله الكرديه سلميا ايمانا منهما بالنضال العادل للشعب الكردي من اجل الحصول على حقوقه المشروعه ومن اجل الدفاع الحازم على مشروعيه هذا النضال و لكي لا يعطيا اي مجال للنظام البعثي و بقايا النظام المقبور و الفئات المعاديه للثوره التي ذكرت اعلاه في شوون كردستان و يدنسوا و يشو هو الوجه الحقيقي للنضال العادل للشعب الكردي و ان اى نوع من التعاون و الصداقه مع الانظمه الرجعيه و كذلك المهادنه و المساومه مع الفئات المعاديه للثوره هي ضد الثوره الايرانيه و ضد النضالات العادله لشعبنا.

ان الحزب الديمقراطي الكردستاني الايراني و منظمه چريكهاي فدائي خلق (الاكثريه) اعتقادا و ايمانا منهما بضروره الدفاع عن مكاسب الثوره العظيمه للشعب الايراني يعلنان عن تصميمها الراسخ على النضال بكل قواها و امكانياتها ضد اعداء الثوره في الداخل. اننا واثقون ان النضال ضد العملاء الاجانب يساعدنا على تامين الحقوق العادله لشعبنا و يساعد على استمرار السلم في كردستان و كذلك نعلن و بكل حزم باننا لن نسكت امام الاعمال الخيانيه التي يقوم بها القاده العملاء داخل الجيش و اننا لا نسكت تجاه التامر و تناضل بجميع قوانا مع سائر القوى الثوريه و التقدميه و الرجال المناضلين الايرانين ضد مومرات الامپرياليه و عملائها ولأفشالها.

اننا نطالب الشعب الايرانى المناضل و جميع القوى الثوريه و

التقديه ان يتضامنوا معنا لاقرار السلم في كردستان و تأمين حقوق الشعب الكردي و التضامن معنا بشكل حاسم لافشال محاولات القوى المعاديه للثوره.

اننا نامل و نعمل على قطع ايادي الامپرياليه في جميع انحاء ايران و نامل ان يستمر نضال جميع المعادين للامپرياليه لايجاد ايران حر مستقل و ديمقراطي لجميع الشعب لينتصر النضال الديمقراطي للشعوب الايرانيه البطله ضد الامپرياليه.

الموت للامپرياليه العالميه بزعامه الامپرياليه الامريكيه.

لينتصر نضال الشعب الكردي من اجل الحكم الذاتي. ليسد السلم العادل في كردستان

الحزب الديمقراطي الكردستاني الايراني   منظمه چريكهاى فدائى خلق ايران (الاكثريه)

١٩٨٠/٨/٨ - ١٣٥٩/٥/١٧

** رۆژی ٨/٢١ ئەم نامەیەمان بۆ م.س ینک نارد :

برایانی بەڕێز م.ئ یەکێتی نیشتمانی کوردستانی عێراق

دوای پێشکەشکردنی سلاو خۆشی، بەختیاریتان داوایە

زۆر پێ خۆشحاڵ دەبین کە لە بەیانی رۆژی ٨/٢٣ دانیشتنێک لەگەڵ یەکتری بکەین لە بارەگای ئێمە بۆ باسکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- دەربارەی وتوێژکردنی و تەقەلاکان بۆ بنیاتنانی بەرەی یەکگرتووی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق تا چ سنوورێک رۆیشتووە؟

٢- باری کوردستان و ئەم رووداوانەی بەم دواییە لە نێوان ینک و حسیک و ینک و پدک روویان دابوو.

٣- ئاڵوگۆڕکردنی ڕاو ڕوکار بەرامبەر باری کوردستانی ئێران.
٤- بەهێزکردنی پەیوەندی دوو قۆڵی تێوان هەردوولامان.
جا ئێمە چاوەنۆڕتان دەکەین بۆ نیوەڕۆش لای ئێمە خواردن ئامادە دەکرێت، ماوەش گەلێکە بۆ باسکردنی ڕاو تێبینیەکانی ئێوەش.

هەردەم شادیتان

م.هەرێمی کوردستان: حشع
١٩٨٠/٨/٢١

ئەم وەڵامە کورتە م.س یەک/مان پێگەیشتەوە:

هاوڕێیانی م. هەرێم

دوای سڵاو
خۆشیتان داوایە
سوپاس بۆ نامەکەتان، سبەی ٨/٢٣ سەعات ٩ی بەیانی دێنە زیارەتان

ئیتر بەختیاریتان.

براتان: نەوشیروان
١٩٨٠/٨/٢٢

** ڕۆژی ٨/٢٣ لە کاتی دیاریکراودا نەوشیروان مستەفا و عومەر شێخ موس و نەجمەدین عەزیز گەیشتنە لامان، سکرتێری هەرێم هاوڕێ شێخ و ئەحمەد بانیخێلانی و نووسەری ئەم کتێبە لەگەڵیاندا کۆبوونەوە و دەست بە گفتوگۆکرا. هاوڕێ "ع" کەوتە قسەکردن:
أ- بەڕاشکاوی باسی ئەو کۆسپانەی کرد کەلەپێش پێکهانینی بەرەکەدا هەنە. بەعسیەکانی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق تەگەرە دەخەنە

پێش، کە حشع بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم جۆرە هەڵوێستانە رێکناکەوێت، وەکو:

١-نابێ لە دووا رۆژدا کاری سیاسی لەناو سوپادا بکرێت.

٢- ئیسرائیل بە شێوەی ئێستاکە نەمێنێت و فرێ بدرێتە دەریا.

٣- عەرەبستانی ئێران مەبەستیان هەرێمی خوزستانە لەژێر دەسەڵاتی رژێمی ئێران رزگار بکرێت.

٤- یەکێتی وڵاتانی عەرەب "الوحدە العربیە" پێشی هەموو هەنگاوێک بێت.

٥- دەربارەی باری داهاتووی کوردستانی عێراق کە ئەوان دەڵێن "شمال الوطن" پێویستە رێککەوتنەکەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ جێبەجێ بکرێت.

ب- جێگەی داخ و ئازارو پەستیە، رووداوەکانی نێوان هێزەکانی کوردستان، بە تایبەت کوردستانی عێراق، شەری برا کوژی و ئاژاوەو گێرە شێوێنی روو لە زیاد بووندایە. ئەنجامی ئەم کارەساتانە لەسەر هەموو لایەکمان و گەلەکەمان گەلێ گران دەوەستێت.

بگرە لە ماوەی ئەم سێ مانگەی دوایدا چوار شەر و تێکهەڵچوونی قورس لە نێوان هێزە کوردستانیەکان رووی داوە. ژمارەیەکی زۆر لە رۆڵەی کورد بە فیڕۆ کوژراون و ژمارەیەکیش بریندار، زاندراوە کە هەر لەو ماوەیدا زیاتر لە ١٥٠ پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان رایان کردووە و پەنایان بۆ بەر دوژمن بردووە، پێویستە هەموو لایەکمان بەرامبەر بە مێژوو هەست بە لێپرسینەوە بکەین بابەتیانە چاوێک بە رووداوەکان و رێبازماندا بخشێنینەوە، بگەینە ئەو قەناعەتەش کە لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمان و هەموو هێزەکان دایە بە رێگای وتووێژی ئاشتیانە گیروگرفت و ناکۆکیەکانی نێوانمان چارەسەر بکەین.

ج- باری کوردستانی ئێران یەکجار ئاڵۆز و شڵەژاوە.

هێرشی ئەرتەش و پاسدارانی ئیسلامی بۆسەر هەموو ناوچەکان توندە، شەڕی براکوژی نێوان حدکا و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و حدکا و چەکدارەکانی گروپی غەنی بلوریان، کۆمەڵەو سازماتی چریکهای فیدائی خەڵک، پروپاگەندەو لێسرواندنی ناڕوای نێوان حیزبی تودە و حدکا، دەرفەتێکی گەلێ لەباری بۆ کۆماری ئیسلامی ڕەخساندووەو لە هێرش و پەلامارەکانیدا دژی هەموویان سەرکەوتنی باش وەدەست بهێنن و بەسەریان زاڵ بێت. ئەم جۆرە ڕووداوانە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر چارەنووسی نەتەوەکەمان و هەموو هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان. با یەک و حشع زیاتر تەقەلای هاوبەش بدەین بۆ ئەوەی ئەو هەموو ڕووداوە تاڵ و تێکشکانانەی بەسەر کوردی عێراق و جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی هاتووە دووچاری ئەوانیش نەبێت.

د- بە کورتی و خەستی باسی کۆبوونەوەی ل.م و باری سیاسی و کۆمەلایەتی ئابووری عێراقی بۆ کردن.

کاک نەوشیروان کەوتە قسەکردن:

١- یەک لەگەڵ ئەوەدا نیە ماوە بە بەعسیەکانی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق بدرێت، هەرچی مەبەست و ئامانجیان بێت بۆیان بچێتە سەر.

٢- بەرامبەر بە یەک گۆڕان لە هەڵوێستماندا نیە، بە خائینیان لەقەلەم دەدەین. دژی ئەوەین ماوەیان پێ بدرێت بگەڕێنەوە گۆڕەپانی جولانەوەی نیشتمانی کوردستانی و عێراقی. مەترسی زۆرمان لێیان هەیە. بە فێڵبازو ئاژاوەچیان دەزانین، ڕاستگۆنین و گومانیان لێدەکەین. ئەگەر هێزەکانیان بگەڕێنەوە ناوچەی ڕەواندز، شەقلاوە و دەشتی دزەیی هێرشیان دەبەینەسەر و پەرتو بلاویان پێدەکەین.

٣- لەگەڵ حسیکدا پەیوەندیان باشە، ژمارەیەک لە کادیرەکانیان رازی نین لەسەر ئەو بەیانە دوو قۆڵیەی ڕۆژی ٨/١٥ لەگەڵ پدک دەریان کردووە.

٤- دەربارەی باری ئێران، ڕاو بۆچوونی ئێمەش لە هی حشع نزیکە.

لە کۆتاییدا هەردوو لامان لەسەر ئەوە ڕێککەوتین پەیوەندی دوو قۆڵی نێوانمان بەهێزتر کەین و زوو زوو کۆببینەوە بەکێن، تەقەلاش بدەین شەڕی پارتیزانی و چالاکی و گورجوگۆڵی پێشمەرگەکان دژی ڕژێمی فاشی زیاتر گەشە بکات و بەرفرەوانتر بێت.

* * *

چوون بۆ ڕاژان

مەکتەبی هەرێمی حشع بڕیاری وەرگرت، لەگەڵ سکرتێری هەرێم بۆ ڕاژان بچین. ڕۆژی ١٩٨٠/٨/٢٩ کەوتینە ڕێگا ئێوارە گەیشتینە گوندی "شیناوێ" شەو میوانی پێشمەرگەکانی پدک بووین، زۆر هەستمان کرد پێشمەرگەکان هەموویان دژی دووبەرەکی و شەڕی براکوژین. بۆ بەیانی زۆر پسولەی هاتوچۆکردنیان بە ناوی (افراد بارزانی) بۆ وەرگرتین. پێشمەرگەیەکی خۆیان لەگەڵماندا نارد، بەرەو ڕاژان کەوتینە ڕێگا. دوای نیوەڕۆ گەیشتینە بارەگای م.س پارتی، سکرتێری گشتی کاک عەلی عەبدوڵلا و ئەندامانی م.س د.محەممەد سالح جومعە، فەلەکەدین کاکەیی و رئیس عبداللە بەرواری پێشوازی گەرمیان کردین، کاتژمێری چوار یەکەم کۆبوونەوەمان دەستی پێکرد. نوێنەرانی پدک هەمان ئەو برادەرانە بوون کە پێشوازیان کردین ئێمەش دوو. هاوڕێ "ع" کەوتە قسەکردن ئەم حاڵانەی خوارەوەی باسکرد:

١- وەکو دەزانن چەند مانگ لەمەوبەر کۆمیتەی ڕێکخستن لە چوار حیزب پێکهاتبوو بەم دواییش حسیک هاتە ڕیزی بوو بە پێنجەم. تەقەلای زۆرمان دا ئێوە ببن بە ئەندامی ئەم کۆمیتەیە، بەداخەوە تاکو ئێستا چەند هێزێک هەیە دژی وەرگرتنی ئێوەن، بەلام م.س حیزب ئاگاداری هەموویانی کردووە کە دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ ئێوەدا هەیە.

٢-وا داننیەک لە پرۆژەی پرۆگرامی بەرەمان بۆتان هێناوە، تکایە لێ بکۆڵنەوەو چاوەنۆری وەڵامتانین.

٣- بڕیارمان داوە کە بەم زووانە پرۆژەی هاوکاری و هاریکاری نێوان ئێمەو ئێوە پێشکەشتان بکەین، دوای ئەوەی ئاشنای دەبن بە دوو قۆڵی هەڵیدەسەنگێنین.

ئێمە لەسەرەتای دانیشتنەکەماندا بووین کاک مسعود بارزانی "سەرۆکی پدک" هاتە ژوورەکە و بەشداری دانیشتنەکەی کرد، کاک علی عبدالله بە کورتی باسەکەی هاورێ "ع"ی بۆ کاک مسعود گێڕایەوە. هاورێ "ع" کەوتەوە قسەکردن.

٤- کۆمیتەی مەرکەزی حیزبمان بڕیاری وەرگرتووە هاوکاری و بەرە لەگەڵ ئێوە بکات، بەڵام ئەم ڕێکەوتنەی بەڕێکاوە هاورێ بەهائەدین نوری لەگەڵ ئێوە کردبووی دەبوایە بەیانی دوو قۆڵی لەسەر دەربکەن. ئێمە بە کارێکی تاکڕەوی و بە پەلەی دەزانین، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە لەم کاتەدا بەرژەوەندی تێدا بەدی ناکەین، یا بۆ دەرفەتێکی‌تر بوەخرێت.

٥- ئەو ناکۆکی و دووبەرەکی و شەڕی براکوژی نێوان ئێوە و یەک بە کارێکی یەکجار ناڕەوا ناجۆری دەزانین، ماڵوێرانی و دوارۆژی ڕەشی هەموو نەتەوەی کوردی تێدا بەدی دەکرێت. حشع بە گەرمی و دڵسوزانە لە تەقەلادانی بێوچانیدا بەردەوام دەبێ بۆ نەهێشتنی ئەم کوشتار و دوژمنکارییەی نێوانتان.

بەپێی هەڵسەنگاندنی ئێمە کە ماوەیەک لەمەوبەر سەرکردایەتی یەک ١٥ پێشمەرگەی گیراوی ئێوەی بەردا هەنگاوێکی بەسوود بوو، هەق وا بوو ئێوەش گیراوەکەی ئەوان لەلای ئێوە عبدالواحد باجلان/تان ئازاد بکردایە و لە بەڵێنەکەتان پاشگەز نەبووبانەوە.

٦- پەیوەندی ئێوە و حدکا ناڕێکە، لێک سرواندن و چاو لە یەکتری

سورر کردنەوە لە تێواتتاندا هەیە. هاریکاریکردن و دۆستایەتی ئێوە نەک تەنها سودی بۆ هەردوو لاتان هەیە لەبەرژەوەندی هەموو تەتەوەی کورد و جولانەوەی ئازادیخوازو دیموکراسی عێراق و ئێران دایە.

ئێمە بە کارێکی باشمان نەزانی کە ناوچەی هەورامانتان بەجێ هێشت. گشت ئەو پێشمەرگانەی ئێوە لە دژلی لە لایەن حدکاوە بەند کرابوون و لەدواییدا هەموویان ئازاد کران ، چەند جار بە نامەو بروسکە تکامان لێکردن گیراوێکی ئەوان لای ئێوە هەیە ناوی عیزەدینە ئازادی بکەن، ئازادتان نەکرد.

٧- نازانین چ سوودێک لەوەدایە کاتێک کاک ئیدریس لە چاوپێکەوتنێکی‌دالەگەڵ پەیامنێری رۆژنامەی اطلاعات/ی تاران هێرش دەباتە سەر زۆربەی هێزو حیزبەکان ئێمەشی لەگەڵدا بی.

٨- ئەمە چۆن دەگونجێ لە لایەک ئێوە لەگەڵ هێزە ئیسلامیەکانی سەر بە ئێراندا رێکدەکەون و پێیان ڕاگەیاندوون کە ئامادەن بچنە ژێر ئالای ئیسلامی لە عێراق، لە لایەکی تریشەوە پەیوەندیتان لەگەڵ ئێمە و هێزەکانی‌تری کوردستانی‌دا هەبێت.

٩- لە دوای کۆنگرەی نۆیەمتان ئەوەی لە بلاوکراوەکانتان تێبینی دەکرێت، بەگشتی رێکوپێک و هێمن و بابەتیە. کەچی رووی هێرشیان تەنها بۆ سەر جەلال تالەبانی ئاراستە کردووە، بەپێی زانیاری ئێمە رێکخراوەکەیان لە سێ گروپ پێکهاتووە هی وایان لەناودا هەیە کە گەلی لە مام جەلال بەرامبەر بە ئێوە توندوتیژترن.

کاک مەسعود لە وەلامدا گوتی: (ئێمە چاوەنۆری بروسکەی ئێوەمان دەکرد کە بەیاننامەکەی لەگەڵ بعەائەدین رێککەوتبووین بلاوی بکەینەوە، کەچی هەڵوێستی ئێستاتان جیاوازی تێدایە. لامان گەلێ ناخۆش و ئەستەمە کە پەیوەندی ئێمەو حدکا بەم شێوەیە ئالۆزو تێکچووە تەقەلا

دەدەین دۆستایەتی و پەیوەندی لەگەڵیاندا بەهێزکەین، کەچی ئەوان دژی ئێمە رەفتار دەکەن و دەیانەوێ تایلرقەمان بدەن هەموو ڕێگاکانی هاتووچۆ کردنمان لە ناو خاکی کوردستانی ئێران لێ قەدەغە دەکەن. ئامادەین بۆ برایەتی و هاوکاریکردن ئەوان هەنگاو بۆ نزیکبوونەوەیان بنێن کەچی ئەوان ئەو ئامادەییەیان نییە. ڕاستە گیراوەکەی پێنک عبدالواحد ناوێکمان بەرنەدا بەهۆی ئەوەی بۆ کوشتنی ئێمە هاتبوو، گیراوەکەی حدکا "عیزەدین"مان بەردا. دەرسی پرۆژەی پرۆگرامی بەرە دووقۆڵییەکە دەکەین و وەڵامتان بۆ دەگێڕینەوە). دوای کاک مسعود کاک علی عبداللە گوتی: (ئێمە رازی نەبووین لەو قسانەی کاک ئیدریس بۆ ڕۆژنامەی اطلاعات کردبووی).

بەیانی ۱۹۸۰/۸/۳۱ دانیشتنی دووەم دەستی پێکرد، بەشداربووان هەمان نوێنەران بوون دەتوانم بڵێم زۆربەی قسەو گفتوگۆیەکانی دوێنێ دووپات کرانەوە، هەردوولامان جەختی ئەوەمان کرد کە پێویستە پەیوەندی نێوانمان بەهێزترکەین زوو زوو یەکتر ببینین و بەڕاشکاوی بۆچوون و ڕا لەگەڵ یەکتریدا ئاڵوگۆڕ بکەین.

کاک علی عبداللە گوتی: جەلال لە نامیلکەکەیدا (یەکێتی نیشتمانی بۆچی؟) پارتی بە دوژمنی سەرەکی دادەنێت، داوای نەمانی دەکات، ئەمەش هەڵوێستی چەوت و ناڕەوایە.

ڕۆژی ۱۹۸۰/۹/۱ ڕاژانمان بەجێهێشتو گەڕاینەوە بنکەکانی خۆمان.. دوای چەند ڕۆژێک (ڕێگای کوردستان) ژمارە/٤ لەگەڵ ئەم نامە کورتەمان بۆ م.س پارت نارد.

بۆ برایانی بەڕێزی م.س پدک

دوای پێشکەشکردنی سڵاو

خۆشی و بەختیاریتان داوایە.

وا رۆژنامەی (رێگای کوردستان) ژمارە/٤مان بۆ ناردن. تکامان هەیە گەر لە ئێستگەکەتان ماوە هەیە ئەم مقالەی لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاساداناني کوردستان مان بۆ بخوێننەوە. جێگای سوپاسمان دەبێت.

هەردەم سەرکەوتنتان

م. هەرێمی کوردستان: حشع

١٩٨٠/٩/١٠

*   *   *

دەرچوون لە ریزی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لەسەرەتای مانگی ئەیلول نامەی برادەرانی م.س یەنک/مان بەدەست گەیشت داوایانکردبوو کە برووسکەیەکیان هەیە دەبێ بە بێسیم و بە جفرە بنێردرێ بۆ مەڵبەندی سلێمانی، دەقی نامەکە:

برای تێکۆشەر باوکی ئاسۆس

سڵاوێکی شۆڕشگێرانە

هەر شادو سەرکەوتووبن. زەحمەت نەبێت ئەو برووسکەمان بە مجفوری بۆ برادەرانی ئێمە لە هەورامان ارسال بکەن زۆر جێگەی سوپاسە. ڕەنگە بەڕێزتان زانیبێتان کەوا کێشەیەک لە هەرێمی/١ ڕوویداوە و هەندێ لە برادەرانی جیابوونەتەوە، ئێمەش وامان بە باش زانی کە هەموویان بێنە ئێرە و لێرە کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەین.

هەر سەرکەوتووبن و هەر بژین بۆ خەبات.

برای دڵسۆزتان: عومەر عەبدوڵلا
١٩٨٠/٩/٦

دەقی برووسکەکە:

لە/ م.س و م.ع

بۆ گشت برایانی هەرێمی/١و لقی/١

تکایە بەپەلە لێپرسراو پێشمەرگەی هەرێم و لق بەرەو سەرکردایەتی بەرێ بکەون، نابێت هیچ پێشمەرگەیەک بەجێ بێنێ، بەهەر بەیانێکەوە بێ. لە بەینی ١٥-٢٠/٩ پێویستە لەسەرکردایەتی ئامادەبن.

لە هەمان رۆژ کاک عومەر شێخ موس و دوو ئەندامی سەرکردایەتی یەنک هاتنە سەردانمان ئاگاداریان کردین کە لە هەرێمی/١ دەنگوباسیان پێگەیشتووە کە ئامیر هێزەکەیان "حەمەی حاجی محمود" و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی لە ریزی یەنک دەرچوون و یاخی بوونی خۆیان راگەیاندووە و دەلێن چوونەتە ریزی حسیک. بەدوورودرێژی باسی هەڵوێست و کردەوە نارەواو عەشایرانەی ئامیر هەرێمەکەیان بۆ باسکردین و نیشانیاندا کە لە دەمێکەوە سەرکردایەتی یەنک رازی نەبووە لە رەفتارو هەڵسوکەوتی ئەم ئامیر هەرێمە چاوەروانی دەرفەتێکی لەباریان دەکرد بۆ لێپرسینەوە بەم دواییە هەستی بەوەکرد کە سەرکردایەتی دەیەوێ دەسەڵاتی کەم بکاتەوە و سنوورێک بۆ هەڵسوکەوتی و کردەوە ناکرەوپەکانی دابنێ، یاخی بوو گوایە چۆتە لای حسیک". ئاگاداریشیان کردین کە بریار هەیە ئەم گوتارەی لە ژمارە/٤ رێگای کوردستان دەربارەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پاسادانان لە ئینستگەی یەنک بلاوبکەنەوە.

رۆژی ٩/٧ کاک رسول مامەند و دوو ئەندامی سەرکردایەتی حسیک لە زەڵێ لەگەڵ هاورێ سکرتێری هەرێم کۆبوونەوە. برادەرانی حسیک دەربارەی باری کوردستان و پەیوەندی دوو قۆڵی حسیک و حشع قسەیان کردبوو، لە دوایدا گەلێ بە گوشادیەوە باسی یاخی بوونی حەمەی حاجی محمود و پێشمەرگەکانی یەنک/یان گێرایەوە کە چوونەتە ریزی حسیک و پەیوەندیان بە یەنک پچراندووە، دەربارەی باری دارایی و گوزەران و ژیانی

خۆیان، دەستکورتی خۆیان نیشاندابوو، داوای یارمەتی مادییان کردبوو.

کە هاوڕێکەمان گەڕایەوەو باسی دانیشتنەکەی گێڕایەوە مەکتەبی هەرێم بڕیاری وەرگرت کە مبلغی ( ) دینار یارمەتیان بدرێت، کە پارەی ترمان پێگەیشت یارمەتی تریشیان بۆ بنێردرێت. بە بۆچوونم برادەرانی سەرکردایەتی حسیک تەنها بۆ ئەوە هاتبوون ئاگادارمان بکەن کە هێزەکانیان لە گەشە کردن دایە، تەنانەت ئامیر هەرێم و پێشمەرگەکانی یەک هاتوونەتە ریزی ئەوان!

لێرەدا پێویستە ئەم ڕاستییە بگوترێ، ئەم ئامیر هەرێمە لە ڕووی چینایەتییەوە لە بنەماڵەی جوتیارێکی دەوڵەمەند، دەمێکە لە ژێر ئاڵای فەرمانبەرایەتی یەک وەک دەسەڵاتدارێکی بێ هاوتا لە ناوچەی سلێمانیدا بە ئارەزووی مەبەستی خۆی جرت و فرتی کردووە، هیچ لێپرسینەوەکی ئەوتۆی لەسەر نەبووە، وەک هێزێکی سەرکوتکەری یەک بەڕێوەبەری ناوچەکە. بگرە شەش مانگ پێش ئەوسا کە سەرکردایەتی یەک وەک هێزێکی گەڕۆک بەکاری دەهێنا دژی پێشمەرگەکانی حسیک لە شارباژێرو ناوچەی خۆشناوەتی بە گەلێ کردەوەی خراپکارانە هەڵساو ئەوپەڕی شانازیشی بە پاڵەوانییەتی و چالاکییەکانی دەکرا، کەس کەموکوڕی و هەڵەو دەستدرێژییەکانی نەدەبینی.

لە ئەنجامی ناکۆکی و دووبەرەکی و شەڕی براکوژی نێوان حیزب و هێزەکانی کوردستانیدا لە مێژ ساڵە زەمینەی خۆش و لەبار ڕەخساوە بۆبازدان و پەڕینەوە لەم هێزەوە بۆ ئەویتر هەر لایەنێکیش کە کەسێکی لێ جیا دەبێتەوە ئەوا ڕیسوای دەکاو ناوو ناتۆرەی بۆ هەڵدەبەستێ، ئەو لایەنەش کە ئەو کەسە پەنای بۆ دەبا بە پێچەوانەوە دەیکا بە پاڵەوان و بە شان و باڵی هەڵدەڵێ!!.

زۆری نەخایاند ئەم ئامیر هێزە و پێشمەرگەکانی کەوتنە ڕاونان و

بەربەرەکانی کردنی لایەنگرەکانی یەک. لە مێژووی دوورو نزیکی خەباتی بێ پسانەوەی نەتەوەکەمان، دوژمنانمان سوودی زۆریان لەم دەرفەتانە وەدەست هێناوە. ئەم هەموو تاقیکردنەوەو ئەزموونە تاڵانەی بەسەرماندا تێپەڕبوون کەلکیان لێ وەرنەگیراوە!!

* * *

لە ناوچەی بادینان

لە پێشەوەی ئەم کتێبەدا، ئاماژەم بۆ ئەوە کردبوو کە چەند مانگێک لەمەوبەر ژمارەیەک لە کادیرو پێشمەرگەکانی حشع بنکەی خۆیان لە ناوچەی بادینان بنیات نابوو بۆ ئەوەی بە گورجوگۆڵی دەست بە چالاکی پارتیزانی و ڕامیاری بکەن. م.س/ی پدک بە نامە و ئامۆژگاری داوایان لە گشت ڕێکخراوەکانی پارتی و لایەنگرانی کرد کە هاوکاری خۆیان لەگەڵ کادرو پێشمەرگەکانی حشع بەهێزکەن. وەکو گوتراوە چەم بێ چەقەڵ نابێ، هەر لەسەرەتاوە لەناو ژمارەیەک کادیرو پێشمەرگەکانی پدک هەبوون دژی ئەم هەنگاوەی حشع ناوچەکەیان بە موڵکی خۆیان دەزانی و بۆ ئەوان پراوەتەوە، بۆ هەموو حیزب و هێزەکانی‌تر قەدەغەیە و نابێ کەس جێ پێی لە ناوچەکەدا ببێ. کەوتنە مقۆ مقۆ و کارکردن دژی هاوڕێیانمان درزو بوختانی ناڕەوایان بۆ هەڵدەبەستن، کۆسپ و تەگەرەیان دەخستنە پێش. هانی جووتیارو دانیشتوانیان دەدا کە بەهیچ شێوەیەک دەستی یارمەتی و کۆمەک بۆ پێشمەرگەکانی حشع درێژ ناکەن هەتا نەدەبوایە ئاسیاری و دۆستایەتیان لەگەڵدا پەیدا کەن، لە گەلێ شوێنیش هەڕەشەیان لە خەڵکەکە دەکرد. مەکتەبی هەرێم بڕیاریدا نامەیەک بۆ م.س پدک و داوایان لێبکرێ کە سنوورێک بۆ ئەم تێکدەرانە دابندرێ. ئەمەش دەقی نامەکەیە:

المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق المحترم
تحيات نضاليه حاره
ايها الاخوه الاعزاء
في عدد من اللقاء بين ممثلي حزبينا خلال الاشهر الاخيره جرى تبادل وجهات النظر حول العلاقات بيننا و توجهاتنا نحو تعزيزها لما فيه خدمة الحزبين و نضاله المشترک.و كان الجو يتسم بالتفهم المتبادل و الارتياح بصدد هذه العلاقات و في مختلف قطاعات كردستان، الا ان بعض الاخبار وصلتنا من بهدينان (قاطع زاخو) حول احداث موسفه و اخطاء ارتكبها بعض انصاركم اثرنا اعلامكم بها و تبيان وجهات نظرنا لقيام كل طرف بما يترتب عليه بهدف تجاوز و تصرفات الماضي و وضع العلاقات المستقبليه على اسس متينه.
ان حزبنا شان حزبكم يسهر على خلق و تطوير العلاقات النضاليه مع الاطراف و المنظمات الايرانيه و التركيه و خاصه الكرديه منها خدمه لحركتنا التحرريه الوطنيه و توجهاتنا النضاليه و هذا حق مشروع و طبيعي و يمكن التاكيد بهذا الصدد اننا لن نسمح بصيرورة هذه العلاقات للاساءه الى حزبكم او اى حزب آخر صديق. بل على العكس من ذلك فاننا حريصون على خلق الاجواء لقيام و تعزيز العلاقات بين سائر الاحزاب الصديقه مع البعض.
و من جهه اخرى فان حزبنا يبذل كل الجهود من اجل [illegible]سول على مستلزمات النضال المسلح من سلاح و مون و غيرها بالتعاون معكم و مع ايه جهة نعتبرها وطنيةً او بشكل مستقل و بالاعتماد على النفس و هذا امر طبيعي تقومون به انتم ايضا. يبدو ان بعض اخوتكم في بهدينان لم يستوعبوا هذه الوجهه الصحيحة للعلاقات النضاليه بين حزبينا فمن جهه يطالبوننا بقطع العلاقة مع منظمة كردية في تركيا "كوك"<١> لان لكم

وجهات خاصه تجاهها ذات العلاقه بترسبات الماضي و مشاكل ثانويه في حين اننا تعتقد بضروره بذل الجهد المشترک لخلق علاقات طبيعيه بينكم و بينها و تجاوز تلک الترسبات و الامور الثانويه لما فيه مصلحه حزبكم و حركتنا الوطنيه. خاصه انها منظمه غير عراقيه و تعمل داخل حدود بلادها. كما ان مجموعه من انصاركم بقياده سيد حميد قد نصبت كمينا بتاريخ ١٩٨٠/٨/٢١ لمفرزة من انصارنا مولفة من ٢٠ نصيرا مع شخص من (كوک) تحرک لنجدة مجموعة من رفاقنا كانو مطوقين من قبل القوات التركية مع بعض المون الغريب ان رفاقكم كانوا يعلمون بان هولاء رفاقنا. و اعقب ذلک واطلاق الرصاص و التهديد و الاحتجاز لرفاق جاءوا من الخراج.

ان كل ما نرجو هو توصية انصاركم هناک بروحية علاقات التعاون الاخوى المتفق عليها بين الطرفين و من جانبنا ستوجه رفاقنا بروحيه ضبط النفس و المرونة ربما لتمكن سوية من خلق اجواء طبيعية في تلک القاطع شان القواطع الاخرى.

هذا و الى امام

الحزب الشيوعي العراقي
مكتب اقليم كردستان
١٩٨٠/٩/١٢

دواى ماوەيەک م.س پدک وەڵامیان بۆ نووسینەوە

<١> پارتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە تورکیا. یەکێکە لە پارتیە کوردستانیەکانی کوردی تورکیا، پارتێکی بچووکە تووشی گەلێ کێشەی ناوخۆو کەرت بوون هاتووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان -عێراق ژمارە/٢٤٢٥
مەکتبی سیاسی ڕۆژ ١٩٨٠/٩/١٩

بۆ حزبی شیوعی عێراق / مکتب اقلیم کردستان/ تێکۆشەر
سلاوێکی شۆڕشگێرانە
نوسراوی ڕۆژی ١٩٨٠/٩/١٢تان گەیشت بە وردی خوێندرایەوە ئەمەی خوارەوە وەرامەکەیەتی:
١- بێگومان علاقاتی ئێمە علاقاتێکی ستراتیژیە، وە خۆمان و ئێوە بە دوو هێزی کاریگەر ئەزانین لە عێراق و کوردستاندا، بۆیە زۆر خۆشحالْ ئەبین کە هەرکەموکوڕیەک لە نێوان پێشمەرگەکانی ئێمەو ئێوە و ڕێکخراوەکانماندا هەبێت بەریەری برایەتی لە ئاستی هەست بە مسئولیت چارسەر بکرێن.
٢- هەمیشە لەبەر تیشکی بیروڕای سەرەوەمان ئامۆژگاری بنکەکانمان و هەڤالآنی پارتی و برا پێشمەرگەکانمان کردوە کە پەیوەندی نێوانمان هەلْقولاو بێت لەبەرژەوەندی بزووتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی عێراقی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان بۆیە تاکو ئێستە پەیوەندی نێوان برایانی ئێوەو ئێمە زۆر باش بووە. بەلاْم بەداخەوە بەم دواییە هاوڕێ تۆما تۆماس هێندێ ئسلوبی بەکارهێناوە کە لەگەلْ پەیوەندی تێکۆشانی هاوبەشمان ناگونجێ تەنانەت هەلْیکوتاوەتە سەر بنکەی لقی/١ و بۆ ماوەیەک دەوری داوە تاکو چەکەکانی بۆتان هاتبوو لە ڕێگەی برایانی ئێمەوە وەریان بگرێتەوە. چونکە لێپرسراوانی ئێمە داوایان کردبوو کە لەسەرمان بوەستێ تا ئاگاداری م.س ئەکەین بۆ ئەوەی موافقەتی تسلیم کردنیان وەربگرن ئەم ئسلوبە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەلْ علاقاتی دوو حزب ڕێک ناکەوێت. وە ڕەنگە ئەو ڕووداوە ببێتەوە هۆی ساردی علاقات لەو

ناوچەیەدا.

٣- ئێمە خۆشحاڵ ئەبین کە علاقەمان لەگەڵ هەموو ئەحزابی نیشتمانی و دیموکراتی و پێشکەوتنخواز باش بێت لە عێراق و ئێران و تورکیا چونکە علاقاتی باشی ئێوە دەرەنگ و زوو تاسیرێکی باش ئەکاتە سەر عیلاقاتی ئێمەو ئەوانیش ئەگەر ساردییەکی رابردوو لە نێوان ئێمەو هەر کامێکیان لەوانە هەبێت، بە تایبەتی لەگەڵ "کوک" بۆیە پێمان خۆشەو ئەزانین سودبەخش ئەبێت.

٤- خۆتان ئەزانن یەک بەداخەوە ئێمە بە دوژمنی سەرەکی خۆی ئەزانێ، رێگەی سوریەش بۆ ئەوکراوەتەوە، کوک وە رەنگە جەماعەتی تریش هەبێت یارمەتی ئەوان بدەن بە نهێنی لە پشت ئێمەوە چەکیان بۆ دەرباز بکەن. بۆیە هەقێکی مشروعی خۆمانە کە رێگەیان پێ نەدەین. هەر چەک و پێویستییەکتان بۆ دێت کە لە رێگەی ئێمەوە یان لە رێگای خۆتانەوە داخل بە منطقەی بادینان ئەبێت هەقە ئاگاداری ئێمە بکەن، بۆئەوەی دڵنیا بین کە هی ئێوەیە کە زۆر باشیش دەزانن یارمەتیتان ئەدەین و داوامانە بۆ رزگارکردنیان بە باشی.

٥- ئومێد دەکەین لەو ناوچەیە هاورێیەکی و ها بەلێپرسراو دابنێن کە زیاتر تقدیری ئەو زروفانەی ئێمەو ئێوە بکات و هق نەدات بە خۆی کە بەچەک ئەو جۆرە مشکلاتە حەل بکات.

٦- لەپاش تۆژینەوەیەکی ورد لەو کەمینەی باستان کردووە کە گۆیە هەڤاڵ سید حمید بۆ برادەرانتان داینابوەتەوە، ئاگادارتان ئەکەینەوە، تکایە چاکتر لەو دەنگوباسانەی پێتان ئەگات بکۆڵنەوە بۆ ئەوەی علاقاتمان رۆژ بەرۆژ پتەوتر بێت

ئیتر بۆ پێشەوە

مەکتەبی سیاسی: الحزب الدیمقراطي الکردستاني

دوای ئەمە بە ماوەیەکی کەم بروسکەمان لە بنکەی هاوڕێیانی بادینانەوە پێگەیشت، ئەمش دەقەکەیەتی:

من/ئاراس
الى/ م.اقليم
اليوم وصلت مفرزة و معها الهدايا و الرفيق ابو عامل<١> مازالت بعض مفارز حدک يعرقلون تحركاتنا و يخلقون لنا المتاعب. يرجى مفاتحة مكتبهم السياسي حول تصرفات هولاء غير الوديه.

یەکسەر م. هەرێم ئەم بروسکەی خوارەوەی بۆ م.س حدک نارد.

من/م. اقليم
الى/م.س حدک ١٩٨٠/٨/٢٩
رفاقنا يشكون من تصرفات بعض مفارزكم في بهدينان و مستمرون في سلوكهم العدائي تجاههم. يخلقون لهم المساكل و يتحرشون بهم. خاصة اثناء عوده الرفاق من الخارج. ندعوكم و تامل بوضع حد لتصرفات هولاء. و دمتم.

دوای چەند ڕۆژێک ئەم وەڵامەی پدک/مان پێگەیشت:

<١> ئەندامێکی کۆنی لیژنەی مەرکەزیە، تا ئێستاش هەر لە ل.م ماوەتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق ژمارە/٢٩٦٥
مەکتەبی سیاسی ڕۆژ ١٩٨٠/٩/٣٠

بۆ برایانی لیژنەی هەرێمی کوردستان

حیزبی شیوعی عێراقی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

نووسراوی ١٩٨٠/١٠/٢٩ دەربارەی هەڵوێستی برادەرانی ئێمە لە لقی/١ بەرامبەر هێنانی پێویستییەکانیی شۆڕش بۆتان ئەمە ڕشیمانە لەسەری هەروەک لەمەو پێشیش ئاگادارمان کردوون کە ئێمە زۆرمان پێخۆشە علاقەتان لەگەڵ کوک باش بێت. چونکە باشی عیلاقەی ئێوە لەگەڵیان انعکاس ئەکاتە سەر عیلاقەی ئێمەو ئەوانیش بە مەرجێک لەو شوێنانەی ئێمە تەنزیمان لێیەتی دژی ئێمە نەبن. واتە جۆرێکی مەعقوڵ دروست بێت لە ڕێگەی ئێوەوە بە ئاراستەکردنی ئێوە ئەسلوبێک بەکار بهێندرێت کە هەمیشە برادەرانی ئێمە هەست بکەن کە لەگەڵ بەهێزکرژنی علاقەی ئێوە و ئەوان تغیریش لە نێوان علاقەی ئێمەو ئەوانیش هەیە، بەپێ بروسکەیەک کە ئەم بەیانیە لە برادەرانی لقی/١ وەرمان گرتووە، عبدالرحمن گوندگی(١) معتمدی ئێوەیە لە هێنانی چەک دژی ئێمەیە سیاسیا، مادیا کە پارەی خواردووین قیمەتی نیە. هەق نیە یەکێک کە دژی ئێمە بێت علنا معتمدی ئێوە بێت. سەرەڕای ئەمەش وەکو بیستومانە چەک بە کوک دابەشکراوە بەبێ ئاگاداری ئێمە، وە ئەو ناوچەیەش زۆر حەساسە بە نیسبەت ئێمەوە، وە کوک ئەو عیلاقەی ئێوەو خۆیانی

---

(١) ئەندامێکی سەرکردایەتی کوک، پارتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردستانی تورکیا بوو، ئێستاکە لە سوریا دەژیت.

استغلال کردووه دژی ئێمه نەک وەکو پێویسته انعکاسی کردبێت بۆ عیلاقه باشی نێوان ئێمەو ئەوان وە هەقیش نیه ئێوه لەمه رازی بن. وە دوژمن و ناحەزانی ئێمه ئەیانەوێ دژی ئێمه بەکاری بێنن بۆیه که ئێمه دۆستی ئێوەین و ئامادەین لە ڕێگەی ئێمەوە هەموو پێویستیەکانتان پێ بگات. ئیجاب ناکات له پشت ئێمەوە و له ڕێگەی ئەوانی دژی ئێمەن احراجی ئێمه بکرێت، هەروەکو ئێستەش ڕوونمان کردوونەوە، له نوسراوێکی پێشتریش لەسەر ئەم مەوزوعه رەئی خۆمان و سیاسەتمان بەسەراحەت بۆ نووسیون. تکامان وایه رەچاوی ئەو ملاحظاتانەمان بکەن بۆ ئەوەی مشاکل لەو ناوچەیه له جاران کەمتر بێت وە بروسکەمان داوەتەوە به لقی/١ که هەموو هاوکاریەکتان بکەن ئەگەر له ڕێگەی نەحەزانی ئێمەوە نەبێت.

ئیتر بۆ پێشەوە

الحزب الديمقراطي الكردستاني

م.س

هەر له کۆنەوە، دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ بە ماوەیەکی کەم، هەندێ له کادیرو چەکدارەکانی پدک بە شێوەیەکی خراپ پەروەردەکرابوون. وا لە مێشکیان ئاخنرابوو کە ناوچەی بادینان تەنها هی ئەوانەو دەبێ لەژێر دەسەلات و فەرمانی ئەوانیشدا بمێنێتەوە بە جۆرێک رەفتاریان لەگەڵ جەماوەری ناوچەکەو هەموو هێزو حیزب و گروپ و کەمنەتەوەیی ئاینییەکان دەکرد وەکو بڵێی ئەوان کوێخای هەموو ناوچەکەن و دەبێ هەمووشیان لەژێر ئامۆژگاری و فەرمانی ئەوان دەرنەچن! له هەر لایەک هەستیان بەسەر بزێویەک بکردایە، به هەڕەشە، ئەشکەنجە، تالانکردن و کوشتن سەرکوتیان دەکرد، مافی کۆکردنەوەی خێرو بەری داری و باج وەرگرتن هی خۆیانه و بەس! هەمووشی لەژێر

پەردەو بەناوی پیرۆزی کوردایەتی و شۆڕشی نەتەوایەتی ئەنجامدەدرا. ئەم دیاردەیەش بۆتە تەخۆشی و پێشەکیەکی یەکجار خراپ لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولەوە تاکو ئێستا هەر بەردەوامە.

سەرکردایەتی پدک و حشع هەوڵو تەقەلای زۆریان ئەدا چارەسەری ئەوسەرسەختی و لاساری ئەو چەکدارو کادیرانەی پارتی بکەن کە دژی تەبایی و برایەتی و کارکردنی هاوبەش بوون. کەچی بەبینا بەبێ وەکو ریشەی زامی تیراوە، دەستێکی ناپاکی تێکدەر کاری خراپی خۆی ئەنجامدەدا، تا لە دووسێ شوێن گەیشتە کوشتنی پێشمەرگەو کادیرو لایەنگرانی حشع.

* * *

هەنگاوێکی پیرۆز

ڕۆژی ١٥/٩/١٩٨٠ عومەر شێخ موس بە نامەیەکی تایبەتی وەڵامی دانیشتنێ کاک حەمید کەوتە گوتار: لەسەرەتادا کەمێک باسی باری ژیانی کوردی سوریا و حیزبە کوردیەکان و هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان و هێزە نەتەوەیە عەرەبەکانی سوریای بۆ کردین، جا هاتە سەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٧ هەندێ کۆبوونەوەی دوو قۆڵی و بەکتر بینین لە نێوان چەند حیزب و گروپەکانی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا کراوە بە مەبەست و ئامانجی ئەوەی کە لە هەموو ڕوویەکەوە باری کوردستان دەرس بکرێت و ستراتیژێکی تازە بۆ ڕێنما کردنی جوڵانەوەکەمان ئامادە بکەین بۆ ئەوەی سنوور و ئاسۆی پرۆگرامی هەموو هێزەکانی نەتەوەیان لە قۆناغەکانی خەباتکردنماندا یەک بگرێتەوە، شێوەی تێکۆشان و خەباتمان لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و فیکریمان بگونجێت.

دیسان لە دمشق ساڵی ١٩٧٩ بۆ وەدەست هێنانەوەی ئەم ئاواتە تەقەلادان دەستی پێکردەوە. نوێنەری حشع، کریم احمد و هی حزبی شیوعی سوریا رەمز شێخۆ<١> لەگەڵ ئەوەدابوون گفتوگۆ دەست پێ بکاتەوە، نوێنەرانی ینک و حسیک لەگەڵ کۆنگرەیەکی نەتەوەیی گشتی دا بوون بۆ ئەم مەبەستەش هاتوومەتە ناوچەکە. لە رێگا چاوم بە د.قاسملو کەوت ئەویش بە گەرمی لەگەڵ ئەوەدا بوو ئەم کۆنگرەیە زوو پێک بێت و نیشانیدا کە حدکا ئامادەیە میوانداری نوێنەرانی هەموو حیزب و هێزو گروپەکان بکات. بەلاّم رازی نیە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەشداری کۆنگرەکە بکات.

لە سوریا چاوم بە جلال تاڵەبانی کەوت، ئەویش نایەوێ سەلاح بەدرەدین<٢> بەشداری کۆنگرەکە بکات.

پێشنیارم ئەوەیە کۆمیتەیەکی ئامادەیی لە نوێنەرانی ینک و حشع و حدکا و رێیا ئازادی کوردستانی تورکیاو پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سوریا و حزبی شیوعی سوریا پێک بێت ئەم کۆمیتەیە پلانی کارکردن (جدول العمل) بۆ کۆنگرەکە دابنێت، لەسەر ئەم حیزب و گروپانەی بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن رێک بکەوێ دەمەوێ رای ئێوەش بزانم.

<١> بە ابو جەنگۆ ناسراوە لە کوردەکانی سوریایە لە بنەماڵەیەکی هەژار پێگەیشتووە، دانیشتوی شاری قامیشلی‌یە لەمێژساڵە ئەندامە لە ریزی پارتی کۆمۆنیستی سوریا، ئێستیکە ئەندامە لە مەکتەبی سیاسی، دڵسۆزو کورد پەروەرێکی ئازاو بە جەرگ و چاو نەترسە.

<٢> سکرتێری پارتی یەکێتی گەلی کوردی سوریایە، حزب الاتحاد الشعبي الكردي-سوريا، دەمێکە لە دەرەوەی سوریا دەژیت.

هاوڕێ "ع" کەوتە وەڵامدانەوە: (ڕاستە ئێمە لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستانی عێراق دەژین، ڕای ئێمەش لەگەڵ ڕای هاوڕێیانی سکرتێری یەکەمی حیزب و هاوڕێیانی سەرکردایەتی دایە. بەکارێکی ڕاست و ڕەوا پیرۆزی دەزانین، ماندوویوون و تەقەلای زۆری دەوێت. لە ڕاو بۆچوونی ئێمە پێویستە ڤیتۆ لەسەر هیچ حیزب و هێزو گروپی نەتەوەیی‌دا نەدرێت کە دەیەوێ بەشداری لەم کۆنگرەیەدا بکات. پێویست بەوەش دەکات تەقەلا بدرێت ڕای حیزبی شیوعی تورکیا و حزبی تودەی ئێرانیش بەرامبەر بەم پرۆژەیە وەربگیرێت، بە سوودە بزانین ڕای ئەوان بەرامبەر بەم فیکرە چییە؟ چونکە بۆ حشع مەشکیلە دەبێ، بەشداری لە کۆنگرەیەکی وا گرنگ بکات. کە دەرسی ئالۆزترین و تێک ئالاوترین مەشکیلە دەکات. ئەویش مشکیلەی نەتەوەیەکە بەسەر چوار وڵاتدا بەشکراوە، هیچ لایەکیشیان دان بە بچووکترین مافە ڕەواکانی نانێن!

دەربارەی باری کوردستانی عێراق و پەیوەندی نێوان هێزە کوردیەکان گەلێ خراپە. شەڕی براکوژی و تێکهەڵچوون لە نێوانیاندا بەردەوامە بەهۆی سەر تێکنان و تێکهەڵقاژاندن بەربەرەکانی دوژمن بۆتە ئەرکی لاوەکی) جا ئێمە کەوتینە پرسیار کردن لە کاک حەمید:

چۆن زەمینە ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی هەموو حیزب و هێزو گروپە کوردستانیەکان بەبێ جیاوازی بەشداری لەم کۆنگرەیەدا بکەن؟ لە ژێر چ دروشمێکی سەرەکی لە قۆناغی ئێستای خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد دا ئەم هێزانە کۆ بکرێنەوە؟ هەڵوێست بەرامبەر بە وڵاتانی سۆشیالیستی و حزبە کۆمۆنیستەکان چۆن دەبێ؟

کاک حەمید کەوتە وەرامدانەوە، هێرشی توندی بردە سەر پدک بە تایبەت بۆ سەر خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی و محمد محمود عبدالرحمن و گوتی (گومان لەم دووانە دەکرێت کەوابەستەی

کۆنەبەرستەکانی هەموو ناوچەکەن، دربارەی ولاتانی سۆشیالیست و حزبە کۆمۆنیستەکان، پێویستە هەموویان بە دۆستی راستەقینەی نەتەوەکەمانی بزانین. هاتە سەر باسکردنی باری ژیانی کوردەکانی کوردستانی تورکیاو گوتی (نەتەوەکەمان زۆر بە دەردە، سەری و هەژاری و دواکەوتوویی دەژیت. بێ بەشە لە هەموو مافەکانی مرۆڤایەتی و نەتەوەیەتی، قەدەغەیە بڵێن کوردین، یا بە کوردی ئاخافتن یەکتری بکەن لەژێر چەنگی تورانیەتی تورکی پانکراونەتەوە گەلێ رێکخراوی سیاسی نەتەوەیی لە نێوانیاندا دامەزراوە لەمانە پێنج تا شەشیان تا رادەیەک ناسراون زۆربەیان وا خۆ لە قەلەم دەدەن کە لەسەر رۆشنایی پرنسیپی مارکسیزم – لینینیزم دەرۆن، بەداخەوە نەخۆشی ژەهراوی و دووبەرەکی و ناکۆکی و شەری براکوژی ئەوانیشی گرتۆتەوە، لەو حزبانەی ناسراون پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا PKK ، پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، ئالا رزگاری، پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا...هتد. بۆ وەرگرتنی مافی چارەنووسی بۆ کوردستانی باکورد PKK دەستی داوەتە چەک شەری پارتیزانی دەکات. دانیشتنەکمان لەگەڵ کاک حەمید خۆش و درێژ بوو، زیاتر لە شەش سەعاتی خایاند. ئەوەی لە ئەنجامی وتوێژەکمانندا سەرنجی راکێشام ئەوانە بوون:

١- بۆچوون و بیرو راکانی کاک حمید گەلێ لە بیرو بۆچوونەکانی جەلال تالەبان نزیکبوون.

٢- بەکارێکی یەکجار سەخت و گرانی دەبینم ئەم جۆرە کۆنگرە پێکبهێنندری! بەهۆی کورتبینی و دەمار رەقی‌یەوە، هەر لە سەرەتاوە زۆربەی سەرکردەکانی کورد دەیانەوێ کۆسپ بخەنە پێش یەکدی، هەندێکیشیان خۆیان بە خاوەن مافی ڤیتۆ دەزانن!

٣- لەو بڕوایەدا نیم و نە بووم کە حشع ‹١› یا حزبی شیوعی سوریا

بتوانێ ئازاداتەوو بەجەرگانە لە ڕوانگەی ئەفكاری ڕاستەقینەی ئینتەرناسیۆنالیەوە كە دان بە مافی چارەنووسی هەموو نەتەوەیەكدا دەنێت بێتە مەیدانی بەرگری كردن لە مافی ٢٥ ملیۆن كورد، بەهۆی گرێدانیانەوە بە تەیاری جوولانەوەی عەرەبی كە ئەمیش خۆی لە خۆیدا هەڵوێستی ناڕەواو تا ڕاستە.

٤- خۆ حزبی تودەی ئێران، تاڕادەیەكیش حزبی كۆمۆنیستی توركیا<٢> نەك هەر بەشداری لەم جۆرە كۆنگرانەدا ناكەن و یارمەتی نادەن بەڵكو بە پێچەوانەشەوە پڕوپاگەندەی توندو دژی فكرەكە بڵاو دەكەنەوە، كۆسپیش دەخەنە پێش چۆنكە لەژێر كارتێكردنی ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستی نەتەوەی گەورەو دۆگماكانی ستالیزم‌دا ڕزگاریان نەبوون.

٥- لەم جیهانە گەورەو بەرفراوانەدا، لە كۆتایی سەدەی بیستەم، كە لێدوان و بەرگریكردن لە مافی مرۆڤ، دیموكراتیەت، یەكسانی، پاراستنی سروشت و ئاو هەوا بۆتە كاری كاراتی سەرەكی، بە تایبەتی لەو وڵاتە پیشەسازییە پێشكەوتوو و حەزارییەكان بەڵام وڵاتێك نیە دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بكات و پشتمان بگرێت!

<١> ئەگەر هەر لە زووەوە بەراوردێكی بابەتیانە لە نێوان پرۆگرام و ڕێبازو سیاسەتی حشع و هەموو حزبە كۆمۆنیستی و كرێكاری و پێشكەوتنخوازەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بكرایە بە ئاشكرا دەبینرا كە حشع لە هەموویان پرتسیپانەتر بۆ چارەسەركردنی مەسەلەی كورد و مافە ڕەواكانی ڕۆیشتووەو بایەخی پێداوە، ئەمەش ماتای ئەوە نیە كە كەموكوڕی لە سیاسەت و هەڵوێستیدا بەرامبەر بە جوولانەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان لە كوردستانی عێراق یا پارچەیەكی تردا نەبووە.
<٢> مەبەستم پێش ئەوەیە كە حزبی ئیشتراكی توركیا و حزبی كۆمۆنیستی توركیا بێن بەیەك حزب بەم دواییە گۆڕانێك لە هەڵوێستیاندا بەرامبەر مەسەلەی كوردستانی توركیا هەیە هەرچەندە زۆر بنەڕەتینیە

٦- شاردراوەش نیە خۆمان لە مەیدانی خەباتی سیاسی و نەتەوەییدانە گەیشتووینەتە رادەیەکی یەکبوون و یەکێتی وا بە هەموو دونیا بسەلمێنێ کە گەورەترین نەتەوەین بێ مافی چارەنووسی، پارچە پارچە کراو ژێر دەست ماوینەتەوە.نیشتمان، مێژوو، رەچەو ئاداب و کالتورمان هەیە، بۆ بەرژەوەندی ولاتانی تردا بەش کراوین، ستەمکارانە مافمان خوراوە ئەچەوسێندرینەوە لەژێر دەسەلاتی بێگانە بەندو کۆیلە کراوین! دەبێ ئێمەش وەکو هەموو ولات و نەتەوەکانی‌تر بە ئازادی و سەرفرازی بژین بیینەوە بە خاوەن نیشتمانەکەمان، مافی چارەنووسی خۆمان لەدەستی خۆمان دا بێت.

بیری بەستنی کۆنگرەیەی نەتەوەی بۆ هەموو کوردستان، بیرو بۆچوونێکی یەکجار رەواو راستە. خۆزیاگەلێ لەمەوبەر بهاتایەتە دی. ئەرکێکی مێژووییە لە ئەستۆی هەموو رابەرو سەرکردەو تێکۆشەرەکانی گشت هێزو و حزب و گروپە کوردستانیەکان، هەروەها رەوشنبیرو نووسەران و خوێندەوارو جەماوەری کوردستان دایە تەقەلای بێ وچان بدەن ئەم کۆنگرە ببەسترێت و ستراتیژێکی تازە و یەکگرتوو بۆ سەرجەمی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کوردمان نەخشە بکێشین.

* * *

کورتەیەک لەسەر جەنگی عێراق و ئێران

هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلەکانی ئێران، پەیوەندی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەرەو تێکچوون ڕۆیشت، ڕژێمی عێراق کەوتە هەڕەشەو چاو سوورکردنەوە لە شۆڕشەکە. باوەشی بۆ کۆنەپەرست و ئەفسەرە ڕاکردووەکانی سەردەمی "شا" کردەوە، بە هەموو شێوەیەک کەوتە کۆمەک کردنیان لە ڕووی ڕاگەیاندن و پروپاگاندەوە، تاوگێرانە کەوتبووە هێرش بردنە سەر باری تازەی ئێران و ریسواکردنی شۆرشە جەماوەریەکەی. بە ئاشکراو نهێنی دەستی دەخستە ناو کاروباری ناوەوەی ئێران. بێ حسێب پارەو پوڵ و چەکی بەسەر دوژمنەکانی ڕژێمی تازەو کاسەلێسەکان دابەش دەکرد بۆ ئاژاوە نانەوەو کاری تێکدەرانە.

ڕژێم کەوتبووە جمەوجوڵ و تەقەلادان بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ هێزو حیزب و گروپەکانی ئێراندا پەیدا بکات، بەو مەبەستەی پاڵیان پێوەبنێ ڕاپەڕن و دژی کاربەدەستە تازەکانی ئێران بوەستن و ڕکابەری پەیدا کات، بۆ هێنانەدی پیلانە گڵاوەکانی گەلێ نەخشەی کێشا. بە درێژایی سنووری نێوان هەردوو وڵات دەیەها تێکهەڵچوون و تەقوتۆق و پەلاماردان لماوەیەکی کورتدا پەیدا بوو.

دامو دەزگای عێراقیش کەوتبووە هات و هاوار و گومراکردنەوەی درۆدەلەسە، بە تەواوی لەسەر پەیڕەو ئامۆژگاری گۆبلزی(١) فاشی

مامۆستایان دەرزیشتن کە دەیگوت (درۆ بکە درۆ بکە هەر درۆ بکە تا هەموو کەس بڕوات پێ دەکات) رژێمی عێراق دەیەویست بە هەر نرخ و شێوەیەک بێت، رژێمی تازەی ئێران بشکۆلێ و پووچ بکات، تووشی گەورەترین گیروگرفتی بکات و تێک و پێکی بدات. لە لایەکی ترەوە کاربەدەست و رابەرانی کۆماری ئیسلامی لەخۆبایی بوون و هەر زوو کەوتنە راونان و سەرکوتکردنی هەموو هێزو حیزب و گروپ و تیرەو نەتەوەیەک، لە نەتەوەی فارس یا مەزهەبی شیعە نەبن. ئەو ئێرانەی کە دوا ساڵەکانی سەردەمی حەمە رەزا شادا، لەژێر دروشمی (شۆرشی سپی) لە رووی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاوەدانکردنەوە گۆڕانکاری زۆری بەسەر داهاتبوو و بەرە پێش چوو بوو، رابەرانی کۆماری ئیسلامی سوور بوون لەسەر ئەوەی بارەکە لە هەموو روویەکەوە بگێڕنەوە بۆ دواوە بۆسەردەمی دواکەوتن و کوێرەوەری و نەفامی، لە ئەنجامی ئەمەدا وڵاتەکە بوو بە دۆزەخێک شوێنی حەوانەوە بۆ رەوشنبیرو زاناو پێشکەوتنخوازان و تێکۆشەران یەکجار ئەستەم بوو سەرجەمی رەفتارەکانیان لە بەرژەوەندی نەخشەو پیلانەکانی رژێمی عێراقدا بوو!!.

ئەوەبوو لە رۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ بەیاننامەیەکی توند و تیژ بە مۆری سەدام لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڵاوکرایەوە، تێیدا هاتبوو کە فەرمان بە هێزەکانی ئاسمانی، ئەرزیو دەریایی درا سنووری کۆماری ئیسلامی ببڕن و هێزەکانیان تێک بشکێنن، لەتەک بلاو کردنەوەی بەیاننامەکە فڕۆکەکانی جەنگی عێراق تاران و ٩ شاری تری ئێرانیان

(١) وەزیری راگەیاندن و پروپاگەندەی رژێمی ئالمانیای فاشیستی سەردەمی هیتلەر ١٩٣٣-١٩٤٥ ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبی نازی بوو لە دوای تێکشکانی ئالمانیا لە جەنگی جیهانی دووەم لە ١٩٤٥/٥/٨ کۆتر بە گۆڕ بوو.

بۆمباران کرد. ئێستگەکانی رادیۆی عێراق کەوتە بڵاوکردنەوەی مارشی عەسکەری و سروود و بە شان و باڵی سەدامدا هەڵگوتن. بەتارگێری و تامەزرۆییەوە داوایان لە هەموو جەماوەری عێراق دەکرد خۆ ئامادەکەن بۆ رۆژی سەرکەوتن، بۆ رۆژی لەناوبردنی رژێمی ئاخوندەکان، بۆ فریودان و گومراکردن دەیان شیپراند. بە زمانی فارسی، کوردی، عەرەبی، تورکی و بلوچی داوایان لە هەموو نەتەوەکانی ئێران دەکرد راپەڕن رژێمێکی تازەی پێشکەوتنخواز لە شوێنیدا بنیات بنێن!. بەرامبەر بەوەش رادیۆکانی ئێران بانگەوازی ئیمام خومێنی دژی رژێمی بەعسی کافری عێراقیان بڵاو دەکردەوە، داوای لە میللەتی ئێران دەکرد هێرشەکانی عێراق تێک بشکێنن. کات کاتی قوربانیدان، شەهید بوون و چوونە بەهەشتە!! دەبێ رژێمی بەغدا بڕوخێت، هاندان و سەرلێشواندنی جەماوەری ساکار گەیشتە ئەو سنوورە کە رۆژانە کلیلی دەرگای بەهەشت بخرێتە ملی هەزارەها کەس و ئاوی موتەفەرکیان<١> بەدەمدا بکرێت و بنێردرێنە گۆڕەپانی جەنگێکی دڕندانەی کەم وێنە! بە ماوەیەکی کەم ١٦ فرۆکەخانەی ئێران وێرانکرا. شەش فرۆکەیان بەرداوەتەوە، سێ فرۆکەوانیشیان بە دیل گرتووە.

بۆ رۆژی دووەم ١٩٨٠/٩/٢٣ ژمارەی راگەیاندنەکانی عێراق گەیشتە٩ بڵاویان کردەوە پاڵێوخانەی نەوتی عەبادان (مصفات نفط عبادان) کە یەکێک بوو لە گەورەترین پاڵیورخانەی نەوت لە دونیادا سوتێندرا، گشت کەشتیەکانی جەنگی و بازرگانی شکاندران ژمارەی ئەو فرۆکانەی خستراونەتە خوارەوە گەیشتە ٦٧ فرۆکەی ئێران.

<١>بەم ئاوە دەگوترێ کە پیاوەکانی ئاینی هەندێ دوعاو ئایەتی قورئانی بەسەردا دەخوێنن، ئەوکات دایەش دەکرێت بخورێتەوە بۆ یەوەی لە ئاپەوور دووربن و خوا بیانپارێزێ.

ڕاگەیاندی ئێرانیەکانیش گەیشتە ٣٦ بلاْویان کردەوە کە ١٤٠ فڕۆکە هێرشیان بردوتە سەر شارەکانی بەغدا، بەسرە، کرکوک، ناسریە، هەولێر. گەلیْ کارخانەو فرۆکەخانەکانی عێراقیان وێرانکرد. چەند ولاْتیک پشتگیری خۆیان بۆ عێراق دژ بە ئێران ڕاگەیاند، عێراقیش بلاْوی کردەوە شاری سومەر/یان داگیر کرد، شاری قەسری شیرین و عەبادان لەلایەن سوپای عێراقەوە ئابلوقە دراون. لەماوەی حەفتەیەکدا گەلیْ شارو شارۆچکەو کارخانەی هەردوو ولاْت تووشی خسارەتی گەورە هاتن.

ژمارەی ڕاگەیاندنی عێراق گەیشتە ٣٨ بلاْویان کردەوە کە شارەکانی مەحمرە و قەسری شیرین کەوتۆتە دەستیان، بەدرێژایی ١٠٠ کیلۆمەتر زیاتر چوونەتە ناو خاکی ئێران و شاری دزفول ئابلوقەدراوە.

ژمارەی ڕاگەیاندنی ئێرانیەکان گەیشتە ٤٢ بلاْویان کردەوە کەوا بە بەردەوامی چەند شارێکی عێراقیان بۆمباران کردووە، ٥٠ تانکیان کەوتۆتە دەست، ژمارەیەک لە ئەفسەرو سەربازانی عێراقیان بەدیل کرتووە، لە زۆربەی ولاْتانی دنیادا دەنگ بەرزبووەوە و داوا دەکرا ئەم جەنگە ناڕەوایە، ئەم کوشتوبڕو وێرانکاریە ڕابگیرێت، سوپای عێراق خاکی ئێران بەجێبهێلْێت و بگەڕێتەوە دواوە کێنە بەرێەتیو گیروگرفتی نێوانیان بە گفتوگۆ و ئاشتیانە چارە بکرێت.

ڕۆژی ٩/٢٨ ژمارەی ڕاگەیاندنەکانی عێراق گەیشتە ٤٨، گوتیان شاری ئەهوازمان داگیر کردووە و زۆربەی ناوچەکانی ئێران تووشی ئازارو خسارەت هاتووە. هی ئێرانیەکانیش بوو بە ٨٢ ڕاگەیاندنن. ئاژانسەکانی دونیا و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێران ڕایانگەیاند کە شاری ئەهواز هەر بە دەستی ئێران ماوەتەوە، ئەو دەنگوباسەی عێراق بلاْوی کردەوە کە ئەو شارەیان داگیرکردووە ڕاست نییە.

شەوی ١٩٨٠/٩/٢٩/٢٨ ئەنجومەنی ئاشتی دەولْەتان (المجلس

الامن الدولي) بریاری راگرتنی شەڕی وەرگرت، سەدام هەر زوو ئەم بریارەی لە ئاسمان قۆستەوەو گوتی (ئێمە ئامادەینە بۆ جێبەجێ کردنی و شەڕ ڕاگرتن) بەڵام دوای چی؟! دوای داگیرکردنی چەندان شارو ناوچەی ئێران و وێرانکردنی کارخانەو دامودەزگاو ڕێگاوبان، زیانی زۆری لە بەرژەوەندیەکانی ئابووری و کشتوکاڵی و عەسکەری ئێران داوە. هەستی ئەوەشی کرد کە هەموو نەتەوەکانی ئێران، گشت حزب و هێزەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی یەکپارچە لە دەوری ڕژێمەکەیان کۆبوونەوە بۆ داکۆکی کردنی لە نیشتمانی ئێران و دەرکردنی سوپای داگیرکەر. ئاگری جەنگ ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر گەرم دەبوو، قڕکردن، تێکدان و کاولکردن و وێرانکاری زۆربەی شوێنی ئەم دوو وڵاتەی گرتەوە. باری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی شڵەژا و گۆڕانکاری گەلێ خراپی بەسەردا هات هەر دوو وڵات کەوتنە ڕەش بگیری و ڕاپێچەکدانی ڕۆڵەکانیان لە تەمەنی ١٥ ساڵیەوە بۆ سەرەوە. ڕۆژانە پۆل پۆل هەزاران کەس دەنێردرانە ناو ئاگری جەنگەکە لە ماڵ و خێزان و منداڵیان دوور دەخرانەوە، هەموو شتومەکی پێویست ڕوو لە گران بوون دابوو،هێمنایەتی و ئاسوودەیی بە هیچ شێوەیەک نەما. قورسایی و ناخۆشی هەموو ئەم کارەساتە بە پلەی یەکەم کەوتە سەر ئەستۆی هەرە زۆری جەماوەرەکە، کرێکارو جووتیارو هەژارەکانی لادێ و شار. دەرفەتی گەلێ لەبار بۆ بورژواکان و کەسانی وابەستە بە کاربەدەستانی ڕژێمەکە هەلکەوت، سامان و سەرمایەیان بە خێرا لە ماوەیەکی کەم یەکجار بەرز بووەوە، لە هەموو جەنگێک بازرگانانی شەڕ زوو پارەو سامان و سەرمایەی زۆر کۆ دەکەنەوە. کڕین و فرۆشتن لە بازاڕی ڕەش یەکجار گەرم و گوڕ بوو، هەتا لەکاتی جەنگی جیهانی دوومیش ئەمەی بە خۆیەوە نەبینی بوو.!

لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠وە باری جەنگ گۆڕانێکی

بەسەردا هات. بارەکە بۆ بەرژەوەندی ئێران سوڕا، لەچەند شەڕێکی قورس عێراق شکستی هێنا. کارو پیشەی جەماوەری ناوچەکانی کوردستان و پێشمەرگە ببوو بە گوێراگرتن لە ڕادیۆکانی بەغدا و تاران و وڵاتانی‌تر هەموو هەر دەیان ویست بزانن باری شەڕو وێرانکاری بەرەو کوێ دەڕوات، کەی ئەم جەنگە ناڕەوایەی ڕژێمی عێراق هەڵیگیرساند کۆتایی دێت؟ ڕق و کینی جەماوەر، بێزاری گەیشتبووە پایەیەک کە داواو هیوای هەموو ئەوە بوو شەڕەکە زوو کۆتایی پێ بێت و ڕژێمی بەعسی عێراق بڕوخێت.

ڕۆژانە ڕاگەیاندنەکانم تۆمار دەکرد تا مانگی تشرینی دووەمی ۱۹۸۰. هی عێراق گەیشتە ۲۲۲و هی ئێرانیش ۳۶۱، دەبینرا جەنگەکە ڕۆژ دوای ڕۆژ گەرمتر دەبوو مشخەڵی ئاگرەکە بەرزتر دەبۆوە. بەهۆی سیاسەتی چەوت و کورت‌بینی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە زۆربەی وڵاتانی دونیاوە دەرگای ناردنی چەک بۆ عێراق خرایە سەر پشت، بە پێچەوانەشەوە نەک تەنها چەک بەڵکو هەموو کەلوپەلی پێویست بۆ ئێران قەدەغەکرا؟!.

ئاسۆی کۆتایی هاتن بەم جەنگە گەلێ تەماوی بوو، من گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە چیتر پێویست بەوەناکات ڕاگەیاندن و ڕووداوەکان تۆمار بکەم دەرکەوت کەوا کورە گوتەنی (ئەم هەویرە ئاوی زۆری دەوێ) ئاگرەکەش تەڕو وشکی پێکرا دەسووتاند. دەیەها بەیاننامەو گوتار لە لایەن هەموو حیزبەکانی عێراقی و کوردستانی دژی ئەم جەنگە بڵاو دەکرایەوە، هەموویان جەختیان لەسەر تاوانبارکردنی ڕژێمی عێراق دەکرد و داوای ڕوخاندن و نەمانیشی دەکرا. گشتیان لە ڕەوانگەی پەیوەندییەکانیەوە بەم وڵات و ئەو وڵات، دەربارەی کۆتایی هێنان و ڕاگرتنی جەنگەکە هەڵوێستیان وەردەگرت.

ئەوکاتەی سوپای عێراق ناوچەیەکی فراوانی لە خاکی ئێران

داگیرکردبوو، بەشێوەیەک دەیان نووسی، کە تۆزێک بارەکە گۆڕاو سوپای ئێران هاتە ناو خاکی عێراق، دەتگو هاوارێکی تر بەرز بوو وە، کاتێکیش کە عێراق چەکی ناپاڵم و کیمیاوی و میکرۆبی دژی سوپای ئێران بەکار دەهێنا، ورتەیان لێوە نەدەهات. هەتا دەهات جەنگەکە فراوانتر و سەختتر دەبوو تواناو دەسەڵاتی عێراقیش لە بەکار هێنانی چەندان چەکی تازەو هەمەجۆر زیاتر دەبوو، تا ناوەڕاستی ۱۹۸۱ ژمارەی کوژراو بریندارو کاولکاری لە حسێب تێپەڕ بوو. گەلێ لە شار و ناوچەکانی کوردستانی عێراق و ئێران کەوتنە بەر لاشاوی ئاگرو بوون بە شوێنی تاقیکردنەوەی چەکی تازەی هەردوو ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکە هەتا بۆ ماوەیەکی کەمیش بەربەرەکانی کردنی نەتەوەی کوردو هێزە کوردستانیەکانیان لەبیر نەدەکرد لەتەک جەنگەکەی نێوانیاندا پەلامارو هێرشیان بۆسەر کوردستان هەر بەردەوامبوو. ئەم جەنگە ناڕەواو شوومە هەشت ساڵی ڕەبەقی خایاند. ئەو چەک و تەکنیکەی تێدا بەکارهات گەلێ لەوە زیاتر بوو کە لە جەنگی جیهانی یەکەم بەکارهێندرا بوو.

نووسین و تۆمارکردنی تەواوی ڕووداوەکانی ئەم کارەساتە لە ئەستۆی مێژوونووساندایە، کۆمیتەی تایبەتی و پسپۆری دەوێت خۆماندوو بکەن بۆ ڕوونکردنەوەی پنجو بنەوان و هۆیە سەرەکییەکانی هەڵگیرساندن و بەردەوامبوونی ئەو شەڕە کە تا ماوەیەکی زۆر ئاسەواری ئەم جەنگە گلاوە هەر دەمێنێت. منداڵانی هەتیو، دایک و باوکی جەرگ سوتاو، شەل و کوێر و پەککەوتوواتی شەڕ، شوێنە وێرانکراوەکان تا ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە بە ئاسانی ناگەڕێتەوە باروو دۆخی پێشوویان، مێژوو، جەماوەر، هەموو میللەتان لەعنەت لە شەڕو هەڵگیرسێنەرانی دەکەن.

بەدرێژای ۸ ساڵ ماوەی جەنگە وێرانکارییەکە، ڕای تایبەتیم لەگەڵ ئەوەدا بوو کە پێشی هەموو شتێک دەبێ ڕژێمی بەعسی فاشی بەغدا

بروخێنەری و وردو خاش بکرێت جا بەهەر شێوەیەک بێت یا هەر هێزو دەسەڵاتێک ئەم ئەرکە پیرۆزە ئەنجام بدات ئەوەش لە بەرژەوەندی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاشتی و گەلانی عێراق، بەتایبەتی گەلی کورددا دەبوو! هەتا ئەگەر بۆ [illegible] تووشی شەڕی ناوەخۆ و پارچە پارچەیی بوو باین و لە لوبنا[illegible] [illegible] بەسەر بهاتایە، لەگەڵی شوێن ڕاو بۆچوونەکانی خۆم ئەو[illegible] [illegible] زکیم لێدەکرد، سەرەتای ١٩٨٧ لە کۆبوونەوەیەکی حزبی لە دمشق ٩ کادیری پێشکەوتو ئامادە بوون باسی شەڕی ئێران و عێراق دەکرا، سەبارەت بە ڕایەکانی من هاوڕێیەک لە هەرە کۆمۆنیستە دۆگمایەتیەکانی حشع ڕووی تێکردم و گوتی ئێوەی کورد کۆسمۆپۆلینینە بۆیە خاوەنی ئەم ڕەئیانەی، مەبەستی ئەوە بوو کە نەتەوەی کورد نیشتمانی نیە بێ خاک و وڵاتە!؟.

* * *

هەڕەشەو گەفکردن

نیوەڕۆی ڕۆژی ٩/ ١/ ١٩٨٠ سێ ئەندامی م.س ینک کاک عومەر شێخ موس، د.کمال خۆشناو، فازل کەریم گەیشتنە بارەگای حشع، سکرتێری هەرێم هاوڕێ "ع" و بانیخیلانی و فاتح لەگەڵیان دانیشتین و ئاگاداریان کردین کە: هێزێکی زۆری پدک و سەرکردەکانیان هاتوونەتە سەر لوتکەی شاخەکانی پشتی گوندی دۆڵەتوو و دۆڵ کوگا، کە نزیک بە بنکەکانی ئێوەو ئێمەیە. ینک قبوڵ ناکات دەوری بگیرێت و ڕێگای هاتووچۆکردنی بکەوێتە ژێر کەنترۆڵی قیادە موەقەتەی پارت داوا لە برادەرانی حشع دەکەین تەقەلا لەگەڵ پدک بدات بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و ناوچەکە بەجێ بهێڵن، دەنا ینک دەستە وەستان ناوەستێت و هێرشیان دەکەینە سەر. گۆتەی زۆرمان لەگەڵیاندا کرد کە پەلە نەکەن و دان بە خۆدا بگرن. لەم ڕۆژگارە ناسکەی بەسەر وڵاتەکەدا تێدەپەڕێت، کوشتەو بڕی ناوەخۆ بەرژەوەندی هیچ لایەکی تێدا نییە تەنها ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق نەبێت. هاوڕێ سکرتێری هەرێم گوتی (ئێمە بەم پەلەیە توانای هیچمان نیە بە ئێمەش ناگەڕێنەوە دواوە) یەکسەر برادەرانی ینک ئێمەیان جێهێشت، کەوتینە دەمەتەقە لە نێو خۆماندا چونکە بۆ ئێمە ڕاست نیە هەڵوێستی سەیرکەر "متفرج" وەربگرین. گەر بێتە شەڕ لە نێوانیاندا هەر نەبێ لەبەر ئەوەی بنکەکانی ئێمە لەگەڵ بنکەکانی ینک نزیک و تێکەڵاوی یەکترین، ئێمە بە ئاگری هەردوو لایان تووشی زیانی زۆر

دەبین، جگە لەوەش، ئاگری شەڕی براکوژی گەلێ خۆشتر دەبێ و تەئسیری نێگەتیڤی زۆری لەسەر هەموو نەتەوەی کوردو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی دەبێ. بۆیە گەیشتینە سەر ئەو رایەی کە دەبێ تەقەلاً بدەین نەهێڵین شەڕ لە نێوانیاندا روویدات.

باری ینک [illegible] تگاوی و ترسیان لێ پەیدا ببوو، بەهۆی ئامێری بێ سیمی [illegible] بروسکەیان بۆ هێزەکانیان لە ناوچەی سلێمانی و هەوراماں و هەولێر [illegible]رد و داوای گەڕانەوەی هەموویانیان کرد بۆ سەرکردایەتیان بەبێ ڕاوەستان. هەروەها برادەرانی ینک داواشیان لە ئێمەکرد، ماوەیان پێ بدەین ئەو لوتکە شاخەی نێوان گوندی شێنێ و زەڵێ‌یان بۆ چۆڵ کەین تاوەکو هێزێکی خۆیان لەم شوێنەدا پاسەوانی لە ناوچەکە و بنکەکانی خۆیان بکەن ماوەمان پێدان و پێشمەرگەکانی خۆمان بۆ دواوە گێڕایەوە.

دەنگ بڵاوبووەکە مەفرەزەیەکی پدک، ٥ پێشمەرگەی ینک/ی لە ڕێگای ناوزەنگ و گوندی مارەدوو گرتووە.، مەکتەبی هەرێمی حشع بڕیاریدا دوو کادیر " تاهیر کەریم و فەتاح تۆفیق " بنێرێت بۆ سەردانی برادەرانی پارتی بۆ ئەوەی بزانین مەبەست و نیازیان لەم هاتنەدا چیەو بۆچی لوتکەی شاخە بەرزەکانیان گرتووە. کاتێک هاوڕێکان گەڕانەوە ئاگاداریان کردین کە چاویان بە رئیس عبدوڵلاو ئازاد بەرواری کەوتبوو و بە گەرمی پێشوازیان لێکرا بوو، جەختی ئەوەیان کردبوو کە پارتی ئامادەیە بۆ هەموو هاوکارییەک و دژی شەڕی براکوژی، بۆیەش هاتونەتە ناوچەکە دەیانەوێ هێرش بکەنە سەر هێزەکانی میری لە ناوچەی پشدەر.

لەم کاتە ناسکەدا بووین هاوڕێ "ع" سکرتێری هەرێم ئێمەی بەجێ‌هێشت و بەرەو سوریا کەوتە ڕێ، بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆبوونەوەکانی م.س بکات و مەبلەغی () تومانی لەگەڵ خۆیدا بۆ

یارمەتی برادەرانی حسیک برد. لە ڕێکەوتی ڕۆژی ۱۹۸۰/۱۰/۱۲ نامەیەکی کورتی لە ڕاژانەوە بۆ ناردین، نووسیبوی (چاوم بە مەسعود بارزانی و علی عبداللە کەوت، هەڵوێستیان ایجابیە وا خەریکی خۆ ئامادەکردنی رای خۆیانن بەرامبەر ئەم پرۆژەی هاوکاری کردن کە بۆمان ناردوون. بێزاریان لە هەڵوێستەکانی یەک دەربڕی کە چۆن ڕێگایان پێ دەگرن و شەڕیان پێ دەفرۆشن) لە هەمان ڕۆژ ئەم نامەی برادەرانی مەکتەبی سیاسی حسیک/مان پێگەیشت. دەقی نامەکە:

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان
مەکتەبی سیاسی ڕۆژ ۱۹۸۰/۱۰/۱۰

هاوڕێیانی حیزبی شیوعی عێراقی بەڕێز
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم
هیواداریین سەرکەوتووبن لە خەباتدا

دوێنێ نوسراوێکمان بۆ هات لە لایەن برادەرانی پدک بە ئیمزای هەڤاڵان رئیس عبداللە و ڕۆژ شاوەیس کە لەگەڵ ئەم هێزە هاتوون. داوا دەکەن لەگەڵ بەڕێزتان دانیشن، وەکو ئەڵێن هاتنیان بۆ مقری بەڕێزتان عملی نیە. ئێمەش هەر رایمان نیە بە هاتنیان بۆ مقری ئێوە ئێنجا تکایە بفەرموون وەڵامان بدەنەوە بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەینەوە ئایا دائەنیشن لەگەڵیان وە لە کوێ؟! مع العلم ئێمە ئامادەینە کۆبوونەوەکە لە مقری ئێمە پێک بێت ئەگەر نەتانەوێ بچن بۆ مقری ئەوان لە گوێزیلێ.

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو سەرکەوتن
الحزب الاشتراکی الکردستانی الموحد: م.س

باری ناوچەکە ئاڵۆزو تێکچوزیز مەترسی شەڕێکی قورسی براکوژی هەموو لایەکی گرتبوووەوە کادیرو پێشمەرگەی هەموو حیزبەکان حسابەوەیان لیٚ هەڵگیرا بوو. چەکدارەکان لە کەمینی شەڕ دەژیان، پەنجەیان لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکانیاندا بوو. لەم کاتە ناهەموارەدا ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان، ڕێکەوتی ١٩/ ١٠/ ١٩٨٠ بەیانییەکە زانیمان هێزێکی دوژمن لە جاش و سوپای عێراق بەرەو لوتکەی بەرزی شاخی مامەندە سەرکەوتوون. تەقە لە هەموو لایەک دەستی پێکرد، پێشمەرگە قارەمانەکان پۆل پۆل شێرانە بەرەو ڕووی دوژمن چوون، تێکهەڵچوونی سەخت ڕوودا چەند قرژکەیەکی جەنگی ڕژێمی عێراق سەعات ١٠ ی بەیانیەکە چەند بۆمبایەکی بە ناوچەکەدادا. پێشمەرگەکان گەلیٚ بە چالاکی و نەبەردانە داکۆکیان لە شوێنەکان کرد، بە هیچ شێوەیەک مارەیان نەدا دوژمن سەرکەویٚ، دوای سەعات چواری ئێوارە دوژمن شکاو هەلات، لە ئەنجامدا ژمارەیەک لە دوژمن کوژراو بریندار کرا، لە هێزی پێشمەرگەش ٣ شەهید و ٨ بریندار.

جارێکی تریش لە گۆڕەپانی داکۆکی لە خاک و شەرەفی کوردایەتیدا، برایەتی و یەکێتی و هاوکاری و قوربانیدان لەیەک سەنگەردا، لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەدا خۆی نواند، پێشمەرگەکانی یەک و حسیک و حشع بەیەکەوە وەکو شورەیەکی پۆلاین لەبەردەم دوژمن وەستان. لەناو ئەم گێژاوەدا دەژیاین کاتژمێری ٥. ١١ ڕۆژی ١٩/ ١٠ نامەیەکی کورتی ڕێکخراوی بەعسیەکان، سەرکردایەتی هەرێمی عێراق/مان بەدەست گەیشت.

مەکتەبی هەرێمی حشع بریاریدا بچمە سەردانیان. منیش چووم بۆ لایان، محزەری کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٦/ ١٠/ ١٩٨٠ کە لەنێوان بەعس سەرکردایەتی هەرێمی عێراق، یەک و حسیک بەسترا بوو، خستیانە

پێشم. ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدا هاتبوو:

١- لیژنەیەکی لێتوێژینەوە لە حشع و بەعس و پاسۆک پێکبهێندرێ بۆ ئەوەی لەم ناکۆکیانەی نێوان یەنک و حسیک بکۆڵێتەوە، بەتایبەتی لەم ڕووداوانەی دوایی.

٢- تەنسیق لە نێوان حسیک و یەنک هەبێ. بە شاهێدی حشع و بەعس.

٣- هەر چوار لایان حشع، بەعس، حسیک، پاسۆک چارەیەک بۆ ئەم ناکۆکیانەی نێوان پدک و یەنک بدۆزنەوە.لێپرسراوی بەعسیەکان ئاگاداری کردم کە یەنک داوا دەکات پێشمەرگەکانی پارتی ناوچەکە بەجێبهێڵن و ڕوو بکەنە بادینان لەوێ شەڕی ڕژێمی عێراق بکەن، نەک ئابلوقەی ئەوان بدەن، دیم لێپرسراوی بەعس تازە گەیشتۆتە ناوچەکە، شارەزایی کەمە، لە مەسەلەی باری کوردستان و پەیوەندی نێوان هێزەکانی کوردستان لە هەموو ڕوێکەوە زیاد لە پێویست لایەنگری یەنک/ی دەکرد. بەکورتی هەڵوێستی حشع/م بۆ باسکرد کە درێغی نەکردووە و نایکات بۆ ئەوەی ناکۆکیەکان و دووبەرەکی نێوان حیزبە کوردستانیەکان بە گفتوگۆی برایانە چارەسەر بکرێت. هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراق، سۆران، بادینان، هەورامان شوێنی خەبات و تەقەلادانی هەموو هێزەکانی چەکدارو بەرهەڵستکار بێت بەبێ جیاواز و کۆسپ دروست کردن، برادەرە بەعسیەکە گوتی (جارێکی‌تر چاوم بە برادەرانی سەرکردایەتی یەنک دەکەوێتەوە، ئێوەش ئاگاداردەکەمەوە) کە گەڕامەوە لای هاوڕێیان هەرچی بیستبووم و خوێندمەوە بۆیانم باسکرد.

ڕۆژی ١٠/٢٠ م.س پدک ئەم نامەیەی بۆ ناردین دەقی نامەکە:

بۆ مەکتەبی اقلیمی کوردستان، حشع/ی تێکۆشەر ١٠/٢٠

سلاَوێکی شۆڕشگێڕانە

ئێمە و رئیسی پارتیمان گەیشتونەتە نزیکی ئێوە بە پێویستی دەزانین چاومان پێتان بکەوێت، ئێمە و ئێوە و نوێنەرانی حسیک بۆ ئەوەی بە زووترین کات تحدیدی علاقاتمان بەرامبەر بە ینک و بەرەی دیموکراتی عێراقی بکەین. تکایە تا زووتر دانیشتنەکە بکەین باشترە وە تکایە پەیوەندی بکەن بە هەڤالانی سۆسیالیستەوە بۆ تحدیدی جێ‌و کاتی دانیشتنەکەمان.

ئیتر بۆ پێشەوە

پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

م.س

لە هەمان رۆژ ١٠/٢٠ نامەی م.س حسیک/مان پێگەیشت. داوایان کردبوو رۆژی ١٩٨٠/١/٢٢ لەگەڵیان کۆببینەوە، دەقی نامەکەیان

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان

مەکتەبی سیاسی رۆژ ١٩٨٠/١/٢٠

الی/

حزب البعث العربي الاشتراكي، منظمة كوردستان المناضله

الحزب الشيوعي العراقي، مكتب اقليم كوردستان المناضل

الحزب الاشتراكي الكردي (پاسوک) المناضل

تحية ثورية حارة

بالنظر لما جاء في الفقرة/ج في محضر الجلسة المنعقدة بين حزبنا و حزب البعث العربي الاشتراكي (منظمة كوردستان) و الاتحاد الوطني

الكردستاني بتاريخ ١٦/ ١٠/ ١٩٨٠ و المتضمن موافقة الاطراف الوطنية الموحدة في المنطقة من اجل ايجاد حل مناسب للازمة القائمة بين الاتحاد الوطني الكردستاني و البارت بشكل يحترم النضال الوطني التقدمي ضد الفاشية نرى من الضروري عقد لقاء بيننا للتباحث حول الموضوع اعلاه.

عليه نوجه اليكم دعوه للحضور في مقر حزبنا يوم ٢٢/ ١٠/ ١٩٨٠ قبل الظهر و نحن بانتظاركم في الموعد المذكور، و دمتم للنضال

الحزب الاشتراكي الكردستاني الموحد
المكتب السياسي

بڕیارمان وەرگرت ڕۆژی٢٢/ ١٠ بۆ دۆڵەتو بچین، بەعسیەکانی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق ئاگاداریان کردین لەکاتی دیاریکراو لێپرسراوی ئەوانیش لەگەڵ ئێمە دێتە بارەگای م.س حسیک، بۆ ڕۆژی دووەم ٢١/ ١٠ ئەم نامەمان بۆ م.س یێک نارد:

بۆ برایانی م.س یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەڕێز

دوای پێشکەشکردنی سڵاو

نیازی سەردانی برادەرانی م.س حسکمان هەیە بۆ باسکردنی بارەکە و ئەو مەترسیانەی خەریکە دووچاری ناوچەکەمان بێت. بە پێویستی دەزانین پێش ئەوەی بۆ دۆڵەتوو بڕۆین لەگەڵ ئێوەی بەڕێز کۆببینەوە، ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوانماندا بێت. چاوەنۆڕی وەڵامتان دەکەینەوە، هەمو خۆشی و بەختیاریتان

م.هەرێمی کوردستان: حشع
٢١/ ١٠/ ١٩٨٠

سەرکردایەتی یێک وەڵامیان بۆ گێڕاینەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

١٠/٢١

برایاتی بەڕێز لیژنەی هەرێمی کوردستان، حشع

سڵاوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانە پێشکەشتان بێت، وە داوای خۆشی و سەرکەوتنتان دەکەم

زۆر سوپاستان دەکە[illegible] ..کەتان، سبەینێ سەعات ١٤ چاوەڕێتان دەکەین لە مقری [illegible] بەسەرچاو بێن . ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو سەرکەوتن.

لە جیاتی م.س: یnک

برای دڵسۆزتان: عومەر شێخموش<١>

مەکتەبی هەرێم چەند خاڵێکی دەست نیشانکرد کە سبەی لەگەڵ برادەرانی م.س ینک باسی بکات. خاڵەکان ئەمانە بوون:

١- هەڵوێست و ڕووداوەکانی ڕۆژی ١٠/١٩ کاتی هێرشی سوپاو جاش بۆ سەر شاخی مامەندە.

٢- پەیوەندی بە هێزی نێوان حدکاو ڕژێمی عێراق و باری تێکچوی سەر سنوور.

٣- ناکۆکی و کێنەبەرییەتی توندتیژی نێوان پدک و ینک، چەندە زیاتر درێژە بکێشێت ئەوەندە زیاتر ئازارو زیان بە ئەستۆی نەتەوەکەمان دەکەوێت.

دوای نیوەڕۆی ١٠/٢٢ لەگەڵ هاوڕێ بانیخێلانی بۆ بارەگای سەرکردایەتی ینک چووین، نەوشیروان مستەفا، عومەر شێخموس،

<١> تێکۆشەرێکی کوردە لە کوردەکانی سووریایە. دەمێکە دەربەدەرە و لە وڵاتانی دەرەوە دەژیت، ماوەیەک ئەندامی م.س/ی ینک بوو لە شاخەکانی کوردستانی عێراق دەژیا، ئێستە لە سوید دەژیت.

د.کەمال خۆشناو، م. عومەر عەبدوڵلا لەگەڵمان دانیشتن. دەست بە وتووێژکردن کرا. بە درێژی و راشکاوی راو بۆچوونی خۆمان لەسەر ئەم سێ خاڵەی ئامادەمان کردبوو خسترایە پێشیان.لەسەر خاڵ/١و٢ بۆچوون و رامان نزیک بوو لە یەکتری، خۆشیان رەخنەیان هەبوو لەسەر برادەرانی م.عەسکەریان لەکاتی هێرشی دوژمن بۆسەر شاخی مامەندە. کە هاتینە سەر باسکردنی پەیوەندی نێوان ئەوان و پدک گەلێ بە توندی دژیان کەوتنە قسەکردن و گوتیان (هاتنیان بۆ دەوروبەری ئێمە شەڕ پێفرۆشتنە، هێرشیان بردۆتە سەر پێشمەرگەکانی ئێمە لە گوندی قەلاتوکان کارێکی دوژمنکارانەیە. بەرامبەریان دەستە وەستان راناوەستین. ناهێڵین لە پیلانەکانیان سەرکەون. داوا تکا لە حشع دەکەین هەوڵیان لەگەڵ بدات بگەرێنەوە شوێنەکانی خۆیان. ئارچەکە جێ بهێڵن و چارەکیش بۆ ئاکۆکیەکان بدۆزرێتەوە. داوامان لێکردت پەلە نەکەن، لە رەوانگەیەکی دوور بینی بەرەو چارەکردنی ئاکۆکییەکان بڕۆن، بەڵێنمان پێدان لە ماوەی یەکدو رۆژ لە هەموو روێکەوە دەرسی بارەکە دەکەین و ئاگاداریان دەکەینەوە بەم شێوەیە جێمان هێشتن.

بۆ رۆژی ٢٣/١٠ نوێنەرانی چوار حزب لە دۆڵە توو لە بارەگای م.س حسێک کۆبوونەوە، ئەمە دەقی ئەم مەحزەرەیە کە نوێنەرەکان لەسەری رێکەوتبوون:

محضر اجتماع لجنة الوساطة الوطنية

استنادا الى الفقرة/ج من محضر اجتماع ممثلي الحزب الاشتراكي الكردستاني الموحد و حزب البعث العربي الاشتراكي و الاتحاد الوطني الكردستاني في ١٩٨٠/١٠/١٦ و المتضمن بذل الجهود من اجل وضع حد للتوتر السائد في العلاقات بين الحزب الديمقراطي الكردستاني و

الاتحاد الوطني الكردستاني و بدعوة من الحزب الاشتراكي الكردستاني الموحد. اجتمع ممثلي الاحزاب التاليه:

الحزب الشيوعي العراقي، حزب البعث العربي الاشتراكي قيادة قطر العراق، الحزب الا[illegible]اكي الكردي (پاسوک) و الحزب الاشتراكي الكردستاني الموحد.

و بعد مداولات [illegible] و تبادل وجهات النظر توصلت اللجنه بالاجتماع الى تقديم المقترحات التاليه الى الطرفين الاتحاد الوطني الكردستاني و الحزب الديمقراطي الكردستاني و بذل الجهود من اجل اقناعهما بالاتفاق على هذه المقترحات و من ثم العمل من اجل تطبيع العلاقات بينهما و التوصل الى اتفاقات افضل من اجل تمتين العلاقات بين كافة الاطراف الكردستانية و العراقية لاجل توحيد كل الجهود و لمحاربة السلطة الديكتاتورية. و المقترحات التي تم التوصل اليها هي:

١- وقف الحملات الاعلامية بين الاتحاد الوطني الكردستاني و الحزب الديمقراطي الكردستاني لمدة شهر واحد قابلة للتمديد و تشمل الحملة الاعلامية الحملة الاذاعية و النشر في الجرائد العائدة لكل طرف و البيانات السياسيه.

٢-وقف الاصطدامات بين مسلحي الطرفين الاتحاد الوطني الكردستاني و الحزب الديمقراطي الكردستاني على كافة الاصعدة و ان تقوم كل طرف بتوجيه قواته المسلحة بعدم الاصطدام في يوم معين.

٣- تسعى اللجنة من اجل عقد لقاء مباشر بين الطرفين الاتحاد الوطني الكردستاني و الحزب الديمقراطي الكردستاني بحضور ممثلي هذه اللجنه من اجل التوصل الى حل المشكلات القائمه بينهما.

٤- سوف تثمن اللجنة الطرف الذي يبدي مرونة و تجاوبا للوصول الى حل المشاكل و تحمل اللجنة المسوولية الطرف الذي يتعنت و يضع

العراقيل امام جهود هذه اللجنة.

ممثل الحزب الاشتراكي الكردستاني الموحد　　　ممثل الحزب الشيوعي العراقي
عبدالقادر جباري　　　ملا حسن
ممثل حزب البعث العربي الاشتراكي ،قياده قطر العرق　ممثل الحزب الاشتراكي الكردي
الرفيق مراد　　　ئازاد مصطفى

١٩٨٠/١٠/٢٢

بەیانی ١٠/٢٤ لەگەڵ هاورێیان ئەحمەد بانیخێلانی و بەهائەدین نوری بەرەو دۆڵە تور کەوتینە ڕێگا. هەر کە گەیشتینە بارەگای م.س حسیک دیان لە سەرکردایەتی پدک کاک مسعود بارزانی و کاک علی عبدالله و کاک ڕۆژ نوری شاوەیس دانیشتبوون. هەموویان بەگەرمی پێشوازیان کردین. دوای کەمێک پشوودان کاک ڕەسوڵ مامەند گوتی (هەرچەندە ئێوە هەمووتان میوانی بارەگای ئێمەن بەلاَم لەسەر داواو سوور بونی کاک مسعود هەموومان بۆ فراڤین میوانی برادەرانی پارتینە و دەبێ بچینە بنکەکانی ئەوان لەسەرەوەی دۆڵەتوور ماوەی سەعاتێک لێرەوە دوورە. پێکرا هەموومان بەرەو شوێنی پدک کەوتینە ڕێ. هەورازێکی سەخت و ناخۆشمان بڕی کاتژمێری ١١ بەیانی دەست بە دانیشتن کرا.

لە پدک: مسعود بارزانی، علی عبدالله، د.محمد سالح جومعە، رئیس عبدالله، ڕۆژ نوری شاوەیس، ئازاد بەرواری.

لە حسیک: ڕەسوڵ مامەند، تاهیر علی والی، قادر جباری، مەلا ناسیح، سعید کاکە.

لە حشع: احمد بانیخێلانی، بەهائەدین نوری، فاتح ڕەسوڵ.

کاک عەلی عەبدوڵلا کەوتە قسەکردن گوتی (پێخۆشحاڵین بەم کۆبوونەوەیە، ئامادەینە بۆ هەموو جۆرە هاوکاری و خەباتکردنی هاوبەش لەگەڵ حشع، بەڕەش لەگەڵیان مۆر دەکەین، ئەو دەست درێژیانەی یەک

دەیکاتە سەر ئێمە و هێندێ هێزیتر بەرژەوەندی هیچ لایەکی تێدا نیە دوژمن نەبێ دەمانەوێ لەگەڵ ئەوانیش بگەینە ئەنجامێکی پڕ سوود)

بانیخیلانی:-دەمێکە حشع تەقەلا دەدات چارەی ناکۆکیەکانی هەیە بە ڕێگای گفتوگۆو گیانی برایانە بکرێت، هەموو حیزب و هێزو گروپەکانی کوردستانی لەسەر پرۆگرامێکی هاوبەش کۆ ببنەوەو ڕێکبکەون. لە دەمێکەوە داوامان کردبە پدک بەشداری بکات لەو بەرەی پێک دێت! پێشنیار دەکەم لەم دانیشتنەماندا دوو خاڵی سەرەکی هەیە دەرسیان بکەین:

١- بۆچوون و ڕایەکانمان لەسەر پرۆژەی هاوکاری و هاریکاری نێوانماندا کە پێشکەش بە هەرلاتان کراوە، لەسەر ناوەرۆکی ڕێکبکەوین.

٢- هاتنی پدک بۆ لوتکەی شاخەکانی سەرووی دۆڵە توو و باری ناوچەکە دەرس بکەین؟

هەردوو لایان بە پێشنیارەکە رازی بوون. دەست بە دەرسکردنی پرۆگرامەکە کرا، ڕستە ڕستە دەخوێندرایەوەو دووانی لەسەر دەکرا، زۆری نەخایاند لەسەر هەموو خاڵەکانی نێو پەیمانەکە ڕێککەوتین، هەستم کرد هەردوولایان پدک و حسیک لەسەر مۆرکردنی پەیمانەکە بەپەلەنە.

هاتینە سەر باسکردنی نەخشە سەرەکیەکانی باسای ناوخۆیی پەیمانەکەی هاوکاری کردن کە گەیشتینە سەر خاڵی دووەم پەیوەندی نێوان پدک و ینک کاک مەسعود بارزانی کەوتە قسەکردن (ئامادەینە چارەیەک بۆ ناکۆکیەکانی نێوان ئێمەو ینک بدۆزرێتەوە بەڵام یەکجارەکی پارت لەگەڵ ئەوەدا نیە گەلی کوردمان بۆ ..٤ ساڵ زیاتر بگێڕینەوە دواوە، بکەوینە دروستکردنەوەی ئەمارات، ئەمارات، ئەمە ناوچەی بادینانە ئەمە سۆران ئەویتریان لەو سنوورەدایە...هتد. یادەبێ ناوچەی بادینانیش بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ینک یا دەبێ هەموو کوردستانی عێراق

گۆرەپانی خەبات و تێکۆشان بێت بۆ هەموو هێزەکانی دژ بە ڕژێمی فاشی بەغدا. ئامادەیتە بۆ هەموو ڕێکەوتنێک لەگەڵیان، ڕازی دەبین بە ڕاو پێشنیاری حشع، هەتا ئامادەیتە هەموو ناکۆکییەکانی کۆن و تازەیان لەگەڵدا باس بکەین.

هەرچەندە کاک مەسعود زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ باسی بارەکەی دەکرد بەلاَم مرۆڤ هەستی دەکرد لە قسەکانی بۆنی هەڕەشەکردن دەهات.

کاک علی عبدالله کەوتە قسەکردن (رەخنەم هەیە لەسەر ڕۆڵی حشع کە تاکو ئێستاکە نەیتوانیوە کەمێک لەسەرکەشیەکانی ینک کەم کاتەوە لەمەش زیاتر لێژنە و مەکتەبی هەرێمیان کە سەرکردایەتی حیزبیان دەکات. خۆیان خزاندۆتە پاڵ ئەوان. بە تەک ئەوانەوە لەیەک شوێن دەژین. ینک، پارت بە دوژمنی سەرەکی خۆی دەزانێ. چارەمان نیە دەبێ لابەلایەکیان لەگەڵدا بکەین، نابێ بارەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە).

ئێمە نوێنەرانی حشع هەرسێکمان، یەک لە دوای یەک کەوتینە گوتن و ڕوونکردنەوەی هەڵوێست و بۆچوونەکانی حشع بەرامبەر بەو ناکۆکی و دووبەرەکی و بارە ناهەموارانەی لە نێوان هێزە کوردستانیەکاندا هەیە. بەتایبەت و پێشی هەموویان پەیوەندی نێوان پدک و ینک. ئامانەوێ دۆستایەتیمان بۆ لایەک وا لێکبدرێتەوە، دژایەتی یا ناحەزی یا پارسەنگ خوارکردنی تێدایە بەرامبەر لایەکیتر. ئارەزوو و ئامانجمان دڵسۆزانە ئەوەیە هەموومان لەناویەک سەنگەری خەبات کۆببینەوە بۆ لەناوبردنی دوژمنمان و دەست هێنانی ئامانجە پیرۆزەکانمان. بەردەوامین لە تەقەلادانی بێوچانمان بۆ چارەکردنی گشت ناکۆکیەکانی هەنە. بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدا نینە هێرش بکرێتە سەر زەڵێ و ناوزەنگ گولە دۆست و دوژمن لە یەکتری جیاناکاتەوە. سەرکردایەتی پدک نابێ بیر لەوە بکاتەوە دانیشتوانی زەڵێ و ناوزەنگ دەربپەڕێنن، بەو مەبەستەی

شوێنیان بگرنەوە. نایشارینەوە هێرش بکرێتە سەر دۆڵەکە، ئێمە بە هەموو توانامان تەک بە تەک چەکدارەکانی یەک بەرگری لێدەکەین. ئەوە ماوەیەکە پدک تا سنوورێک خۆی لەگەڵ یەک دووره شەڕ گرتیە. هەڵوێستەکەتان ڕاستە، گەلێ سوودیشتان پێگەیشتووە.

لەم هەلومەرجەی هاتۆتە کایە شەڕی عێراق و ئێران بەگەرمی بەردەوامە. واخەریکە زەمینە بۆ گشت هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی و کوردستانی باشتر بلوێ. ئاسووی ڕمان و تێکشکانی ڕژێمی عێراق باشتر دەرکەوتووە، شەڕی براکوژی و هێرش بردنە سەر یەکتری چارەی ناکۆکیەکانتان ناکات. داواتان لێدەکەین پشووتان درێژ بێت، باشتر دان بە خۆتان دابگرن. بە هەنگاوی نەبجەتیقی یارمەتی ئێمە بدەن تەقەلاکانی ئێمە و گشت خێرخوازودۆستەکانی نەتەوەکەمان زوو سەردەکەوێ. هەموو لایەکمان بەو مەبەست و ئامانجە دەگەین کە خەباتی بۆ دەکەین.

چەند جارێک برادەرانی حسیک دەهاتنە گوفتن، بەڕاشکاوی لەگەڵ هەڵوێستەکانی پدکدا بوون. ناڕەزایی خۆشیان بەرامبەر بە کردەوەکانی ینک دەردەبڕی. لە ئەنجامدا ڕێککەوتین حشع بەگەرمی بەردەوام بێت لەسەر هەوڵو تەقەلاکانی بۆ دۆزینەوەی چارەیەک بۆ گشت ناکۆکیەکان. ئێوارەکە بە درەنگی تەواغان جێهێشت و گەڕاینەوە زەلێ.

مەکتەبی هەرێم بۆ بەیانی ڕۆژی دووەم کۆبووەوە، دەرسی دانیشتنەکەی گەر پدک و حسیک/ی کرد بە نامەیەکی کورت داوامان لە م.س ینک کرد بە زووترین کات کۆبوونەوە بکەین، ئێمە هەر لە دانیشتنەکەی خزماندا بووین وەلامیان بۆ گێڕاینەوە کاتژمێری ۱۰یان بۆ کۆبوونەوەکە لە بارەگای مەکتەبی عەسکەریان تەرخان کردبوو. ئێمە هەرسێکمان بۆ لایان ڕۆیشتین لە ینک نەوشیروان، عومەر شێخموس، نەجمەدین عزیز ئامادە بوون. نەوشیروان کەوتە قسەکردن (ینک ڕازی نابێ چەکدارەکانی پارتی

بێنە ناوچەکانی ئێمە، دەوروبەرمان بگرن. بۆچی یەکەکانی ئێمەیان لە قەلاتوکان داگیرکرد؟ بەم جۆرە شەڕی ڕژێمی بەغدا دەکەن؟ بۆ ناگەڕێنەوە ناوچەکانی پێشویان؟ یا شەڕی ڕژێم لە بادینانان و هەورامان بکەن؟).

داوامان لێکردن چارێک بە هەڵوێستە کۆنەکانیان بەرامبەر بە یەک‌دا بگێڕنەوە. با هەموو پێکڕا دەرسی باری کوردستان، عێراق، شەڕی نێوان عێراق و ئێران بە وردی بکەین، بەڕای ئێمە کە پارت بە دوژمنی سەرەکی یەک/ی دادەنێن ڕاو بۆچوون و هەڵوێستێکی گەلێ چەوت و کاڵە، ئالەبارو پڕ مەترسیە! زیاتر لە چوار سەعات دەمەتەقەو گفتوگۆمان بوو لەگەڵیان تەگەیشتینە ئەنجامێک بەگەن بکرێت. تەنها داوامان لێکردن خۆ بگرن، پەلە نەکەن لە کۆبوونەوەو دانیشتنەکانی خۆتان تەقەلا بدەن دووربین‌تر، وردتر لە هەموو ڕوێکەوە دەرسی بارەکە بکەنەوە، بەو ئومێدە بگەنە سەر وەرگرتنی هەندێ بڕیاراتی پڕ سوود دژی شەڕی برا کوژی.

کە ئامادەمان بۆ بڕیارەکانی کۆمیتەی چوارقۆڵیەکەی ڕۆژی ٢٢/.١/١٩٨١ بۆ لێتوژینەوەی ناکۆکی نێوان پارت و یەک کرا. برادەرانی یەک گوتیان (ئاگاداری کۆمیتەکەمان کرد، ئامادە نینە خاڵەکانی جێبەجێ بکەین، نوێنەری بەعسیەکان سەرکردایەتی هەرێمی عێراق لە هەڵوێستەکانی خۆی پاشگەزبووتەوەو ئاگاداری هەموو حیزبەکانی کرد ناوچەکە جێ دەهێڵن دەگەڕێنەوە دمشق)

لە کۆتاییدا برادەرانی یەک بەڵێنیان پێداین کە ڕاو بۆچوونی ئێمە بەرامبەر بەم قەیرانەی لە لە گۆڕادا هەیە بە هەڤاڵەکانی خۆیان دەگەێنن. دواترین وەلامیشمان بۆ دەگێڕنەوە.

ڕۆژی ٢٦/.١/.١٩٨ کۆمیتە چوار قۆڵیەکە بۆ سەردانی برادەرانی سەرکردایەتی پارت بۆ دۆڵە توو چوون چاویان بەکاک مسعود کەوتبوو،

ئەویش گوتبووی (پارت لەسەر هەرچوار خاڵی پێشکەشتان کردبوو موافقە، بە مەرجێک یەک تا ٤٨ سەعات موافقەت نەکات ئێمە چیمان بە سوود و بەراست زانی بۆ گشت ئیشوکارەکانی خۆمان پێوەی هەڵدەستین، پێویستە حیزبەکانی تریش هەڵوێستی خۆیان دژی ئەم سەر گەرمیەی تاقمی جەلال دەربڕن)

باری ناوچەکە یەکجار ئاڵۆز و شڵەژا بوو، خەڵکەکە تووشی دڵ لە دڵدان و سەرلێشێواو مەترسی هاتبوون لە ناوچەکە ئاسوودەیی بە هیچ شتێکەوە نەمابوو، هەموو هەڵسوکەوت لە تاوگێری پڕ ببوو، هەرەشە لە یەکتر کردن و پلەی تێک وەربوون نزیک دەبۆوە. لەم بارە ناهەموارە دەژیاین شەوی ٢٦/٢٧/ ١٠ برادەرانی م.س یەک نەوشیروان مستەفا، عومەر شێخموس و دوو ئەندامی سەرکردایەتیان هاتنە لامان ئێمەش هەر سێکمان لەگەڵیان دانیشتین.

کاک نەوشیروان کەوتە گوتن (ئێمە تەقدیری ماندوو بوون و تەقەلاکانی ئێوە دەکەین شوێنی سیاسیانە، لەم ڕۆژە ئاسکە یەک دژی شەڕی ناوخۆییە بەڵام دەسەلاتی ئێمە چیە و دەبێ چی بڵێین؟! وا هێزی قیادە موەقەتە هاتووە بتکەی ئێمەیان داگیرکردیە. ڕێگای هاتووچۆکردنیان گرتووین سێ هەرێمان بێچراوە. ئامادەینە بۆ سێ مانگ لە ڕێگای ئێوەوە هودنە لەگەڵ پارت بکەین، هێرشی ڕاگەیاندن دژیان ڕاگرین. با بچنە ناوچەی باڵەک جەنگی خۆیان لە دژی ڕژێمی بەغدا بکەن و قەلاتۆکان<1> جێ بهێڵن). لەدوای گفتوگۆ وتوێژ کردنێکی دووردرێژ، نوێنەرانی یەک ئامادەی خۆیان نیشاندا بەم مەرجانەی خوارەوە:

<1> گوندێکە لە گوندی خێڵی مەنگورەکان، کەوتۆتە بناری شاخی قەندیل سێ سەعاتێک بەپێ ڕێشتن لە شارۆچکەی سەنگەسەر دوورە.

١- شەڕی نێوان ینک و پدک بۆ سێ مانگ ڕابگیرێت.
٢- هێزی پارت بچێت لە ناوچەی باڵەک تاوەکو گوندی دەرگەڵە لە ڕۆژئاوای ڕێگای ئۆتۆمۆبیلی ڕەواندز شەقلاوە- هەولێر شەڕی پارتیزانی خۆیان دژی دامودەزگای ڕژێمی بەغدا بکەن.
٣- هەر ناکۆکییەک لە نێواندا ڕوویدا بەگفتوگۆ کردن و ناوبژی کردنی حشع چارەسەر بکرێت.
٤- پارت گوندی قەلاتوکان جێبهێڵێت.
گەر لەم ٣ مانگە دیان پارتی ڕێکەوتنەکە دەپارێزێ و کۆسپ و تەگەرە دروست ناکەن، ینک بەڵێن دەدات چاو بە گشت هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە پارت بخشێنێتەوەو بکەوێتەوە گفتوگۆ کردن و هەموو ناکۆکیەکانی لە نێوانماندا هەیە چارەسەر بکرێن، هەتا بە ڕەشبان لەگەڵدا مۆر بکەین. ئێمە لەگەڵ پێشنیارەکاندا بووین تەنها خاڵی چۆل کردنی "قەلاتوکان" نەبێت لە شوێن پێشنیارەکەی برادەرانی ینک گوتمان یا قەلاتوکان بکرێت بە شوێنی هەموو هێزەکان بە هێزی ئەوەی شوێنێکی قایم و سەرە ڕێگای هاتوچۆ کردنە بۆ هەموو هێزەکان، لەسەر ئەم پێشنیارەش ڕێککەوتین.
بەیانی ڕۆژی ٢٨/ ١٠ هاوڕێیان ئەحمەد بانیخێلانی و محمود فەقێ خدرمان بۆ دۆڵەتوو نارد. تاوەکو ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ سەرکردایەتی ینک کرا بوو بەسەرکردایەتی پارتی ڕابگەێنن. بۆ ئێوارە دوو هاوڕێکە گەڕانەوە ئاگاداریان کردین کە سەرکردایەتی پدک موافقە لەسەر گشت خاڵەکانی کۆمیتەی چوار حزبەکە. دەربارەی قەلاتوکان پێشنیارەکەی ئێمەیان پەسندکرد، ئەم هەنگاوە کەمێک باری ناوچەکەی هێمن کردەوەو مەترسی تێکهەڵچوون لە ناوچەکە دوور کەوتەوە.
ڕۆژی ١٠/٣٠ بانیخێلانی و فاتح بۆ سەردانی م.س ینک چووین

لەگەڵ نەوشیروان و عومەر شێخموس و ملازم عومەر دانیشتین. بە دووروودرێژی هەموو شتێکمان بۆ باسکردن. لە ئەنجامدا موافقەتیان لەسەر خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە کرد و گوتیان بەمە ڕازینە پێشمەرگەکانی حشع و حسیک شوێنی پێشمەرگەکانی پارت لە قەڵاتوکان بگرنەوە.

م.س پدک ئەم نامەیەیان بۆ ناردین

پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق	ژمارە/٢٩٧٩
مەکتەبی سیاسی	ڕۆژ ١٩٨٠/١٠/٣١

بڕیــــار

لەبەر بەرژەوەندی شۆڕش و دابەزین بۆ قولایی وڵات و لێدانی دوژمنی فاشی وە لەبەر ئەوەی زروفی ئەمڕۆی میللەتەکمان و بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقی پێش هەموو شتێک پێویستی بە یەکێتی هێزە کوردستانیەکان و لێدانی دوژمنی فاشیست دەکات، هەروەها پێویستی و گرنگی پێکهاتنی بەرەی نیشتمانی و دیموکراتی عێراقی و پێشکەوتنخواز وە داواو موافقی احزابی دۆست و براسان وەکو حزبی شیوعی عێراق و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و پاسۆک، هەروەها دەورووهەوڵدانی لێژنەی وساطەی وطنی، بڕیارماندا هێزەکانی شۆڕشمان کەوا دابەشکرا بوون بەسەر جەبهەی یەک و دوو دا بکرێن بە یەک قووەو بەرەو ناوچەی پارێزگای هەولێر بکەونە حرکەت و هەر هێزێک یاخود جەهەتێک بەرەنگاری ئەم حەرەکەتە بکات و ببێتە کۆسپ بە ئەوپەڕ توندیەوە لێ بدرێت.

ئیتر بۆ پێشەوە

الحزب الدیمقراطی الکردستانی: م.س

وێنەیەک بۆ/
حزبی شیوعی عیراقی تێکۆشەر بۆ ئاگاداری.
حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانی تێکۆشەر بۆ ئاگاداری
حزبی ئیشتراکی کوردی تێکۆشەر بۆ ئاگاداری.

بەم نامەیەی خوارەوە، موافقەکردنی برادەرانی یەنک/مان بە م.س پدک ڕاگەیاندەوە:
ئاوزەنگ

بۆ برایانی بەڕێزی م.س پارتی دیموکراتی کوردستان
گەرمترین سڵاوی شۆڕشگێڕیتان پێشکەش دەکەین

١- لەگەڵ برادەرانی سەرکردایەتی یەنک کۆبووینەوە، ئەنجامی دوایەمین گفتوگۆکان و ڕاو بۆچوونەکانی ئێوەی بەڕێزمان خستە پێشیان. موافقین لەسەر ڕێککەوتنەکە. بەڵێنیاندا هەڵوێستی ئێوە چەندە بەرامبەر بە گشت ڕووداوەکان ئیجابی بێت، یەنک ئەوکات چاو بە گشت ڕێبازو ڕووکاریدا دەخشێنێتەوە ڕێبازێکی تری تازە دەگرێتە بەر.

٢- هەرچەندە دەزانین سەرتان قالەو لە بارێکی نا ئاساییدا دەژین. بەڵام بە پێویستمان زانی کە ئاگادارتان بکەینەوە دیسان جارێکی‌تر بە بروسکەو نامە هاوڕێیانی بادینانمان ئاگادارمان دەکەن کە هێندی لە پێشمەرگەکانی لقی/١ بادینان بەتایبەتی ئەوانەی لە دەوروبەری سەید حەمید دانە ئازاری هاوڕێیانمان دەدەن، ڕێگایان لێدەگرن، شەڕیان پێدەفرۆشن، هەڕەشە لە جەماوەرەکە دەکەن کە کۆمەک یا دۆستایەتی ئێمە نەکەن. تکایە سنوورێک بۆ ئەم جۆرە کردەوە ناڕەوایانە دابنێن. چاوەنۆڕی وەڵامتانین.

لەگەڵ سڵاو رێزمان

م.هەرێمی کوردستان: حشع
١٩٨٠/١١/١

هەمان ڕۆژ م.س پدک وەڵامی نامەکەی بۆ نووسینەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق ژمارە/٢٩٨٩
مەکتەبی سیاسی ڕۆژ ١٩٨٠/١١/١

بۆ لیژنەی هەرێمی کوردستان-حزبی شیوعی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

نوسراوی ئێمرۆتانمان پێگەیشت، ئەمەی خوارەوە رەئیمانە لەسەری:

١- دەربارەی فەقەرەیەکی نامەکەتان واتە پەیوەندی هەڤاڵانی ئێمەو ئێوە لە لقی/١ ئێمەش پێمان خۆشە لە نزیکەوە بە زووترین کات لەم موضوعە بدوێین بۆ ئەوەی هەردوولامان چارەسەری ئەم مشکلاتە بکەین.

٢- ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ یەکێتی کردووتانە موافقین، ئێمە لە دوێنێوە بڕیارمان داوە کە هێزەکانمان بۆ قوڵای وڵات ڕوو بکەن، وێنەشمان بە ئێوەو برایانی سۆشیالیست و پاسۆک داوە. بۆ قەڵاتوکانیش معقولە.

٣- لەبەر زروفی جەوی وردە وردە هێزەکانمان دەکەونە حەرەکەت ئێوەش کەی هێزەکانتان بگەن زۆرمان پێ خۆش ئەبێت.

ئیتر بۆ پێشەوە

الحزب الدیمقراطي الكردستان

م.س

ئێوارەی ۱۱/۲نەوشیروان مستەفا و ملازم عومەر هاتنە لامان، وەڵامی (م.س)یان هێنایەوە کە یەک موافقە لەسەر ڕێککەوتنەکە و ئامادەنە بە جێبەجێکردنیان. دەربارەی قەڵاتوکان داوامان ئەوەیە پێشمەرگەکانی حشع و حسیک لەوێ بژین.

دوای ئەمە کاک نەوشیروان دەستی بە خوێندنەوەی چەند دێڕێک لە نامەی جەلال تاڵەبانی کرد کە بە ڕێککەوتی ۱۰/۲٦ لە دمشق نووسرا بوو دەڵێ (بەم زووانە لەگەڵ کاک عەزیز محەمەد دەگەڕێینەوە، ئێمە و بەعسیەکان و حشع لەسەر ئەوە ڕێککەوتوین کە بەپێکرایی کار بکەین و بەرەی دیموکراتی پێک بێت. ئە خالآنەی اتفاقی لەسەر نیە، بۆ ٦مانگ تاجیل بکرێت، لە دوایدا چارە دەکرێت، ئەم هەنگاوەش بە یارمەتی‌دانی سەرۆک "حافظ الاسد") بوو.

برادەرانی سەرکردایەتی یەک بە ناوەڕۆکی نامەکە گەلێ گۆشادو متفائیل ببوون. لە کۆتایی دانیشتنەکە نەوشیروان داوای وەرامی ئەم نامەی کردەوە کە لە مانگی ئابی ئەم ساڵە ناوەندی کۆمەڵە بە ڕێگای کۆمیتەی مەرکەزی حشع بۆ کۆمیتەی مەرکەزی حزبی شیوعی سۆڤیەتیان ناردبوو، داوایان کردبوو ماوەیان بدرێت چەند قوتابیەک بنێرنە زانکۆ و فێرگاکانی یەکێتی سۆڤیەت. دەربارەی ئەم پرسیارو داوایە هیچ وەڵام و شتێکمان لا نەبوو.

لە ڕۆژی ۱۹۸۰/۱۱/۳ ئەم نامەیەمان بۆ م.س پارت نارد:

برایانی بەڕێزو خۆشەویست م.س پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق

سڵاوی گەرمان

نامەی ڕۆژی ۱۱/۱تان گەیشت، ئەمڕۆکە وەرامی برادەرانی یەکێتیمان وەرگرت، موافقین لەسەر پێشنیارەکان و ئامادەشن بۆ

هاوبەشیمان لە بەلاماری ناوچەی بالَەک بۆسەر دوژمن. هەر ئەمرۆ دوو برادەر لە لێپرسراوی خۆیان دەنێرن بۆ تبلیغی پێشمەرگەکانیان بۆ چۆڵ کردنی ئەم ناوچەی برپارە. لە سێ تا چوار رۆژ پتر تەبات ئاگادارمان بکەنەوە بۆئەوەی هێزەکانی ئێوە بچێنت بۆ ئەو ناوچەیە. وە کاتی ئەو خەبەرەمان وەرگرت خۆشمان دێین بۆ دیدەنیتان. هەروەها وعدیاندا کە لەم یەک دوو رۆژە زوماتی ئێستگەکەیان بگۆرێت وە واز لە هێرش دەهێنن.

وا رۆژنامەی "طریق الشعب"مان بۆ ناردن

هەردەم بەختیاربتان

م. هەرێمی کوردستان: حشع

هەر بەدەستی ئەو تەتەرەی نامەکەی ئێمەی بردبوو ئەم وەرامەیان بۆ گێراینەوە:

۱۱/۳

بۆ حزبی شیوعی عێراق

هەڤالانی تێکۆشەر لیژنەی هەرێمی کوردستان

سلاوێکی شۆرشگێرانەی گەرم

هەڤالان نامەی رۆژی ۱۱/۳تان گەیشت. ئێمە لە دوێنێوەو بە پێ قراری م.س پارتی دەستمان کردووە بە تخفیفی هێزەکانمان لە ناوچەکەدا، هەروەها هەر جۆرە تحروکێکمان بۆ ئەو ناوچەی قوەتی (ی.ن) لێن راوەستاندووە بە پێی ئەو برپارە هەڤالانمان سەرۆکی پارتی و هێندێ لە ئەندامانی م.س لێرە نەماون هەروەها ئێمەش پاش بڕینەوەی کاروبارمان لەم ناوچەیە نامێنین. لەبەر ئەوە تکامان وایە لەمەو دوا پەیوەندی بە بارەگای ملازم علی بکەن لە (کەوپەر).

هەڤالانی بەرێز ئێمە وا نامەکەشتان ئەنێرین بۆ هەڤالانی ترمان،

پارتیمان هەرگیز ئامادەیە بۆ نەهێشتنی کۆسپ لە ڕێی یەکێتی هێزە نیشتمانیەکانی عێراق و کوردستان وە بە پێ ئەو گفتوگۆو ڕێککەوتنەی لەگەڵ ئێوەدا کراون هەنگاو دەنێین و چاوەڕوانی هەنگاوین لەلایەن ئێوەوە.

دووبارە زۆر سڵاوتان پێشکەش ئەکەینەوە و سەرکەوتوو پارێزراوبن

هەڤاڵتان	هەڤاڵتان
رئیس عبدالله	ڕۆژ شاویش

خۆشبەختانە دوای هەوڵ و تەقەلادانێکی زۆرو یارمەتیدانی کەسانی دڵسۆز تواندرا ماوەنەدرێت شەڕێکی بەرفراوانی ناڕەوا نێوان هێزەکانی کوردستان ڕوو بدات، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەی کورد بەفیڕۆ بکوژرێت زیانی گەورە بە ئەستۆی میللەتەکەمان بکەوێتەوە. ئازارو برینەکانیشمان قوڵتر بکات.

* * *

بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی و دیموکراتی عێراق - جوقد

لە بەرگی/١ ئەم کتێبەدا بڵاوکرایەوە کە لە پایزی ١٩٧٩ کۆمیتەیەک لە ناوزەنگ بەناوی کۆمیتەی ئامادەیی (الهیئة التحضریة) پێکهێنرا، یەکەم جار لە سێ حزب لە دوایدا بوو بە چوار، ڕاگەیاندی چەند کۆبوونەوەی بڵاوکرایەوە ئەوە بوو لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی پێشوو بڕیار وەرگیرا ئەرکی سەرەکی بنیاتنانی بەرەکە بکەوێتە دمشق هەر لەوێش مۆرکرێت!!

لەماوەی ١٠ مانگێک زاندرا و دەرکەوت کە کۆسپی زۆر لە پێش دامەزراندنی ئەم بەرەیە هەیە هۆی سەرەکیش بۆ سەر ئەستۆی بەعسیەکانی - سەرکردایەتی هەرێمی عێراق دەگەڕێتەوە ئەگەرە دەخەنە پێش وەک: ١- دەرگا بۆ هەموو تاقم و گروپ بکرێتەوە هەتا گەر تەنها ناوێن! ٢- ئیسرائیل بە شێوەی ئێستای نەمێنێت. ٣- بڕیار وەرگرتن بە دەنگی زۆرینە بێت، لێرەدا مەبەستیان ئەوە بوو بە هیچ شێوەیەک بەرەکە لەژێر ئامۆژگاری و ڕێ نواندنی ئەوان دەرنەچێت. ٤- دەربارەی دوارۆژی عێراق بە ڕاشکاوی و بێ پێچوو پەنا دەریان دەبڕی کە هەموو ڕێکخراوی بەعسی سەر حوکمی عێراق و دامو دەزگاکانی هی ئەوانە، تەنها ژمارەیەکی کەم لە کاربەدەستە سەرەکیەکان نەبێت، ئەوانیش دەبێ سزای

قورس بدرێن. ٥- بەرامبەر بە باری کوردستانی عێراق و مافە ڕەواکانی گەلی کورد ڕاو بۆچوونیان بە هیچ شێوەیەک لە سنوری، ئەو ئۆتۆنۆمیە دەرنەدەچوو کە ڕژێمی فاشی عێراق قەوارەکەیان بۆ داناوە، لە هەموو دانیشتنو چاو بەیەکتر کەوتنەکاندا بەعسیەکان وا خۆیان دەردەخست و لافی ئەوەیان لێئەدا کە ڕێکخراوی نەهێنی بەهێزیان لە ریزی بەعسی سەرکاردا هەیە. بە تایبەتی لەناو دامودەزگای عەسکەری، چاوەنۆری ڕووداوی گەورە دەکەن. هەر زوو زوو بلاویان دەکردەوە کۆدەتا لە عێراق ڕوو ئەدا و سەدام و وابەستەکانی نامێنن، لە ڕاستیدا هەموو شتێ دروستکراوو درۆ بوون.

لە شەوی ١٩٨٠/١١/١٢ کاتژمێری دەو پازدە دەقیقە لە ئێستگەی ڕادیۆی دمشق بلاوکرایەوە کە (بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی و دیموکراتی عێراقی) لە نێوان هەشت حزب و گروپ مۆرکرا<١>. ئەمینداری گشتی حزبی بەعس - سەرکردایەتی هەرێمی عێراق عبدالجبار کوبیسی کە ناوی لە خۆناوە (حازم حسین) پەیمانی بەرەکەی خوێند بوو، وتاری یەنک جەلال تالەبانی و هی حشع عبدالرزاق سافی پێشکەشیان کردبوو. دەقی بەیاننامەی دامەزراندنی و ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری لە بەشی بەلگەنامەکان بلاوکراوەتەوە.

<١> ئەمە ناوی ئەو هەشت حیزب و گروپەیە بەرەکەیان پێکهێنابوو:
١- منظمة جيش التحرير الشعبي العراقي
٢- الحزب الشيوعي العراقي
٣- الاتحاد الوطني الكردستاني
٤- الحزب الاشتراكي الكردستاني الموحد
٥- حزب البعث العربي الاشتراكي - قيادة قطر العراق
٦- الحركة الاشتراكية العربية
٧- الحزب الاشتراكي العراقي
٨- المستقلون الديمقراطيون

ئەم هەنگاوە لە هەموو عێراق بە تایبەت لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستان بە خۆشترین ڕۆژی گۆشادی پێشوازی کرا. هەموو هێزی حیزبەکان و جەماوەرەکە پیرۆزباییان لە یەکتری دەکرد، تا ماوەیەک ڕۆژەکان هەورەک ڕۆژانی جەژن وەهابوون، ئەمەش لەوە هەڵقوڵێبوو کە هەموو خەڵکەکە بە پەلە بوون لە ڕوخاندنی ڕژێمی ڕەفتار فاشی بەغدا، چاوەنۆڕی ڕۆژی ڕووخاندنی ڕژێمەکە دەکرا کە هەموو گەلەکانی عێراق لە دەستیا توشی قڕج و بڕو کاولکاری دەربەدەری و ژیانی پڕ ئاپور هاتبوون.

ئێمەش مەکتەبی هەرێمی کوردستان/حشع بە نامەی تایبەت داوامان لە برادەرانی سەرکردایەتی حسیک و پێک کرد، بۆ میوانداری لە بارەگای خۆمان چاوەنواریان دەکەین. دەرسی باری کوردستان و هەنگاوەکانی داهاتووشمان بکەین. دوای دامەزراندنی بەرەکە، هەروەها پێشنیارمان کرد بەم بۆنەیەوە بانگەوازێک ئاراستەی جەماوەری کوردستانی عێراق بکەین کە ریزەکانیان پتەو بکەن، یەکبگرن، پەلاماری توندو سەخت لێدانی کوشندە لە دوژمنی چەپەڵ بدەن، لە هەموو شوێن و ناوچەیەکدا ڕاپەڕن تا ڕژێمی فاشی گۆڕ بەگۆڕ دەکرێت.

م.س پێک بە نامەیەکی کورت وەرامیان داینەوە کە حەزناکەن ئێستاکە بانگەواز لەگەڵ حسیک بلاوبکەنەوە. سەرکردایەتی حسیکیش بە نامەیەکی توندو گرژ ئەم وەلامەیان بۆ نوسینەوە، دەقی نامەی برادەرانی حسیک:

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان   ڕۆژ ١٩٨٠/١١/١٦

مەکتەبی سیاسی

بۆ لێژنەی هەرێمی کوردستان، حزبی شیوعی عێراقی تێکۆشەر

سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم، هیواداریین سەرکەوتوین لە خەباتدا

١- نووسراوەکەتان گەیشت سوپاستان دەکەین بۆ ئەو پیرۆزباییە گەرم و پڕ سۆزیەی بە بۆنەی پێکهاتنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی کە بۆتان ناردبووین، هیواداریین بەرەیەکی متکامل و سەرکەوتوو بێت.

٢- دەربارەی پێشنیارەکەتان بۆ دانیشتن لە زەڵێ حەز ئەکەین ئەو خالانەتان بۆ بنووسین:

أ- ئێمە هیچ معلوماتێکمان نیە لەبارەی جەبهەوە و لە هیچ شوێنێکەوە ئاگادار نەکراوین و مەوزوعەکە لامان ڕوون نیە بۆیە چاوەڕوان ئەکەین تفاسیلمان پێ بگات لەم بارەوە.

ب- خۆتان ئەزانن یەکێتی لەگەڵ ئێمە چەندە گیروگرفت و مشاکیلی هەیە و ئەوان لەو ماوەی ڕابوردوودا دەیان کاری ناڕەوا و تاوانیان دژی هەڤالانی ئێمە کردووە کە لە ئەنجامی ئەوە ٧ هەڤاڵی قارەمانمان شەهید کراوە بەدەستی چەکدارەکانی ئەوان و زیاتر لە ٣٥ پارچە چەکی هەمە چەشنەیان بەتالان بردووە. ئینجا لە حاڵەتێکدا کە ئەوان لەسەر ئەو روحیەتە چەوتە بەردەوام بن ناتوانین و بەراستی نازانین نە بۆخۆمان نە بۆ ئێوەش لەگەڵیان دانیشین و بانگەوازیان لەگەڵا مۆر بکەین چونکە ئەوان تاکو ئێستا بایەخیان بە هیچ بانگەوازێکی نیشتمانی و دڵسۆزی نەداوە. زۆریشمان لا سەیرە ئێوە لە ئاستی تاوانەکانی ئەوان بەرامبەر بە ئێمەو لایەنە کوردیەکانی‌تر بێدەنگن. بەڵام هەر کاتێک لایەنێکی نیشتمانی ناچار بێت دیفاع لە خۆی بکات بێ ئەوەی تقدیری زروفی بکەن تەنانەت مافی دیفاع کردنیشی نادەن، لەبەر ئەوە ئەگەر جەبهەش ئیمزاکرا بێت دەبێ ئەوشتانەی معالجە کردبێ، ئەگینا هیچ لایەک ناتوانێت چاو لە خوێنی پێشمەرگەی بێتاوان بپۆشێت.

ئەگەر یەکێتی بڕوای بە جەبهە هەیە با قاتیلەکان و چەکەکانمان تسلیم بکەنەوە، ئەوکات ئامادەین بۆ دانیشتن و بەیان دەرکردن.

٣- دەربارەی مشروعی میساقی تعاونی سی .کە کە نووسیبوویان پێمان نەگەیشتووەو نەهاتووە، بۆئاگاداری.

ئیتر بۆ پێشەوە

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان

مەکتەبی سیاسی

١٩٨٠/١١/١٦

ئەو دەنگو باسانەی برادەرانی م.س حسیک لە وەڵامەکەیاندا، ئاماژەیان بۆ کردبوو، لە ڕاستیدا ئێمە لەم دوایە ڕووداوی تازەی نێوان ئەوان و یەنک/مان نەبیستبوو. هەر بۆیەش نامەمان بۆ هەموو لایان نووسی بوو، بە نامەیەکی کورت بۆ هەردوو لایانمان نوسیەوە (ئێستاکە وازمان لە دەعوەتەکە و پێشنیاری بڵاوکردنەوەی بانگەوازی هاوبەش هێنا تا دەرفەتێکی لەبارتر دێتە پێش).

بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی دوای دامەزراندنی (جوقد - الجبهه الوطنیه القومیه الدیمقراطیه العراقیه) لە جەماوەر ون نەبێت و نەشێوێندرێن، بە پێویستی دەبینم ئەم سێ تێبینیانەی تایبەتیم تۆمار بکەم:

١- دووا بەدوای دامەزراندنی (جوقد) بە ١٥ ڕۆژ بەرەی دیموکراتی عێراقی (جود) لە نێوان سێ حزب مۆرکرا، لە هەمان کات حسیک و حشع لە (جوقد) ئەندام بوون. هەر چەندە لە بەیاننامەکەی یەکەمی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) بڵاوکرایەوە و لە گشت کۆبوونەوەو دانیشتنەکانی گەر گشت هێزەکانی کوردستانی و عێراقی جەخت لەسەر ئەوە دەکرا کە جود جێگری جوقد نیە، یاریدە دەریەتی ئامادەیە بێتە ناو جوقد و خۆی حڵ بکات. بەمەوجێک دژایەتی یەک نەکرێت و ئەویش قبوڵ بکرێت!

هێندی هێزو حیزب بەتایبەتی یتک و بەعس- سەرکردایەتی هەرێمی

عێراق بڕوایان بەمە نەبوو، بە توندی کەوتنە کێشەو دژایەتی کردنی.

٢- جارێکیتر ساردی و گومان لە یەکتری کردن و بێ بڕوایی کەوتەوە نێوان هێزەکانی نیشتمانی بەتایبەتی بەرامبەر بە حشع.

٣- زۆری ئەخایاند ئەندامیەتی حشع لە ناو (جوقد) ڕاگیرا.

٤- لەڕووی پڕوپاگەندەو ڕاگەیاندن، هێرش بۆ سەر پدک گەلێ زیادی کرد.

٥- نوێنەرانی جوقد سەردانی هێندێ حیزب و هێز و وڵاتیان کرد، زاندرا لە یەکدو شوێن یارمەتی مادیان پێشکەش کرابوو حشع لەمە بە ناڕەوا بێ بەشکرا.

٦- ئەو هاوکاری و دۆستایەتیەی لە ماوەی دوو ساڵ لە نێوان حشع و پنک پتەو ببو لە یارمەتیدانی یەکتر و لە زۆربەی هەڵوێستەکانی سیاسی گەلێ نزیکی یەکتری بوون گومان و بێ بڕوایی تێکەوت.

٧- وا چاوەڕوان دەکرا لە دوای دامەزراندنیی جود و جوقد خەبات و تەقەلای جەماوەرو هەموو هێزەکانی سیاسی گەشە بکات، هاوکاریکردن و هاریکاری نێوان هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق و کوردستانی بەرەو قۆناغێکی چۆنی (نوعی)تر بڕوات. بە پێچەوانە بارەکە وا نەڕۆیشت، بێ بڕوایی و گومان لە یەکتری کردن فرە پەرەی ساند، هەر حزبێک دەیەویست چەند هێزو گروپێک بۆ لایەنگری خۆی رابکێشێت. باری ناجۆرو تێکچوی وڵات هێرش و تاوانەکانی رژێم بۆسەر هەموو جەماوەری عێراق و کوردستان، ئاگری شەڕی کاولکاری نێوان ئێران و عێراق. گشت ئەم ڕووداوو کارەساتانە، خستڕانە خانەی دووەم، خۆ بەیەکتری خەریک کردن و شەڕی براکوژی بۆوە کاری ڕۆژانەی هەموو هێزەکان، هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە... دەرفەتی لەبارتر بۆ جموجۆڵی رژێمی فاشی و گومان لێکراو و نیشتمانفرۆشان ڕوخسا.

چۆن بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) پێکهێندرا

لە چەند رووبەرێکی پێشی ئێرە ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە نزیکی سێ مانگ لەمەوبەر نوێنەرانی حشع لە (راژان) لەگەڵ م.س پدک کۆبوونەوە، بەڵێنمان پێدان کە پرۆژەیەکی هاوکاری [illegible] ئامادە دەکەین و پێشکەشیان بکەین:

م.هەرێمی حشع دوای چەند دانیشتن و کۆبوونەوەی گەیشتە سەر سیغەی پرۆژەیەک وەک پێشنیار رۆژی ١٩٨٠/٩/٢٧ لەگەڵ نامەی تایبەتی بۆسەرکردایەتی پارت و حسیک نێردرا. ئەمە دەقەکەیەتی:

المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني "العراق"

اعزونا المحترمون

١- طبقا لما جرى من احاديث بين ممثلي حزبكم و ممثلينا و الاتفاق المبدئي الذي تم بينهما. فقد اعدنا النظر بمسودة ميثاق الجبهة الوطنية الديمقراطية و التي سبق ان قدمت اليكم و استلم حزبنا جواب حزبكم بالموافقة عليها في حينها تحريريا. و نحن اذ نرسل اليكم النص الاخير للمسودة راجين دراستها و ارسال ما لديكم من ملاحظات اساسيه حتى يتسنى لنا دراسه ملاحظاتكم تمهيدا للقاء المشترک و البت النهائي به

علما اننا سوف ترسل نسخة من هذه المسودة الى الاخوة في الحزب الاشتراكي الكردستاني الموحد، كما سبق و ان اتفقنا.

٢- اننا نعتقد بضرورة "وجود نظام داخلي" الى جانب الميثاق شان كل جبهة وطنية سلميه ظهرت في البلدان الاخرى.

٣- كما نعتقد بضرورة وجود وثيقة حول المساله الكردية اكثر شمولا لما ورد في هذا الميثاق و على ضوئه و سنبذل الجهد لاتمام هاتين الوثيقتين.

هذا و دمتم

الحزب الشيوعي العراقي- مكتب اقليم كردستان

١٩٨-/٩/٢٤

ئهمهش دهقی پهیمانی هاوکاریهکه بۆ ههردوو حزبمان نارد.

ميثاق التعاون

تمر بلادنا بازمة عنيفة و شاملة ناجمة عن سياسه الحكم البعث الدكتاتوري و لم تفلح محاولات السلطة للتستر عليها. لا بالدعاية التضليلية و لا بانفاق الاموال الطائلة من عوائد النفط الهائل على شكل رشاوي في داخل و الخارج. و من مظاهر هذه الازمة اشتداد عزلة الطغمة الحاكمة على الصعيدين المحلي و العربي و تنامي سخط الشعب و اتساع صفوف المعارضة ضدها. بل و احتدام التناقضات و الصراعات الدموية بين الحاكمين انفسهم، ان ما ساق العراق الى هذه الازمه المستفحلة هو نهج احتكار السلطه و حكم البلاد باساليب پوليسيه دون احترام للقوانين و القيم الخلقية او وفق شريعات استبدادية لا مثيل لها و تضخم اجهزة القمع و اللجوء الى الملاحقات و القتل تحت التعذيب و التسمم ضد الوطنين، ابا كانت معتقداتهم السياسيه و التمادي في التميز القومي و

الطائفي و في النهج الشوفيني و العنصري ضد الجماهير الكردية و الاقليات، يضاف الى ذلك التخطيط و التبذير و الفوضى في السياسة الاقتصادية بشتى مجالاتها الصناعيه التجارية و الزراعية الحيوانية و احكام ربط اقتصادنا الوطني بالسوق الراسمالية الامبريالي العالمي و ما ترتب على ذلك في اثراء فئة طفيلية مستغلة على حساب اوسع الجماهير هذا فضلا عن النهج المعادي لحركة التحرر العربي و للثورات و الحركات التقدمية و اتجاهها الكشوف في التنسيق و التحالف مع الاوساط الرجعية.

ان انقاذ البلاد من هذه الازمه رهن باسقاط الحكم الدكتاتوري و اقامة نظام جديد يبادر الى اشاعة الديمقراطية في العراق و تامين الحكم الذاتي الحقيقي في كردستان و الاسهام الفعال في معركة الامه العربية ضد الامبريالية و الصهيونية و الرجعية ولا يمكن لاي حزب بمفرده ان يحقق هذه المهمة الحيوية الملحة فالسبيل الى تحقيقها انما يمر عبر توحيد كلمة كافة الاحزاب و الفئات الوطنية المعادية للامبريالية و الصهيونية و الرجعية، الامر الذي يضمن توحيد طاقات الشعب و طبقاته الوطنيه و الحصول على دعم الاصدقاء من قوى التحرر و الاشتراكيه في المنطقة و في العالم كله.

لقد اكدت تجارب حركتنا الوطنيه ان انتصارات شعبنا كانت مرتبطة دوما بقيام المحالفات بين الاحزاب و قواه الوطنية في حين ان الهزائم و الاخفاقات كانت مرتبطة بالفرقة و التشتت بين تلك الاحزاب، ان العمل من اجل اقامة تحالف وطني ديمقراطي شامل هو واجب مشرف يجابه كل حزب وطني و كل عراقي مخلص و بهذا نجد ان في التقائنا هذا ليس بديلا عن التحالف الشامل المنشود بل جزء من مساعي الاحزاب و القوى الوطنيه و التقدمية العراقية الراميه الى الجبهه و تنشيط النضال لتحقيق

تطلعات شعبنا في الحرية و الديمقراطية و التقدم الاجتماعي.

زۆری نەخایاند دوای ماوەیەک ڕاو وەلامی م.س پدک و م.س حسیک/مان لەسەر پرۆژەکە وەرگرتەوە، ئەمەش دەقەکانیەتی:

الحزب الديمقراطي الكردستاني العراق العدد/ ٢٧٤٥

المكتب السياسي التاريخ ٨/ ١٠/ ١٩٨٠

الى/ الحزب الشيوعي العراقي-مكتب اقليم كردستان المناضل

تحية نضاليه

بعد دراسة نص مسودة ميثاق الجبهة الوطنية الديمقراطية يرى حزبنا ان المسوده بشكلها العمومي و محتواها اساسا جيدا للعمل السياسي الجبهوي و تضع حلولا عامه و صائبة للمشاكل الوطنية و السياسية التي يعاني منها العراق بعربه و اكراده و اقلياته القومية و هي تلاقي القبول و الاستحسان من قبلنا. نرسل لكم ملاحظاتنا حول نص المسودة راجين النظر و دراستها لبحثها عند اللقاء المشترك للبث في الميثاق نهائيا.

١- نقترح اعتبار نص قانون الحكم الذاتي المقدم من قبل حزبنا الديمقراطي الكردستاني في ١٩٧٣/٣/٩ الى الحكومة العراقية و المرفق بكتابنا هذا وثيقة تعبر عن راى الجبهه في مفهوم الحكم الذاتي الحقيقي لكردستان العراق.

٢- ورد في السطر السادس في الصفحة الاولى الجملة التالية: ان ما ساق العراق الى هذه الازمة المستفحلة هو نهج احتكار السلطة و حكم البلاد... الخ. نقترح تغيير هذه الجملة بالشكل الاتي: ان ما ساق العراق الى هذه الازمة المستفحلة هو في طبيعة البعث الحاكم في العراق و نهج احتكار السلطة.. الخ. حيث ان طبيعة الحاكم هو الجوهر و النهج و الممارسات الاخرى هي ظواهر تابعة من طبيعة السلطه و مصالح الطبقة

المتفذة فيها.

٣-في الفقره التاليه نقترح:

أ- بان يكون البند الاول كالاتي:

تصفية اثار سياسة الاضطهاد القومي ، ريب و التهجير و ضمان ممارسة الشعب الكردي الكامل حقه في الحكم الذاتي و تحديد منطقة الحكم الذاتي و شمولها لجميع الوحدات الادارية ذات الاكثرية الكردية، آخذين الواقع الجغرافي و التاريخي لكرستان بنظر الاعتبار.

ب- بان يكون البند السابع كالاتي:

اعتماد خطة تنمية سريعة لكردستان تستهدف ازالة التخلف الناتج عن سياسة التميز العنصري و الحروب العدوانيه و التخطيط للتنميه البعيدة المدى و تخصيص حصة دوريه من عائدات النفط في العراق لذلك تتناسب و نسبة سكان كردستان.

ج- اضافة بند في الفقره التاليه:

منح الجنسيه العراقيه الى المواطنين من الفيليين و الامر بين الكويين الاكراد و تعويض اضرار الفيليين من جراء تشردهم القسرى في العراق و نهب ممتلكاتهم.

٤- ورد في الفقره الخامسه:

دعم جبهه الصمود و التصدي و تعزيز صمود سوريا. نعتقد بانه لا حاجه لاعاده ذكر سوريا حيث انه يمثل طليعه جبهه الصمود و التصدي.

٥- اضافه بند الى الفقره الخامسه كالاتي:

اسناد النضال العادل المعادي للامبرياليه و الرجعيه للامة الكردية المجزاه من اجل حقها في تقرير مصيرها بنفسها.

٦- اضافة بند الى الفقره الخامسه تتضمن:

ضمان تطور الحقوق القوميه للشعب الكردي في كردستان العراق

نتوافق و التطورات الايجابيه التي ستحصل للشعب العربي في العراق نحو الوحدة العربيه المنشودة

دمتم و دمتم

المكتب السياسي

للحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق

دەقی وەلامی م.س حسک

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان ژمارە/٨٢١

مەکتەبی سیاسی رۆژ٢٦/١٠/١٩٨٠

بۆ حزبی شیوعی عیراق مەکتەبی اقلیمی کوردستانی تێکۆشەر

سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم، هیواداریـن سەرکەوتووبن لە خەباتدا.

هەڤاڵانی بەڕێز: کۆمیتەی سەرکردایەتی حزبمان لە کۆبوونەوەی تایبەتی رۆژی ٢٥/١٠/١٩٨٠ دا و پاش دیراسەکردنی رەونووسی قەواعیدی کاری هاوپەیمانیەتی کە لە لایەن بەڕێزتانەوە ئامادەکراوەو لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٤/١٠/١٩٨٠ وێنەتان دا پێمان. بڕیاریدا بە پەسند کردنی رەونووسی ناوبراو وەکو ئەساسێکی باش بۆ رێکخستنی پەیوەندی و شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری هاوپەیمانەتی. لەبەر ئەوە بەم نووسراوە بە خۆشحاڵییەوە موافقەتی خۆمانتان پێ رادەگەیەنین لەگەڵ ئاواتی سەرکەوتن

ئیتر بۆ پێشەوە

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان

م.س

وێنەیەک بۆ: م.س پارتی دیموکراتی کوردستانی تێکۆشەر.

لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم ئەم نامەیەی پدک/مان بەدەست گەیشت:

پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارە/١٨٨٢
مەکتەبی سیاسی ڕۆژ ٢٥/١٠/١٩٨٠

بۆ حیزبی شیوعی عیراق، مەکتەبی اقلیمی کوردستان تێکۆشەر
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

هەڤاڵانی بەرێز پاش دراسەت و لێکۆڵینەوەی مسوەدەی قواعیدی کاری بەرەی نیشتمانی کە بەرێزتان لە ٢٤/١٠ دا داتان پێمان پارتیمان پێ خۆشحالە بە دەربڕینی موافقەتی تەواوی لەسەر هەموو خاڵەکانی ئەو مسوەدەیە کە بە اساسێکی باشی ئەزانین بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی و جۆری بەڕێوەبردنی کاروباری نێوان ئەو لایەنانەی بەشداری بەرەکە ئەکەن.

ئیتر بۆ پێشەوە

پارتی دیموکراتی کوردستان

م.س

وێنەیەک بۆ: م.س حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانی تێکۆشەر

ڕۆژی ٢٥/١٠ مەکتەبی هەرێم بڕیاری وەرگرت لەگەڵ هاوڕێ ئەحمد بانیخێلانی بچین بۆسەردان و کۆبوونەوە لەگەڵ برادەرانی حسیک و پدک، پەیمانی نیشتمانیش لەگەڵیاندا مۆر بکەین، بە نامەی تایبەتی ئاگاداری م.س حسکمان کرد کە ٢٧/١١/١٩٨٠ دەگەینە لایان. پێش ئەوەی ڕۆژی ٢٧/١١ لە ناوزەنگ بەرەو دۆڵە تو بکەوینە ڕێگا سەردانی برادەرانی م.س ینک/مان دا نەوشیروان مستەفا و عومەر شێخموس لەگەڵمان دانیشتن. ئاگادارمان کردن کە بڕیارمان هەیە بەرەو دۆڵە تو و ڕاژان بکەوینە ڕێگا بەو مەبەستەی پەیمانی نیشتمانی/یان " المیثاق

الوطني " لەگەڵدا مۆر بکەین. گەلێ پێخۆشحاڵ دەبین و لە بەرژەوەندی هەموو نەتەوەی کورد و گەلەکانی عێراقدایە ئێوەش لەم هەنگاوە لەگەڵ ئێمەدا بن و ڕێکبکەوین لەسەر مۆرکردنی پەیمانەکە وەک بەرەیەکی کوردستانی لێدێت.

برادەرانی سەرکردایەتی یەک گوتیان (ئامادەینە لەگەڵ حسیک کۆببینەوە و باسی هەموو گیروگرفت و ناکۆکیەکانی نێوانماندا بکەین تەنانەت لەگەڵیاندا ڕێکیش بکەوین. دەربارەی یەک دوو هەڵوێستمان لایان بەندن با بەریان بدەن دەست لە کاروباری ناو کوردستانی ئێران بکێشنەوە، بچنە بادینان شەڕی ڕژێمی ڕەفتار ڤاشی عێراق بکەن، ئەو کات هەڵوێستێکی‌تر وەردەگرین!! هەست دەکرا ئاسوودە نەبوون لە جموجولی ئێمە، برادەرانی یەک/مان جێهێشت بەرەو دۆڵەتوو، کەوتینە ڕێگا. کە گەیشتینە دۆڵە توو برادەرانی سەرکردایەتی حسیک کاک ڕسول مامەند، تاهیر علی والی و سەلاحی پێشوازیان کردین و لەگەڵیاندا دانیشتین.

هەر زوو لەسەر ئەوە ڕێککەوتین یەکسەر بەرەو ڕاژان بکەوینە ڕێگا کاک ڕەسوڵ هێندی قسە بە تاوگیری کردو گوتی (ئێمە ئامادە نینە لەگەڵ سەرکردایەتی یەک دابنیشین، بە ناڕەوا دوژمنایەتیمان دەکەن، ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەو لایەنگرانی ئێمەیان کوشتیە ۳۵ پارچە چەکی ئێمەیان لایە شەرمان پێ دەفرۆشن، پێنج پیاوکوژ لایان هەیە، دەبێ بیدەن بە ئێمە ئەوکات گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەین. دەنا هەوڵدەدەین بەشەرێ تۆڵەی خوێنمانیان لێ بکەینەوە. خۆمان بە دۆستی نزیکی حشع دەزانین کەچی بەرامبەر بەم تاواناتەی یەک بێدەنگ وەستاون هەڵوێستان نیە؟). ئێمە هەردووکمان ڕەدی قسەکانی ئەواڤمان دایەوە، جەختمان لەسەر هەڵوێستی ڕاست و ڕەوای حشع کرد کە انحیاز ناکات بۆ هیچ لایەکتان

لە دژی ئەوی‌تر هەموو تەقەلاکانی ئێمە تەنها بۆ تەعێشتنی شەڕی برا کوژی و بۆ ئاشت بوونەوە بنیاتنانی بەرەیەکی یەکگرتوو.

ئێوارەکە هەردوو لامان کەوتینە ڕێگا. شەو لە گوندی (کونە مشکە)‹١› ماینەوە، ڕۆژی دووەم گەیشتینە لای برادەرانی سەرکردایەتی پارت لە گوندی (تەرکەش)‹٢› . بە گەرمی لە لایەن کاک علی عبداللە، د.محمد سالح جومعە، رئیس عبداللە بەرواری و ڕۆژ نوری شاوێس پێشوازی کراین. دوای پێشوودانێکی کەم کاک علی عبداللە داوای کرد چاوەنۆر بکەین تا سەرۆکی پارتی کاک مسعود بارزانی دەگات. هەموو لەگەڵ پێشنیارەکەی دا بووین. ئێوارەکە بە درەنگی کاک مسعود گەیشت، لەژێر خێوەتی کاک عەلی سەعات حەوت دەست بە دانیشتنەکە کرا.

نوێنەرانی پدک: مسعود بارزانی، علی عبداللە، د.محمد سالح جومعە‹٣›، ڕۆژ نوری شاوێس.

نوێنەرانی حسیک: رەسوڵ مامەند، تاهیر علی والی

نوێنەرانی حشع: ئەحمەد بانیخێلانی، فاتح رەسول

بانیخێلانی کەوتە قسەکردن گوتی: ئێمە لەگەڵ برادەرانی حسیک بۆ ئەوە هاتووین پەیمانی نیشتمانی لەگەڵ ئێوە مۆر بکەین، دەمانەوێ لای هەمووش ڕوون بێت ئەم هەنگاوەمان دژی هیچ حزب و هێزێک نیە،

‹١› گوندێکی بچووکە، نزیکی سنوورە بەپێ ڕۆیشتن ٣ سەعات لە ناوزەنگ دوورە.

‹٢› گوندێکی مەنگوڕەکانە کەوتۆتە سەر ڕێگای ئوتۆمۆبیلی نێوان خانەو سەردەشت، ٢٥ کیلۆمەتر لە خانە دوورە.

‹٣› برادەرێکی کوردە لە کوردەکانی سوریا. خوێندنی لە ئەلمانیا تەواو کردیە، لەمێژساڵە لەوێ دەژیت. ماوەیەک بوو بە ئەندامی م.س پارتی دیموکراتی کوردستان،

ئامانج و مەبەستمان ئەوەیە لە داهاتوویەکی نزیک هەموو هێزەکانی نەتەوایەتی و نیشتمانی و پێشکەوتووخواز لە بەرەیەکی بەرفراوانی یەکگرتوو [illegible] عێراق کۆببینەوە. ئەو ڕووداوانەی بەم دواییە نێوان (پەدەک و یەکێتی) و (حەسەک و یەتک) ڕوویدا وایکرد مۆرکردنی پەیمانەکە کەمی بوەخرێت بەبۆچوونی ئێمە هەنگە بارەکە لەباردایەو کاتی مۆرکردنی هاتیە.

کاک رەسول: ئامادەیی حزبەکەیان و پێخۆشحالی دەربڕی بۆ مۆرکردن کە دەبێ ببێتە سەرەتایەک بۆ ڕێکخستنی ریزەکانی هەموو ئەوانەی دژی رژێمی بەغدا تێدەکۆشن و دەیانەوێ شەڕی براکوژی و دووبەرەکی لە نێواندا نەمێنێت، کاک مسعود گوتی (ئێمە دوو ساڵە ئامادەینە بۆ هەموو هاوکاریکردن و مۆرکردنی بەرە لەگەڵ هەموو هێزەکان بە تایبەتی لەگەڵ حشع چەند مانگێک لەمەوبەر ئەم پەیمانەمان مۆر بکردایە گەلێ زیاتر کاریگەر و بەسوود دەبوو. ئێمە دژی هیچ لایەک نینە دەمانەوێ خزمەت بکەین. ئەتەوەکمان لەم دەربەدەری و دەردە سەریە رزگار بێت، هێندی لا بە توندی دوژمنایەتیمان دەکەن، کەچی ئێمە باش داغمان بەخۆدا گرتیە. حسێبی ورد بۆ بەرژەوەندی گشتی دەکەین، مۆرکردنی ئەم پەیمانە ئێمڕۆکە، وام دێتە بەرچاو کە بۆ ڕازی کردنی ئێمەیە. دەنا بۆچی ئێمە لە بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی دیموکراتی عێراقی کە چەند رۆژ پێشی ئیمڕۆکە لە دمشق مۆرکرا دوور بخرێنەوە. لەگەڵ هەموو رەخنەو رای تایبەتیمان ئامادەینە پەیماتەکە مۆرکەین.. لەسەر ئەوە ڕێککەوتین یەبێ دەستکاری بەرەکە مۆرکەین یەکسەر کاک علی گوتی (پێویستە ڕێککەوتنەکمان ناوی هەبێت و پێشنیار دەکەم ناوی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی «جود» بێت). هەموومان لەگەڵ پێشنیارەکەدا

بوون، ئەو ڕاشکا بوو بە ماچ کردنی ئەملاو ئەولای یەکتری شەش کەس پەیانەکەمان مۆرکرد.

لە پدک: مسعود بارزانی، علی عبدالله.

لە حسیک: رەسوڵ مامەند، تاهیر علی والی

لە حشع: ئەحمەد بانیخێلانی، فاتح رەسوڵ

ژمارەی یەکجار زۆر لە بەیاننامەکە و پەیانەکە بە کوردی و عەرەبی چاپکراو بڵاوکرایەوە، ماوەی یەک حەفتەش لە ئێزگەی دەنگی کوردستان^(١) عێراق خوێندرایەوە وا ئێمەش لە بەشی بەڵگەنامەکان بڵاوی دەکەینەوە.

ڕۆژی ١١/٣٠ گەیشتینەوە بنکەی خۆمان، دوای ٢ ڕۆژ ١٢/٢ هەردووکمان چووین بۆسەردانی برادەرانی م.س ینک لەگەڵ نەوشیروان و چەند ئەندامێکی سەرکردایەتیان دانیشتین، بەراشکاوی هەموو شتێکمان بۆ گێڕانەوە، جەختی زۆرمان لەسەر ئەوە دەکرد کە (جود) یارێدەدەرە بۆ (جوقد) و زەمینە گەلێ لەبارتر ئامادە دەکات بۆ گەشە کردن و فەرەوان بوونی مەودای خەباتکردن بۆ هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکان دژ بە ڕژێمی بەغدا گوتمان حشع هەمیشە هەتەرە بۆ پاراستنی برایەتی و پەیوەندی تایبەتی بە ینک. هەرچی کردمان و گوتمان نەوشیروان قەناعەتی بە روونکردنەوەکانمان نەدەهات و گوتی: (مۆرکردنی بەرەی دووەم نرخی بۆ بەرەکەی چەند ڕۆژ لەمەو بەر لە دمشق مۆرکرا. نەهێشت). کە هاتینە سەر باسکردنی باری کوردستان و عێراق، سەرکردایەتی ینک نارەزایی زۆریان دەربڕی بەرامبەر بە کردەوەکانی حسیک/ی ئەم دوایەو گوتیان (ماوەیان نادەین وا سوور بن لەسەر گێرە شێوێنی کردن).

---

(١) لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولەوە ناوی ئێزگەی رادیۆی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقە.

بۆ ڕۆژی ١٢/٣ نەوشیروان و ملازم عمر هاتنە سەرداغان. جارێکی تریش بە دووروودرێژی باسی هەر دوو بەرەکە کرایەوە، کە چۆن ئەرکێکی مێژووییە لە ئەستۆی هەموو دڵسۆزێک بۆ نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەمان، تەڵ[illegible]ێزرجان بدات، وڵات و نەتەوە لەم کینە بەربەتیە ڕزگار بکەین، نەوشیروان گێڕایەوە بروسکەیان پێگەیشتووە شەڕێکی سەخت لە ناوچەی جەباری لە پارێزگای کەرکوک ڕوویداوە لە ئەنجامدا ١٥ پێشمەرگە شەهید بوون.

بۆ ئێوارەی ١٢/٥ جارێکی‌تر لەگەڵ بانیخێلانی چوینە سەردانیان لەگەڵ چوار ئەندامی سەرکردایەتیان دانیشتین، دوای باسکردنی پەیوەندی نێوان جوقد و جود برادەرانی ینک داوایان لێکردین ئاگاداری پدک کە پەلە لە گەڕان و سووڕان نەکەن لە ناوچەی هەورامان و شارەزوور، ئەو هودنەی لە نێوانماندا هەیە بیپارێزن تا دەگەینە ئەنجامێکی لەباری تەواو، دەنا ماوەیان نادەین.

وەک لەبەشی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی نەتەوایەتی (جوقد) باسم کردیە، دوای مۆرکردنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) بارەکە بە پێچەوانە سووڕا گەلێک شێوەی گرژی و توند و تیژتری وەرگرت، گومان لە یەکتری کردن لە نێوان سەرکردایەتی حیزبەکانی کوردستان بگرە تا بچووک‌ترین شانەی ڕێکخراوی سیاسی و ساوێلکەترین پێشمەرگە و لایەنگر بڵاو بووە.. ینک وای بۆ چوو بوو ولێکی ئەدایەوە، کە (جود) بۆ ئابلۆقەی ئەو قوتکراوەتەوە، خەریکن ئەوەش دەبێ قاچ و دەستی شەتەک بدات و ماوەشی پێ نەدات بە پێی ئەوپرۆگرام و ستراتیژیەی هەیەتی فرەوان بێت و گەشە بکات.

لەگەڵ سازمانی
چریکی فیدائیانی خەڵک - ایران (اکثریە)

رۆژی ١٤/ ١/ ١٩٨٠ دوو ئەندامی سەرکردایەتی شاخەی کوردستان ئێران. لە ڕێکخراوی سازمانی فیدائیانی خەڵکی ئێران (اکثریە) حەمەدەمینی شێخانی و ئەسعەد بەهرامی هاتنە سەردانمان. لەگەڵیان دانیشتین و پێشوازی گەرم و ڕێز لێنانمان گرتن، برادەر حەمەدەمین شێخانی کەوتە گۆفتن (ئێمە زۆر پێخۆشحاڵ و گوشادین بە ناسین و نزیک بوونەوە لە حشع برپارمان هەیە پەیوەندی لەگەڵتاندا بەهێز بکەین، داواتان لێدەکەین پێشی هەموو هەنگاوێک بۆچوون و ڕێبازی سیاسی حزبی خۆتانمان دەربارەی ئەم پرسیارانە بۆ ڕوون کەنەوە!

- باری ئێستای عێراق، ئەنجامی جەنگی نێوان عێراق و ئێران بەچی دەگات؟
- رای حشع چیە بەرامبەر هێزو گروپەکانی کوردستانی ئێران؟
- رای سۆڤیەتیەکان چیە بەرامبەر بە ڕاپەڕین و جولانەوەی گەلی کورد ؟
- چالاکی و گورجوگۆلی پێشمەرگەکانی حشع چیە؟ و چۆن گەشە دەکات؟
- بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان سازمان و حشع؟

- سازمان داوای ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانی حشع دەکات.

بە پێی توانا وەڵامی گشت پرسیارەکانمان دایەوە، بەراشکاوی هەموو شتێکیان بۆ ڕوون کردینەوە. ئێمەش چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردن وەکو

- پەیوەندیان لەگەڵ حزبی تودە و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حدکا و یەک؟

- ڕاو بۆچوونیان چیە بەرامبەر بە داوارۆژی ئێران؟

- پرۆگرامی سازمان چیە بۆ چارەکردنی مشکیلەی ئەو نەتەوانەی لە سنووری ئێستاکەی ئێراندا دەژین؟ وەکو کورد، تورکمان، عەرەب، ئازەری، بلوچ؟.

بە درێژی باسی گشت ئەو گۆڕانکاریە سەرەکیانەیان بۆ کردین کە هاتووتە ڕیبازو و هەڵوێستی سازمان بەرامبەر ڕووداوەکانی هەموو ناوچەکان و ئێران. گوتیان (پەیوەندیان ڕۆژ دوای ڕۆژ لەگەڵ حزبی تودە بەهێز دەبێ. لەگەڵی هەڵوێست و هەڵسەنگاندن، بۆچوون و ڕامان بەرامبەر ئاسۆی داهاتووی ئێران لە یەکتری نزیکین. دۆستایەتیمان لەگەڵ یەک و حدکا هەیە پەیوەندیمان بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران لاوازە، حشع بە دۆستی خۆمان دەزانین. دەربارەی چارەکردنی مەسەلەی ئەو نەتەوانەی لە سنووری جوگرافیای ئێستای ئێران دادەژین، ڕاو بۆچوونەکانمان هەروەک ڕاو بۆچوونەکانی حشعە. بەرامبەر گیروگرفتی نەتەوایەتی گەلی ئامرازمانە زیاتر شارەزایی لە پرۆگرام و ڕیبازی ئێوە پەیدا بکەین بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرین. بڕیارمان هەیە ژمارەیەک لە هاوڕێیانمان بنێرینە لای ئێوە بیانکەن بە پێشمەرگە لە ڕیزی تشکیلاتی پارتیزانیتان). ئێمەش ئامادەیی تەواوی خۆمان خستە ڕوو کە دەرگای بنکەکانی ئێمە بۆیان کراوەتەوە و بۆ هەموو هاوکاری و هاریکارێکیان ئامادەینە، لە ئەنجامی

دانیشتنەکەدا گەلێ گشاد و ئاسوودە بوون و ئێمەیان جێهێشت.

لەدوای ١٢ ڕۆژ، ١٣ ئەندامیان گەیشتنە لامان ئەم نامەیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو:

هاوڕێیانی حزبی کۆمۆنیستی عێراق لە کوردستان

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی ئێمەتان پێشکەش بێ

هەروەک لە دانیشتنەکانماندا باسمان لێکردبوو ١٣ نەفەر لە ڕەفیقەکانمان نارد بۆ لای ئێوە، مەسئولیەت بەدەست ڕەفیق سەعید/د، هەموویان لە ئەندامانی سازمانن وە تا ئەوڕۆ کارو مەسئولیەتی گرنگیان لە تەشکیلاتدا بەدەست بووە، هەروەک لەوە پێشیش باسمان لێکرد هەدەفی ئێمە لە ناردنی ئەو ڕەفیقانە:

١- پتەوکردنی پێوەندیەکانی نێوان حزب و سازمان.

٢- وەرگرتنی تەجرەبەی بەنرخی شۆڕشی عێراق و تەجرەبەی حزبی ئێوە لەو شۆڕشەدا.

لە بارەی ماوەی مانەوەی ئەو ڕەفیقانە پرسیارتان کردبوو، ئێمە بۆ خۆمان لامان وایە کە ئەگەر هەموو کاتی چەند ڕەفیقێکمان لای ئێوە بن ئەو هەدەفانەی کەوا لە ناردنی ئەوان بۆ لای ئێوە وەدوا کەوتووین و دەی دەین. ئەلبەتە دوای پێنج شەش مانگ ڕەنگ بێ بەعزێک لەو ڕەفیقانە بگەڕێنەوە وەیان بگۆڕدرێن، ئێوەش نەزەری خۆتان لەو بارەیەوە بە ڕەفیق سەعید ڕابگەیێنن. دڵنیاین کە ڕەفیقەکانی ئێمەش وەک هاوڕێیانی تەشکیلاتی خۆتان چاو لێدەکەن و هیواداریـن کە ئەو ڕەفیقانە سەفیری ڕاستەقینەی پرۆلیتاریای ئێران لای ئێوە بن. وە ئەوە سەرەتایەک بێ بۆ پتەوکردنی پێوەندی نێوان حیزبی ئێوەو سازمانی ئێمە کە هەر دوو لا لە شۆڕشی گەلانی ئێران و عێراق دەوری زۆر گرنگ دەگێڕن.

لەبارەی وەزعی تەشکیلاتی ڕەفیقەکان و چۆنیەتی لێهاتووی ئەوان و

هەروەها مەسائلی‌کەش رەفیق سعید تەوزیحی زۆرتان بۆ دەدا.

بە هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە

سازمانی چریکهای فدائی خلق ایران - اکثریت

شاخەی کوردستان

١٣٥٩/٨/٤

هاوڕێکانیان لامان مانەوە، چەندەی بگوترێ نموونەی رەوشت باشی و چالاکی و ئەخلاق بوون. هەموو پێشمەرگەکان و ئەو جەماوەرەی لێیان نزیک بایە ئەوپەڕی ڕێزی دەگرتن. لەسەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠. نامەی کۆمیتەی مەرکەزی سازمانمان بەدەست گەیشت ئەمەش دەقەکەیەتی:

الرفاق اعضاء اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي

الرفاق الاعزاء

كما تعرفون ان منظمتنا في كردستان ارسلت بعضا من رفاقنا الى قواعدكم في كردستان لغرض تقوية الروابط و علاقات الصداقة و توطيدها مع الحزب الشيوعي العراقي ان تنشيط الصداقة و التعاون مع الرفاق العراقيين له اهميته خاصة لدى منظمتنا. ان هذه الاهمية تتذكر في ان تنشيط و تعميق الثورة المعادية للامبريالية في ايران و العراق له تاثير كبير و فائدة كثيرة لتقوية الطرفين و نعتقد ان من واجبنا تقوية و توطيد الروابط الاممية مع الاحزاب الشقيقة بشكل مستمر و التي هي لخدمة الثورة و الجماهير الكادحه في البلدين.

من هنا نرى ان نقدم شكرنا و تقديرنا للاهتمام الخاص و المخلص من قبل الحزب الشيوعي العراقي تجاه رفاقنا الذين في ضيافتكم و نامل ان

ڕێکخستن و کۆکردنەوەی هەموو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە بەرەیەکی بەرفراوانی یەکگرتوو. ئەم هەنگاوانەی تا هەنگە هاوبەشتراون نیمچە بەرەو هاوکاریەکی بنیات ناوە سوورو بەردەوامین بۆ دامەزراندنی بەرەی بەرفرەوان کە ئاوات و ئەمرازی گشت هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیموکراتی و نیشتمانپەروەرانی عێراقیە.

دۆستایەتی و هاوکاریمان لە دەمێکەوە بە حەکاوە هەیە. هیواداریـن ڕۆژ دوای ڕۆژ پتەوتر بێت چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەگەڵ ئەندامەکانی دەفتەری سیاسیان کۆبوونەوەمان کرد. دەربارەی باری تێکچووی نێوان عێراق و ئێران بۆچوونەکانمان لە یەکتری نزیک بوو. ئامادەینە دۆستایەتی لەگەڵ ئێوەش زیاتر بەهێز کەین. گەلێ وردە شتی تر لە نێوانماندا باسکرا. ڕێککەوتین لەسەر دەرهێنانی بەیاننامەیەکی هاوبەش بە زمانی عەرەبی، فارسی، کوردی بڵاو بکرێتەوە، تراقیەمان لایان خوارد و جێمان هێشتن.

هاوکاری و دۆستایەتی نێوان سازمان و حشع پەی دەرپەی تۆکمەترو بەهێزتر دەبوو. تا گەیشتە ئەو سنوورەی لەسەرەتای ساڵی ۱۹۸۳ سەرکردایەتی حیزبی تودە لەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامی زینداني کران،و دانیان بە هەموو شتێک نار لە کردەوە سیاسیەکانی خۆیان و ئایدیۆلۆژییەتیان پاشگەز بوونەوە، فشارو هێرش و ئاگری تیرۆری دامودەزگای ڕژێمی کۆماری ئیسلامی زیاتر پەرەی ساند، هەموو ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئێرانی گرتەوە، سازمانیش کەوتە بەر هەمان هێرش و ڕاونان. ئەوە بوو لە دوای کارەساتەکەی پشت ئاشان سەرەتای مانگی ئاباری ۱۹۸۳ بۆ ماوەیەک ئێمە کەوتینە دیوی کوردستانی ئێران لە گوندی سیلوە(۱) و چەند گوندێکی خێلی مامشەکان دەژیاین.

(۱) گوندێکی خنجیلانەی خۆشی کوردستانی ئێرانە، ۱۰ کیلۆمەتر لە شاری خانە دوورە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی گوندی زێنوی و خەلاتی کوردستانی عێراق. شاخێکی بەرزە لە نێوانیاندایە.

التاريخي في مقدمة القوي الثورية التقدمية في العراق.

ان منظمتنا مع التاكيد على التجارب القيمة الثمينة للحزب الشيوعي العراقي في [illegible] الامپريالية. تدعو رفاق اللجنة المركزية للحزب الشيوعي [illegible] وفد من الرفاق المسوولين لتبادل وجهات النظر و المناقشة [illegible] الثورة في العراق و ايران بين الحزب الشيوعي العراقي و [illegible] ظمة چريكهاى فدائى خلق ايران - اكثريه. هذه الزيارة ترسخ الروابط الرفاقية بيننا و بين جماهير شعبنا في النضال ضد الامپريالية العالمية و عملائها

مع احر التحيات الشيوعيه

اللجنه المركزيه

لمنظمه چريكهاى فدائيان خلق ايران - الاكثريه

١٩٨٠/١١/١١

یەکسەر دەقی نامەکەمان بۆ م.س ناردە دمشق رای مەکتەبی هەرێمیش لەگەڵ ئەوە دا بوو کە بڕیار وەربگیرێت و وەفدێک لە ل.م بچێتە سەردانیان.

لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ هاوڕێ عەزیز محەممەد سکرتێری گشتی حشع گەیشتە ناوزەنگ نزیکی مانگ و نیوێک مایەوە لەسەرەتای شوباتی ١٩٨١ بۆ دەرەوەی وڵات گەڕایەوە، بڕیار وەرگیرا منیش بۆ چارەکردنی پزیشکی لەگەڵیا بڕۆم<١>. هەر کە گەیشتینە تاران لێپرسراوی ڕێکخراوی حزبیمان ئاگاداری کۆمیتەی مەرکەزی سازمانی

* تێبینی لەم بەرگەدا هەیە بەشێکی تایبەت بەناوی گەڕانەوەی هاوڕێ عزیز محمد بۆ دەرەوەی وڵات نووسراوە.

کرد کە نوێنەرانی سەرکردایەتی گەیشتن بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئێوە ئامادەنە، کاتیان دان، لەکاتی دیاریکراو هاوڕێیەکیان گەیشتەلای ئێمە و یەکسەر بۆ شوێنی دانیشتنەکە چووین، هاوڕێی لێپرسراوی حزبمان لە تاران لەگەڵمان هات. لە باکووری تاران لە ساختمانێکی ڕێکوپێکی دەوڵەمەندانە سکرتێری گشتی سازمانی چریک (فەروخی نیگاهدار) و ئەندامێکی سەرکردایەتیان، ڕەهبەری ڕێکخراوی دەهقانانی سەربە سازمان (منظمە الفلاحي) کە ناوی عوسمان بۆ پێشرازیان لێکردین و کۆبووینەوە. هاوڕێ فەرخ پیاوێکی بالأبەرزی ڕنچوو، تەمەنی ئەوکات لە دەوروبەری ۳۵-٤٠ ساڵ دەبوو بە زمانی فارسی بەخێرهاتن و پێخۆشحاڵی خۆی و سازمانی نیشاندا و ڕێزی زۆری لێ نایین کەوتە قسەکردن بە دوورودرێژ لە هەموو ڕوێکەوە باسی ئێرانی کرد. مەترسی زۆری هەبوو لە هەڵوێست و کردەوەی ئاخوندەکان بەتایبەتی ئەمانەی پێیان دەگوتن حوجەتی⟨۱⟩ کە ڕاستڕەو دووا کەوتوونە لە ڕووی فیکری، لەتاووتوێی توندانە دژ بە هەموو پێشکەوتن خوازێک، هەتا دژ بە هەندێ ڕێبازی ئیمام خومەینی‌تە وە گوتی: (پەیوەندیان بە تێن و ڕێکوپێکە لەگەڵ حزبی تودە، هەتا کار بۆ ئەوە دەکەین لە داهاتوویەکی نزیک ببین بەیەک حزب، نارازینە لە ڕێبازو کردەوە گومرایەکانی هەندێ گرووپی چەپڕەو، کورتبینی، ئاژاوە دەنێنەوە، باری ئێران باش لە قاو نادەن. هەڵوێستەکانیان بەگەن ناکرێت. عێراق جەنگێکی نارەوای بەسەر ئێران سەپاند. لە ئەنجامدا فرە قازانج بە ئیمپریالیست و کۆنەپەرست دەگەێنێ. دانیشتوانی هەردوو

⟨۱⟩ پلەیەکی بەرزی پیاوەکانی ئاینیە لە مەزهەبی شیعە. لە خوێندن و ئاینیدا شەهادەو نازناوی پێ وەردەگرن، حوجەتیەکان بەم دستە عالە دیتیانەیان دەگوت کە دەوری کارگێریان دەگێڕا لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەوری ئیمام خومەینی کۆ ببوونەوە.

ولاتیش دووچاری کارەسات و ئاپۆر دەکات، بۆیە دەبێ تەقەلا بدرێت ئەم شەڕە ڕابگیرێت. بەڕێگای گفتوگۆی ئاشتیانە چارەی هەموو گیروگرفت و کینەبەرییەتییەکان بکرێت [illegible] ڕێکچوونی دیدەمان بەتەواوی وەک بۆچوونەکانی [illegible] بە مافەڕەواکانی گەلی کورد و گشت ئەو گەلانەی [illegible] لە ئێراندا دەژین. بەهیوای ئەوەینە گەر پەیمانی ئیمام خومەینی بۆ ئیسلاحی ئەرزی جێبەجێ بکرێت سوودی باشی دەبێ. گۆڕانێکی قوڵی بەسەرەتی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا دێت. دەمانەوێ پەیوەندی لەگەڵ حشع و سۆڤییەت و حزبە کۆمۆنیستەکانی دونیا بەهێزکەین. تەقەلاش دەدەین بەرەیەکی یەکگرتۆ لە ئێران دابمەزرێت بۆ هێناە دی ئێرانێکی دیموکراتی، ڕاپەڕینی نەتەوەی کوردی ئێران بەرەهەبەرایەتی حدکا بە ڕاپەڕین و دەستکردنەوەیەکی یەکجار ڕەوا و شەرعی دەزانین، داوا لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەکەین دان بە مافە ڕەواکانیان بنێت، بە ڕێگای ئاشتیانە چارەی مشکلەکە بکەن، ئەمەش داوا و ویست و خواستی هەموو خێرخوازەکانی ئێرانە. سوپاستان دەکەین بۆ ئەو بایەخ پێدان و ڕێزگرتنەی بە بنکەکانتان لە هاوڕێیانی ئێمەتان داوە).

هاوڕێ لێپرسراوی ڕێکخراوەکانی حزبمان لە تاران، ڕستە ڕستە هەموو گوتەکانی هاوڕێ فەروخی دەکرد بە عەرەبی و گوتەکانی ئێمەشی دەکرد بە فارسی.

کاک عەزیز کەوتە قسەکردن: بەدرێژی باسی باری عێراق، ئەنجامی جەنگی نێوان ئێران و عێراق ڕێبازو ڕامیاری حزب بەرامبەر بە شێوەی خەباتکردنی سەختی هەمەجۆر لە پێشەوەیاندا خەباتی چەکداری بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق و بنیات نانی حکومەتێکی ئیئتیلافی دیموکراتی لە شوێنیدا ئەنجا هاتە سەر باسی تەقەلادان بۆ

تكون هذه الروابط بداية مفيدة لتوطيد الصداقة و التعاون المستمر بين الحزب الشيوعي العراقي و بين منظمتنا.

ايها الرفاق: ان لبلدنا ظروفا خاصه في المرحلة الحاضرة، لان ثورتنا الظافرة الديمقراطية الشعبية المعادية للامپريالية و التي كان ثمنها دماء عشرات الالوف من الشهدا   نصرت نتيجة نكران الذات و الفداء من قبل الجيل الناشي الثوري في هذا الارض.

ان ثورتنا هذه مهددة بالخطر من قبل الامپريالية العالمية و على راسها الامپريالية الامريكية و القوى الرجعية في المنطقة. و انهم يحشدون جميع قواهم لقلب نظام الجمهورية الاسلامية الايرانية و عرقلة تعميق النضال الديمقراطي ضد الامپرياليه. ان هذه الظروف تضع على عاتق جميع القوى الثورية و التقدمية و على راسهم الشيوعيين واجبا هاما و تفرض علينا بذل جميع الجهود لتحقيق وحدة الحركة الشيوعية في ايران و تشكيل جبهة واحدة ضد الامپريالية.

اننا نشعر بمسئولية كبيرة و عميقة على عاتقنا ليس فقط امام ثورة الشعب الايراني بل و على اهمية و تاثير انتصار الثوره الايرانيه في المنطقة. و لهذا نحاول الاستفادة و اخذ الدروس من التجارب الثمينه لرفاقنا في الحزب الشيوعي العراقي و التي قدموا من اجلها ضحايا كثيرة و لنا فيها فائدة كبيرة و سوف تساعدنا في تحليل وضع بلدنا مع الاخذ بنظر الاعتبار الظروف و الشرط الخاصه لبلدنا كي تودي واجبنا التاريخي باحسن شكل. و الان فان الثورة الايرانية قد وضعت مسائل هامة امام الشيوعيين الايرانيين كان الرفاق الشوعيين العراقيون قد واجهوها و اضطرو للاجابه عليها. و كانت حصيلتها تجارب كثيره و ثمينه من الانتكاسات و الانتصارات. و اليوم اذ ينمو النهوض الثوري في العراق، نرجو مخلصين ان يودي الحزب الشيوعي العراقي الشقيق واجبه

لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ١٩٨٣ جارێکی‌تر هاوڕێ ئازیزەکانی سازمان لە ئاوارەیی و دەربەدەری گەیشتنەوە تەکمان. بەبێ یەک و درو هەموو شوێن ـ تو[illegible] وژیان ئامادەکرا، ژیانیان ژیانمان بووە مردنیان مردنمان [illegible] کلۆ کلۆ بە تەعیتی دەگەیشتنە لامان،ژمارە[illegible] زیاد[illegible] لە کۆتایی ساڵەکە گەڕاینەوە ناو خاکی کوردستانی عیراق. ئەم تێکۆشەرانەش لە هەموو ڕوێکی ژیانەوە بەشێک بوون لە ئێمە. تەنها ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان دەپاراست، بەم شێوەیە گەلێ بە تەبایی و ڕێکوپێکی و دڵسۆزانە ئەم هاوڕێیانە لەگەڵ ڕێکخراوو پێشمەرگەکانی حشع گوڵجا بوون، تا ئەوکاتەی جارێکی‌تر شۆڕش و کوردستانی عێراق دووچاری تێکشکان و گەورەترین کاولکاری و ئاوارەیی هاتەوە پەرتو بڵاوی کەوتە نێوان هەموو هێزەکان و میللەکەمان ئەوانیش بەری ئەم لافاوە کەوتن.

بە آخ و داخەوە تەخۆشی کەرتکردن و پارچە پارچەبی کە لەم سەردەمە وەک تەخۆشییەکی بلاوبووەی کوشندە گەلێ حیزب و ڕێکخراوی گرتۆتەوە.

ڕێکخراوی سازمانی چیریکهای فدائیانی خەڵک کە ڕێکخراوێکی خەباتکەرە گورجوگۆڵ و چالاک بوو، ئەویش دوو چاری قەیرانێکی سیاسی قوڵ هاتووە، ڕووەگەش و جوانەکانی پێشووی نەماوە، ژمارەیەکی زۆر لەسەرکردەو کادرە بە تواناو ونچوەکانی پەراگەندەو دەربەدەرو ئاوارەی هەندەران بوون ئەو ڕۆڵ و شەنگ و چالاکی و توانای هەیبوو ڕۆیشت نەما!

* * *

نامەو نامەکاری

لە ناوزەنگ بلاوبۆوە ئەمە چەند رۆژێکە برادەرانی یەک تووشی بێ ئارد و نان هاتوون، لە مەکتەبی هەرێم باسی ئەو مەوزوعەمان کرد، بریارمان وەرگرت یەکسەر ۳۰ فەردە ئارد کە بریتی بوو لە سێ تەن بۆیان بنێرین، پێشەکی ئەم نامەیمان بۆ ناردن:

بۆ برایانی بەرێزی م.س یەکیتی نیشتمانی کوردستان

گەرمترین سلاوتان پێشکەش دەکەین، بە رێکەوت ئیمرۆکە لەدەم هاورێیانی خۆمان زانیمان کە ئێوە لەم رۆژانە تووشی مشکیلەی بێ ئاردی هاتوون. لە پێشەوە رەخنەو لۆمەمان بۆتان هەیە کە بۆچی ئاگاداری ئێمەتان نەکردووە کە ئاردتان نیە! لە کاتێک دەزانن ئێستاکە ئێمە کەمێک ئاردمان لا هەیە. تکایە بە زووترین کات ولاغ و هەمالاتتان بنێرن بۆ ئەوەی ۳۰ فردە ئارتان بۆ بنێرین

لەگەلْ رێزگرتنمان . هەو خۆشیتان

م.هەرێمی کوردستان: حشع

۱۰/۳

زۆری نە خایاند بەم نامەیە وەلامیان داینەوە:

برایانی بەڕێزی لیژنەی هەرێمی کوردستان - حزبی شیوعی عیراق
سلاوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانە...
به ناوی مەکتەبی [illegible] تێجگار زۆر سوپاستان دەکەین بۆ هەڵوێستی برایانەو [illegible] دەربارەی ئەم مەسەلەیە. ئێمە مەکتەبی سیاسی ئیدارەی خۆمان [illegible] دەکەین وە ئەمڕۆ یا سبەینێ پێوەندی لەگەڵتان دەکەین.

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو سەرکەوتن.

لەباتی م.س: ی.ن.ک

برای دڵسۆزتان: هومەر شێخموس

ـ ماوەیەک لەمەو بەر کاک عەلی عەبدوڵلا سکرتێری گشتی پارت وەلامی بۆ ناردم هەر کاتێک رێککەوت و هەڵسوڕا بەدەست هاوڕێی رێکخەری رێکخراوی حیزبمان لەناو شاری کۆیە ۵۰۰ دینار بۆ برا گەورەکەی<۱> بنێرم. لە دوایدا بۆمان دەگێڕێتەوە. لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم ئەم نامەی کاک عەلیم بەدەست گەیشت.

برای خۆشەویستم کاک فاتح

سلاوێکی برایانە

ئومێد دەکەم سیحەتتان باش بێت و سەرکەوتووبن. شوکر ئێمە باشین. وا کاک قادر<۲> هاتەوە لاتان، ٤٠ لیتر بنزینم بۆناردن نەوەک

<۱> چوار ساڵ لەمەو بەر بەهۆی نەخۆشی. تەمەنیشی لە دەوروبەری ۷۰ ساڵ دەبوو لە شاری کۆیە مەرگ بۆخۆی بردەوە.

<۲> مەبەستی قادر رشیدە خەڵکی سلێمانیە پەلەی حزبی گەیشتە ئەندامی لیژنەی هەرێمی حشع.

پەکتان کەوتبێت، هەروەها ۱۷ هەزار تومانیشم بۆ ناردن هەر بە ئەو. هی ۵۰۰ دینارەکە لەسەر ئەساسی هەر دینارێکی عێراقی بە ۳٤ تومانە. زۆر ممنون بووم بۆ کاک حەسەن<۳> ئەوەی بۆ جێبەجێ کردبووم. بەڵام ئەبوایە تفاصیلی ساغو سەلامەتیانی بناردبایە. کورتەیکم پێخۆشە لە وەزعیان بزانم ئەگەر ممکن بۆ و کاک حەسەن لاتان ماوە بە نووسراوێک لە ساغو سەلامەتیان و وەزعیان ئاگادارم بکات. سلاو ڕێزمان هەیە بۆ هەموو برادەران یەکە یەکە بە تایبەتی ابو سەرباز و ابو سلام.

براپان سلاویان هەیە.

برات: علي عبدالله

۱۹۸۰/۱۱/۱۱

بە ڕێکەوتن لەگەڵ هاوڕێیانی مەکتەبی هەرێم، ئەم نامەیەم بۆکاک علي نوسیەوە:

ناوزەنگ

برای گەورەو بەرێزم کاک عەلی

دوای پێشکەشکردنی سلاو

هیوادارم سیحەتتان باش بێت و لە خەباتکردندا بن

نامەکەی ۱۱/۱۱ لەگەڵ ۱۷ هەزار تومان، دوو بزشکە بەنزین گەیشت زۆر سوپاس.

دەربارەی هاوڕێ حەسەن لەو کاتەی نامەم بۆتۆ نووسی، سێ ڕۆژ لەمەوبەر بۆ ناوچەی خوارەوە گەڕابوەوە. بەم زووانە هاوڕێیان دەچنە

<۳> حەسەن کاکە، کرێکارێکە لە دانیشتوانی کۆیە، ماوەیەک ڕێکخەری ڕێکخراوەکانی حشع بوو لە قەزاکە.

خوارەوە، نامەی بۆ دەنووسم کە دەنگوباسی خزمەکانت بۆ بنووسی، هەروەها چەند ڕۆژ پێش [illegible] سەربازێکی ڕاکردوو لە کۆیەوە گەیشتە لامان پرسیارم لێکرد [illegible] ئاسیار و جەماوەری ناوچەکە سەرجەم باشن. زانیومانە کە [illegible] فڕۆکەی هەلیکۆپتەری هانیوەتە نێوان گوندی هەرمۆتەو و [illegible] چاڵی قوڵییان بۆ هەڵکەندوون و بەچادر داپۆشراون لە تەرسی [illegible] جەنگیەکانی ئێران. ئێمە چاوەنۆڕی گەڕانەوەی هاوڕێیان دەکەین هەرکە گەیشتن دێنە سەردانتان. وا ئەم نامەی لە ڕێگای ئێمەوە لە دمشق بۆ ئێوە هاتیە بۆتانی دەنێرین. داوا دەکەن کە مهندسێکی میسری لای ئێوە گیراوە بەری بدەن. بەرای ئێمە گەر بەرامبەر داواکە ایجابی بن سوودی هەیە. برادەرانی م.س یەکێتی هەردەم داوامان لێدەکەن کە نامەتان بۆ بنووسین عبدالواحد باجلان و دانا شێخ ڕەزا بەریان بدەن، ئەم هەنگاوە کارێکی زۆر بە سوود و ئیجابی دەبێ. بەتایبەتی لەم ڕۆژەی کە هەوڵو تەقەلای هەموو خێرخوازان بۆ ئەوەیە لاپەڕەیەکی تازە لە نێوان گشت هێزە نیشتمانپەروەرەکان بکرێتەوە. وا هاوڕێ جەعفەر فەیلی بۆلاتان هات دەیەوێ بچێتە ورمێ تکایە یارمەتی بدەن. تکامان هەیە وا بکەن مقدارێکی باش نەوت و بەنزینمان بۆ بکڕن خۆمان نەقلی دەکەین. ئەم ٤٠ لیترەی بۆتان ناردین بەشی هیچ ناکات، هەروەکو لە پێشەوە بۆتم نوسیوە لەم ڕۆژانە هاوڕێیەکمان دەچێتە دەوروبەری هەولێرو کۆیە. هەر کارێکو ڕاسپاردەیەکتان هەیە ئامادەینە بۆتان جێبەجێ بکەین.

هاوڕێیان بە تایبەتی باوکی سەرباز سڵاوو ڕێزی هەیە، سڵاو ڕێزگرتنمان

---

(١) هەرمۆتەو تەنیزاوە دوو گوندی ٣-٥ کیلۆمەتر لە کۆیە دوورن، هەرمۆتە گوندێکی یەکجار کۆنە، تایبەتە بە برا مسیحییەکان.

بۆ گشت برادەرانی م.س لە پێشەوە کاک مسعود.
هەردەم خۆشیتان، دووبارە لەگەڵ ڕێزگرتنم
برات: فاتح رەسول
١٩٨٠/١١/٢١

م.س حسیک ئەم نامەیان بۆ ناردین:

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان
مەکتەبی سیاسی
بۆ لیژنەی هەرێمی کوردستان، حزبی شیوعی عیراقی تێکۆشەر
سلاوێکی شۆڕشگێڕانە
هیواداریـن سەرکەوتـووین لـە خەبـاتدا بـۆ خزمـەتی کێشـەی گـەلە هەژارەکمان
برایانی بەرێز: نوسراوتان ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٧ لەگەڵ ڕێنەیەک لە مشروعی تعاون گەیشت، زۆر سوپاستان دەکەین ئەمەش وەڵامیەتی:
١- ئێمەش ئەو ڕەئیەمان پێ باشە کە گلەیی و رەخنە لە کۆبوونەوەو چاوپێکەوتندا باس بکرێت و بخرێتە بەرچاو بۆ ئەوەی خزمەتی هدفی اساسی بکات و استغلال نەکرێت.
٢- لەم ڕۆژانەشدا دوو بەڵگەی ترمان لە یەکێتی دەست کەوتووە کە ئێمە بە دوژمنی اساسی حساب دەکەن پاش ق.م<١> و پاسۆکیش، ئەوەی لە وەڵامی ڕێکخراوی تیشکی<٢> خۆیان، د.کەمال خۆشناو نووسیویەتی وە ترجیهاتی داوە، نووسراوەکە لامانە هەر کاتێک پێویست بوو دەخرێتە بەرچاو، لەناو تنظیماتی خۆیان کەسانی ئێمە هەیە بۆیان ناردووینەوە.

<١> ق.م مەبەست پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقە
<٢> ناوی نهێنی ڕێکخراوێکی تایبەت سەر بە یەنک بو.

٣- لەم ڕۆژانە شیخ صدرالدینی یەکێتی لەگەڵ پەنجا چەکداری یەکێتی تاوانێکی تری بێ سابقەیان کردووە، کاتێک ئیوارەی ١٦/١٧/١١/١٩٨٠ چونەتە سەر ماڵی جووتیارێک لە گوندی سریجە‹١› ابادەیان کردووە، ٨ کەس بوون پێنج کەسیان دەست بەجێ تەواو بوون، سێ کەسیان گیانیان تیا ماوە.

بێگومان بێدەنگ بوونی هەموولایەکمان لەسەر دەمو لووتت بڕینی و سەرکوتکردنی بۆسکێن ‹٢› و کوشتنی جوتیارەکانی گەرمکان و ڕاو ڕووت و سەرکوتکردنی سەرانەی بەردەوامی بێتوێن و کۆسرەت و دۆلەڕەقە سەرەنجامەکەی ئەم تاوانە (سریجە) بۆ هەموو لایەک دەزانن کە کەسانێک هەنە پیاوی میرین و بۆ میری ئیش دەکەن بەڵام یەکێتی هەر تەنها بۆ گیانی جوتیارەکان و لێدانی هێزە نیشتمانیەکان پشتگیریان دەکەن وە هانیان دەدەن. هەر لایەکیش دەستیان لێ بکاتەوە ئەوا هەموو حەکسەکان هەر بە شەڕی براکوژی دەزانن! کە جەماوەریش خۆیان دەزانن چەندە لە شەڕی براکوژی بێزارن و وەڕسن.

٤- ئێستاش معلوماتێکمان بۆ هاتووە کەوا ملازم سید کریم ئەندامی مەکتەبی عسکەری یەکێتی کە نووسەری نامەکانی پێشوو بوو کە خرانە بەرچاوی هەر لایەک، لەگەڵ هێزێک ڕۆیشتبوو بۆ لای خۆشناوەتی و سەفین بۆ شەڕی برا کوژی.

ئیتر بۆ پێشەوە

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان

م.س

١٩/١١/١٩٨٠

‹١› سریجەو گەرمکان دوو گوندی نزیک شاری قەڵادزەن.

‹٢› گوندێکە نزیک بە ڕانیە هی ماڵی باوک و مامی [illegible] دەرەدینە.

ـ دەنگوباسێکی دڵتەزێنەر هەموو دانیشتوانی ناوزەنگی هەژاند، ئەویش بریتی بوو لەوەی رۆژی ١٩٨٠/١١/٢١ژمارەیەک لە کادرو پێشمەرگەی یەنک بەرەو ناوچەی دەشتی کۆیە و هەولێر دەڕێشتن بەرێگاوە دەبن لە نێوان گوندی میمکەو جیلکە لە نزیک ناحیەی سەنگسەر دوو فڕۆکەی هەلیکۆپتەری جەنگی عێراق دەگاتە سەریان، یەکسەر بە موشەک و شێستیر دەست بە لێدانیان دەکات و دەکەوتە گیانیان پەت پەتێنێکی دڕندانەیان پێکردبوون، لە ئەنجامدا ٩ کەسیان شەهید و ١٢ بریندار. خسارەتێکی گەورە نەک هەر تەنها بۆ یەنک بەڵکە بۆ هەموو جولانەوەی رزگاری خوازی کوردستانی و عێراقی.

دوژمن دوژمنە بەزەیی و گیانی مرۆڤایەتی لا نیە. ئەمەی بۆی بکرێت و لە توانای دا بێت بۆ قەرچو بڕو وێرانکاری قەت درێغی ناکات و نەیکردووە. بەلاّم تا هەنکە سوود لە ئەزموونە تالّەکانمان و ڕۆژانی ڕەش وەرنەگیراوە گەلێ جار بێ باکی و بێ وریایی، بێ سلّکردنەوەو لێکدانەنەوە هێزو پێشمەرگەکانی کوردستانی تووشی لەخۆبایی بوون سەرکەشی کردووە، ملی ناوەتە بەر مردنی بێ سوودو ناڕەوا، زیان و قوربانی زۆر دراوە بە فیڕۆ.

ـ ڕۆژی ١١/٢٢ ئەم نامەیەمان بۆ م.س یەنک نارد:

بۆ برایانی بەرێزی م.س یەنک

دوای سلاّو

دوو هەڤاڵی سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیاPKK بە میوانی لامانن. ئارەزووی سەردانی ئێوەشیان هەیە، جا نازانین کاتتان هەیە چاوتان پێیان بکەوێ یان نا؟ تکایە ئاگادارمان بکەن. هەردەم

خۆشی و سەرکەوتنتان.

م. هەرێمی کوردستان: حزبی شیوعی عێراق

١٩٨٠/١١/٢١

زۆری نەخایاند وەرامیان بۆ گێڕاینەوە میوانەکانمان بۆ لایان نارد، دەقی نامەکەیان:

برای بەرێزو خۆشەویست باوکی ئاسۆس

سڵاوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانە. داوای سەرکەوتنتان دەکەین، زۆر سڵاومان بۆ باوکی سەرباز

١- دەنگوباسی شەڕی کەفرعان(١) پێرێ بۆ هاتبوو، زۆرمان پێ ناخۆش بوو هاوڕێیەکی ئێوەش شەهید بووە. تفصیلاتی لەلای مەکتەبی عەسکەریە.

٢- ئێمە ئامادەینە بۆ هەموو دەمەتەقەیەک لەگەڵ میوانەکان.

٣- لەگەڵ برادەران باسی ئەو خاڵانەمان کرد لە دەردشەی ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٨ باسکرا، ئامادەین بۆ کۆبوونەوە هەرکاتێک ئێوە پێتان پەسند بێت.

ئیتر خۆشی و شاد بن

براکانی دڵسۆزتان

د. کەمال خۆشناو و عومەر شێخموس

١٩٨٠/١١/٢٢

لە دوای سێ ڕۆژ ئەم نامەی تری برادەرانی یەکێتی بەدەستمان گەیشت

(١) مەبەستیان لە شەڕێکە لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم لەسەر تەلای تەنزای کفری نێوان هێزی پێشمەرگەی هاوبەشی حشع و یەنک لەگەڵ هێزێکی دوژمن ڕوویدابوو، لە ئەنجامدا چەند پێشمەرگەیەک شەهید کرابوو زیانی زۆریش لە دوژمن کەوتبوو.

برای خۆشەویست کاک ابو ئاسۆس

سلاْوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانە و داوای خۆشیتان دەکەم، زۆر سلاْوم هەیە بۆ برایان ابو سرباز و ابو سیروان، براگیان، برادەرێکمان هەیە احتیاجی بە هێندێ دۆلار هەیە بۆ سەفەری خارج ئەو ۱٤۰۰ دیناری لایە. ئەمجا ئەگەر حەز دەکەن و احتیاجتان هەیە زۆر سوپاستان دەکەین ئەگەر بۆی بگۆڕن وەکو بیستومە دۆلار بە ۳٦۰ فلس دەگۆڕدرێ بەم حیسابە ۱٤۰۰ دینار = ۵۰٤۰ دۆلار ئیتر هەر خۆشی و شاد بن، کاک کەمال سلاْوی هەیە.

برای دڵسۆزت: هومەر شێخموس

۱۱/۲۵

مەکتەبی هەرێم بڕیاری وەرگرت کە چوار هەزار دۆلاریان بۆ بنێرین، گەر تومانیان هەیە لە جیاتی بۆمان بنێرن دەنا هەرکاتێک دۆلاریان گەیشتە دەست بۆمانی بگێڕنەوە بە نامەی تایبەتی دۆلارەکەمان بۆ ناردن:

ڕۆژی ۱۱/۲٦ بەم نامەیە وەلاْمیان داینەوە:

برای بەرێز کاک باوکی ئاسۆس

سلاْوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانە

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ پارەکە، زۆر پارمەتیمان ئەدات (چوار هەزار دۆلارەکە) بەدەستمان گەیشت ئێستا تومانمان نیە. یەک دوو ڕۆژیتر پارەمان بۆ دێت، ئەوکات بەسەرچاو یان تومان یان دۆلارتان بۆ دەنێرین. ئیتر هەر خۆشی و شادبن.

برای دڵسۆزتان: هومەر شێخوس

۱۹۸۰/۱۱/۲٦

- ڕۆژی ۱۹۸۰/۱۲/٤ ئەم نامەمان بۆ دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی

کوردستانی ئێران نارد :

ناوزەنگ

بۆ برادەرانی دەفتەری سیاسی حدکا

گەرمترین سلاو ڕێزگرتنی برابانەتان پێشکەش دەکەین. داواکارین هەمیشە لە خەباتی پیرۆزی ڕاستەقینەتان سەرکەوتووبن، ئێمە بەگشتی باشین.

برایان وا ٥٥ هەزار دۆلارمان بۆتان نارد تکایە بە تومان بۆمانی بگۆڕنەوە یا ١٥٠ تومانمان بۆ بنێرن تاوەکو دۆلارەکان دەگۆڕینەوە.

هەردەم سەرکەوتووبن

م.هەرێمی کوردستان: حشع

١٩٨٠/١٢/٤

لە دوای حەفتەیەک ئەم وەلامەیان بۆ ناردینەوە، دەقی نامەکە:

برایانی خۆشەویست، حزبی کۆمۆنیستی عێراق، هەرێمی کوردستان

وێڕای سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

برادەرانتان کاک عەبدولا و کاک سەرباز هاتن، نامەی ئێوەیان گەیاند، دیارە ئێمە وەک دوو حیزبی برا و دۆستی ڕاستەقینە، ئامادەین لەهەرجۆرە یارمەتییەک لە دەستمان بێ بۆ ئێوە دریغی ناکەین، بەلام بەداخەوە ئێمەش بۆ پووڵ هێندێک لە مەزیقەداین، چونکە خەرجی ئێمە بۆخۆتان دەزانن ئەوەی ئیشارەشتان فەرمویۆ، دیارە ئەوەندەی هەبوو گۆڕیومانە بۆ ئەرزی خاریجی یان خەرج کراوە. لەگەل ئەوەش مەبلەغی ٥٠ هەزار تومانمان بۆ ناردن، کە هەر ئەوەندەمان لەدەسەلاتدا بوو، هیواداریین کەلێنێک بگرێ.

مەسەلەیەکی تر کە پێمان خۆش بو لەگەڵتان باس بکەین، مەسەلەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو، کە بەداخەوە هێندێک هەڵسوکەوتیان بەبێ ئیجازەی حزبی دەبێتە هۆی پێشهاتی ناخۆش، دیارە دەزانن کە بە پێچەوانەی ویستی خۆمان ئێمە دەرگیری شەڕین لەگەڵ دەوڵەت، ئەوانیش بێ ئاگاداری حزب لەگەڵ ئەرتەش و پاسدارو موجاهید هاتوچۆ دەکەن و ئەگەر پێشهاتێکی ناخۆش هاتە گۆڕێ دەست بە هەڕەشەو گوڕەشە دەکەن. زۆر جاریش لە نێو خۆی ئێراندا بە کەیفی خۆیان هەر جێیەکیان پێ خۆش بێ، مەقەڕی لێدادەنێن یان هاتوچوی پێدا دەکەن.

جا بە پێی بەرەیەک کە بێکتان هێناوە و دۆستایەتی تازەتان لەگەڵ هەن، هیواداریین ئەو شتانەیان لەگەڵ باس بکەن. ناخۆشی بەبێی ئێمەی کورد نەبێتە هۆیەکی بۆ دوژمنانی موشتەرەکمان وەک دەوڵەتی ئێران و عێراق، دیارە وەک ئێمە حازرنین لەگەڵ دوژمنی ئێوە سازش بکەین، نابێ ئێوەش حازر بن لەگەڵ دوژمنی ئێمە بەزەرەر دەی ئێمە سازش بکەن، هەرچەند ئێمە لەبەر ئاوارەیی ئێمە رازیشین لەخۆمان بۆ ئێوە. برادەرانی ئەوبومان دانیشتنو پەیوەندیتان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هەبێ.

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

*١٣٥٩/٩/١٦

ـ لەسەرەتایی مانگی کانونی یەکەمی ١٩٨٠ لە فرۆشگای ئاوزەنگ دەخولامەوە نیازی کرینی چەند کەلوپەلێکی تایبەتیم هەبوو، بەرێککەوت دیم کاک عومەر مستەفا و ئافرەتێکی جوانکیلەی سوار هێستر و چەند

---

* تێبینی ئەو مێژوەی نامەکەی دەفتەری سیاسی حدکای تێدا نووسراوە دەکاتە رێککەوتی ١٩٨٠/١٢/٧.

پێشمەرگەیەک گەیشتن، دوای سڵاوو بەخێرهاتنەوە کردنی کاک عومەر بە بۆنەی گەڕانەوەی لە دەرەوەی وڵات، ئافرەتەکەی پێشکەش کردم گوتی (ناوی خوشکە خەجۆ)یە کوردە ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ئاڵا رزگاری کوردستانی تورکیایە بۆ یەکەمجار هاتۆتە سەردانی هێزە کوردیەکانی کوردستانی عێراق). خوشکە خەجۆ ماوەیەک لە بنکەکانی م.س ینک بە میوانداری مایەوە، چاوی بە زۆربەی سەرکردایەتی هێزە کوردستانیەکان کەوت چەندجار لەگەڵی دانیشتم بە ئافرەتێکی زیرەکی هۆشیاری چاپوکم کەوتە بەرچاو، قسەخۆش و دەم بە پێکەنین لە دەمەتەقەو گۆفتن، چەندەی بگوترێ چەپڕەو توندو تیژ بۆ، خۆی بە شۆڕشگێڕێکی بێ وێنە لەقەڵەم ئەدا لە بۆچوونەکانی نزیک بۆ لە بیرو بڕوای کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و عێراق.

ـ ئەم نامەیمان لە حسیک پێگەیشت:

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان	ژمارە/٨١٨
مەکتەبی سیاسی	ڕۆژ ١٩٨٠/١٢/١١

بۆ لیژنەی هەرێمی کوردستان، حشع/ی تێکۆشەر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

هیوامان خۆشی و سەرکەوتنتانە ئومێد ئەکەین صحەتان باش بێت.

١- لە دوای مۆرکردنی بەرەی نیشتمانی لە شام وە لە کاتێکدا کە وا چاوەڕوان دەکرێ هەموو لایەک لە ریزی بەرەو گیانی هاوپەیمانیەتی دابین و بەلای کەمەوە لە شەڕوگێچەڵ و هەرا بوەستێ ئەگەر هەبێت و بەجدی بیر لە چارەسەری گیروگرفتەکان بکەنەوە لەم کاتە ناسکەدا کە جەماوەر زۆر ورە و هیوایان بەرز بۆتەوە بە بیستنی هەواڵی ئیمزاکردنی

هەردوو بەرەکە، لەم کاتە ئاسکەدا برایانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وە بە تەحدید لە شەوی ١٩٨٠/١٢/٧/٦دا هێزێکیان بە لێپرسراوی بکر سەنگەسەری ناردە سەر ماڵی پ.م محمد علی ملا تۆفیق لە بەستەستێن و خۆیان بە پێشمەرگەی کاک عبدالله سور نیشان دابوو وە لەکاتێکدا کە پ.م محمد علی دەرگایان لێدەکاتەوە یەکسەر دەیدەنە بەر دەست ڕێژی گولە و بە ناهەق شەهیدی دەکەن. شایانی باسە کە ئەولاوە جوانەمەرگە کاتی خۆی کارێکی پاڵەوانانەی دژی سیخوڕەکانی رژێم ئەنجاندا بوو لەناو شاری قەڵادزە و لەسەر جادەی گشتی بە نیوەڕۆ هەڵسا بە اعدامکردنی جاسوسی ناوانبار محمد عارەب کە ٨ تێکۆشەری شاری قەلادزەی بە اعدام کردن دابوو لەبەر ئەوە شەهید محمد علی ملا تۆفیق جێگەی ڕێزو احترامی ناوچەکەو شاری قەڵادزە بوو.

٢- لە ڕۆژی ١٢/٧ کاک محمدی حاجی محمود و پێنج ئامر کەرت و دە ئامر مەفرەزە و زیاتر لە ١٠٠ پێشمەرگەی هەرێمی/١ کە چاران سەر بە یەکێتی بوون، نووسراویان گەیشتە دەستمان کە اعلانیان کردووە هاتنە ناو حزبەکەوە بە ئارەزووی خۆیان بڕیاریان داوە کە لەسەر سیاسەتی حزبمان درێژە بە خەبات بدەن دژی رژێم شایانی باسە لەم ماوەیەدا چەند دەستەیەکی باشیشیان لە دوژمن وەشاندووە و ناردوویانە بۆ گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە)(١) کە بڵاو بکرێتەوە، وەکو نیشانەی سوور بوون لەسەر خەبات و فیداکاری، ئینجا داوایان لێمان کرد کە برادەرانی یەکێتی ئاگادار بکەین کە ئەوان عیلاقەیان پچڕاندووەو سەر بە حزبی سوسیالیستی یەکگرتووی کوردستانن و بە گوێرەی حورمەتگرتنی بیرو

(١) دەنگی پێشمەرگە گۆڤاری پێشمەرگەکانی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بوو.

ڕای سیاسی وا توقع دەکرێت کە یەکێتی بە چاوێک تەماشایان بکات و ڕەفتاریان لەگەڵ بکات کە دوور بێت لە هەموو جۆرە ڕق و کینەو تۆڵە سەندنەوە و بوختان بۆ دروست کردن، هەروەها ئەوەش ڕوون بێت کە دەست درێژی بۆ سەر ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەیە جگە لە هەموو اعتبارێک تجاوزە بۆ ئازادی بیروڕاو بەزیانی شۆڕش تەواو دەبێت وە ئەمجۆرە شتانەش بووەو زۆریش طبیعی بووە، وە ئێمە هەمیشە ڕێزمان هەبووە بۆ سەربەستی بیروڕا. کاک شوکت حاجی مشیر و کاک فقی بایز و چەتو هەموویان کە هاتوونەتە لای یەکێتی مەفرەزەو چەکیان بردووە مع العلم هەندێکیان لەژێر محاسبە بوون لای خۆمان، بۆ ئاگاداریتان تکایە.

ئیتر بۆ پێشەوە

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان
مەکتەبی سیاسی

ـ ڕۆژی ٢١/١٢/١٩٨٠ ئەم نامەی م.س ینک/مان بەدەست گەیشت:

بۆ بەڕێز لیژنەی هەرێمی کوردستان،حزبی شیوعی عێراق
سلاوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانە و داوای خۆشی و سەرکەوتنتان دەکەین
برایانی عزیز

١- زۆر بەداخەوە هێشتا ئەو هەڤاڵەمان نەگەڕاوەتەوە (ئەو پارەکەی برد بۆ گۆڕین) هەتا ئێمەش تومانەکانتان بۆ ڕەوانە بکەین.

٢- بۆ ئاگاداریتان حسێک بەشێوەیەکی زۆر سووک و ناشیرین استفزازمان دەکەن وەکو یەکێک لە مهانە بگەڕێت بۆ شەڕ. هیوامان وایە کەمێک نصیحەتیان بکەن دەربارەی ئەم مسەلەیە کاک نەوشیروان

قسەتان لەگەڵ دەکات.

٣- وەکو زانیومانە هێندێ ئار بی جی/٢ و گولەکەی بۆتان هاتووە، ئەمە ماوەیەکە چەند دانە ئار بی جی مان هەیە بەلاّم زۆر بەداخەوە هیچ گولەی نیە. ئەنجا زۆر زۆر تکاتان لێدەکەین کە بەو جۆرەی ئیمکان (لە یەک دانە هەتا ئیمکانتان هەبێت). هێندێ گولەی ئار بی جی مان بدەنێ، بۆ برادەرانی هـ/٣مان کە سبەینێ دەگەڕێنەوە شاربازێڕ.

ئیتر هەر سەرکەوتووبن.

لەجیاتی

م.س: ی.ن.ک

برای دڵسۆزتان: هومەر شێخموس

ـ لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی ١٩٨١ بەیاننامەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ناوچەی هەورامان و جوانڕۆ کەوتە دەست کەلە ١٣٥٩/٩/٢٦ ساڵی ئێرانی دەکاتە ڕێککەوتی ١٩٨٠/١٢/١٧ بلاّوکرابۆوە لەژێر ناونیشانی:

* * *

خەیانەتێکی تر لە بەکرێنگیراوانی (قیادەی موەقەت)*

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان

(جارێکی تر دەستی چەپەڵی بەکرێنگیراوانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی واتە موچەخۆرانی (قیادەی موەقەت) بە خوێنی پاکی باشترین ڕۆڵەکانی ئێران بەتایبەت پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب دیموکرات سوور بۆ و لاپەڕەیەکی تر بە مێژووی پڕ لە خەیانەت و ڕووڕەشی و خائینانە زیاد بۆو). بە درێژی بەیانەکە دەڕوات لەسەر هێرش بردنە سەر پدک تا دەگاتە (کاربەدەستانی ڕژێمی خومەینی دژ بەگەڵ کە زەربەیەکی قورسیان لە لایەن پێشمەرگە نەبەزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لێکەوتووەو داماون لە موچەخۆرانی قیادەی موەقەت کەڵک وەردەگرن. بەچەشنێک لەشەڕی ١٣٥٩/٩/١٩-٩/١٢/١٩٨٠

* دەقی بەیانەکە لە ڕۆژی ١٢/١٠/١٩٨٤ لاقاوەکەی دۆڵی گوندی تۆکان رایماڵی تکای برایانە و دڵسۆزیم هەیە بۆ سەرکردەی هەموو حیزبە کوردستانیەکان و گشت تێکۆشەرانی نەتەوەی کوردمان لە هەر شوێنێک بن، ئەو بەڵگەنامانەی ئامادەیان بۆ دەکەم گەر دەستیان کەوت یان لایان هەیە بۆمی بنێرن تاوەکو لە چاپدانەوەی دووەمی کتێبەکانم بڵاویان بکەمەوە. بە ئەوپەڕی سوپاس و ڕێزەوە

نزیکەی ٣٠٠ کەس لەم بەکرێگیراوانە بەسەر پرسی تالە هەورامی و مەلا عومەر لە مەریوان بەشاخ دەکەون و دێی دزڵی کە مەقەڕی پێشمەرگەو ڕێکخراوی مەریوانی تێدا بوو گوماری ئەدەن و بەیانی زوو بەتایبەتی مەقەڕی حیزب بەر گولە ئەدەن، پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات کە چاوەڕوانی هێرشی دوژمن لەو شوێنانە نەبوون بەداخەوە تێدەکەون و ٨ کەسیان شەهید و چەند کەسیشیان بریندار ئەبن و بەدیل دەبرێن. دووکەس لە بریندارەکان ڕۆژی دوایی گوللە باران ئەکەن.

بەیانەکە لە هێرشی توند وتیژ بەردەوامە تا دەگاتە ئەم رستەیە: ئێمە بەڵێن ئەدەین کە بۆ ئەستاندنەوەی تۆڵەی خوێنی کاک سەعید و باقی شەهیدان هەوڵێکی بێ وچان بدەین و کوردستانی خۆشەویستمان لەو خۆفرۆش و چەپەڵانە خاوێن بکەینەوە

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان

نەمان و سەوشۆڕی بۆ بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ڕێکخراوی ناوچەی هەورامان و جوانرۆ

هێزی شاهۆ

١٣٥٩/٩/٢٦

** دکتۆر فواد مەعسوم لە تارانەوە نامەو ساکێکی دەستی بۆ ناردم، دەقی نامەکە:

براى خۆشەويست كاک ابو ئاسۆس

خۆشیت هەردەم، هومێدەوارم صیحەتت باش بێ.

احترامی زۆرم بۆ برای گەورەمان کاک ابو سعود، زۆر سلام لە هاوڕێیان ابو فاروق و کاک حمید و ابو جمیل و ابو حکمت ئەکەم.

گیانە: من لێرە لەگەڵ ابو فاروق باسی گۆڕینەوەی پارەم کرد، ئەو نرخەی وەعدیان پێدابین ڕێکنەکەوت. ناچار پارەکەم داوە برادەرانتان ئەوان خۆیان خوردیان کردەوە. ئەو ـ ٤٥ هەزار تومانەتان بۆ ناردرا لەگەڵ هێندێ کەلوپەل وا لیستەکەی لەگەڵە. کە من لێرە استلامم کردووە وە جانتایەک کە لە شامەوە ناردراوە کتێب و ڕۆژنامە وە هاوڕێ ابو علاء (١) یەک دوو زەرفی لێ هەڵگرت بەلاّم کیسەیەکی نایلۆنی لە شوێن‌دانا کە ڕۆژنامەی تێدایە، هەروەها ٢ نطاقی ابو فاروقیش وا ناردمانەوە.

دووبارە ڕێزو احترام بۆ خۆت و هاوڕێیان

برات: فواد

١٩٨١/١/٥

مەبەستی لە کەلوپەلەکان پێنج رەشاشی بچووکی چیکی و هەشت دەمانچەو دوو دووربین بوو. هەموویان بەتەواوی گەیشتن.

** ڕۆژی ١٩٨١/١/١ دوو نامەی کورتمان بۆ م.س پدک نارد دەربارەی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵای سەرکردایەتی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراق لەگەڵ دوو سێ خاڵی تر. بەم نامەیە وەلاّمیان داینەوە:

پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق — ژمارە/١٢٧

مەکتەبی سیاسی — ڕۆژ ١٩٨١/١/٦

بۆ لیژنەی هەرێمی کوردستان، حزبی شیوعی عێراقی تێکۆشەر

سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

دوونامەی ڕۆژی ١٩٨١/١/١تان گەیشت ئەمەی خوارەوە وەرامانە

---

(١) ابو علاء هاوڕێیەکی کۆنی حشعە. لە کوردە فەیلیەکانی عێراقە. چەند ساڵ ڕێکخەری ڕێکخراوی حشع بوو لە ئێران و تاران دەژیا.

لەسەریان:

١- زۆرمان پێخۆشە و پێویستە تا ڕۆژێ زووتر لیژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی کۆبێتەوە باشترە بۆ ئەوەی ئیشوکارەکانمان ڕێکوپێک بخەین و هەنگاوی کاریگەرتر بهاوێژین دژی ڕژێمی فاشیستی عێراقی، زۆریشمان ئارەزوو دەکرد وەکو لەگەڵ برا سۆشیالیستەکان قسەکرابوو ١٩٨١/١/١٥ بێنە دۆڵەتو بۆ کۆبوونەوەکەمان بەلاّم لەبەر زروفی ئەمنی بە تایبەتی بە نیسبەت کاک مسعودەوە کە ئێمەش و خۆشی بە پێویستی ئەزانی لامان وایە ئێوەش و برا سۆشیالیستەکانیش هەر بەرژەوەندی لەوە ئەبینن کە لە یەکەمین کۆبوونەوەماندا ئامادەبێت. بۆیە تکامان وایە کە لە ١٩٨١/١/١٥ بفەرموون بۆ لامان تاوەکو کۆبوونەوەکەمان ئەنجام بدەین.

٢- دوو مهندسە مسریەکەمان ئازاد کردوون و ئیمڕۆ بانگمان کردوون کە چۆن خۆیان بیانەوێ بەو ڕێگەیە بگەڕێنەوە مسر و ئاگاداریان ئەکەین کە لەبەر ئەوەی ئینسانی باشن و حشع داوای لە ئێمە کردووە بۆیە بەرمان داون.

٣- ماوەیەکە دانا/ی یەکێتیمان بەرداوە و بە نوسراویش ئاگادارمان کردوون لەبەردانەکەی، ئومێد دەکەین نوسراوەکەمانتان پێگەیشتبێت.

٤- لە ناوچەی مەریوان- پێنجوێن چالاکی هێزەکانی هەورامان و سوورێن و پێنجوێن کراوە. بەبێ ئاگاداری ئێمە، کەمو زۆر لە تفاسیل ئاگادار نین و نازانین چۆن بووە، ئێمەش قسەمان بەر گوێ کەوتووە، لیژنەیەکمان ناردووە بۆ تحقیق و لە ئەنجامدا برا سۆشیالیستەکان ئاگادار ئەکەین.

٥- هەڤاڵ ملازم علی‌مان ئاگادارکردووە کە بەزووترین کات بەنزین و نەوتان بۆ جێبەجێ بکات، تکایە هاوڕێیەک بنێرنە لای. لامان وایە

دریغی ناکات وە بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێتەوە.

٦- هەرسێ هاوڕێیەکانی نەخۆشتامان ڕەوانەی تاران کرد هەر ئیشوکارێکی بتان بێت ئامادەین.

٧- داخمان ناچێت کاکە ابو حکمت لێرەوە تێپەڕ بووە چاومان پێ نەکەوت.

زۆر سەرکۆنەی برادەرانی زێوە مان کرد کە ڕاستەوخۆ لەگەڵیا نەهاتوون بۆ لامان، بەیانی زوویش ئەوەی ئاگادار بیین کاکە ابو حکمت سەفەری کردبوو. داوای لێبووردنی لێدەکەین. سلاو ڕێزمان بۆ هەموو لایەک دووبارە دەکەینەوە بەتایبەتی بۆکاک عزیز و ابو حکمت.

ئیتر بۆ پێشەوە

پارتی دیموکراتی کوردستان

م.س

* جارێکی‌تر پەیوەندی نێوان حسیک و یەنک بەرەو گرژی و تێکهەڵچوون دەڕوات، کێشەو کێنەبەرییەتیان زوو لە زیاد بووندایە، یەنک بە یاننامەیەکی بلاوکردەوە، ئەمە چەند برگەیەتی:

با یەکێتی ڕیزەکانی ناو بەرە بپارێزین

ئەی جەماوەری کوردستانی قارەمان

لەم قۆناغە گرنگ و ناسکەدا، کە ولاتەکمان پیێدا تێدەپەڕی، بەهۆی هەڵخلیسکانی ڕژێمی فاشیستی بەغدا بەرەو هەڵدێرێکی هەزار بە هەزار نوقم بوونی لە گێژاوێکی عەسکەری و ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی قووڵ و ئالۆزدا کە بە هەرسهێنانی و ڕووخاندنی تەبی، بەهیچ شێوەیەک ڕزگاری و دەربازی نیە. بەیانەکە بە درێژی باسی ئەم دەرفەتە بەنرخانە دەکات کە هاتۆتە دەست بۆ گەلی عێراق بەتایبەتی، دوای

دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی دیموکراتی لە عێراقدا وە دەڵێ:
(لەم هەلومەرجە مێژووییەش‌دا بوو بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموکراتی لە عێراق پێکهات کە جەماوەری عێراق بە عەرەب و کورد و کەمە نەتەوەییەکانیەوە لە زۆر دەمێکەوە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی لەدایک بوونی بوون، بۆ ئەوەی دەوری خۆی ببینێ لە کۆکردنەوەو خستەگەڕو پێشەوایەتیکردنی جەماوەر دژی ڕژێمی صدامی دیکتاتۆر لە کۆتایی هێنان بە قۆناخی پەراگەندەیی و پاشاگەردانی و یەکتر هاڕین، کە ماوەیەک بۆ باڵی ڕەشی بەسەر هەموو بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی داکێشابوو و باشترین زەمینیش بوو بۆ درێژە کێشانی حوکمی فاشیستی لە عێراقدا).

بەیانەکە دێتە سەر باسکردنی پێخۆشحاڵ بوونی جەماوەر بە دامەزراندنی بەرەکە کە چۆن زەمینە خۆشکراوە بۆ یەکگرتنو پتەوکردنی ریزەکانی هێزە نیشتمانپەروەرەکان لاپەڕەی تازە لە ڕێگای بەرژەوەندی گشتی و گشە پێدان بە خەباتی سەختی گەلەکەمان بکەنەوە، دەگاتە سەر ئەم بڕگەیە: ئالەم کاتە ناسکەدا کە پێویست بوو هەموو لایەنەکانی بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی دیموکراتی عێراقی ئەوپەڕی گیانی لێبووردنو هەست بە لێپرسینەوە کردن و دان بەخۆداگرتن بەرامبەر یەک بەکاربهێنن، هەڵوێستی سلبی و زەبرەکانی جاران لەبیربەرنەوە و لە لاپەڕەیەکی نوێ‌ی‌وە دەست پێبکەن، کیروگرفت و هەلەو کەموکوڕیەکانیش لەچوارچێوەی بەرەدا چارەسەر بکەن، کەچی تاقمێکی چەکدار...! کە لافی سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازی لێ دەدەن بەبێ ئەوەی هیچ بروبیانوێکی راست و مەنتیقیانە بەدەستەوە بێت، بەشێوەیەکی زۆر نابەجێ و سەر سوڕهێنەر کەوتوونەتە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی بێبناغە و ژەهراوی دژی یەک لە هەر کوێش بۆیان هەڵکەوێ دەست دەخەنە ناو ئیشوکارەکانی

یەک و پەلاماری پێشمەرگەکانی دەدەن و هێرشی ناڕەوایان دەبەنە سەر و لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوییان لێدەدەن. هەروەها ئەو خەڵکەی لای یەک لەسەر دزی و جەردەیی و ڕاوو ڕووت و ناپاکی و ئازاردانی کۆمەڵانی خەڵک، سزادراون و دوور خراونەتەوە، ئەوان دەیانگرنە خۆو پارێزگاریان دەکەن و پلەو پایەی سەربریان پێ دەبەخشن.

بێگومان ئەم ڕەفتارە نا شۆڕشگێڕ و گێرە شێوێنانە بە هیچ شێوەیەک خزمەتی گەل و شۆڕش ناکات سەرباری ئەوەی کۆسپ و تەگەرە دەخاتە بەر کارەکانی بەرەو دڵتەنگی و دڵساردییش دەخاتە ناو جەماوەرەوە. بۆیە ئێمە بەوپەڕی دڵسۆزی و هەست بە مەسئولیەت کردنەوە ئاگاداریان دەکەینەوە کە بەردەوامبوونیان لەسەر ئەم ڕەفتارانە، ئێمە ناچار دەکات کە وەڵامی پێویستیان بدەینەوە و سنوور بۆ هەموو دەستدرێژی و جموجوڵێکی نا شۆڕشگێرانە و خزمەت بە دوژمنانی گەلیان دابنێن.

کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
١٩٨١/١/١٠.

* * *

تێبینی: گەلێ جار وارێک دەکەوت کە بەیاننامەیەکی دوورودرێژم پێ دەگەیشت بەهۆی سەرقاڵی زۆری کارەکانی ڕۆژانەوە بەوە ڕانەدەگەیشتم بە تەواوی هەموویەیانەکە تۆمار بکەم، چەند بڕگەیەکی گرنگم تۆمار دەکرد، دەقی بەیانەکەشم دەخستە ئەو ساکەی بەڵگەنامەکانم تێدا دەپاراست بەداخەوە بەڵگەنامەیەکی زۆر لاناوەکەی پشتی نزکان ڕاپاڵی و لە کیس چوو.

پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا PKK

لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ۱۹۸۰، م.س پدک بە نامەیەکی تایبەتی دوو میوانی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیایان بۆلامان نارد، بەگەرمی پێشوازیمان لێکردن لەگەڵ هاورێ بانیخێلانی لەگەڵیان دانیشتین، خۆیان بە دوو ئەندامی سەرکردایەتی PKK پێشکەشکردبن، بە دوورودرێژی کەوتنە باسکردنی باری سیاسی، ئابوری کۆمەڵایەتی لە تورکیا بەتایبەتی باری ژیانی پڕ ئازارو دەردەسەری نەتەوەی کورد، (قەدەغەیە بەکوردی قسە بکەین یا لە شوناسنامە بڵێن کوردین. بێ بەرین لە هەمو مافێکی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی. لەم ساڵانەی دواییدا چەند حزب و گروپی سیاسی نەتەوایەتی پەیدا بووە، زۆربەیان وا خۆ نیشان دەدەن کە روکاریان مارکسی لینینیە، دووبەرەکی و ناکۆکی و یەکتر کوشتن لە نێوانماندا بلاو بوەتەوە، هەر لایەکیش هاوار دەکات دژی ناکۆکی و خراپەکاریە هیچ لایەک کارەکانی خۆی بە خراپ نازانی خۆی ناڵێ ترشە، راستیەکەش وەهانیە!! پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا لە ناوەراستی حەفتاکان دامەزرا هەر لەسەرەتادا توشی گەلێ گاپۆر و گیروگرفت هاتین، خۆراگرو کۆڵنەدەر بووین، ئەمە بۆ سێ ساڵ دەچێت گورو گۆلی چالاکی و راپەرینمان روو لە زیاد بوون و گەشە کردن دایە،

ئامانجی سەرەکیمان لە خەباتی سەختی هەمە جۆرمان وەدەستهێنانی مافی چارەنووسە بۆ نەتەوەی کوردمان. گەیشتوونەتە سەر ئەم قەناعەتە بە خەباتی چەکداری درێژ خایەن نەبێ مستحیلە وەدەست نایەت. تا هەنگە پەیوەندیمان بەهێزو حزبە دیموکراتخوازو ولاتانی سۆشیالیست لاوازە بۆیە سەرکردایەتی حزبمان بڕیاری داوە ئەم کەموکورتیە نەهێڵین. رەخنەی زۆرمان بەرامبەر هەندێ گروپی ناو کوردستانی باکور هەیە وەک: کوک، ئالا رزگاری لە هەڵوێستەکانیان رازایە، ناکۆکی و کینە بەریەتیان لەگەڵ چەند لایەک پەیدا کردووە. لە بڵاوکراوەو راگەیاندنەکانیان هێرشی زۆر بۆ سەر ئێمە دەهێنن، سەبارەت بەوە ئێمە لە بەشی راگەیاندن کەوتینە رەد دانەوەیان! بەم دوایە پەیوەندیەکانی نێوانمان بەرەو هێمنی دەڕوات، دەمانەوێ دژایەتیکردنی یەکتر کەمبێتەوە. ئامادەینە دۆستایەتی حشع بکەین. شارەزایی لەسەر کاروباری جولانەوەکانی پەیداکەین! تکایە وەلامی چەند پرسیارێکمان بدەنەوە:

١- هەڵوێستی حشع بەرامبەر باری جولانەوەی ئازادیخوازی هەموو کوردستان چیە بەتایبەتی کوردستانی باشور؟

٢- رای حشع بەرامبەر رژێمی ئیمام خومەینی و باری ئێستای ئێران؟

٣- ئەنجامی شەڕی ئێران و عێراق چۆن دەبێت؟

٤- خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی نەتەوەی کورد چۆن بەرەو پێش دەڕوات؟)

هەردوکمان بە پێی توانامان راو بۆچوون و سیاسەتی حشع دەربارەی پرسیارەکانیان بۆ راڤەکرد. نەخوازەلا قسەی زۆر لەسەر گرنگی هاوکاریکردن و یەکبوونی هێزەکانی نەتەوایەتی و نیشتمانیمان بۆ کردن، کە چەندە زووتر بایەخ بە دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی نەتەوایەتی و

نیشتمانی بەڕێت ئەوەندە ڕۆژی ڕزگار بوون و سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە، ئەرکێکی مێژوویە ناکۆکی و کێشەبەریەتیە لاوەکییەکان بخرێنە دواوە، دوژمنی سەرەکی لەیاد نەکرێت! بیزاری و نارەزایی توندمان دژی شەڕی براکوژی دەربڕی. لە کۆتایدا گوتیا: چەند داوایەکی برایانەمان هەیە تکاو داوای یارمەتیتان لێدەکەین:

١- چەند هەڤاڵێکمان لە بەندیخانەی ڕژێمی عەسکەریە فاشیەکانی تورکیا بەندن، مەترسی کوشتنیان لەسەر هەیە، داوامان ئەوەیە لەگەڵ گشت هێزەکانی دۆستان لە مەیدانی ڕاگەیاندندا ڕژێمی تورکیا ڕیسوا بکەن و داوای بەردانی گیراوە سیاسیەکان بکەن.

٢- یارمەتیمان بدەن شەڕی برا کوژی لە نێوانماندا نەمێنێت، ئێوە هەردەم دۆستی هەموو لایەکمان بن! با بە وتوێژ کردنی ئاشتیانەی دوور درێژ گیروگرفتی نێوانمان چارەسەر بکرێت، لە یەکتری نزیک بینەوە.

٣- دەمانەوێ لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیست و حیزب و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دونیا و ئەو کۆمەڵانەی بەرگری لە ئاشتی و مافی مرۆڤ دەکەن دۆستایەتی پەیدا کەین، ئێوە لەم بوارەدا یارمەتیمان بدەن.

لە وەڵامدانەوەمان پێشنیارمان کرد یاداشتێک بە هەموو وڵاتانی سۆسیالیستی و حزبە کۆمۆنیست و کرێکاریەکانی دونیا پێشکەش بکەن داوای کۆمەک و پشتگرتنیان لێ بکەن. شەو لامان مانەوە بۆ ڕۆژی دووەم چوون بۆ سەردانی برادەرانی یەنک. دەنگیان نەما، دوورکەوتنەوە لە ئێمە، بەس بە بەردەوامی گێوبیست دەبۆین پەیوەندی نێوان هێزو حیزبە کوردیەکانی کوردستانی باکور ڕۆژ دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت، ڕاونانی یەکتر، شەڕی براکوژی، تیرۆر و کۆسپ و تەگەرە بۆ یەکتر دروستکردن زیاتر پەرە دەستێنێت.

لە دوای کارەساتەکەی پشت ئاشان، ڕۆژی ١ی ئایاری ١٩٨٣ ئێمە

بە ناچاری ئاوارە بۆین، لە کۆتایی هەمان ساڵ شوێن و بنکەکانی خۆمان لە دوولی (دەراو) ناوچەی خێڵی لۆلانیەکان بنیات نایەوە. دیمان لە نزیک بە بنکەی م.س حشع لە گوندی (ماڵی مەلا)‹١› برادەرانی PKK بنکەی تایبەتی خۆیان هەیە، کاروباری ژیانیان بەڕێوەدەبەن، گۆشەگیر بوون، ئارەزووی دۆستایەتی و نزیک بۆنەوەو بەهێزکردنی پەیوەندی بە هاوڕێیانی ئێمەوە گەلێ ساردو کەم بوو لەملاو ئەولاش دەنگ بلاّودەبوو کە پەیڕەوی ناوخۆیان (نظام الداخلي) پتەو سەختە، گیانی تاک ڕەوی و ڕەهبەرپەرستن لە نێوانیاندا بلاّوبۆتەوە. ماوەتیە ئەندامێکیان ڕێکخراوی حزبی جێبهێڵێت سەرەتای ئەو دۆستایەتیەی لە نێوانماندا پەیدا کرا بوو نەما، تا گەیشتە ئەو سنوور، لە ناوەڕاستی ١٩٨٤ لە ناوچەی (سەنات) سەر سنووری عێراق، تورکیا، سوریا تێکهەڵڤژانێک نێوان ئەوان و پێشمەرگەکانی حشع ڕوویدا، لە ئەنجامدا لە هەردوولا ژمارەیەک شەهید کەوتە گۆڕ. بەرپرسیاری مێژووی ئەوان هەڵی دەگرن. بەم هۆیەی دەیانەویست ڕێگای هاتووچوو کردن لەسەر سنوور لەژێر کۆنترۆڵی ئەوان دابێت و حشع دۆستایەتی و پەیوەندی لەگەڵ حزب و گروپە کوردیەکانی کوردستانی تورکیا نەکات. لە ساڵی ١٩٨٦ گەیشتمە دمشق، م.س حشع کردمی بە ئەندامێک لە کۆمیتەی پەیوەندی نیشتمانی حزب (لجنە العلاقات الوطنیە) بۆ ماوەیەک بەرپرسیارەتی لەگەڵ هێزە کوردیەکانی سوریا و تورکیام پێ ڕاسپاردرا، توانیم بە یارمەتی چەند کوردێکی تێکۆشەر لە دمشق دۆستایەتی لەگەڵ چەند برادەرێکی PKK پەیدا بکەم، لە ناوەڕاستی ١٩٨٧ لە ماڵەکەی خۆم یەکەم کۆبوونەوەم لەگەڵ دوو

‹١› گوندی ماڵی مەلا: گوندێکی خۆشە لەناوچەی لۆلان نزیک بە کێلەشینی سەرسنووری ئێران و عێراقە. م.س حشع ساڵێک زیاتر لەوێ مایەوە.

ئەندامی م.س/یان کرد، خۆیان بە ناوی حمزە و یاسین پێشکەش کردم، چەند سەعاتێک سێ قۆڵی بۆی دانیشتین. زۆر شتمان باسکرد، پێشەکی پەیوەندی دوو قۆڵی حشع و PKK، دوایی مسەلەی نێوان هەموو حیزب و هێزە کوردستانیەکان، شەڕی براکوژی، کینەبەریەتی ناوەخۆ، نەبوونی هاوکاری و هاریکاری لە نێوان خەباتکەرانی کورد ...هتد.

بە ڕاشکاوی رەخنەم لە شێوەی رەفتارو کردەوەکانیان دژی هێزە کوردیەکان گرت، کوشتوبڕی ناوەخۆ، تیرۆر و ئەشکەنجەدانی یەکتر تەنها سوود بە دوژمنەکانمان دەگەیێنێت. لەناوچوونی کوردی تێدایە!! پێویست دەکات سوود لە ئەزموونە تاڵ و قورسەکان وەربگیرێت، کە گەلێ بە گران لەسەر نەوەی کورد وەستاوە، دەرس و پەندی لێ فێر بین، هەوردوولامان جەختکان لەسەر دۆستایەتی و برایەتی نێوان هەردوو حزب کرد، هەندێ لە بڵاوکراوەو ئەدەبیات و پەرتوکی حزبی و مارکسیم پێدان. بۆ جاری دووەم ئەوانیش ٥ کتێبی خۆیان کە گەلێ پوخت و نایاب چاپکراون، وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی بۆیان هانیم. تا هەنگکش لام ماون.

چاوەنۆڕی ئەوەم دەکرد پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی هەردوو حزب بەهێزتر و پتەوتر بێت، سکرتێری یەکەمی حشع و سکرتێری PKK لەگەڵ یەکتری کۆببنەوە. وا ڕێککەوت بە بڕیاری حزبی من سوریام جێهێشت و گەیشتمە سوید، زۆری نەخایاند لە سوید گێوبیست بووم کە لە ساڵی ١٩٨٩ هاورێ کەریم ئەحمەد ئەندامی م.س حشع لەگەڵ هەڤاڵ عەبدوڵڵا‹١› سکرتێری گشتی PKK کۆ بیونەوە تا ئێستەش نەمزانی دانیشتنەکەیان بەهیچ ئەنجامێک گەیشتبوو، ڕێککەوتن لە نێوانیادا بیو یا نا؟

‹١› عەبدوڵڵا ئوجەلان، ئەمیندارى گشتى پارتى کرێکارانى کوردستانى باکورە، خەباتکەرێکی لێهاتووی ناسراوە، لە خێزانێکی جوتیاری هەژارە، لە گوندی (ئومەرلی) سەربەپارێزگای (ئورفە) هاتۆتە دنیا، تەمەنی لە دەوروبەری ⟵

گەیشتنی هاوڕێ عەزیز محەمەد
بۆ ناوزەنگ

بۆ یەکەم جار بەیانی ڕۆژی ٢٢/١٢/١٩٨٠ هاوڕێ عەزیز محەمەد سکرتێری یەکەمی حشع لەگەڵ ئەندامێکی م.س گەیشتە بنکەی ناوزەنگ زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکرا. بە گەیشتنی هاوڕێ سکرتێر بۆ لای هاوڕێیان و پێشمەرگە، دڵ و ڕوویان خۆش بوو، هیوا و چاوەنواڕی گەلێ ڕووداو پێشکەوتنی کارەکانیان دەکرد، کە گۆڕانکارێکی چەند و چلۆنی لە گشت ژیان و بارەکە ڕوو دەدات! لە هەمان ڕۆژ ئێوارە ئەم نامەی جێگری سکرتێری گشتی ینک/مان بەدەست گەیشت، دەقی نامەکە:

---

٤٢ ساڵ دەبێ، لە خوێندا گەیشتە زانکۆی ئەنقەرە، بەهۆی گورج و گۆڵی و کاری سیاسی خوێندن جێدەهێڵێ. لەسەرەتای ١٩٧٨ PKK بە ڕەهبەرایەتی هەڤاڵ عەبدوڵلا پەنا دەباتە بەر چەک و دەست بەشەڕی پارتیزانی دەکات، بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەنوسی بۆ نەتەوەی کوردی کوردستانی باکورد (کوردستانی بەزۆر لکاندراو بە تورکیا) کە ژمارەیان لە ١٥ ملیۆن زیاترە و لە ژێر جەورو ستەمی ڕژێمی تۆرانیە ڕەگەز پەرستەکانی تورک هەتا لە قسەکردن و خوێندن بە زمانی نەتەوەیان بێ بەشکراون. خەباتی نەتەوەی کوردمان لە باکور لەگەشەکردندایە.

هاوڕێ زۆر بەڕێزو خۆشەویستمان باوکی سەرباز

سلاوێکی گەرم ڕێزو سلاوم هەیە بۆ هەموو برادەران.

زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنەوەی مامۆستای بەڕێزو هاوڕێ خۆشەویستمان کاک عزیز ئەکەین، بێگومان هاتنەوەی ئەوان لەوکاتەدا مژدەیەکی خۆشە و سوودی زۆری دەبێت و هەموومان پێ گەش ئەبینەوە. لەبەر ئەوەی هەم خۆیان ماندووی ڕێگان و هەم جارێ مشغوڵن و ئیشی خۆتان هەیە ئەگینا ئەهاتمە خزمەتتان و جارێ نامەوێ ازعاج/تان بکەم، جارێکی تریش ڕێزو سلاوم هەیە و بەخێرهاتنەوەیان ئەکەم.

هەربژین و سەرکەوتووبن

نەوشیروان

١٩٨٠/١٢/٢٢

بۆ ڕۆژی دووەم ١٢/٢٣ ئێوارەکەی نەوشیروان مستفا و عومەر شێخموس و چوار ئەندامی سەرکردایەتی یەنک هاتنە سەردانی هاوڕێ عەزیز، بەگەرمو گوڕی بەخێرهاتنیان کرد.

بۆ ڕۆژی ١٢/٢٤ ئێمە چەند هاوڕێیەک لەگەڵ هاوڕێ عەزیز چوین بۆ سەردانی پێشمەرگەکانی لقی پشدەر لە زەڵێ، زۆری ئەخایاند دیمان برادەرانی سەرکردایەتی حسیک، ڕەسوڵ مامەند، عەزیز ئاکرەیی<١>، عبدالخالق زەنگنە، مەلا ناصح، هیوا مستفا بەهجەت لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە گەیشتنە لامان.

<١> عەزیز ڕەشید ئاکرەیی (عزیز عقراوي) کۆنە ئەفسەرەکی کوردە بەشداری باشی لە شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١دا کرد، ناسراوە بە مقدم عزیز لە ڕیزی پدک پلەی حزبایەتی گەیشتە ئەندامی م.س لە دوای ڕێکەوتنەکەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ دەرجەی ئەفسەری بوو بە (لیوا) دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ئاداری ١٩٧٥ لە بەغدا مایەوە، ماوەیەک بوو بە سکرتێری گروپێک بە هەمان ناوی پدک کاریان دەکرد، بوو بە وەزیر لە ڕیزی حکومەتی عێراق، زۆری ئەخایاند ساڵی ١٩٨٠ رایکردووە شاخ بۆ ←

دوای سڵاو ڕێزگرتنی یەکتر و بەخێرهاتنکردنی هاوڕێ عەزیز، کاک ڕەسول مامەند کەوتە قسەکردن (بە گەیشتنی هاوڕێ عەزیز هیوای زۆرمان هەیە سودی باش بگەیەنێنێت بە گشت جوڵانەوەکانی نیشتمانی و نەتەوایەتی، ڕۆڵی باش ببینێ بۆ لەناو بردنی ئەو ناکۆکی و دووبەرەکیانەی لە نێواندا هەنە. حسیک پەیوەندی لەگەڵ حشع و پدک بەهێزە، بەرەی سێ قۆڵی لە نێواندا هەیە، لە دمشقیش بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی دیموکراتی جوقدی مۆر کردیە) ئەنجا کەوتە سەر دەربڕینی نارەزایی و ڕەخنەگرتنی توند لە ڕێبازی ینک و هێرش بردنە سەر ئەو ئەم. هاوڕێ عەزیز بە چەند قسەیەکی کورت وەڵامی دایەوە کە سەرکردایەتی حشع بڕیاری هەیە، دریغی ناکات لە تەقەلادان بۆ خۆشکردنی زەمینەی خەباتکردنی هاوبەش و یەکبوون لە یەک سەنگەری بەرگریکردن و نەهێشتنی ناکۆکی و شەڕی براکوژی لە نێوان حزب و گروپەکانی کوردستان بەبێ جیاواز. ماوەی چوار سەعات زیاتر دەمەتەقەو گفتوگۆیەکی بەتینی بەردەوام بوو، هەموو شی لە دەوروبەری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەسوڕایەوە:

١- پەیوەندی نێوان حسیک و ینک و ئەو ناکۆکیانەی لە نێوانیادا هەیە، برادەرانی حسیک یەکجار هەڵوێستیان بەرامبەر بە ینک تیژو توند بوو.

٢- دامەزراندنی دامودەزگای بەرەی دیموکراتی عێراقی جود

٣- باری کوردستانی ئێران، پەیوەندی پڕ مەترسی نێوان حدکاو ڕژێمی عێراق

ماوەیەکی کورت بوو بە ئەندامێکی سەرکردایەتی حسیک. ئەوانیشی جێهێشت لە دەمێکەوە خەریکی نوسینی ئەرهەنگی کورد و لسەی پێشینانە بە شێوەی کرمانجی و تیپی لاتینی، بۆ ماوەیەک لە دمشق ژیا. ئێستێکە لە سویسرا دەژیت.

٤- هێرشە سەخت و قورسەکانی ئەرتەش و پاسداران بۆ سەر ناوچەکانی کوردستانی ئێران.

لە ئەنجامدا هەردوو لامان لەسەر ئەوە رێککەوتین داوای دانیشتنی سێ قۆڵی (حشع، حسیک، پدک) بکەین و لە رۆژی ١٩٨١/١/١٥ لە دۆڵەتو کۆبوونەوەکە بکرێت. ئێمە لەکاتی دانیشتنەکەدا بۆین کاک عومەر مستەفا نامەی بۆ برادەرانی سەرکردایەتی حسیک نارد، بەخێرهاتنی کرد بوون، داوای لێکردبوون بچنە سەردان و میوانداریان. هەڵوێستی برادەرانی حسیک گەلێ سلبی بوو. ئێمەش تەقەلاماندا بچنە سەردانیان، کەچی هەموو تەقەلاکانمان بە فیڕۆڕۆیشت نەچوون، رۆژی دووەم گەڕانەوە (دۆڵەتوو). بۆ رۆژی ١٢/٢٦ ئێمە پێنج هاورێ لەگەڵ هاورێ عەزیز بۆ میوانداری چوینە بارەگای سەرکردایەتی ینک، برادەران کاک عومەر مستەفا و عومەر شێخموس و چوار ئەندامی سەرکردایەتی پێشوازی گەرمیان کردین، دوای فراڤین خواردن کاک عومەر مستەفا کەوتە قسەکردن (گومانم لەوەدا نیە بۆتی هاورێ عەزیز لە گۆڕەپانەکە رۆڵێکی زۆر کاریگەر دەبینێ بارەکە بەرەو پێش دەبات، ینک ئامادەیە بۆ هەموو هاوکاری کردنێک بۆ لەناوبردنی ناکۆکیەکانی نێوان هێزە کوردستانیەکان، نەمانی شەری براکوژی، لاپەڕەی تازە لە مێژووی خەباتکردنی یەکگرتوومان بکرێتەوە...هتد). هاورێ عەزیز هەستی سوپاسی برایانەی کاک عومەری کرد و گوتی (حزبی ئێمە، ینک بە دۆستێکی نزیکی خۆی دەزانێ، هاوکاریکردنی نێوانمان لەوڕۆژەی هاورێانمان روویان کردووتە شاخ و گەیشتوونەتە ئەم ناوچەیە، شایەتن بۆئەوەی دەیڵێم؟ ئێمە رازینە لەم پەیوەندیەو دۆستایەتیەی لە نێوانماندا هەیە. لێتان ناشارینەوە رەخنەمان هەیە، پەستین، نارازینە لەو ناکۆکی و دووبەرەکیەی نێوان ینک و حسیکدا هەیە. ئەبێ ئەمە چارەسەر بکرێت

چیتر پەرە نەستێنێت، سنووری بۆ دابندرێ، لە لایەکی‌تر بەم دوایە ئەمانەتی سەرکردایەتی بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی دیموکراتی جوقد لە دمشق بریاری وەرگرتیە کۆمیتەی سەرکردایەتی کاروباری بەرەکە بۆ ناوەوەی ولأت لە حشع، ینک، حسیک، بەعسیەکانی هەرێمی عێراق پێکبهێندرێ، جا چۆن ئەم کوشتو برین و ناکۆکیە لە نێوان دوو حزبیاندا هەبێت، بریارەکەی دمشق جێبەجێ دەکرێت.

ئێمە بەرەی سێ قۆلیمان لەگەڵ پدک مۆرکردیە، باش لامان روونە و دەزانین ناکۆکی لە نێوان ئێوەو ئەواندا هەیە، ئامانجی ئێمە و خواستمان ئەوەیە گشت دوویەرەکی و ناکۆکیە کۆنەکان نەهێڵین، بەرژەوەندی نیشتمان و لأت و نەتەوەمان لەوەدایە لاپەرەی تازە بکرێتەوە، چیتر رۆڵەی کورد بە دەستی کورد بەکوشت نەدەین، ریشەو رگەی براکوژی لە بنەرەتا هەڵبکێشین! ینک باش دەزانێ کە کاتی خۆی پدک بە ناڕەوا گەلێک لە هاورێیانی ئێمەیان کوشت، ئێمە بیر لە داهاتوو، لەبەرژەوەندی گشتی، لەباری نەتەوەی کورد دەکەینەوە نەک خۆ بە رابودو مشغوڵ کەین و کارژۆی پێ بکەینەوە... با هەموو لایەکمان دڵسۆزانە بیر لەوە بکەینەوە چوون بە باشترین شێوە، بە هێزوتوانایەکی یەکپارچەیی بەتێن دەتوانین لە یەکسەنگەر لولەی تفەنگەکانمان، ئاراستەی جەرگی دوژمنمانی بکەین، دوژمن درێغی بە هیچ لایەکمان ناکات ئەرو وشک پێکرا دەسوتێنێت، چاوەنۆری ئەوە دەکەین پەیوەندیان لەگەڵ ئێوە گەلێ لەوەی هەیە زیاتر بۆ پێشەوە بروات، بەرامبەر بە سەرجەمی یارەکە چاوەنۆری ئەوەتان لێدەکەین چاوێک بە هەڵوێست و رێبازی پێشوتاندا بخشێنەوە).

کاک عومەر مستەفا وەڵامی دایەوەو گوتی (ینک ئامادەیە لەگەڵ حسیک بە هەموو شێوەیەک چارەی ناکۆکی نێوانمان بکەین، هەر پێشنیارێکی حشع پێشکەشی کات ئامادەینە موافقەتی لەسەر بکەین

بەرامبەر بە پدک تاکو هەنکە، یەک تەگبیشتۆتە ئەو قەناعەتەی حشع گەیشتۆتە سەری، ئێمە هەر بە خائین و تاوانباریان دەزانین). دوابەدوای ئەو ملازم عومەر گوتی (ئێمە چاوەنۆڕی گەڕانەوەی مام جەلال دەکەین، یەک هەموو سەری ساڵێک کۆبونەوەی فروان دەکات بۆ هەڵسەنگاندو چاو پێخشاندنەوە بە کردەوەکانی، نەخشەی تازەش بۆ ساڵی تازە دادەنێت، ئەم ساڵیش لە کۆبوونەوەکماندا دەرسی پەیوەندیمان لەگەڵ پدک دەکەینەوە، بەدووریشی نابینم هێزێک ئامادە بکەین بۆ ناوچەی بادینانی بنێرین ئەوکات دەبێ پێشمەرگەکانی پدک لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراق گەرو سوور بکەین و مافی خەباتکردنی خۆیان هەبێ).
سەرجەم دانیشتنەکە ایجابی بوو.

دەگەڕێمەوە سەر ئیشوکارەکانی تایبەتی ناوخۆمان هەرکەمێک هاوڕێ عەزیز پشوی خوارد کەوتینە کۆبوونەوەکانی حزبیمان.

رۆژی ۱۹۸۰/۱۲/۲۸ لەگەڵ هاوڕێ عەزیز بووین بە ۸ ئەندامی م.س و ل.م کۆبووینەوە هاوڕێ سکرتێری گشتی بە دووورودرێژی راقەی ئەم خالانەی خوارەوەی کرد:

۱- م.س تەقەلای زۆری داوە و ئەیدا بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لە رووی رامیاری، دارایی، پەیدا کردنی چەک و کەلوپەلە، گشەدان بە دامودەزگای راگەیاندنی حزبی، پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی و حزبە کۆمۆنیست و کرێکاریەکان، لەگەڵ جوڵانەوەکانی ئازادی نیشتمانی... هتد. ئیش و کارەکانمان بەرەو پێشەوە دەڕوات،

۲- چۆنیەتی روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری عێراق، خەباتکردنی هەمە جۆر لە پێشەوە خەباتی چەکداری. لە پێویستەکان بۆ شەڕی پارتیزانی زۆر دەسکەوتووە بەلام بەداخەوە کۆسپ و تەگەرە گەلێ هەیە لە پێش

گەیاندنی بۆ ناوچە شاخاویەکان.

٣- رۆڵی حزب لە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی عێراقی جوقد و بەرەی نیشتمانی دیموکراتی جود بەردەوامین لە تەقەلادانی بێ پسانەوە بۆ لەناوبردنی گشت ناکۆکی و کینەبەریەکانی هەنە بە تایبەت هی نێوان هێزە چەکدارەکانی کوردستان.

٤- کۆمیتەیەکی ئامادەکردن لەچەند حزبێکی کوردی پێکهاتووە بۆ سازکردنی کۆبوونەوەکی فرەوان، هەموو حزب و گروپ و هێزە کوردستانیەکان، لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان بەشداری تێدا بکەن، بریار هەیە لە هاوینی ١٩٨١ ئەم کۆبونەوەیە بکرێت.

٥- زۆر بە دوورودرێژی باسی شەڕی ئێران و عێراقی کرد، عێراق تاوانبارە لە هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە ناڕەوایە، داوا دەکەین کۆتایی بەم شەڕە بهێندرێ و عێراق سزا بدرێت. دژی ئەوەینە خاکی عێراق ئێران داگیری بکات.

٦- پێویستە لەمەودوا زیاتر بایەخ بە کاروباری ناوخۆیی حزب بدرێت لە نێو تشکیلاتی پارتیزانی و شارو شارۆچکەکاندا... هتد.

٧- دەربارەی دۆستایەتی حزب بە حزبی تودە و حدکا، دەبێ تەقەلا زیاتر بدرێت بە هێزی کەین، رەخنەیەکی دیپلۆماتیکیانەی ناسکی بەرامبەر هەڵوێست و رێبازی تودە نیشاندا کە دژایەتی حدکا دەکاتا.

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا هاورێ دوو نامەی بۆ خوێندینەوە هی یەکەم بەرێککەوت ٦/١٢/١٩٨٠ هاورێ کەریم ئەحمەد لە دمشق نووسیبووی، هی دووەمیان هاورێ عبدالرزاق سافی لە ٩/١٢/٩٨٠ نوسیبوری، لە هەردوو نامەکەدا هاتبوو (جەلال تاڵەبانی یەکجار سەخڵەت بووە بەم بەرەیەی لەگەڵ حسیک و پدک مۆرمان کردیە، لە دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵای بەرەکە لەو ماوەیە لە دمشق بەسترا، هەڕەشەی زۆر لە

حزبان دەکات، وا دیارە نیازیان هەیە ئەندامیەتی حزبی ئیمەو حسیک لەناو بەرەکە بوەستینن). کەمیک وتووێژمان لەسەر ناوەڕۆکی دوو نامەکە کرد، بەبێ دڵ لەدڵدان تێکڕا هەمووومان لەگەڵ مۆرکردنی بەرە سێ قۆڵیەکەدا بووین کە جود الترناتیف نیە بۆ جوقد. بەڵکە یاردیدەرە بۆ نەهێشتنی شەڕی برا کوژی و ناکۆکیەکانی لە نێوان حزبە کوردیەکاندا هەیە. جەخت لەسەر ئەوە کراوە دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ ینک بپارێزێت، تەقەلای دڵسۆزانەشیان لەگەڵدا بدەین بۆئەوەی چاو بە هەڵوێست و ڕێبازیان بخشێنەوە پەلەش لە بڕیار وەرگرتن نەکەن.

دوای ئەم کۆبونەوە چەند کۆبونەوە بۆ کادرەکان و ئەندامانی حزب و پێشمەرگەکان ڕێکخرا لە هەموویان هاوڕێ عەزیز ڕاڤەی سیاسەتی حزبی دەکرد، وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەدایەوە ئاراستەی دەکرا، سەرجەمی هەموو ئەم مسائیلانەی باسی دەکرد لە سنووری ئەو خاڵانەی لە پێشەوە تۆمارکراوە دەرنەدەچوو. بە قسەی خۆش و دەو بە پێکەنینی زۆری دونیاکەی بۆ هاوڕێیان کردبوو بە بەهار کورد گوتەنی: فریزی هێنابوە چۆکان.

بەیانی ڕۆژی ١٢/٢٩ ئیمە لە کۆبوونەوەی تایبەتی خۆماندا بوین، نامەیەکی حسیک/مان پێگەیشت نوسیبوویان:(وا ئیمە برادەرانی سەرکردایەتی حسیک/ین گەیشتونەتە لای پێشمەرگەکانی ئێوە لە زەڵێ بۆ کارێکی گرنگ هاتووین چاوەنۆڕتان دەکەین) مەکتەبەبان بڕیاری وەرگرت بەبێ وەستان فاتح و هاوڕێ بانیخیلانی بچین بۆ لایان. هەر کە گەیشتینە لایان دیمان ڕەسوڵ مامەند، قادر عەزیز، عبدالخالق زەنگەنە چاوەنۆڕمان دەکەن، دوای سلاّو و پشوودانێکی کەم کاک ڕەسوڵ کەوتە قسەکردن:

خەبەرێکمان لە ئاراتەوە بە پەلە پێگەیشتووە بریتیە لەوەی گۆیە حدک

و یەک لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ڕێککەوتوون بە هاوکاریکردن و پارمەتی پاسدارو ئەرتەش قەزای پێنجوین و ناحیەی سەید سادق داگیر بکەن. ئەمەی ئەم دەنگوباسەی بۆ ئێمە ناردبە جێگەی بڕوامانە. ئەم کارە کارێکی گەلێ ناڕەوایە. بەگەن ناکرێت. خیانەتە بۆسەربەخۆیی وڵات، دژایەتیە بۆ هەموو هێزەپێشکەوتنخوازەکان، بە تایبەتی بۆ حشع و حسیک، پێویست بەوە دەکات تەقەلا بدەین ڕێگا لەم جۆرە کردەوانە بگیرێت.

ئێمە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردن، وتووێژی زۆر لە نێوانماندا کرا، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین شەو لای هاوڕێیانی زەڵێ بمێنینەوە، ئێمەش گەڕاینەوە، هەر بە ڕێگاوە لاماندا بۆلای کاک عومەر شێخمووس و د. کەماڵ خۆشناو، ئاگادارمان کردن ئەمراز لە هاتنمان بەم دەرەنگیە ئەوەیە (بەستوومانە ئێوە لەگەڵ پارت لەسەر خواست و داوای ئێرانیەکان ڕێککەوتوون بە سێ قۆڵی هێرش بەرنە سەر پێنجوین و سەید سادق داگیریان بکەن، پاسدارو ئەرتەشیش هەموو کۆمەکەکتان پێشکەش بکات).

هەردووکیان زۆر بە توندی ڕەدی ئەم جۆرە دەنگوباسانەیان داوە گوتیان: (ئەمە ڕاست نیە، هیچمان لەم بارەوە نەبیستووە، لەناو یەک هیچ کەسێک نیە بتوانێ بڕیاری وەها وەربگرێت، ئەم جۆرە کارانە لە خودی دەسەڵاتی م.س دایە، ئێمە بە توندی دژی ئەم جۆرە کارانەیندا یەک ئامادە نیە ڕێککەوێت یا دۆستایەتی لەگەڵ هیچ هێزێک بکات گەر زەرەر بگەیێنێ و لەسەر حسێبی داگیرکردنی نیشتمانەکەمان بێت. شەو گەلێ ڕاشکا بۆوە ئەوانمان جێهێشت، گەڕاینەوە لای هاوڕێیانمان بە دووروودرێژی ئەوەی لە برادەرانی حسیک و یەک/مان بیستبوو، گێڕامانەوە، لە نێوان خۆماندا کەوتینە دەردەشە کردن بڕیارمان وەرگرت

بەیانی بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی حسیک بدەینەوە (حشع لەگەڵ هاوکاری و پەیداکردنی دۆستایەتی کۆماری ئیسلامیە، بەمەرجێک مارە تەدرێت زەمینە خۆش بکرێت پاسدار و ئەرتەش خاکی عێراق داگیر بکەن. ئێمە دژی هاتنی حکومەتی تایبەتی یا مەزهەبیینە پێن بۆ سەر کارکردنی عێراق پرسیاریش لە پدک دەکەین ئایە هیچ جۆرە رێککەوتنێک یا دەرسکردنی ئەم جۆرە پلان و نەخشە لە کایەدا هەیە یان نا؟ داوای وەڵامیان لێدەکەین) بۆ بەیانی گەڕاینەوە لای برادەرانی حسیک راو بۆچوونی حزبان و قسەکانی برادەرانی پەنک/مان پێگەیاندن، پەکتریمان جێهێشت، هەر لایەکمان بۆ شوێنی خۆمان گەڕاینەوە.

رۆژی ١٩٨١/١/١٤ هاوڕێ عەزیز و سێ ئەندامی هەرێم و ل.م بەهائەدین نوری، ئەحمەد بانیخێلانی و یوسف حنا بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ م.س حسیک رۆیشتین، دوای پێشوازی کردنیان بە گەرمی لەگەڵ د.محمود عوسمان، رەسوڵ مامەند، عەزیز عەقراوی و پێنج ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزیان کۆبوونەوە. ئێوارە گەڕانەوە لامان، ریپۆرتاژێکی کورتیان دەربارەی کۆبونەوەیەکی حەوت سەعاتی پێشکەش کردین، لە پێشەوە د.محمود عوسمان باسی کۆبونەوەکانی دمشق/ی کردبوو، رەخنەو گلەیی و گازاندەی بەرامبەر بە هێندێ هەڵوێستی حشع نیشاندابوو کە گوایە لە دانیشتنەکانی دمشق لایەنی ئەوان نەگیراوە، بەتایبەتی کە هێندێ هێز دژی حسیک وەستا بوون کەلە سکرتاریەتی ئەمانەی گشتی جوقد دا نەبن. د.محمود بە ڕاشکاوی گوتبوی (حشع لە گەلێ هەڵوێستدا لایەنگری پنک دەکات. ئامادە نینە کۆ ببینەوە لەگەڵ سەرکردایەتی پنک تاکو ئەو پیاوکوژانەی لای خۆیان گلیان داوەتەوە بە ئێمەیان نەدەن. پێویستە لەسەر حشع رای خۆی و رەخنەی توند بەرامبەر هەر تاوان و دەست درێژیەک لە هەر لایەک دەکرێت دەربڕێت و تاوانباری کات!!)

هاوڕێ عەزیز بە درێژی وەڵامی دابووە. جەختی لەسەر سیاسەتی حزب کردبوو کە دژی شەڕی براکوژیە، بێوچان تێدەکۆشێت کە لولەی تفەنگی هەموو هێزەکان لەیەک سەنگەر کۆبکرێتەوە، بە یەکپارچەیی هێرش ببرێتە سەر دامودەزگای ڕژێمی دیکتاتۆر، دەربارەی هەڵوێست و پەیوەندیمان بە یەک گرتبووی (ئەم ڕایانەی د.محمود دەریبرین بە دەقیقی نازانین، دەبێ حسێبێک بۆ ئەوە بکرێت کە حسیک و یەک هەرسێ لامان ئەندامین لە بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی دیموکراتی بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ناکۆکی و دووبەرەکی و شەڕی ناوەخۆدا نینە.لەگەڵ ئەوەشادا ئێمە گومان لێکراو، کۆنەپەرست، هەلپەرست، دوژمنەکمان لەژێر پەردەی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی خۆ بشارنەوە. هەندێ هەڵوێستی نالەباری برادەرانی پدک هەیە ئەستۆی هەموو لایەکمان دەگرێتەوە. پەیوەندی بە هێزو تێک ئالاویان لەگەڵ پاسدارو ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی و دژایەتی کردنیان بۆ حدکا..هتد. سەرەڕای ئێمە ڕادەگێشێ دەبێ لە کۆبوونەوەی داهاتوومانـدا لەگەڵیان باس بکەین، بەرای ئێمە پەسند و ڕەوا نیە پەیوەندی نهێنیمان بە بێگانەوە هەبێت یاخود پەیدا کەین و لە یەکتریش بشارینەوە!! ئامادەیی تەواومان هەیە هاوکاری و برایەتی دوو قۆڵی سێ قۆڵی بە بەرفرەوانی بەهێز کەین و لەسەر پرۆگرام و ئامانجی هاوبەش پەیوەندییەکانمان گەلێ پتەوتر و تۆکمە بکەین). لە کۆتاییدا لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە ڕێککەوتنیان بوو.

١- بەزووترینکات کۆمیتەی بالای بەرەی نیشتمانی دیموکراتی جود کۆ ببێتەوە.

٢- ئیشوکارەکانی نێوان حشع و حسیک زیاتر بایەخی پێبدرێت و ڕێکوپێک بکرێت.

٣- لە کۆبونەوەی داهاتوی کۆمیتەی بالای بەرەی جود باسای ناوخۆ

دەرس کرنت بریاری دواجارەمینی لەسەر وەربگیرێت.

٤- هەر ١٥ ڕۆژ جارێک کۆمیتەی سەرکردایەتی بە ڕێکوپێکی کۆببێتەوە. بریاریش وەرگیرا بوو ئەم نامەیە بۆ م.س پەدک بنێردرێ.

بۆ/ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

نووسراوەکانتان ژمارە/١٢٧ و ١٢٨-٦/١/١٩٨١ ڕۆژی ١٤ بەدەستمان گەیشت. ئێمە دوو حزب لە ڕۆژی ١٤و١٥/١/١٩٨١ لە دۆڵەتوو بووین بۆ کۆبوونەوە لەبەر ئەوەی ئێوە نەهاتن وامان بە باش زانی کۆبوونەوەی سێ قۆڵیەکە بخرێتە ڕۆژی ٢٥/١/١٩٨١ پێشنیار ئەکەین لە بارەگای هێزی ئێوە لە شیناوە بە نیسبەت ئێوە کە لە نووسراوەکەدا باستان کردبوو. تکایە بەپەلە ئاگادارمان بکەنەوە لە ئامادەبوونتان لەکات و شوێنی دیاریکراودا.

بۆ پێشەوە

حزبی شیوعی عێراق — حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان - عێراق

١٥/١/١٩٨١

* * *

له بەندیخانەی رژێمی دیکتاتۆری عێراق

رۆژی ۱۹۸۰/۱۲/۳۱ بریدی رێکخراوی شارەکانی سەر بە هەرێمی کوردستانمان گەیشتە دەست، پڕ بوو لە دەنگوباسی زۆر. گەلێ ڕووداوو کارەساتی سەرنج راکێشەر، فشارو تیرۆر قرچوبڕی درندانەی رژێم بە هەموو جەماوەر. رەشبگیرو ڕاونان، ئیعدام کردن لەناو شەقام و کوچەکان بەبێ لێپرسینەوە، بە زەبروزەنگ هاندانی خەڵک بۆ چەک هەڵگرتن و داکۆکی لە رژێم بکەن، رۆژانە تەبوو سەدەها گوزراوەکانی شەڕی قادسیەی شومی نەگریس بەسەر شارەکان دابەش نەکرێت، هێرشی فرۆکەکانی ئێران و لێدانی شارەکان بە توپی دوورهاوێژو موشەک سەرباری زۆر با بوو! چەندان ریپورتاژی دڵتەزێنەری هەمە جۆر دەربارەی کارەساتەکان لەناو بریدەکەدا هەبوو. ئەوەی لە هەموو زیاتر سەرنجی ڕاکێشام بوونی چەند نامەیەک بوو لە ژوورەکانی ئیعدامکردن بە نهێنی نووسرا بوون بە رێگای خزموکەسوکاریان بوو حزب نێردرابوون. خەباتکەری راستەقینەی لە خۆبوردوو لە رێگای رزگارکردنی نەتەوەکەی و گەیشتن بە ئامانجی بەرزی مرۆڤایەتی، پێش دابەزینی بۆ ناو کۆڕی خەبات هەزار جار لێک ئەداتەوە ئەو رێگایەی ئەیگرێتە بەر پڕ مەترسی‌و کەندەڕو هەمووی پێچ و کەندە، نزمی و بەرزی و هەورەتە، ماوەی حەسانەوەو پشووردانی تێدا نیە، دەربەدەری و ئاوارەبوون دوور لە کەسوکارو ماڵ و منداڵ هەمیشە لە پێشیەتی؟ کوشتن و بڕین وەک

سێبەری خووی بە تەکیەوە دەخولێتەوە و لێی جیاواز نابێتەوە!!.

والیرەدا چەند : امەیەک پێشکەش دەکەم، کە تێکۆشەرانی لە خۆبوردوو قارەمانانی خۆڕاگر پێش ئیعدام کردنیان بە ماوەیەکی کەم بۆ م.هەرێمی کوردستانیان ناردبوو، تێکۆشەر کە پایەی بە ئیعدام کردن گەیشت دەبێتە شوێنی رێز گرتن و شیاو شکۆ نابێت قەتیش لە بیر بکرێن. شاعیری نیشتمان پەروەری کورد فایق بێکەس دەڵێ:

دارى ئازادى بە خوێن ئاو نەدرێ بەر ناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکارى ئەبەد سەرناگرێ
پیاو ئەبێ بۆ سەندنى حەققى لە مردن سڵ نەکا
هەر (بروخێ) بەس نییە تاکو ئەسەرى نادرێ

دەقی نامەی ژمارە/١

اذا كانت المحبة صعبة فانتم المفتاح

رفاقي الاعزاء

اولا: ارجو لكم عمل مثمر و متواصل من اجل القضية و نحن مؤمنون بعدالتها، رفاقي الاعزاء هذه الرسالة اكتبها في هذه الظروف الصعبة من حياتي في غرفة الاعدام. في يوم ١٩٨٠/١١/١٣ ثم تنفيذ الاعدام بسبعة من الغرفة و كانت معنوياتهم جيده جدا بالاخص دكتور ابراهيم و هو جلالي(١) و ابراهيم ايضا جلالي و پيروت جلالي و عثمان و محمد حسن و واحد من القيادة المؤقتة هاوار. و الظروف صعبة في هذه الايام جدا جدا و كنا سابقا و في الوقت الحالي ٦١ لان ٤ جدد جاو لنا

---

(١) مەبەست رێکخراوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

في الهيئة من كركوك.

اما عن العلاقات داخل الغرفة فهي جيدة في الوقت الحالي رغم الازدحام في النوم و تكدس. اما عن وضعي الصحي تقريبا رغم الم الاصابة بصعب علي في الاوقات الباردة. و وصلو لي اهلي و بعض اقربائي في بغداد لزيارتي و لكن عليهم علامات التعجب اما عن والدتي وصلت و هي عمياء البصير و تقول انت الذي عميت عيوني.

اعزائي ارجو منكم ان تبلغوا سلامي على كافة رفاقي بالاخص في القاعدة لاني احبهم اكثر من نفسي و هم يعرفون ذالک مع قبلاتي لهم جميعا لا استثنى احدا منهم و بعد ذلک تقولون لهم ابنكم باعته الدنيا و لاباع. لايزال يطلب منكم الاخبار و في اسرع وقت و اذا انتم بعيدين عني فمن هو القريب عني!

اعزائي نريد تحليل عن الوضع السياسي الداخلي و عن الحرب العراقيه - الايرانيه و عن موقف حزبنا في هذه الظروف و عن الجبهة التي تمت في سوريا. وانا سمعت من راديو سوريا و هي بقيادة البعث السوري هل هذا الصحيح؟ و سمعت من الزوار يقولون هي بدون قيادة اي نفس ما طرح الحزب سابقا

ملاحظه: عدد الرفاق في الغرفة فقط ٥ من الشيوعيين.

سلام(٢)

١٩٨٠/١١/٢٣

---

(٢) ڕەحیم عودە، هاوڕێیەکی عەرەبە لە دانیشتواتی گەڕەکی شۆڕش (محلە الثورە)ی بەغدا بوو ڕۆژی ١٩٨٠/٦/١١ لە شەڕێکی خەست نێوان هێزێکی پێشمەرگەو سوپا و جاشی عێراق کە لەنێوان گوندی شاخەپیسکەو بایزاغا لە قەزای کۆیە بە بریندارى بەدیل دەگیرێت. دادگای شۆڕش (محکمە الثورە) لە بەغدا حوکمی ئیعدام کردنیدا.

نامەی دووەم:

تحيه رفاقيه في غرفه الاعدام

من صباح هذا اليوم المصادف ١٤/١١/١٩٨٠ جاءت قائمه جديده من الاعدامات وهم على التوالي: ١- احمد خضر حسين، شيوعي ٢- اكرم محمد علي ٣- عثمان محمود صالح، شيوعي ٤- لطيف عبدالله ابراهيم ٥- عمر علي خدر ٦- عبدالرحمن محمد صالح الثلاثه الاخيره من كومله - الاتحاد الوطني.

و هذه المجموعة الثانية خلاله عشره ايام فقط و من المتوقع تكون التصفية لكافة المحكومين خلاله فترة وجيزة بحجة الحرب مع ايران و العداء للدول التقدمية و القضية الفلسطنية و الدول الاشتراكية هذا و كان لهم الفخر و الاعتزاز بالاعدام، يقول احمد خضر اين سلام عادل اين ستار خضير و اين شاكر محمود اين رفاقنا الاماجد كلهم على هذا طريقنا نحن الشيوعيون و هنا تسقط الدموع بغزارة هائله مني على عثمان الرجل الكبير و الذي يقول هذا هو طريق الشعب و نحن مستعدون اليه و يتكلم و يقول لا تبكي ياتي اليوم و هو قريب الذي يسقط فيه صدام العميل و لا بد الشعب ياخذ حقنا، اما معنويات الاخرين هي جيده ايضا و تبقى الكلمات الاخيره ياتيكم لاحقا.

سلام ٢٤/١٨/١٩٨٠

ليله اعدام عدد من المناضلين

نامەی سێیەم:

تحيه و احترام

في غرفة الاعدام رفاقي الاعزاء لكم مني ازكى التحيات بالعمل الدوب من اجل (وطن حر وشعب سعيد) هذا هو شعار حزبنا العظيم الذي

نذرنا عمرنا من اجله.

رفاقى الاعزاء: تمينت ان اكون بينكم في هذا الظروف و الذي يكون في صالح الحزب حسب توقعي و لكن!!! رفاقي ذكرت في يوم اعدام الرفاق بأني اكتب لكم شئى عن آخر مناضل و هذا انا اقول پولا‹١› عثمان الرجل الكبير الذي اوفى الحزب بكلمات عظيمة عن هذا الطريق عاش الحزب الشيوعي العراقي. عاش الطبقة العاملة العراقية. يعيش الفلاحون. تسقط البرجوازية. تسقط الرجعية. نحن شهداء الشعب العراقي.

الموت لصدام العميل. و كان شجاعا حتى آخر لحظه

و ابكاني كثيرا هذا الرجل الرائع.

اما اكرم فكان بطلا لا يوصف و هتف باسم الحزب الشيوعي العراقي و باسم كومله‹٢› و الموقته و الجلالين و قال كل الشعب يعيش و كل الاحزاب تعيش و الموت للبعث العميل و الفاشي. وكان يلومني لاني بكيت كثيرا. و قلت له لاني فقدت ثلاثه هم هنا عمود الفقري اما عن آخر واحد اعدم و هو احمد خضر لهذا الرفيق ملامح رائعة و طيبة كثيرا. حتى اوصي بالعم سليم و قال يأتي اليوم الذي ياخذ الشعب حقنا. ملاحظه قال الجلاد لمام عثمان ماهي وصيتك؟ قال انتم ما جلبتم اهلي لزيارتي الاخيره فلماذا تقولون وصيه؟ وصيتي أن يعدم صدام في هذه الغرفة. اما الاخرون في الوجبة الجديدة اولا لطيف الذي كان رائعا جدا هتف كثيرا كثيرا و حتى تهتف بالماركسيه اللينينيه اما عبدالرحمن كان

‹١› ناوی نهێنی حزبی عثمان محمود بوو، هەژارێکی خەڵکی شاری کۆیە بوو لە سلێمان دەژیا تەمەنی ٥٥ ساڵ زیاتر بو لە ١٩٨٠/١١/٢٤ لە بەندیخانەی موصل ئیعدام کرا.

‹٢› مەبەستی لە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی عێراق، موەقەتە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، جلالیین: یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

جيدا هتف بحياه الشعب العراقي و الشعب الكردي. اما عمر فلم يقل كلمه..

و من هتافات لطيف صدام شيل ايديک العراق مايريدک، صدام شيل ايديک من الاعدام. اما اكرم اوصى اطفاله و اهله عند ما كانو ياتونه لمواجته بان لا يقيمون له الفاتحه و عدم البكاء.

ابو سلام
١٩٨٠/١١/٢٨

نامەی چوارەم:

تحيه شيوعيه في غرفه الاعدام

في صباح هذا اليوم المصادف ١٩٨٠/١١/٢٩ اقرت تنفيذ الاعدام بوجبة جديدة من المناضلين في الحركة الكردية و هم خضر حسن و عبدالله حسين عبدالله و حسن صالح و كلهم من مدينه قلادزه و هم من جماعة د.محمود عثمان من الحركة الاشتراكية و هذاه الموجات من الاعدامات ماهي الى ضعف السلطة و البعثين و خسائرهم من الحرب الجاريه في الوقت الحاضر. خلاله فترة وجيزة تم اعدام ١٩ مناضل اكثرهم اكراد و كلهم تقريبا من المدنيين.

ابو سلام
١٩٨٠/١١/٢٩

دەقی نامەی پێنجەم کە بۆ عەبدوڵلا مەلا عەوەج بە مەلا عەلی ناسراوە، لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی حشع بوو لە مەڵبەندی سولێمانی و ئێستاکە لە سوید دەژیت.

اخي العزيز ملا علي

تحية حارة و الاحترام

في هذه الليلة، ليلة ١٩٨٠/١١/٢٥/٢٤ في الساعة الثانية عشر ليلا ينفذ حكم الاعدام لي و بخمسة اصدقاء آخرين. يختقون آخر انفاسنا و سوف نوجه الموت بشجاعه و جلد و هكذا استقبلنا تلاوة القرار الحكم علينا و دون ان يتنا بنا الخوف و نحن سعداء بالتضحية عن طريق الشرف و الكرامه. اخواني: آخر طلباتي و التي ارجو تحقيقها هي:

١- ارجو الاستمرار في دفع المساعدة التي كنتم تقدمو بها لي، الى عائلتي من بعدي.

٢- اخي امانة في عنقكم، لا تدعوه ان يتتردد على مدينه السليمانيه، لكي لا يكون هدفا للاعداء بسبي و يقع ضحيه باردة و اذا كان لابد ان يضحى في طريق الشرفعدوي (رەشەی حەمەوشە، الذي استهدفته في حينه بسبب موقفه من الحزب. تمنياتي لكم بالنصر و اقبل عيونك. الرفيق احمد الذي هو من اهالي اربيل ينفذ له حكم الاعدام هذه الليله ايضا يبعث لكم التحايا.

سجن موصل-غرفه الاعدام

رفيقكم اكرم محمد علي(١)

ليله ١٩٨٠/١١/٢٥/٢٤

---

(١) كرێكارێكی ئاسنگەر بوو بە اكرم حداد ناسرا بوو لە دانیشتواتی سولێمانی لە خێزانێكی خەباتكەر بوو لە ساڵی ١٩٧٩ دەستی دایە چەك و بوو بە پێشمەرگە، ئازاو بەجەرگ و نەترس بوو، بۆ وەجێهێنانی ئەركێكی حزبی حشع بە نهێنی لەسەرەتای ١٩٨٠ نێردرایەوە ناو شاری سلێمانی. كەوتە دەست دوژمن لە بەندیخانەی موصل ئیعدام كرا. سلامی برای و قەرەیدونی كوڕی پوریش لە لایەن رژێمی فاشی بەغدا ئیعدام كران، دایكیشی تا مردنی خەباتكەرێكی شیوعی ئازاو چاونەترس بوو، اكرم ژنێكو سێ منداڵی ساوای دوای خۆی جێهێشت.

دەقی نامەی رەحیم عودە، چەند سەعاتێک پێشی ئیعدامکردنی نوسیبوی:

وطن حر و شعب سعيد　　　　يا عمال العالم اتحدوا

رفاقي الاعزاء

تحية شيوعية في غرفة اعدام موصل. في هذا اليوم اني سعيد جدا. لاني خدمت حياتي من اجل حزب فهد العظيم الذي لم ينس رفاقه الشهداء ابدا و يبقى يزور عوائلهم و يرى اطفالهم على الطريق الحقيقي.

رفاقي الاعزاء: هذا اليوم هو يوم حقوق الانسان ولكن؟! النضال لا يعرف اي يوم و اكون سعيد لاني ابقى و رفاقي ذكرى لهم. في هذه اليوم تحتفل البشريه من اجل الانسان حتى يعرف العالم اين حق الشعب العراقي في ظل البعث و حتى تعلم كل البشريه في الكره الارضيه ماهية طبيعة البعث و ماهي المعتقدات السياسية التي جاء بها للعراق.

رفاقي انا اعرف اليوم الذي تنشرون فيه ورد احمر على قبري و هو يوم النصر الاكيد. رفاقي الاعزاء، اكتب شئ بسيط عن حياتي في منطقة الجنوب و الكوت و النعمانيه، هاجرت الى بغداد سنه ١٩٥٨، اشتغلت عامل بناء و بعد ذلک اشتغلت حديقچي في مدينه الضباط و الكراده الشرقيه و العلويه و مناطق اخرى. وفي سنه ١٩٦٣ داومت في مكافحة الامية مسائي حتى صف اول متوسطه في التفيض و عام ١٩٧٣ توظفت في شركة المخازن العراقية (اوروزدي باک) وزارة التجاره و دقت ألمرمن هذه الوظيفة، كل يوم نقل من فرع آخر انتميت للحزب ١٩٧٣ و حصلت العضويه ١٩٧٤ و اصبحت عنصر جماهيري، عملت في الشبيبة العمالية و عملت في حديقة دار الرواد(١) مجانا حتى كنت انا موظف حين ذلک. رفاقي الاعزاء في سنه ١٩٧٨ ذهبت الى الخارج و لديكم

العلم.

ملاحظه: ارجو ان تقروا على الرفاق هذه الورقه في كردستان في كل المقرات، وسلام خاص لرفاق الذين يعرفوني. ما اريد ان اكتب اسمائهم اخاف يزيد الحزن عليهم.

عاشت الطبقة العاملة العراقية و طليعتها حزبنا. ارجو تبلغون سلامي على مدينة الثورة و كل الشيوعين فيها و على رفاقي و اصدقائي و رفاقي في شركة المخازن العراقية و على المطبعة[1] و سابقا الرواد و على كل رفيق مخلص للحزب و القضية و هتفت بسقوط البعث الذي يعدم الناس. عاش الشعب يسقط الجلاد صدام حسين.

قبلاتي لكم قبلاتي لكم، قبلاتي لكم

عاش حزب سلام عادل و عاش جمال حيدري

مع التحيات

ابو سلام

١٩٨٠/١٢/١٠

پاش ئەوەی نامەکەی نووسی بوو بەچەند سەعاتێک لە بەندیخانەی موصل پەتی خنکاندنیان خستبووە ملی و ئیعدام کرا.

نامەی شەشەم فەلاحێکی هەژاری دەوروبەری هەولێرە ئەویش لە شەڕەکەی نێوان گوندی شاخە پیسکەو بایزاغا لەگەڵ ڕەحیم عودە بەدیل گیران.

<١> دار الرواد: دامودەزگایەکی چاپەمەنی حشع بوو لە سەردەمی هاوکاریکردنیدا لەگەڵ ڕژێمی بەعس. ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبی لێ چاپدەکرا لە ناوەڕاستی ١٩٧٩ ڕژێمی بەعسی عێراق دەستی بەسەردا گرت.

٢- چەند ڕۆژ پێشی ئیمڕۆکە کۆنە کادرێکی پارتی ناوی حاجی شێخ قادرە کاتی شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٦١ ئامیر هێزێکی پێشمەرگە بوو. هاتە سەرداغمان ئاگاداریان کردین کە نیازی هەیە دژی ڕژێمی بەغدا شەڕی پارتیزانی بکات بە ناوی (هێزی پێشمەرگەی موسڵمان) دژی هیچ حزبێکی عێراقی نیە. گراوەن بە تاقمێکی کوردی عێراق کارگێڕەکەیان ناوی عەباسە ئەفەندی یا عەباس شەبەکە لە ڕێگای مەلا حوسێن یوسف ناوێک، چاویان بە کاربەدەستان (لیبیا)‹١› کەوتیە بەڵێنی ئەوشیان پێدراوە بە چەک و پارەی زۆر یارمەتی بدرێن پشتیان بگرێت و کۆمەک بکرێن. ئێمە وەکو یەک ئاگادارمان کردن کە کۆسپیان بۆ دروست ناکەین بە دۆستیان دادەنێین بەڵام دەمانەوێ کە حشع ئاگادار بێت لە ناچاری ئەم هەڵوێستەمان وەرگرتیە بە هۆی دۆستایەتی و پەیوەندیان بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە). کەمێک لەسەر ئاکۆکی ئەم دوایەی یەک و حسێک دواین! ڕەخنەمان نیشاندا لەسەر ناوەڕۆکی ئەو بەیاننامەی بە ڕێککەوتی

‹١› ئەوکات لـ   لایەکەوە دەنگ بە هەموو هێزەکانی کوردستانی و بەرهەڵستکارەکانی عێراقی دەگەیشت کە کۆنە کادرێکی بەعسی عێراق، ناوی (ایاد سعید ثابت)، دەمێکە بۆتە دژی ڕژێمی بەغدا لە عێراق ڕای کردووە، بۆتە وابەستەی (لیبیەکان) زۆر بە شان و شەوکەتی سەرۆکی لیبیا هەڵدەڵێت. پارەو پولی زۆری لێ وەرگرتبوون. بارەگای لە تاران کردبۆتەوە بەچەک و پوڵ وای دەربڕیوە کە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام. زۆری نەخایاند نە چەک و نە چەکدار نە پارەو هاتوو هاوار لە هیچ شێوەیێک لە کەوڵەی ئەو ناویان نەما! ئەم ایاد سعید ثابتە لە کاتی شۆڕشی ١٤ تموزی ١٩٥٨ ئەندامی قیادەی قطری بەعسی عێراق بوو، لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری موسڵە کە لە بنەڕەتا کوردن بوون بە عەرەب لە ١٩٣٦ لە بەغدا لە دایک بووە، دانشگای تجارەتی تەواو کردووە لە ڕۆژی ١٩٥٩/١/٦ بەشداری کرد لە تەقەڵاکەی بەعسیەکان بۆ کوشتنی عبدولکریم قاسم. دەمێکە لە دەرەوەی وڵاتان دەژیت.

گرتنی نەوشیروان مستەفا

بەیانی ڕۆژی ١٩٨١/١/١٦ برادەر عومەر شێخموس و د. کەمال خۆشناو هاتنە لامان، ئاگاداریان کردین کارێکی گەلێ گرنگ و بەپەلەیان هەیە، دەیانەوێ لەگەڵ هاوڕێ عەزیز کۆببنەوە هەر دوای گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان بڕیارمان وەرگرت هاوڕێ عەزیز و فاتح و بانیخێڵانی بەبێ وەستان بچین بۆ سەردانیان، یەکسەر کەوتینە ڕێگا کە بەلایان گەیشتین دیمان برادەران کاک عومەر مستەفا، عومەر شێخموس و د.کەمال خۆشناو و ملازم عومەر چاوەڕوانمان دەکەن. دوای سڵاو پێشوازی کردن، یەکسەر کاک عومەر مستەفا کەوتە دووان و گوتی (ئێمە بۆ ئەوە داوای ئێوەمان کردیە کە دوو مەسەلەمان هەیە حەز دەکەین ئاگادارتان بکەین:

١- حسێک ڕۆژ لە دووای ڕۆژ زیاتر شەڕمان پێدەفرۆشێ، کۆسپ و تەگەرەی زۆرمان بۆ دروست دەکەن، زانیومانە هێرشیان بردۆتە سەر ئەو گوندەی کە هەڤاڵ نەوشیروان لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک بە میوانی تێدا دەژیان دەورووبەری دێیەکە دەگرن و یەکسەر دەست بە تەقەکردن دەکەن. پێشمەرگەیەکی ئێمە بریندار دەبێت. ئەم کارە کارێکی گەلێ نابەدەی و ناڕەوایە. هەمووی چەند ڕۆژێکە لە دمشق بەرەیان لەگەڵ ئێمە مۆر کردیە. ئەم ڕەفتارەیان هیچ نیازێکی دۆستایەتی و هاوکاری کردنی تێدانیە. تکامان ئەوەیە حشع بە دەوری مێژووی خۆی هەڵسێت بۆ دانانی سنورێک بۆ ئەم جۆرە کردەوە تێکدەرییەو گۆمان لێکراوانە.

نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار

هاوڕێیانی خۆشەویست

ئەم شەو ۱۹۸۰/۱۱/۲۵/۲٤ حوکمی ئیعدامم بەسەردا جێبەجێ دەکەن. کە ئەم تاقمە فاشیەی بە ئاگرو ئاسن حوکمی وڵات دەکەن بەسەر من و تێکۆشەرانی تریان داوە. ئێمە دڵنیاین کە خوێنمان بە فیڕۆ ناچێ و سەرکەوتن هەر بۆ حزبەکەمان و چینی کرێکارە. سەلام لە هەموو هاوڕێیان دەکەم.

هاوڕێتان: ئەحمەد برنۆ

لە کۆتایی مانگی کانونی دووەمی ۱۹۸۱ لە ژمارە/۸ ڕێگای کوردستان دەقی چەند نامەیەک لەم نامانە بە کوردی بڵاوکرانەوە، ئێمەش لە بەشی بەڵگەنامەکانی ئەم کتێبە بڵاویان دەکەینەوە.

* * *

۱۹۸۱/۱/۱. بلاویان کردبووە. پڕ بوو لە هەڕەشەو گوڕەشەی گەرزی و چاو سوورکردنەوە.

پێمان گوتن کە ئێمە هەمیشە بەگەرمی لەسەر هەڵوێست و ڕێبازەکانی خۆمان بەردەوام دەبین، دژی شەڕی براکوژی و کینە بەرینەتینە، ئاگاداریشمان کردن ڕۆژی ۱/۱۸ هەموو ئەندامەکانی سەرکردایەتیان بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ لە میوانداری ئێمەدا دەبن، دوای نیوەڕۆی ۱۹۸۱/۱/۱۷ ئەم نامەیەمان گەیشتە دەست، دەقی نامەکە:

زەڵی: ۱۹۸۱/۱/۱۷

برای بەڕێزو خۆشەویستمان کاکە عەزیز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

خۆشی و سەرکەوتنتانمان ئاواتە

کاکە لەبەر ئەوەی هەندێ تطوراتی نوێ لە موزوعەکەی دوێنێ باسمان کرد ڕوویداوە، بۆیە بە پێویستمان زانی لەگەڵ کاک عومەر شێخمووس و د.کەمال خۆشناو ئەگەر وەختان هەیە ئێمڕۆ پاش نان خواردنی نیوەڕۆ چاومان پێتان بکەوێت و کات و شوێنی یەکتر دیتنەکەمان بۆ جەنابتان داناوە.

سڵاورێزمان بۆ هەموو هاوڕێیانتان هەیە بەتایبەتی هاوڕێ باوکی سەرباز و هاوڕێ باوکی ئاسۆس. کاک عومەر شێخمووس و کاک د. کەمال سڵاو ڕێزیان هەیە.

ئیتر چاوەڕێ وەڵامتانین.

برای دڵسۆزتان: عومەر مستەفا

هاوڕێ عەزیز و بانیخێڵانی بۆ سەرداتیان چوون، یەکسەر کاک

عومەر دوو نامە بۆ هاوڕێیان دەخوێنێتەوە کە لە شارباژێر بۆ سەرکردایەتی یەنک نێردرا بوو. نامەی یەکەم بە ناوی تاهیر علی والی و نەوشیروان بۆ مەلا بەختیاریان ناردبوو، نامەی دووەم بە مۆری تاهیر علی والی، قادر جەباری و حەمەی حاجی محمود هەم بۆ مەلا بەختیاریان ناردبوو لە نامەکەدا هاتبوو (وامەزانن نەوشیروان بە خۆشی خۆی هاتۆتە لامان، بەڵکە بەدەست گیراوە وەک دەست بەسەر لای خۆمان داناوە) کاک عومەر مستفا بە ناوی م.س یەنک نارەزایی یەکجار زۆری خۆیان دژی ئەم کارە ناڕەوایە دەربڕیبوو. داوای لە حشع کردبوو هەڵسێت بە ڕۆڵی خۆی، زیاتر خۆ ماندووکات و تەقەلا بدات سنوورێک بۆ ئەم جۆرە کردەوە ناپەسندەو خراپانە دابنێت، هەرکە دوو هاوڕێیەکە گەڕانەوە لامان، دەرسی بارە ناهەموارەکمان کرد دیان مەترسی زۆری تێدا بەدی دەکرا، بڕیارمان وەرگرت یەکسەر نامەیەک بە ناوی سکرتێری یەکەمی حشع بۆ م.س حسیک بنووسرێ. دەقی نامەکە:

زەڵێ: ۱۹۸۱/۱/۱۷

برایانی بەڕێزو خۆشەویستی مەکتەبی سیاسی حسیک

سڵاوێکی گەرمی شۆڕشگێڕمان

برایانی بەڕێز ئەمڕۆ لە ڕێگای برادەرانی یەنک وە ئاگادار کراین گوایە کە لە ناوچەی شارباژێر و پێنجوێن لە لایەن برادەرانی ئێوەوە نەوشیروان سکرتێری کۆمەڵەو ئەندامی م.س ی یەنک گیراوە. دوو نامەی کاک تاهیر و نەوشیروانیان تیشان داین کە بە مێژووی ۱۹۸۱/۱/٦/٥ پێکەوە بوون لە دێی (قەوێلە)<۱>وە هەردووک نامەیان نووسیوە بۆ هێزەکانی

<۱> گوندێکە لە نزیک ناحیەی بەرزنجە سەر بە قەزای پێنجوێن.

هەردوولاتان کە خۆیان لە شەڕو بەیەکادان دوور خەنەوەو گیراوی یەکتری بەردەن. وە پاش ئەو میژووەش نامەیەکی تاهیرو قادر جەباری و محمدی حاجی محمودیان نیشان داین کە بۆ مەلا بەختیاریان نووسیوە وا پیشان ئەدات کە نەوشیروان لە لایەن جەماعەتی ئیوەوە گیراوەو ئەلین براەرانی حشع وکیلی هەردوو لامان بێت.

جا برایانی بەریز هیواداریین لەم رووەوە بە هەستی پڕ مسئولیەت و لیکدانەوەی دوور سەیری ئەم رووداوە بکەن و هەنگاوێکی گورج بنێن بۆ چارسەرکردنی و بەر بەستکردنی وە هاورییانتان ئاگادار بکەن کە نەوشیروان بە زوویی بەرەلا بکەن. چونکە لەو باوەڕەداین ئەم گیروگرفتانە بەوجۆرە چارە ناکرێ، چاوەڕوانی وەرامین.

هەر خۆشیتان

براتان: عەزیز محەمەد

١٩٨١/١/١٧

ڕۆژی ١٩٨١/١/١٨ ڕۆژێکی دژوارو ئالۆز بوو، سروشت کەوتبووە تەکاندان و هێرشی توندی لە سەرماوسۆڵ و شەختەو بەفربارین. سەرو دڵ و مەزاجی هەموو دانیشتوانی ناوچەکە یەکجار تووشی دەمار ڕەقی و تاوگێری، تیک هاویشتن و لیک سرواندن هاتبوو، لە هەموو بنکەو کونوقوژبنێک، لە هەر دانیشتنو چاو بەیەکتری کەوتنێک، فسکو هۆر و مەقو مەقو، باس هەر باسی بەند کردنی نەوشیروان و پەیوەندی نێران حسیک و ینک بوو!؟.

نیوەڕۆکە ٩ برادەرانی سەرکردایەتی ینک بۆ میوانداریەکە بۆلامان هاتن. پێش و پاش ڕاقێن خواردن هەموو دەنگوباس، گوت و ویژە هەر لەسەر مەسئلەی بەندکردنی نەوشیروان ڕۆیشت، برادەرانی سەرکردایەتی ینک یەکجار توشی پەستی و تا نارامی هاتبوون، ترسی زۆریان هەبوو

کە نەوشیروان بکوژرێت! میوانەکان هەر لامان مابوون ئەم نامەی م.س حسکمان بەدەستن گەیشت:

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان ژمارە/ فق
مەکتەبی سیاسی ڕۆژ ١٩٨١/١/١٨

بۆ برای بەڕێزو خۆشەویستمان کاک عزیز محمدی تێکۆشەر
سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم، خۆشی و سیحەت باشیتان ئاواتمانە.
لە ڕێگای بەڕێزتانەوە سلاوی گەرمان بۆ براپانی م.س و کۆمیتەی ناوەندی حشع پێشکەشە. لێرەش هەموو هەڤاڵان سلاو ڕێزیان هەیە بۆتان.
برای بەڕێز:
نووسراوی ڕۆژی ١٩٨١/١/١٧تان گەیشت لەگەڵ سوپاسدا ئەم خاڵانەی خوارەوەتان وەلام بو دەنووسینەوە:
١- ئەو معلوماتەی کە بە بەڕێزتان ووتراوە دەربارەی گیرانی نەوشیروان گوایە لە لایەن برادەرانی ئێمەوە. ئەوەی ڕاست بێت سەبارەت بەو مەوزووعە هیچ معلوماتێکمان نیە کەموزیاد. تەنها ئەوە نەبێت کە نوسراوی کاک طاهر و کاک قادر و برادەرانی لە ١٩٨٠/١٢/٢٨ لە گوندی (سیاناو)ی لای هەورامان نووسیویانە ئەڵێن (دووجار کەمینمان بۆ دانراوە لەلایەن مەلا بەختیارو برادەرانی کۆمەڵە و لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگەمان گیراون بە چەکەوە و یەکێکیش بریندار. بریندارو تەتەرێک و بارێک ئیشەک لەوان گیراوە)
٢- بە گوێرەی معلوماتی کە لای ئێمە هەبوو گوایە کاک نەوشیروان چۆتە تاران، ئینجا ئەگەر ئێستا بۆ شەڕی براکوژی گەڕابێتەوە بۆ ئەم ناوچەیە. چونکە هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵە لە ناوچەی

شارباژێر کۆبونەوە، وە نیازیان وایە ناوچەی سلێمانی لە هێزەکانی ئێمە ببەستن هەر وەکو عەرزمان کردن.

٣- هەر ئیمڕۆ ئێمە ئەتەر بۆ لای برادەرانمان دەنێرین، داوای تفاسیلیان لێ ئەکەین، و رای خۆماتیان پێ ئەڵێین سەبارت بە پارێزگاری کردنی ژیانی ناوبراو، ئەگەر ئەو هەواڵە راست بێت هەروەها داوایان لێ ئەکەین کە کارێک نەکەن لە لای خۆیانەوە گیروگرفتەکان ئاڵۆزتر بێت.

٤- برای بەرێز ئێمەش لەو قەناعەتەداین کە گیروگرفتەکان بەو شێوەیە چارەسەر ناکرێت، بەڵام کێ دەستپێشکەرە ئەو تاوانبارە هەموو کات لەو بڕوایەدا بووین کە گیروگرفتەکان طابعی سیاسی هەبێت نابێ پەنا بەرینە بەر زەبرو زەنگ و ارهاب بۆ چارەسەری گیروگرفتی سیاسی.

بەڵام بەداخەوە هەندێک لە برادەرانی کۆمەڵە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ ئەدەن سیاسەتێک پەیرەو دەکەن بۆیە گیروگرفتەکان لە طابعی مەوزوعیەت و سیاسی دەردەچێت و شێوەی حەلی عەسکەری و انتقام و عەشایەری بە خۆیەوە بگرێت. ئەگینا سکرتێری کۆمەڵە ئەگەر مەسەلەی حقدو انتقام نەبێت چێ پێویست ئەکات بچێتە سەر پێشمەرگەو قیادەی شەڕی براکوژی بکات.

٥- چارێکی تریش زۆر سوپاسی جهودتان ئەکەین بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان و بەم بۆنەیەوە جارێکی تریش استعدادی خۆمان تاکید ئەکەینەوە بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ بەرێزتان و هەموو هێزە نیشتمانپەروەرەکان بۆ چەسپاندنی ڕێو رەسمێکی دیموکراتیانە لە پەیوەندی نیشتمانی و بۆ پتەوکردنی گیانی هاوپەیمانیەتی و بەرەی نیشتمانی عێراقی کە چەکی سەرکەوتنە لە خەباتدا بۆ رووخاندنی رژێمی رەفتار فاشی بەغداو هێنانە دی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان هەروەها ئامادەین بۆ چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتەکان بە

شێوەیەکی بنەڕەتی.

هیوادارین ئەم هەڵوێستەی ئێمە تقدیر بکەی و بێتە هۆی چارەسەری هەموو گیروگرفتەکان. ئیتر دوو بارە حورمەت، هەر بژی بۆ خزمەتی کێشەی گەلەکەمان

الحزب الاشتراكي الكردستاني الموحد

المكتب السياسي

ڕۆژی ١/١٩ کاک عومەر مستەفا بە نامەیەکی کورت داوای چاوپێکەوتنی هاوڕێ عەزیز محەمەدی کردبوو. بە هۆی ئەوەی بنکەکەمان نزیکی یەکتری بوون هاوڕێ عەزیز ڕۆیشت بۆ دیتنی کە گەڕابۆوە بۆی باسکردبین کە (سەرکردایەتی پنک) لە ڕاڕایەکی قوڵی و تەماوی‌دا دەژین، مەترسی ئەوەیان هەیە نەوشیروان بکوژرێت، داوای تایبەتی زۆریان لە هاوڕێ کردبوو کەچی لەتوانادایە بۆ بەرداتی نەوشیروان بیکات. هەستم کرد هاوڕێش گەلێ نا ئاسوودە بووە لەم کارە ناڕەوایە: ئێمە لەم بارە ناهەموارە دەژیاین، ڕۆژی ٢/١ ئەم نامەی دەفتەری سیاسی حدکا مان پێگەیشت:

برایانی بەرێزی لێژنەی هەرێمی کوردستان/ حشع

لەگەڵ سڵاو ڕێزی برایانە...

نامەی ڕۆژی ١٩٨١/١/١٤تان گەیشت و زۆر سوپاس ئێمەش زۆر بە ئاسەوە حەزدەکەین بەدیداری هاوڕێیان بە تایبەتی هاوڕێ عەزیز شادبین. بۆ ئەو مەبستە تکایە ڕۆژی چواری ڕێبەندان (١٣٥٩)(٢٤ ژانویە ١٩٨١) تەشریفتان بێتە ئەو جێگایە کە هاوڕێ مەلا حەسەن دەزانێ، ئێمەش لەوێ چاوەرێ دەبین.

مەبلەغی ٥٠ هەزار تمەنتان ناردبوو گەیشت، دیارە ئەگەر

پێویستیتان پێ هەبێ لە خزمەتتان داین، بەڵام ئێستا وەرمان گرتەوە زۆر سوپاس

جارێکی تر سڵاو ڕێزمان هەیە بۆ هەموو هاوڕێیان

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

(١)١٣٥٩/١٠/٢٥

لە هەمان ڕۆژ بڕیارمان وەرگرت هاوڕێ "ع" سکرتێری مەکتەبی هەرێمی حشع لەگەڵ هاوڕێ یوسف حنا بچێ وەستان بۆ دۆڵەتوو بچن داوا لە م.س حسیک بکەن کە نەوشیروان بەبێ شەرتو شروت بەردەن. ئێوارە کە گەڕانەوە لامان ئاگاداریان کردین کە لەگەڵ د.محمود، و ڕەسوڵ مامەندو ٥ ئەندامی م.س و ل.م یان کۆ بیونەوە (ناوەکانیان لامە -ن) دەمەتەقەو وتوێژی توند لە نێوانیاندا ببوو هەموو سەرکردەکانی حسیک بە توندی هێرشی زۆر ناڕەوایان هێنابووە سەر ینک هەڕەشەو گوڕەشەشیان کردبوو هەتا توانیبویان کای کۆنیان بەبا کردبوو. هاوڕێیانی ئێمەش بە سوور بونێکی زۆر داوای بەردانی نەوشیروانیان کردبوو چۆنکە چارەکردنی ئەم جۆرە گیرگرفتانە لە خودی ئەرکەکانی جود و جوقد دایە. لە کۆتایی سەرکردایەتی حسیک بەڵێنیان دا بەرو شەو دەرسی مەسەلەکە دەکەن، سبەی وەڵامان بۆ دەگێڕنەوە.

مەکتەبی سیاسی ینک، سێ نامەی بۆ ناردین. ئەمەش دەقەکانیانە:

نامەی یەکەم:

---

(١) تێبینی: ئەم مێژووەی ساڵی ئێرانی دەکاتە ڕێککەوتی ١٩٨١/١/١٥زاینی.

برای خۆشەویست کاک مەلا بەختیار

سڵاوێکی گەرم، سڵاوم هەیە بۆ برادەران، وەزعی ئێمە باشە هیوادارم ئێوەش وەزعتان باش بێت.

من ئەمڕۆ هاتم بۆ لای کاک تایەر عەلی والی و برادەرانی‌تر، بۆ باسکردنی ئەو گیروگرفتانەی کەوتۆتە ناوچەکەوە کە بەراستی جەوێکی ناخۆش و نالەبارە. هیوادارم بە هەوڵی هەمووومان بتوانین چارەسەری بکەین وە وەزعەکە ئاسایی بکەینەوە. زۆرم حەز ئەکرد بتان بینم و باسی ئەو مەوزوعانە بکەین، هیوادارم بەم نزیکانە یەکتری ببینین. جا کاکە گیان بۆ چارەسەرکردنی وەزعەکە تکایە ئەم داوایانە جێبەجێ بکەن:

١- واز لە هەڕەشە بهێنن و هەوڵبدەن کە ئیتر لە هیچ لایەکەوە تەقە روو نەدات. وەزعەکە هێمن بکەنەوەو ئاگاداری کەرتەکانی هەرێمەکە بکەن کە شەڕ دانەمەزرێنن.

٢- ئەو برادەرانەی گیراون بەریان بدەن و بە زوویی لەگەڵ ئەو چەکانەی گیراون بیان نێرنەوە. ئەوساکە ڕەنگە لەگەڵ هەندێ لە مەسئولەکانی ئێرەبین و یەکتری ببینین.

ئیتر خۆشیتان

نەوشیروان

١٩٨١/١/٥

نامەی دووەم:

برای بەرێز کاک مەلا بەختیار

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم.

هیوام خۆشیتانە، ئێمەش باشین.

براگیان: دەربارەی شەڕی براکوژی و ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە لەم چەند ڕۆژەی ئەخیردا ڕوویدا هەموولایەکمان پێمان ناخۆش بووە. دوور بوو

له روحی شۆڕشگێری و تەبایی. بەتایبەت کە ئێستە جبهە هەیە. کاک نەوشیروان هاتووە بۆ منطقەکەوە ئەویش هەروەها وەکو ئێمە ئەم جۆرە رووداوانەی پێناخۆشەو رای لەسەر نیە. یەکترمان دی لەگەڵ کاک نەوشیروانەوە، وەکو دوو مسئول کە شعور بە مسئولیەتی تاریخی بکەین بریارماندا کە هەوڵدەین شەرێ برا کوژی نەمێنێ و وەزعەکە سابی بێتەوە. لەبەر ئەوە تکامان وایە ئەو برادەرە پێشمەرگانەی ئێمە کە سجن لاتان بەڵکو بۆمان بنێرنەوە بۆ ئەوەی ئێمەش ئەو برادەرەی بریندار گیراوە بۆتان بنێرینەوە. هەروەها پێویست نەبوو ئەو ئار بی جیبەی ئێمە ببەن لە مزگەوتی (بیوک) بەڵکو بفەرموون ئەویش اعادە بکرێتەوە بۆمان ئێمەش چەکەکەی (دۆستەکەدەرەتان) بۆ اعادە ئەکەین. هەروەها بەڵکو ئەو قوەتەی هێناوتانە بۆ (بیوک) سحبی بکەنەوە، خوا هەڵناگرێ پێشمەرگە بکوژرێت. کاک نەوشیروانیش هەر رای وایە، جەوی برایەتی و تەبایی دروست بێتەوە لە منطقەکە وە بۆ خطواتی تر یەکتری ئەبینین و شوێنێک دائنێ دێم بۆلاتان. کاک نەوشیروان خۆشی نوسراوی بۆ نوسی وە رای هەروایە.

ئیتر حورمەت و خۆشیتان

براتان: طاهر علی والی

١٩٨١/١/٦/٥

نامەی سێیەم:

برایانی بەرێز کاک سالار و کاک مەلا بەختیار

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

نوسراوەکانتان کە بۆ هەڤاڵ طاهر نوسرابوو گەیشت و لیی حاڵی بووین.

کاکە ئێمە وەکو وتوومانە هەمیشە ئامادەی برایەتی و تەباین. بەڵام

تا ئێستا هیچ بادرەیەکی وامان نەدیوە لە بەرێزتان کە وەکو ئەڵێن اعادەی سقە بێتەوە. چەند جار داوای اعادەی سقە ئەکەین بەلاّم هیچ. ئێمە داوامان کرد کە جەولە بکەین، بەرێزتان تۆزێک دوورتر لە ئێمە جەولە بکەن تا ئەگەینە نەتیجە بەلاّم ئێوە هێزەکانتان ئەهێنن بۆ سەرمان. بۆ نمونە رۆژی ۱۹۸۱/۱/۸ هێزێکی گەورەتان هاتووە دەوری (زەردووی)(۱) کە ئێمە نیوەرۆ لەوێ بووین برادەرە عەرەبەکەی (جیش شعبی) ئاگادار بوو لەگەڵ دلیلەکە حتما بۆی گێراونەوە کە ئێمە لەوێن. ئێمە شەو لە (کەولوس)(۲) بووین ئێوە هێزەکانتان هێنابووە نزیک ئێمە لەگەڵ ئەوەش ئێمە دوور کەوتینەوە، بۆ ئەوەی تووشی مشاکیل نەبین لەگەڵتان، بەلاّم ئێوە سعات ٦ هێزێکی ترتان ناردبووە سەرمان لە (قەویلە) وە لێان داین و اجباریان کردین دفاع لە خۆمان بکەین، بەلاّم ئەوە بوو هێزەکەی بەرێزتان شکان، وە ۸ کەسیان خۆیان تسلیم بە ئێمە کرد، ناچار ئەوێشمان بەجێهێشت و مجبور بووین بڕۆین بەرەو جیهەتێکی‌تر زۆر بە داخەوە ئێوە وا تصور ئەکەن کاک نەوشیروان خۆی هاتوە بۆلای ئێمە، ئێمە گرتوومانە ئەو اسلوبە بە شتێکی بێ اخلاقی ئەزانین وە ممکن نیە بیکەین. وە لە ئەوەڵەوە وام تصور کرد کە خۆی هاتووە، هەمرو ئەزانن و پ.م محمد عارف ئێستا لای خۆتانە ئەزانێت لێی بپرسن کە بەچی اسلوبێک چووین بە پیریەوە، چونکە وامزانی خۆی هاتووە لەسەر حسابی تبادلی نوسراوەکان، بەلاّم پاش ئەوە پێشمەرگەکان هاتنەوە، باسیان کرد کە لە دێیەکەو ماڵەکە دەوری گیراوە وە احتراما

---

(۱) گوندێکە لە ناو خاکی کوردستانی ئێران، کەوتۆتە نەودیوی گوندی پارێزان. بنەماڵەیەکیش بە هەمان ناو هەیە.

(۲) گوندێکە لە نزیک شانەدەری ناحیەی سەید سادق، سەربە حەلەبجەیە، شوێنی لەدایکبوون و ژیانی شاعیری نەمر قانعە.

چەکەکەیان داوەتەوە تا ئەگاتە لای ئێمە. ئەجا ئێمە زانیمان گیراوە، ئەگینا ممکن بو هەر یەکسەر پاش نان خواردن بگەڕابیەتەوە، ئەو شەڕە موئسفەش وەپاش ئەوەش ئەم هەموو مآساتە ڕوویدا نتیجەی غلط وە بێ سقەی خۆتان بوو بە ئێمە.

بەهەر حاڵ کاک نەوشیروان برایەکی عەزیزی ئێمەیە وەلای ئێمە زۆر محترمە وە بەچاوی برا سەیری ئەکەین. بەڵام ئێوە هەتا ئار بی جیەکەتان نەناردەوە، خۆی چەک مهم نیە بەڵام اسلوبەکە عەیب و ناخۆشە. ئێمە تۆزێک خۆمان دور ئەخەینەوە بۆ ئەوەی نەیەنە سەرمان، هیوادارم بەروحی برایەتی و بناء مشکلەکە حەل بکەن. ئێمە رازین حزبی شیوعی عێراق کە ئەندامن لەجبهە بێن بە حەلکەری مشکلەکە، ئەوان ئەتوانن ئێمە بدۆزنەوە. بە نسبەت بەندی لاتان ئەمانەن (ئەجا نازانین تسلیم بونەتەوە یان هەر بەندن لاتان: ١- کامران سعید ٢- محمد فتاح ٣- حەمەرشید هەورامی (عائدی هـ ١ بوو ئێستا پێشمەرگەی ئێمەیە. ٤- ناصح پێنجوینی ٥- حسین حاجی احمد. هەروەها چەکەکانیان معلومن پێویست ناکات قائمەی بۆ بکەین. بە نسبەت هـ١ حق نیە ئەوەندە مصر بن لەسەر ئەوە الحاح بکەن ئەو برادەرانەی خۆیان قراریان داوە ئیش لەگەڵ ئێمە بکەن ئێمەش کاتی خۆی شوکت حاجی مشیر و سلیمان بیرێژی بە هەرنەمەوە التحاقیان بە بەرێزتان کرد قسەمان نەکرد. لە حاڵەتێکدا برادەرانمان چوو بوون بۆ تصفیەیان، کە وتتان لەگەڵ ئێمەن وازمان لێ هێنان.

بەڕاستی ئێمە سقەمان نەماوە پاش ئەو هێز خستنە دوامان وە دەورگرتنی دێهاتەکان. بۆ مەوزوعی تفاوض ئێمە حشع تخویل ئەکەین ئێوەش ئەوان تخویل بکەن، چۆن مشکلەکە حەل بکەن ئێمە رازین.

ئیتر خۆشیتان

براتان	براتان	براتان	
حەمە حاجی محمود	عبدالقادر جباری	طاهر علی والی	١٩٨١/١/٩

ڕۆژی ۲۱/۱/۱۹۸۱ سەرکردایەتی حسیک بە ئەندامێکی م.س ئەم نامەی بۆ ناردین: دەقی نامەکە:

بۆ هاوڕێیانی حزبی شیوعی عیراقی تێکۆشەر
سلاوێکی شۆڕشگێڕانەهیوادارم صحەتتان باش بێت

هەڤالان سلاویان هەیە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم وەزعە ناسکەی کە توشی بوین وە زۆر کێشەی تێدایە کە خزمەتی میللەت و شۆڕش ناکات و لەبەر ڕۆشنایی پێشنیارو هەوڵو تەقەلای ئێوە کە جێی سوپاسە کۆبوینەوە و بە درێژی باسمان کرد و ئێمە بڕیارماندا کە زۆر ایجابی بچین بە پیر گیروگرفتەکانەوەو چارەسەریان بکەین لە چوار چێوەی بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی دیموکراتی عیراقدا کە ئێمە و ئێوە و یەکیەتی ئەندامین تێیدا و هەر لەم ڕوانگەیەوە ئێمە پێشنیارمان هەیە کە ئەو کێشانەی هەن بە شێوەیەکی سیاسی دەستیان بدەینێ و چارەسەریان بکەین و سەرەتای هەنگاوەکان دەرکردنی بەیانێکی سیاسی مشترەکی لایەکانی ناو جەبهە بێت وەکو چالاکیەکی جەبهەوی و تێدا ئەو خالأنەی ئێمە نوسیومانە و خالی ترش کە ئێوە و یەکیەتی پێتان باشە تێدا بێت و هەموومان لەسەر سیغەیەک اتفاق بکەین کە اعلان بکرێت بۆ جەماوەر وە لە پاش ئەوە بکەوینە باسی ئەو حوادسانەی کە ڕوویان داوە و قاتل و شتی تر کە هەنە لە دانیشتنەکاندا و بە ڕوحیەتی بەیانەکە چارەسەر بکرێت. بۆ ئەوەی بە پێچەوانە بۆ کێشەکان نەچین. بە نسبەت ئەوشیروانەوە ئێمە موافقین بۆ بەردانی و بە مجردی ئەوەی یەکێتی موافقەت بکات لەسەر ئەوەی ئەم بەیانە سیاسیە دەرچێت و لەسەر سیغەکەی هەموولایەک موافق بین ئەویش دێت و لە کۆبوونەوەکاندا بەردەوام ئەبێت طبعا وا بزانین دەرکردنی ئەم بەیانە سیاسیە نە شرطە نە مطلب بەڵکو بە شێکە لە کاری جبهەوی و

چوارچێوەی میساقی جەبهەدایە، جا چاوەڕوانی هیمەتی ئێوەین لەم ڕووەوە وە هەڤاڵ عبدالخالق بە قسە هەموو تفسیلاتتان بۆ باس دەکات و مخوەلە بۆ قسە لەم بارەیەوە و هاوکاری لەگەڵ لایەنەکانی تر بۆ سیاغەی بەیانەکەش، پێمان باشە کە جەیشی تحریر شعبی(١) کە طرفێکن لە جەبهە لەم چالاکیانەدا راییان وەربگیرێت و بەشدار بن چونکە چالاکیەکی جەبهەوییە.

ئیتر هەربژین و سوپاس

دکتۆر محمود

١٩٨١/١/٢١

بە بۆچوونی من نامەکەی برادەرانی م.س حسیک توندی تێدا هەبوو نەیاندەویست تەوشیروان بە ساتا بەردەن. ڕۆژی ١/٢٢ برادەرانی سەرکردایەتی یەک ئەم نامەیان بۆ ناردین:

زەلێ: ١٩٨١/١/٢٢

هەڤاڵی بەرێزو خۆشەویستمان باوکی سەرباز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

هیوای خۆشی و سەرکەوتنمان هەیە.

هەڤاڵی بەرێز، ئیمڕۆ بەیانی هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتیمان کە لێرەن کۆبوینەوە و دراسەی نووسراوەکەی د.محمود و نوقتەکانی بەیانەکەی برادەرانی حسیک/مان کرد، هەموومان بریارماندا

---

(١) لەسەرەتای حەفتاکان لە چەند براو کەسێکی ڕاکردو عێراقی لە دمشق دروستکرابوو. ناویشیان لە لیستی هێزەکانی التجمع الوطني العراقي دابوو نارێکی زلی.ی بی: ناوەرۆک بوو لە دوایدا ناویان کەوتە گەر جوقد

که ئەم نوقتانە دیارە شەرتن بۆ بەردانی کاک نەوشیروان و بە گیانی سیاسی و جبهەوی نەنوسراوە و ئەگەر ئەوان دەیانەوێ ئێمە پێکەوە هەموومان وەکو هێزێکی سیاسی ئیش بکەین و چەکەکانمان پێکەوە ئاراستەی دوشمنی هەموو لایەکمان بکەین کە حکومەتی سەدامی فاشیستە تا ڕۆژێک زووتر بیرۆخێنین ئەوا ئەبێ دەست بەجێ کاک نەوشیروان هەر لە شارباژێڕەوە بەربدرێت و تەسلیمی هەڤالانی ئێمە لەو ناوە بکرێتەوە کە ئەمەش بە نوسراوێک ئەبێت لە لایەن سەرکردایەتی حسیکەوە بدرێتە ئێوەو هەردوولامان دوو نوێنەر بنێرین بۆ بەردان وەرگرتنەوەی ئەوسا ئەوا هەرسێ لامان دەتوانین وەکو ئێوە پێشتر پێشنیارتان کردبوو دانیشین و هەموو گیروگرفتەکانی نێوانمان بە گیانێکی برایەتی و شۆڕشگێرانەو پەرۆش بوونی شۆڕش لابەلا بکەین وە ئەوسا ئەگەر پێویستیشی کرد دەتوانین بەیانێکی ڕێکوپێک بۆ جەماوەر دەرکەین.

خولاسە ئێمە بە تەواوی ڕەشیمان لەم مەسەلەیەو لەسەر نووسراوەکەی کاک د.محمود و نوقتەکانیان کتومت وەکو رای ئێوەیە. وە باشتریش ئەوەیە وەکو خۆتان وتتان بڵێن ئێمە ئەم نوسراوە و نوقتەکانمان پێشانی یەکیەتی نەداوە چونکە خۆمان رەفزمان کردووە. ئێمە ئێستە هەموومان لە بارەگاکەی کاک عومەر شێخموس دانیشتوین و ئەگەر لاتان باش بێ و بە مەسلەحەتی بزانن ئەوە دەتوانن بۆ نیو سەعاتێک تەشریف بهێنن بۆ ئێرە و بە چاکی لە ڕەشیەکانمان بگەیێت.

سلاو ڕێزمان بۆ هەموو هاورێیانی لاتان هەیە بەتایبەتی کاکە عزیز و کاکە عمر و کاکە فاتح و کاکە بهاءالدین. ئێمە ئەم مەوزوعە لای کەس باس ناکەین بۆ ئاگاداریتان ئیتر بۆ پێشەوە، هەربژین

برای دڵسۆزتان : عومەر مستەفا

م. هەرێمی حشع لە هەمان رۆژ ئەم نامەی خوارەوەی بۆ برادەرانی سەرکردایەتی حسیک نارد:

زەلێ: ١/٢٢

برایانی بەرێزو خۆشەویست مەکتەبی سیاسی
حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

برایان نامەی ١٩٨١/١/٢١تان گەیشت لەگەڵ خاڵەکانی پێشنیاری بەیانێکی سیاسی لە نێوان هەرسێ لامان دەربچێت. برایانی بەرێز هەرچەند لەم رووە ئێمە لەگەڵ کاک عەبدولخالق‌دا باسمان کرد بەلام بە پێویستیش ئەزانین بە نوسینیش لە پێشنیارو بیروڕای خۆمان ئاگادارتان بکەین.

برایان: ئەزانن هەولو کۆششی ئەم رۆژانەی دوایی ئێمە لەگەڵ حزبتاندا بۆ بەردانی نەوشیروان بوو، تا پێکرا هەموو بگەینە ئەنجامێکی سوود بەخش. بەلام بە داخەوە ئێوە بەرداتی نەوشیروانتان بەستەوە بە موافقەتی برادەرانی یەکێتی لەسەر مۆرکردنی ئەو بەیانە، لە کاتێکدا ئەزانن ئێمە چەند جارێک پێشنیارمان ئەکرد بۆ دانیشتنی سێ قۆلی بۆ باس کردنی گیروگرفتەکانی نێوان ئێوەو یەکێتی نیشتمانی بەلام ئێوە رازی نەبوون. وە ئەو هەولو تەقەلای ئێمە بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکان و دروست کردنی وەزعێکی لەبار بۆ ئەوەی هەموو لایەک بەیەک ریز لولەی تفەنگی پێشمەرگەکانمان رووی خەباتی هەمە جۆریان ئاراستەی دوژمنی سەرەکی بکەین کە رژێمی خوێنڕێژی بەغدایە، جا لەبەر ئەوەی ئێمە لەو باوەڕەداین دەرچونی بەیانی سیاسی بەوجۆرەو لە هەلوکاتێکی وادا ئەنجامدار نابێ وەک پێویستە.

جا لەبەر ئەوە ئێمە بەراستی نازانین کە مەسەلەی کۆبونەوەو بەیان دەرکردن بخرێتە بەردەم لە کاتێکدا کە نەوشیروان هێشتا گیرابێت و رێگەی چارەی ئەو شتانە بەلای ئێمەوە ئەوەیە پێشەکی ئێوە نەوشیروان بەردەن وەلە پاشا هەموو لامان کۆبینەوە وە کۆشش بکەین بۆ دانانی رێو شوێن و پاسایەک کە هەموو لایەنەکان لیٚی دەرنەچن، تا بەو شێوە ئەتوانین رێزەکانی بەرەی نیشتمانی پتەو بکەین و بی بەین بەرەو پێشەوە.

هەر بۆ سەرکەوتن

مەکتەبی هەرێمی کوردستان

حزبی شیوعی عێراق

١٩٨١/١/٢٢

رۆژی ١/٢٣ سەرکردایەتی حسیک ئاگاداریان کردین کە بڕیاری بەردانی نەوشیروانیان وەرگرت، دوو نامەشیان بۆ ناردین:

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان	ژمارە/٦
مەکتەبی سیاسی	رۆژ ١٩٨١/١/٢٣

بۆ/ برایانی بەرێزی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی تێکۆشەر

سلاوێکی شۆڕشگێرانە

هیواداریـن سەرکەوتووبن لە خەباتدا بۆ خزمەتی کێشەی گەلەکەمان

برایانی بەرێز: دوا نوسراوتان بە مێژووی ١٩٨١/١/٢٢ گەیشت و هەڤاڵ عبدالخالق هاتەوە لامان. بۆمان دەرکەوت کە بەرێزتان داخوازیەکەی ئێمەتان وەکو خۆی تەفسیر نەکردووە. لە ڕاستیدا هەر وەکو لە وەڵامی نامەی کاک عزیز محمددا وە لەکاتی هاتنی برایان ابو فاروق و ابو حکمت تاکیدمان کردەوە کە هیچ مطالبیمان نیە بۆ ئازادکردنی نەوشیروان

مستەفا بەڵام داوایەکەمان دڵسۆزیمان بوو بۆ پتەوکردنی گیانی هاریەیانیەتی کە کاتێک حەزمان دەکرد و سوودیشی زۆر دەبو ئەگەر ئەو سەرەتایانەی ئێمە ناردبوومان بۆتان لەسەر شێوەی بەیانێک لە نێوان لایەنەکانی ناو جبهەدا بڵاوکرایایەوە تێدا اداتەی شەڕی براکوژی و سیاسەتی پاوانکردنی کاری سیاسی بکرایە لە لایەن برادەرانی یەک پەیرەوی دەکرێ. ئێنجا سەبارەت بەم وەزعە بۆ چۆنیەتی ظروفی گیرانی نەوشیروان مستەفا وە ئەو شەڕو گێچەڵەی پێش و پاش گیرانی ناوبراو دووچاری هەڤاڵاغان بووە هەر وەکو بۆمان باسکردوون بە پێویستی ئەزانێن ئەم خالانەی خوارەوەتان جارێکی تریش بۆ تاکید بکەینەوە لەگەڵ رەئیمان لەسەر شێوەی چارەسەرکردنی مەوزوعی شەڕی براکوژی و شێوەی بەردانی نەوشیروان هیواداریین جێگەی تەقدیرو رەزامەندی هەموولایەنە سیاسیەکان بێت:

١- برایانی بەرێز تاکو ئێستا دەیان جار بۆ بەرێزتان و هەموو لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆرەپانی شۆڕشمان ڕۆن کردووتەوە کە بە هەموو شێوەیەک دژی شەڕی براکوژین چونکە قەناعەتی تەواومان هەیە کە گیروگرفتی سیاسی لە نێوان هێزە سیاسیەکاندا بەرێگەی کوشتن و بڕین و زەبروزەنگ چارەسەر ناکرێ جگە لەوەش جەماوەری میللەتەکەمان زۆر دژی شەڕی براکوژیەو ئەو شەڕەش ناڕاستەو خزمەت بە دوژمنانی گەلەکەمان ئەکات و تاقی کردنەوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان ئەم راستیەی سەلماندوە.

٢- تا ئێستا دەیان جار رۆشمان کردوتەوە کە برایانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سیاسەتێکی چەوت پەیرەو دەکەن کە داوای پاوانکردنی کاری سیاسی دەکەن لە هەندێک لە ناوچەکان و ڕێگەی چالاکی سیاسی لە هێزەکانیتر بەتایبەتی حزبمان دەبەستن و لێ ی دەگرن و

شەڕیان پێ دەفرۆشن. هەروەکو لەم دواییەدا لە ناوچەی سلێمانی بەسەرپەرشتی مسئولەکانیان بە شێوەیکی رون و دیار رەفتاریان کرد لەگەڵ هەڤاڵانی ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە چەند پیاوکوژیکی عادی کە پێشمەرگەیان شەهید کردووە لای خۆیان حەواندویانەتەوە کە ناوەکانیان لای بەرێزتان هەیە.

٣- لە ماوەی ٨ مانگی رابوردودا لە کاتێکدا کە ئێمەو برایانی یەکێتی زنجیرەیەک کۆبونەوەمان هەبوو لەو کاتە ٢٤ دەستدرێژیان کرایە سەر لە لایەن (ی.ن.ک) و ١٦ هەڤاڵانیان شەهید کردین و چەندەها پارچە چەکیان بەتاڵان بردووە و چەند جار داوامان لە بەرێزتان کردووە کە تدخل بکەن بۆ ڕاوەستاندنی ئەو برایانە. بەڵام ئەگەرچی ئێوە جهودتان سەرف کردووە، نەتان توانیوە ئەو برایانە قەناعەت پێ بکەن کە واز لەو سیاسەتە بهێنن. ناوی شەهیدەکانیش لاتانن.

٤- هەمیشە داوامان لە بەرێزتان و هەموولایەنە سیاسیەکان کردووە کە محتوای پێشکەوتنخوازی شۆڕش و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی دووچاری مەترسی بووە بە هۆی سیاسەتی (ی.ن.ک) کە چەند تاقمێک لە ئاغاو دەرەبەگ و کۆنەپەرستیان لە خۆیان کۆکردووەتەوە کە زیاتر لە ٥٠٪ هێزەکانیانەوە چەکداریان کردوون و دەستیان بەرەڵلا کردون لە گرتن، کوشتن و ئازاردانی هاووڵاتانانی رەنجدەر و جوتیارانی ناوچەکان، ئەمەش لەکەیەکی زۆر ناشیرینە بۆ ناوبانگی شۆڕش و جولانەوەی نیشتمانی بە گشتی و دوژمن زۆر سودی لێ وەرگرتووە. چونکە کەرەستەو سوتەمەنی ئەساسی شۆڕش کە جوتیاراتن لە زۆربەی ناوچەکان لەسەر ڕێ‌و شوێنی خۆیان دەردەکرێن و ملکانە و سەرانەو بێگار و هەموو برو بیانویەکی دەرەبەگیان لەسەر زندوو کراوەتەوە لەژێر باڵی شۆڕشدا.

٥- ئێمە لە ناوەڕۆکی نوسراوی ١٩٨٠/١٢/٢٨و١٩٨١/١/١٤

هەڤالانی خۆمان ئاگادارمان کردن کە لە کاتێکدا ئێمە هێزێکمان رۆیشتوە بۆ لای شارەزوور و پێنجوین بۆ هاوکاری هێزەکانی‌ترمان لەوێی بۆ دەست وەشاندن لە دوژمن کەچی لە لایەن هێزەکانی (ی.ن.ک) بە شێوەیەکی دوژمنکارانە رەفتاریان لەگەڵا کراوە بەم شێوەی خوارەوە لە کاتێکدا زۆر لە مەسئولەکاني کۆمەڵە خۆیان اشرافی شەری پراکۆژیان کردووە:

أ- پێش رۆیشتنی هەڤالانمان پێشمەرگەیەکی پۆستەچیمان بە ناوی رشید هەورامی لە لایەن مەلا بەختیار و ئەوانەوە لە رێگا گیراوە خراوەتە ژێر تەعزیبەوە.

ب- لەیەکەم هەنگاوی چوونی برادەرانمان لەسەرەتادا لە مزگەوتی (گەورەدێ) پێشمەرگەیەکیان چەک کردووە، ئەویش هەر قاسید بووە زۆریش قسەی سووک و اهانەیان بۆ حزب ناردووە.

ج- لە گوندی (هەلوی)ی شارباژێر کەمینێکیان داناوە بۆ برادەرانمان بەڵام زوو لێک ئاشکرا بووین زیان نەبوو لە نێوانماندا.

د- لە شەوی ۱۹۸۰/۱۲/۲۳/۲۲ لەسەر رێگای (چەوتان) و (دۆڵەسور) لە نێوان پێنجوین و سلێمانی کاتێک کە هێزەکانمان خەریکی پەڕینەوە بوون کەمینێکیان بۆ دانرا بووە لە ناکاودرانە بەر دەستڕێژی گوللە لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەکمان بە ناوی رزگار بریندار دەکرێ و بارێک فیشەک و پێشمەرگەیەکی تر بە ناوی بەختیار دەستگیر و چەک دەکرێ.

هـ- لە شەوی ۱۹۸۱/۱/۳/۲ لە گوندی بیوک کەمینێکی تریان بۆ دانەنێن و ئابلوقەیان هێزەکانمان دەکەن لە ئەنجامدا هەڤاڵ عبداللە هەمزە معاون ئامیر هەرێمی/۳ و لێپرسراوی لێژنەی ناوچەی شارباژێر و ٥ پێشمەرگەی تر دەگرن و چەک دەکرێن و ٦ کلاشینکوف و ئار بی

جیبەکیان لێدەستێنن.

و- لە ڕۆژی ١٩٨١/١/٤ جارێکی تر ڕێگە بە برادەرانمان دەگرنەوە لە دۆڵی (گەلاڵە) وە شەڕ دەست پێدەکات و برادەرانمان بڕیاری دەستکردنەوەو لووت شکاندنیان ئەدەن.

ز- لە ڕۆژی ١٩٨١/١/٥ نەوشیروان مستەفا لە گوندی قەونلە پاش شەڕێک کە نەیتوانیوە خۆی دەرباز بکات لە لایەن هێزەکانی ئێمەوە دەستگیر دەکرێ و پێشمەرگەیەکیشیان بە بریندارى بەجێ دەهێڵن کە لە دوای تەداوی کردن ئازاد دەکرێ.

ح- لە ڕۆژی ٩٨١/١/٩ لە شەڕێکی تردا ٩ مسئولی تری کۆمەڵە دەست گیر دەکرێن و چەک دەکرێن کە هەندێکیان ئازاد کراون و نەوشیروان و حەمە جزا و سامان و سێ ئامیر مفرەزەی تریان حجزن لە لای هەڤالاتمان و ٩ کەسیشیان ئازاد کراون.

٦- هەرچەندە ئێمە وا تصور ئەکەین کە بەردانی نەوشیروان بەبێ ئەوەی هیچ التزامێکی سیاسی بدەن کەواز لە شەڕی برا کوژی و لەو اسلوبە چەوتە دێنن سوودی نابێت، وە دوور نیە زیاتریش مغرور بن وەلەسەر شەڕی براکوژی برۆن وە ئەم هەلوێستەی ئێمەش جارێکی دیکە بە خراپ تفسیرکەن.

٧- لەگەڵ هەموو ئەم ڕاستیانەی سەرەوە وە بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش بە پەرۆش خۆمان بۆ نەهێشتنی شەڕی براکوژی بەکردەوە دووپات بکەینەوە وە زەمینە خۆش بکەین بۆ ئەو مەبەستە وە بۆ ئەوەی پیشانی بدەین کە زۆر ڕێزمان هەیە بۆ ڕای هێزە سیاسیەکان وە خواستی جەماوەری گەلەکەمان کە زۆر بێزارن لە شەڕی براکوژی. وە بۆ ئەوەی جارێکی تریش بەرژەوەندی بەرزی شۆڕش و گیانی هاوپەیمانیەتی و بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی و دیموکراتی کە هەموومان ئیمزامان کردووە

بخەینە سەر هەموو اعتبارێک بڕیارماندا بە ئازادکردنی نەشیروان مستەفا سکرتێری گۆمەڵەی ڕەنجدەران و ئەندامی م.س/ی ینک بەبێ قید و شرط وە تەنانەت ئەو مطالیبانەی کە هەمان بوو پێشگیرانی نەوشیروان وەکو مەرج بۆ دانیشتن لەگەڵیاندا دەربارەی تسلیم کردنەوەی ئەو قاتیل و تاوانبارەیانەی کە پێشمەرگەیان شەهید کردووە لای (ی.ن.ک) حەوانەوە تاجیل دەکەین بۆ کاتێکی تر و لەلای خۆمانەوە دەرگای هیوار و وتووێژ لە چوارچێوەی جەبهەدا دەخەینە سەر پشت.

وا لەگەڵ ئەم نوسراوەماندا نامەی تایبەتی بۆ ئازادکردنی نەوشیروان ئەنێرین بۆتان ئێوەش نوێنەرێکی خۆتان بنێرن تاو براو وەریگرنەوە.

ئیتر بۆ پێشەوە

حزبی سوسیالیستی یەکگرتووی کوردستان

مەکتەبی سیاسی

دەقی نامەی دووەمیان کە بۆ ئازادکردنی نەوشیروان نووسراوە:

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان ژمارە/٧

مەکتەبی سیاسی ڕۆژ ١٩٨١/١/٢٣

بۆ/ هەڤالانی بەڕێزو تێکۆشەر کاک طاهر علی والی و کاک قادر جباری و کاک شیروان شێروەندی و کاک محمد حاجی محمود.

سڵاوێکی شۆڕشگێرانە... هیواداریـن سەرکەوتووبن لە خەباتی پیرۆزتا بۆ خزمەتی کێشەی گەلە هەژارەکەمان، لە ڕێگای ئێوە و سڵاوی خەبات و تێکۆشان بە هەموو برایانی لێپرسراوو پێشمەرگە قارەمانەکان را ئەگەیەنین.

هەڤالانی بەڕێز: نوسراوی ڕۆژی١٩٨١/١/١٤ گەیشت و هەڤالانی تەتەر و نوێنەرتان گەیشتە لامان و بەم زووانە دەگەنەوە لاتان. لە وەزعتان ئاگادار بووین و نامەی سێهەمتان تەگەیشتووە پێمان، ئێمەش ڕەئیمان لەسەر ڕووداو و احداسەکانی کە دووچارتان بووە وەکو ڕۆنتان کردبووە:

١- زۆر سوپاس و تقدیرتان ئەکەین کە بە شێوەیەکی معقول و بە گیانی هەستکردن بە مسئولیەتەوە تصەرفتان کردووەو بە هەموو شێوەیەک خۆتان لە شەڕی براکوژی پاراستوە و زۆر بە نەرمی و خوێن ساردیەوە بەرامبەر ئەو شەڕو گێچەڵەی کە برابانی (ی.ن.ک) لە ڕێگای ڕۆشتنتاندا پێیان فرۆشتوون ڕەفتارتان کردووە و خۆتان پاراستووە. بێگومان ئەوەش نیشانەی بەهێزیی و بڕوا بە خۆ بوون و دژایەتی شەڕی برا کوژیە.

٢- هەروەها جارێکی تریش سوپاستان ئەکەین کە کاتێک ناچار بوون لێیان بدەن و لوتیان بشکێنن وەکو دوا وسیلە بە باشی تێتان گەیاندوون کە نەرمی کێشان و بێ دەنگ بوونی ئێمە لە لاوازیەوە نەبووە. گرتنی مسئولەکانیان و ڕاونانی سەرکشەکانیان ئەگەر هەست بکەن و بیری لێ بکەنەوە نیشانەی ئەوەیە کە شەڕی براکوژی هیچ سوودی نیە بۆیان و ئەگەر لەسەریشی بڕۆن زیاتر زەرەر دەکەن.

٣- لەبەر ئەوەی کە هەموو هێزە سیاسیەکان و لایەنەکانی ناو بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی و دیموکراتی وە بە تایبەتی حزبی شیوعی عیراقی کە ئێوەش مەبەستتان بووە ڕێز دابنرێت بۆیان داوایان لێمان کـ دەوە کە نەوشیروان مستەفا ئازاد بکرێ. ئێمەش بۆ ئەوەو بۆ ئەوەی جارێـی تریش (حسن النیەتی) خۆمان تاکید بکەینەوە وە هەوڵ بدەین لەلای خۆمانەوە زەمینە خۆش بکەین بۆ نەهێشتنی شەڕی براکوژی هەر وەکو تا ئێستا درێغیمان نەکردووە لەم بوارەدا بڕیارماندا بە ئازادکردنی نەوشیروان بەبێ

قەید و شرط. تکایە بە گەیشتنی نووسراوەمان بفەرموون تەسلیمی نوێنەری حشع بکرێت. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەێنێ ئێوە لە خۆتان ئەمین ببنەوە یان توقع بکەن ئەوان واز لە شەڕو گێچەڵ دەهێنن بە پێچەوانەوە بە دوری نازانین بۆ شاردنەوەی ریسوا بونی خۆیان لەسەر ئەو هەڵوێستانە بەردەوام بن بۆ ئاگاداری.

ئێتر بۆ پێشەوە لەژێر ئالای حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان

م.س

وێنەی هەردوو نامەمان بۆ برادەرانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) نارد بە بڕیارەکەی سەرکردایەتی حسیک ئاگادارمان کردن، گەلێ گوشادو دڵخۆش بوون. نامەی سوپاس و رێزگرتنیان بۆ نوسینەوە، دەقی نامەکەیان:

زەلی: ١٩٨١/١/٢٣

بۆ هاوڕێیانی م.هەرێمی کوردستانی بەرێز پێشکەشە

سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

هاوڕێیانی بەرێز پێش هەموو شتێک بەناوی ئەندامانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) زۆر زۆر سوپاسی ئەم دەورە مێژوە مەبدئیەتان ئەکەین و ئومێدوارین ئەم هەنگاوە ببێتە هەنگاوی ئیشکردن لە چوارچێوەی جبهەو تەتبیع کردنی عیلاقات لەگەڵ برادەرانی حسیک وە ئێمە ئامادەین کە چەند پێشمەرگە بە پێویست ئەزانن لەگەڵ هاوڕێیانی ئێوە ڕەوانە ئەکەین وە هاوڕێ ئاسۆ نوری لەگەڵ پێشمەرگەکان ئەنێرین وە کاک ئاسۆ ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەیە، لەدوایدا زۆر زۆر سلاو رێزمان بۆ مامۆستای

بەرێز کاک عزیز محمد هەیە وە ئێمە وای بە باش ئەزانین کاک نەوشیروان هەر لەوێ تسلیم بە برادەرانی ئێمە بکرێتەوە.

ئیتر خۆشیتان

لە جیاتی م.س ی.ن.ک

د. کەمال خۆشناو

بە نامەیەکی کورت ئاگاداری سەرکردایەتی ینک/مان کرد کە ئێمە دوو کادری خۆمان قادر رەشید و علی حمە عزیز کە بە علی کلاشینکۆف ناسراوە لەگەڵ ٦ پێشمەرگەمان ئامادەکردیە سبەی ١٩٨١/١/٢٤ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی ئێوە بکەونە رێگا بۆ وەرگرتنەوەی نەوشیروان.

بەم نامەیە وەرامیان دایەوە:

زەلێ: ١٩٨١/١/٢٣

بۆ برای بەرێز باوکی سەرباز پێشکەشە

سلاوێکی گەرم

برای خۆشەویست وا ئێمە بریارماندا کاک جەمال ئاغا لەگەڵ ٥ پێشمەرگە ئەنێرین وە حەز ئەکەین ئاگادارمان بکەن چ کاتێک ئامادە بن وە ئێمە هەر لە ئێستاوە برادەرانمان ئامادە کردووە. ئیتر خۆشیتان

براتان: د. کەمال خۆشناو

لەو ماوەی کە ئێمە کەوتینە جەموجۆل و تەقەلادان بۆ ئازادکردنی نەوشیروان، بۆ هێزو کادرەکانی حسک/ی مەڵبەندەکە رۆن بوزوە کە ئەوەی مەبەستیانە و دەیانەوێ بەرامبەر نەوشیروان ئەنجامی بدەن ناچێتە سەر، بەسانانش تێ ناپەرێت بەتایبەتی شەهید تاهیر عەلی والی

تێکۆشەرێکی هێمن و دڵرەبێن بوو، بە توندی دژی شەڕی براکوژی دەوەستا، زۆر خواست و ئارەزووی لەگەڵ یەکبوون و هاوکاری کردندا بوو بۆیە سانسور پاسەوانیان لەسەر نەوشیروان سوک کردبووە. پێشی ئەوەی برادەرە نێردراوەکانی ئێمە و یەنک یەکخەنە شوێنی بەندکردنەکەی دەرفەتی روخساند بوو خۆی دەرباز کردبوو.

لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی رابوردو بەهۆی نزیکی شوێنی ژیان و پەیوەندی نیشتمانی لە نێوانماندا، هەموو لایەنەکان شارەزایی وردو قوڵیان لەسەریەکتری پەیدا کردبوو. لەناو هەموو حیزب و هێزەکان و جەماوەر دەزانرا کینە حەز بە تەبایی و یەکبوون دەکەن، دژی کینەبەریەتی، ئاکۆکی نانەوە و شەڕی براکوژینە، چەپڕەوی توندوتیژی، کورت بینی و ئاوگێری و دەمار رەقی کێن؟ خۆ بەخاوەن هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی تازە دەزانن (مەبەستیان شۆڕشی حوزەیرانی ١٩٧٦) ماف و دەسەڵات لەدەست ئەواندایە ناوچەکان پاوان بکەن و رێنو شوێن و سنووری هاتووچوو کردن بۆ ئەملاو ئەولا دابنێن... بە قەناعەتی تایبەتی خۆم چۆنی چەند کادرێکی سەرەکی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بۆسەرکردایەتی کردنی هێزێکی پێشمەرگەی یەنک لە مەڵبەندی سلێمانی بۆ ئەوە بوو تۆڵە لە حەمەی حاجی مەحمود و پێشمەرگەکانی حسێک بکەنەوە. خۆ گەر لە تەخشەکانیاندا سەرکەوتوویان ئەوا کادرو هێزی پێشمەرگەو رێکخراوەکانی حسێکیان لە هەموو پارێزگای سلێمانی پەرتو بڵاوی پێدەکرد، سزای زۆریشیان ئەدان، ژمارەکیشیان لێدەکوشتن!!

دوای گەڕانەوەی نەوشیروان بۆ بارەگای سەرکردایەتی یەنک زۆری نەخایاند سەردانی دۆڵی ئاکۆیانەدا لە(دۆڵە رەقە)[١]تووشی بە تووشی

---

[١] گوندێکە لە ناوچەیەکی سەختی شاخاوی هەڵکەوتووە سەر بە قەزای رانیەیە، دانیشتووەکانی لە خێڵی ئاکۆن.

هێزێکی پێشمەرگەی حسێک دێت لەژێر فەرماندەی جوتیارێکی ئازاو شۆڕشگێڕ، عەبدوڵڵا سوری ئاکۆیی، بە شێوەیەکی گەلێ ناڕەوا و دوور لە هەموو ئاداب و ئەرەکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی بە ئامادەبوون و بڕیاری خودی نەوشیروان بەشداری کردنی عەولا سور و چەند پێشمەرگەیەکی حسێک دەکوژن!

* * *

گەڕانەوەی هاوڕێ عەزیز محەمەد
بۆ دەرەوەی وڵات

وەک لە پێشتر ئاماژەم بۆ کردبوو، لەسەرەتای مانگی کانونی دووەمیساڵی ١٩٨١ هاوڕێیانی مەکتەبی هەرێمی حشع، بە ئامادەبوونی هاوڕێ عەزیز چەند کۆبوونەوەکیان کرد. لە دوایەمین دانیشتماندا هاوڕێ سکرتێری گشتی گوتی (بەهۆی کاری زۆرو ئەوکاتانەی هەمە پێویستە لە کۆتایی ئەم مانگە بگەڕێمەوە دیمشق) ئێمەش هەموومان ورتەمان نەکرد، گەڕانەوەکەی پەسند کرا. بڕیار وەرگیرا لە ڕێگای گەڕانەوەدا سەردانی دەفتەری سیاسی حدکا و پدک بدات. لە تارانیش لەگەڵ سەرکردایەتی حزبی تودەی ئێران و سەرکردایەتی سازمانی چریکی فیدائیانی خەڵک اکثریەت کۆببێتەوە. هاوڕێیان یوسف حنار ئەحمەد بانیخێڵانی و نوسەری ئەم کتێبەی لەگەڵدا بێت هەر کە کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی دیموکراتی لە راژان کۆتایی پێ هات یوسف و بانیخێلانی بگەڕێنەوە ناوزەنگ فاتحیش لەگەڵیا بۆ تاران و بۆ دەرەوە بچێت بۆ معالجەی پزیشکی.

** ڕۆژی ١٩٨١/١/٢٤ بنکەمان جێهێشت بەرەو بارەگای دەفتەری سیاسی حدکا بۆ گوندی (ئاخەلان)<١> کەوتینە ڕێگا ئێوارە تاریکی باڵەکانی شۆر کردبۆوە گەیشتینە بارەگاکەیان، برادەران کاک جەلیل

گاداتی، کاک مەلا عەبدوڵلای حەیاکی و کاک مەلا حەسەنی رستگار و کاک فەتاحی کاویان گەلێ بەگەرم و گوڕی پێشوازی و نەوازشیان کردین. بۆ ڕۆژی دووەم دەست بە دانیشتن کرا، لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە وتووێژی زۆر کران، خاڵەکان:

١- باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێران و عێراق.

٢- بەردەوام بوونی شەڕە گلاوەکەی نێوان عێراق و ئێران کە عێراق بەرپرسیاری یەکەمە لە هەڵگیرساندنی.

٣- باری ناجۆری کوردستان لە هەردوو دیویدا. بە تایبەتی هێرشی ئەرتەش و پاسداران بۆسەر ناوچەکانی کوردستانی ئێران و عێراق.

٤- پەیوەندی تایبەتی نێوان حدکاو حشع چۆن زیاتر پتەو بەهێز بکرێت؟

٥- تەقەلادانی هەردوو حزب بۆ نەهێشتنی شەڕی براکوژی لە نێوان گشت چەکدارییەکانی کوردستان

٦- رەخنەو گلەیی و گازاندە و بێزاری زۆری حدکا لە کردەوەکانی پدک لەناو خاکی کوردستانی ئێران و هاوکاری کردنیان شان بە شانی پاسدارو ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی ئێران.

٧- چەند داوایەکی حدکا بۆ یارمەتیدانیان وەکو نزیک بوونەوەیان لە وڵاتانی سۆسیالیستی و پارتە کۆمۆنیست و کرێکاری و پێشکەوتوخوازەکانی دونیا.

لە زۆربەی بۆ چوون و هەڵوێستەکانماندا گەلێ لە یەکتری نزیک بووین. ڕێکەوتین ڕاگەیاندنێکی دوو قۆڵی خست لەسەر ئەم کۆبوونەوەیە بڵاو بکرێتەوە.

---

(١) گوندێکە لە ناوچەیەکی شاخاوی کوردستانی ئێرانە، نزیکە لەسەر ڕێگای ئۆتۆمبێلی نێوان سەردەشت و خانە لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە سەردەشتە.

ئێوارە ڕۆژی ۱۹۸۱/۱/۲۷ گەیشتینە ڕاژان بۆ ڕۆژی دووەم برادەرانی سەرکردایەتی حسیک گەیشتن، دوای نیوەڕۆی ۱/۲۸ دەست بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی بالای بەرەی نیشتمانی دیموکراتی جود کرا. نوێنەرانی پدک: مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵلا، د. محەمەد سالح جومعە، ئازاد بەرواری. نوێنەرانی حسیک: ڕەسوڵ مامەند، عەزیز عەقراوی، مەلا ناسیح، مستەفا خۆخێ. نوێنەرانی حشع: عەزیز محەمەد، یوسف حنا، ئەحمەد بانیخێلانی، فاتح ڕەسول.

دوای پێشوازی کردنی گەرم و گوڕ لە یەکتری کاک مەسعود کەوتە قسەکردن لەهەموو ڕوونکەوە گەلێ لەسەر باری کوردستان و عێراق دوا، وەکوو باری تێکچوو ناڕەوای نێوان هێزە چەکدارەکانی کوردستانی عێراق بە تایبەتی نێوان پدک و حسیک و یەک.

۲- پەیوەندییان بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەم گیروگرفتە تایبەتیانەی پدک هەیە.

۳- شەڕی ئێران و عێراق.

٤- چۆنیەتی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەرسێ حزب کە بەرەی نیشتمانی دیموکراتیان پێکهێناوە.

٥- ڕەخنەو گلەیی و گازاندەیان لە حدکا.

٦- ئامادەیی پدک بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ هەموو هێزەکانی ئەپۆزیسیۆنی عێراقی و کوردستانی بۆ دامەزراندنی بەرەی بەرفرەوان.

کاک مەسعود لە گفتەکانیدا داکۆکی زۆری لە هەڵوێستەکانی خۆیاندا دەکرد. کە دەستیان نەخستۆتە ناو ئیشوکاری کوردستانی ئێران ئەوەی دەیکەن لە بێ چارەییە، ئەرکیان فرە قورسە. بەهۆی بوونی زیاتر لە ٤٠ هەزار ماڵ و خێزانی بارزانیەکان و ڕاکردووەکانی سەر بە پدک کە لە دوای تێکچوونی شۆڕش ۱۹۷٥/۳/۱۹ ڕایان کردووە پەنایان بردە

بەر ئێران. ئەنجا هاتە سەر لۆمەو رەخنەو هێرش بۆ سەر یەنک.

هاوڕێ عەزیز بە دوورو درێژی باسی رێبازو ڕوکاری سیاسی حزب بەرامبەر بە شەڕی ئێران و عێراق، باری ئاڵۆزو تێکچووی عێراق، پەیوەندی نێوان هێزەکانی کوردستانی و عێراقی دوای دامەزراندنی بەرەی دیموکراتی نەتەوایەتی جوقد و بەرەی نیشتمانی دیموکراتی جود. پەستی و دڵتەنگی نارەزا بوونی حشعی نیشاندا لەسەر ئەو دووبەرەکیەو ناکۆکی، کاری ناڕەواو تێک هاویشتنە لە نێوان هێزە کوردستانیەکاندا هەیە. داوای لە پدک کرد بیر لەوە بکاتەوە هێندی هێندی لەو تێکهەڵکێشانە و تێک ئالانەی لەگەڵ رژێمی کۆماری ئیسلامی هەیەتی خۆ بکشێنێتەوە، هێزی چەکداری خۆیی بۆ ناو خاکی عێراق بگێڕێتەوە، لەسەرەتادا بۆ ناوچەی بادینان؛ حدکا مافی رەوای خۆیەتی لە هەر شوێنێ و ناوچەیەکی کوردستانی ئێران بە چالاکیەکانی خۆی هەڵبستێت. سێ رۆژ لەمەو بەر لەگەڵ م.س حدکا کۆبووینەوە. ئەوان ئامادەیی تەواویان هەیە دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ پدک بکەن بە مەرجێک چەکدارەکانتان شان بەشان پاسدارو ئەرتەش پاسەوانی لە بەرژەوەندی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی نەکەن، هەتا یەنک/ش دەمێکە ئامادەیی نیشانداوە کە ئامادەنە هەڵوێستیان بەرامبەر پدک بگۆڕن بەمەرجێک پدک یەکەم هەنگاوهێزی چەکداری خۆی لەناو خاکی کوردستانی ئێران بکێشێتەوە. هاوڕێ عەزیز کەمێکیش لەسەر باری وڵاتانی سۆسیالیست و حزب و هێزە پێشکەوتوخوازەکانی دونیا دووا. وای نیشاندا کە رۆژ دوای رۆژ رژێمی عێراق زیاتر ریسوا دەکرێت و ناوو ناوبانگی دادەبەزێ، لایەنگرو دۆستی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و کوردستانی لە زیاد بون دایە.

نوێنەرانی حسیک ئەوانیش کەمێک دووانیان کرد، لە زۆربەی بۆچوونەکانیاندا لە راوبۆچوونەکانی هاوڕێ عەزیز نزیک بوون. هەر وەکو

هەموو دانیشتنەکانی تر بەرامبەر بە ڕێبازو کردەوەکانی یەک گەلێک بەتوندو تیژی دژیان قسەیان کرد. کۆبوونەوەکە لەسەر ئەوە ڕێکەوت بەیاننامەکی سیاسی لەسەر هەموو بارەکە بلاوکاتەوە. دەقی بەیانەکە لە بەشی ڕووداوو بەڵگەنامەدا بلاوکراوەتەوە.

ڕۆژی ١٩٨١/١/٣٠ هاوڕێیان یوسف و بانیخێلانی بەرەو ناوزەنگ گەڕانەوە. بۆ ڕۆژی دووەم لەگەڵ هاوڕێ عەزیز بەرەو تاران ڕۆیشتین. لە تاران دوو سێ ڕۆژ پشووەمان خوارد، ئاگاداری م.س حزبی تودە و سەرکردایەتی سازمانی چریک اکثریت کرا کە نوێنەرانی حشع لە تارانن ئارەزووی کۆبوونەوەیان لەگەڵتاندا هەیە. دەستمان بە کۆبوونەوەکان کرد :

لەگەڵ سەرکردایەتی حزبی تودەی ئێران.

بەیانی ڕۆژی ١٩٨١/٢/٤ هاوڕێ عەزیز و فاتح و ڕێکخەری ڕێکخراوی حشع لە تاران کە فارسی باش دەزانێ لە کاتی دیاریکراو بۆ باکوری تاران چووین، لە ساختوومانەکی ڕێکوپێک لە لایەن سەرکردایەتی حزبی تودە پێشوازی کراین، زوو بۆم دەرکەوت کە کیانوری و هاوڕێ عەزیز لە دەمێکەوە یەکتری باش دەناسن. ئێمەی پێشکەش بەوان کرد کەسێ کەس بوو: کیانوری سکرتێری گشتی تودە، د. ئیحسان تەبەری و ڕەزا شەلتوک دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی. دەست بە دانیشتن کرا لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە کیانوری کەوتە قسەکردن:

١- باری ئێران و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، پەیڕەوی ئیمام خومەینی و دوا ڕۆژی ئێران.

٢- شەڕی ناڕەوای نێوان ئێران و عێراق.

٣- کردەوە چەوتو ناڕەواکانی حدکا، هێرشی زۆر بۆ سەر د. قاسملو، بە شان و باڵ هەڵگوتنی گروپی ٧ کەسەی لە حدکا جیاواز

بونەتەوە.

٤- پەیوەدتی دوو قۆلی نێوان تودە و حشع.

کیانوری لە گوفتەکانی بەرگری زۆری لە ڕێبازو ڕووکاری ئیمام خومێنی دەکرد، بە دووربین و پێشکەوتنخوازی لەقەڵەم ئەدا. بەتایبەتی ڕاو بۆچوونەکانی ئیمام بەرامبەر بە مەسەلەی ئیسلاحی ئەرزی. ئاماژەی بۆ ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ڕژێمی ئیسلامی دەکردو ناوی بە حوجەتیەکان دەبردن دەیگوت (ئەمانە دواکەوتوو کۆنەپەرستن کۆسپ بۆ پێشکەوتنی ئێران و ئیمام خومێنی دروست دەکەن) بەراشکاوی دەیگوت: (ئێمە لەگەڵ پەیڕەوەکەی ئیمام داینە و بە هەموو تواناکانمان پشتگیری لێدەکەین، کیانوری بە شێوەیەکی ئەوتۆ بۆ مەسەلەی دیموکراتیەت و مافی ئەو نەتەوانەی لە چوارچێوەی ئێراندا دەژین یا مافی مرۆڤایەتی و یەکسانی نەچوو، کە سەرلەی ئێمە ڕاکێشێت بە پێچەوانە نارەزایی دژی شۆڕشی نەتەوەی کورد دەربڕی و هێرشی توندی بردە سەر حدکا بە تایبەتی قاسملو هەتا گەلێ درۆو کردەوەی ناڕەوای خستیە پاڵی!!.

هاوڕێ عەزیز کەوتە قسەکردن، بە دوورودرێژی باسی باری شڵەژاو تێکچوی عێراقی کرد، لە ئەنجامی سیاسەتی دیکتاتۆری و شۆڤێنی حزبی بەعسی سەرکار. هەروەها باسی تەقەلاو خەباتی بێ وچانی هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکانی کوردستان و عێراقی کرد لە پێناو ڕاگرتنی شەڕە ناڕەواکەی نێوان هەردوو وڵات و ڕوخانی ڕژێمە فاشیەکەی بەغدا گرتی: ئێستیکە دوو بەرە لە وڵاتی ئێمە پێکهێنراوە، جود و جوقد ئەوەی حزبی ئێمە تەقەلای بۆ دەدا گەلێ لەمە زیاترە، ئەویش بنیات نانی یەک بەرەی بەرفرەوانە لە هەموو هێزەکانی کوردستانی دیموکراتی، نەتەوایەتی و ئیسلامی، ئەم شەڕە ناڕەوایەی سەدام هەڵیگیرساند دژی کۆماری ئیسلامی بە تاوانێکی گەورەی لە قەڵەم ئەدەین. ڕژێمی عێراق لەم تاوانە

گەورە، لەم کوشتو کوشتارو وێرانکاریە بەرپرسیارە، تێدەکۆشین زوو کۆتایی پێ بهێندرێ. دژی ئەوەشین خاکی عێراق بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەرتەش و پاسدارانی ئیسلامی ئێران. پەیوەندیمان لەگەڵ زۆربەی حزب و هێزەکانی کوردستانی بەهێزە، بە بۆچوون و رای ئێمە لە خودی بەرژەوەندی هێزەکانی دیموکرات و پێشکەوتوخوازی ئێرانیدایە دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ حدکا پتەو و بەهێز بکرێت! حزبی ئێمە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی و حزبە کۆمۆنیست و کرێکاریەکانی جیهان باشە داوای پشتگرتن و یارمەتی لە حزبی تودەی برا دەکەین.

جارێکی تر کیانوری کەوتەوە قسەکردن، زۆر بە تاوگیری و دەمار رەقی کەوتە سەر هێرشبردنە سەر حدکا، نەیتوانی دان بە خۆیدا بگرێت و ئەوەندە رق و کینە ناحەزی دژی د.قاسملو دەرنەبرێت، چەند جار لەسەر یەک دەیگوت قاسملو، قاسملو... قاسملوا!. هاورێ عەزیز بە بزەیەکی گەلێ نەهێنی پێگوتم (ئەمە چیمان کرد وا وەک شارەزەردەواڵەمان لە خۆمان وروژاند) کیانوری هیوای گەلێ زۆری بەوە هەبوو کە گروپی غەنی بلوریان هەموو رێکخراوەکانی حزبی دیموکرات بۆ لایەنی حزبی تودە رادەکێشێت، سەرکردایەتی حدکا بە رەهبەراتی د. قاسملو رووت دەکەنەوەو لە گۆرەپانی جولانەوەی نیشتمانی و نەتەوایەتی کوردستان و ئێران گۆشەگیریان دەکەن! لە کۆتاییدا لەسەر ئەوە رێککەوتین بە یاننامەیەکی هاوبەش بە ناوی هەردوو حزب بلاو بکرێتەوە.‹١›

ب- لەگەڵ برادەر غەنی بلوریان و هاورێیانی

رۆژی ١٩٨١/٢/٥ ئێمە هەر سێکمان لەگەڵ مام غەنی بلوریان و

‹١› تێبینی: بەیانەکە بە عەرەبی و فارسی و کوردی بلاوکرایەوە، بەداخەوە وێنەم لانیە. داواکارم ئەوەی لای دەست دەکەوێ بۆمی بنێرێ.

کاک حەمەدەمین سراجی و د. رەحیمی قازی کۆبووینەوە. بگرە بە هەمان شێوە لەسەر باری ئێران و عێراق و کوردستان، شەڕی ئێوان هەردوو وڵات، پەیوەندی نێوان حدکا و حشع گفتوگۆی لەسەرکراوە. مام غەنی بلوریان گەلێ ناڕەزایی و رەخنەی توندی دژی سەرکردایەتی حدکا بە تایبەتی دژی قاسملو دەربڕی تەی دەشاردەوە و دەیگوت (بە هەموو توانامان پشتی کۆماری ئیسلامی دەگرین. روکارو بڕوای بە تەواوی وەک بیرکردنـ ـڕای ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبی تودە بوو. تەقەلای زۆری‌دا و دەیەویست حشع هەڵوێستی لە هاوکاری و دۆستایەتی کردنی حدکا بگۆڕێت، ڕووی دۆستایەتی و قورسای پەیوەندیەکانی بۆ لای ئەوان دا بشکێنێت. لە ڕووی پروپاگەندەو ناسینیان بە وڵاتانی دەرەوە یارمەتی بدرێن.

ئێمە لە زۆربەی هەڵوێستەکان لەگەڵ ڕاو بۆچوونی ئەوان‌دا نەبووین. بەلام هاوڕێ عەزیز وەکو پیشە کۆنەکانی خۆی گەلێ بە ناسکی و دیپلۆماتیکانە ڕەخنەی لە هەڵوێست و کردەوەکانیان دەگرت، ئاماژەی بە هێندێ ئامۆژگاری دڵسۆزانە بۆ کردن، داوای دەرهێنانی بەیاننامەی دوو قۆڵیان لێکردین لەگەڵیاندا ڕێنەکەوتین.

ج- لە میوانداری د. فواد مەعسوم

ڕۆژی ١٩٨١/٢/٦ لێپرسراوی یەنک لە تاران د.فواد گەشتێکی یەکجار خۆش و نایابی بۆ باکوری تاران ڕێکخست، بە ناو جوانترین دیمەن، دۆڵ و بەرزە، و نزمی شاخ و هەڵدێرو جەنگەڵ‌دا تێپەڕین. زیاتر لە ٧٠ کیلۆمەتر لە تاران دوور کەوتینەوە. گەیشتینە شوێنێکی یەکجار بەرزو خۆش و کراوە پیان دەگوت (تاب علی) دیان جوانترین رستوران لەم شوێنەدا هەیە. مرۆڤ زوو هەستی دەکرد کە کاتی شای پێشوی ئێران، ئەم شوێنە شۆێنی سەرمایەداران و موچەخۆرە گەورەکانی دەوڵەت

بوو، بۆ ڕابواردن و پشودان. هەرچەندە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پرۆگرام و چۆنیەتی خواردن و خواردنەوەی ریستورانەکەدا کردبوو. بەڵام شێوەی هونەری هەندەسی معماری ریستورانەکە لە دوورەوە دەرکەوت. جوانی دیکورەکانی، ڕێکوپێکی شوێنی دانیشتنو نان خواردنی وەکو خۆی مابۆوە. تەنها شوێنی تیپی مۆسیقا و بارەکە کرابوون بە شوێنی نوێژ کردن، وێنەی ئیمام خومینی هەڵواسرا بوو (بەردەمۆرە)ش‹۱› لەسەر بەرە ڕاخراوەکان داندرابوو. خواردەمەنی گەلێ باش و بەلەزەتیان لادەست دەکەوت. دیاردەو دیمەنێک یەکجار سەرنجی ڕاکێشام دیم بە سەدان ئافرەتانی تاران هاتوونەتە ئەم شوێنە خۆشە بۆ ڕابواردن و وازی کردن لەسەر بەفر. ئەم ئافرەتە شەنگو شۆخانەی تارانی خۆیان لە عەبای ڕەش وەرپێچا بوو تەنها ڕوویان ئەبیندرا. سەردەکەوتنە بەرزایی ۲۵۰۰-۳۰۰۰ میتر بەرزی لوتکەی شاخەکە لە وێڕا لەسەر بەفر خۆیان گلۆر دەکردەوە، دەخشین وەک باگردێن خولیان دەخوارد تاکو دەگەیشتنە بناری شاخەکە، لەم سنورە زیاتر بۆیان نەبوو خۆ واری کەنەوە، ئەگینا لە لایەنی خوشکانی زەینەب ‹۲› و پاسداران سزای گەلێ توندو ناڕەوا ئەدران. کات و ڕۆژێکی خۆشمان بەسەر برد. گەلێ وێنەمان وەرگرت. بۆ شەو گەڕاینەوە تاران.

‹۱› بە عەرەبی پێ دەڵێن (تربە) پارچە کلێکی چوار سوچی بچوکی سورکراوەیە. تەنها دەبێ لە شاری نجف الاشرف دروست بکرێت. شیعەکان لەکاتی نوێژکردن و عیبادەت نێوچەوانی خۆیانی دەخەنەسەر.

‹۲› ڕێکخراوێکی ئافرەتانە کۆماری ئیسلامی ئێران و پاسداران ڕێکیان خستووە بۆ سانسۆر و ڕاونان و سزادانی ئەو ئافرەتە ئێرانیانەی ڕەفتار بەری ڕوواندنی ئیمام خومەینی و ئامۆژگاریەکانی ڕەهبەرایەتی کۆماری ئیسلامی ناکەن.

* ڕۆژی ١٩٨١/٢/٧ ئێمە هەرسێکمان (هاوڕێ عەزیز و فاتح و ڕێکخەری ڕێکخراوی حزبیمان لە تاران) لەگەڵ سکرتێری گشتی سازمانی چریکی فیدائیانی خەڵک اکثریت فاروخی نیگەهدار و ئەندامێکی سەرکردایەتیان کۆبوینەوە لە بەشی پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ سازمان بە درێژی باسی ئەم کۆبوونەوەم کردیە. پێویست بە دوو بارە کردنەوە ناکات.

* لە ڕۆژی ٧/١٠ هاوڕێ عەزیز بە ڕێگای بەندەری (ئەنزەلی) لەسەر دەریای خەزەر بەرەو (باکۆ، مۆسکۆ، دمشق) کەوتە ڕێگا و ئێمەی جێهێشت. کەوتمە تەقەلادان بۆ جێبەجێکردنی کاروباری سەفەرکردن. دوای ١٢ ڕۆژ گەیشتمە دمشق، هاوڕێیانی م.س بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە ئەپارتمانێکی حزبیان دانام. بە ڕێکەوت دیم لە هەمان ئەپەرمانت سکرتێری کوک کە ناوی مستەفا بوو لەگەڵ دوو ئەندامی سەرکردایەتیان لە هەمان شوێن دەژیان، ئەوچەند ڕۆژەی لەگەڵ ئەوان ژیام سوودی زۆرم لێوەرگرتن، دەربارەی باری ژیانی نەتەوەی کورد و هەموو هێزو حزبەکانی کوردستانی باکور کوردستانی تورکیا. لە ناوەڕاستی مانگی مارت بۆ بیروت چووم میوانی بارەگای مەکتەبی حزبیمان بووم. ئەوکات هاوڕێ فەخری کەریم پاڵێوراوی کۆمیتەی مەرکەزی بۆو بە ناوی عەلی عبدالخالق لێپرسراوو ئیشوکارەکانی حشعی لە لوبنان بەڕێوە دەبرد.

پرۆگرامێکی گەلی ڕێکوپێکی بۆ ڕێکخستم، سەردانی ئەو سەربازگایەم کرد کە ژمارەییک لە هاوڕێیانی ئافرەت و پیاوی حشع لە لایەن چەند کادرێکی عەسکەری بەرەی دیموکراتی فەلەستینی (الجبهه الدیمقراطیه لتحریر فلسطین) مەشقی فێرکردنی چەکی هەمەجۆرو کاروباری پارتیزانیان فێردەکرا. چەند کیلۆمەترێک کەوتبووە دەرەوەی شاری بیروت، ڕۆژێکیان لا مامەوە.

* دوای دوو رۆژ لەگەڵ ئەمیندارى گشتى بەرەى دیموکراتى ئەلەستین (نایف حواتمە - ابو التوف) کۆبووینەوە هەرچەندە ئەو پێشەکى سەعاتێکى بۆ دانیشتنەکەمان تەرخان کردبوو بەڵام کە کەوتینە سەر قسە و گفتوگۆ لە پێشاندا ئەو ڕاو بۆچوون و هەڵسەنگاندنى بەرامبەر بە ڕژێمى بەعسى عێراق و خودى سەدام نیشاندا، گوتى (سەدام دیکتاتۆرە سەرکردایەتى ولاتێکى دەوڵەمەندو بە سامان دەکات، تاوانبارە لە هەڵگیرساندنى ئەم جەنگە ناڕەوایە لەگەڵ ئێراندا، بارى هەموو ڕۆژهەلاتى ناوەڕاستى شێواندووە لەسەر هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکانى عێراق پێویستە سوود وەربگرن نەهێڵن ئەم دەرفەتە لە کیس چێت ڕژێمەکەى بەعس بەڕووخێنن. خۆ گەر هاتوو جەنگەکە کۆتایى پێهات، سەدام هەر لەسەر کاریش مایەوە ئەوە عێراق ولاتێکى دەوڵەمەندە پڕ پیتوبەرەکەتە، زۆر ناخایەنێت بە ماوەیەکى کەم سەدام زیاتر بەرەو دیکتاتۆریەت دەڕوا و بە تاوانى گەورەتر هەڵدەستێت)

منیش دەربارەى بارى سیاسى عێراق، هێزەکانى بەرهەڵستکارو شەڕى پارتیزانى، پەیوەندى نێوان حزبە عێراقى و کوردستانیەکان و ئەو کەموکورتى و تەگەرانەى هەنە و کۆسپن لە پێش گشت هێزەکان کە نەیانتوانیوە بارەکە بگۆڕن و ڕژێمى بەعس بڕوخێنن بە درێژى قسەم بۆ کرد. چەندجار زەنگى لێئەدا، دەیگوت قاوە بێنن کاتێک تەماشاى سەعاتم کرد دیم ئەمە سێ سەعاتە دانیشتوین، ماوەم لێوەرگرت و جێم هێشت.

هەروەها لەگەڵ هاورێ فەخرى کەریم چاوم بە یاسر عبد ڕەبەو فەواز تەرابلسی کەوت لەگەڵ ئەوانیشدا باس هەر باسی عێراق، ڕژێمى بەعس و سەدام، شەڕى ئێران و عێراق، شەڕى پارتیزانى و بەرگرى لە ناوچە شاخاوییەکانى کوردستانى عێراق.

* له ڕۆژی ١٩٨١/٣/١٦ گەیشتمە مۆسکۆ هاوڕێ پێشمەرگەیەکی هەژار، ئازای کۆڵنەدەر دەستو پا شکاو (حسین مەرجانی) هەڵەبجەیم لەگەڵدا بوو هەر یەکسەر لە فرۆکەخانەوە منیان بۆ بیمارستانی کۆمیتەی مەرکەزی برد هاوڕێ حوسێنیش بۆ بیمارستانی تایبەت بە چاککردنەوەی ئیسقان. ٤٠ ڕۆژ لە بیمارستان مامەوە، بایەخی باشیان پێدام، جەرگم، قاچەکانم کە تووشی رۆماتیزم هاتبوو، چارەیان کرد. لەناو بیمارستانەکە ناسینو دۆستایەتیم لەگەڵ سەرۆکی حزبی وەحدەویتی ئیشتراکی سووریا، پارێزەر فائز ئیسماعیل پەیدا کرد، وەزیری شارەوانی پێشو و ئەندامی کۆمیتەی باڵای بەرەی پێشکەوتوخوازی نەتەوایەتی سووریایە. زیاتر لە مانگێک شەوڕۆژ زۆربەی کاتمان پێکڕا بەسەر دەبرد، زانیم لەبنەچە خەڵکی پارێزگای ئەسکەندەرونەیە، لە ساڵی ١٩٣٨ کە ئیمپریالیزمی فەرەنسا پارێزگاکەی دا بە تورکیا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دانیشتوانی هەرێمەکە ڕوویان کردبووە سووریا. بنەماڵەی ئەوانیش لەو راکردوانە بووە. سەرەتای تەمەنی گەنجایەتی لە بەغدا خوێندویەتی هەر لە گەنجیشدا لەگەڵ ئاقەی عەفلەقی دامەزرێنەری حزبی بەعس کاری سیاسی کردیە، بەڵام چەند ساڵێک لەمەوبەر لیان دوور کەوتوتەوە و حزبی تایبەتی دامەزراندووە. پیاوێکی بەرێزو سەنگین و هێمن بوو، دەربارەی نەتەوەی کورد شتێکی ئەوتۆی نە ئەزانی، ژمارەی هەموو نەتەوەکە، نیشتمانی و شوێنەکانی دابەشکردنی بەسەر چوار وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خەبات و شۆڕشەکانی کۆن و تازەی هەتد. دەیگوت ئەم جۆرە زانیارانەم هەر نەبیستوە و نەشم خوێندوەتەوە تیٓ‌ڕوان و بۆچوونی بەرامبەر بە مەسەلەی چارەنووسی کورد، وەکو بیرو ڕاو ئایدۆلۆژیەتی هەر ڕەگەز پەرستێکی عەرەب وابوو. دوای دەرچوونم لە بیمارستان بۆ حەسانەوە و پشودان نێردرام بۆ مەسەحاتی (سوچی) لەسەر دەریای ڕەش، ٢٧ ڕۆژ

مامەوە لە هەموو تەمەنم گەر خۆشیکم دیبی ئەو ماوەیە بوو لە سوچی ژیام.

* رۆژی ۱۹۸۱/٥/۲۷ گەرامەوە دمشق کەوتمە ئامادەکردن بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە کوردستان. بە جەواز سەفەری سوریا رۆژی ۱۹۸۱/۷/۱۷ لەگەڵ هاوڕێ ماجید عبدالرزاق گەڕاینەوە تاران دوای چوار رۆژ تارانمان جێهێشت. چووین بۆ سەردانی م.س پدک لە راژان. برادەرانی م.س پدک گشتێکیان بۆ رێکخستین بۆ سەردانی ئۆردوگای پەناهێندەکانی عێراق لە زێوەو ئێزگەی رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق. رادیۆی پدک، و زیارەتی قەبری خوالێخۆشبو تێکۆشەری نیشتمانپەروەر مستەفا بارزانی کە کەوتۆتە گوندێکی بچوک لەناو خاکی کوردستانی ئێران لە نزیک سێ سوچی سنووری ئێران، تورکیا، عێراقدایە.

رۆژی ۲۷/تەموزی ۱۹۸۱ گەیشتینەوە بنکەکانی خۆمان لەناوزەنگ گوێزرابۆوە بۆ بەرامبەر دۆڵەکەی پشتی گوندی نۆکان. هاوڕێیان ئاگاداریان کردین کە ئەو بریارانەی لە دواهین کۆبوونەوەمان بە ئامادە بونی سکرتێری یەکەمی حزب وەرگیرابوون، زۆربەیان جێبەجێ کراوە، ئیشوکارەکان شێوەیکی رێکوپێکتری وەرگرتبو. مەکتەبی تایبەت بۆ رێکخراوە نهێنیەکانی حزب لە هەرێم و هەمو عێراق، مەکتەبی عەسکەری بۆ بەرێوەبردنی کاروباری پێشمەرگە و شەڕی پارتیزانی، مەکتەبی راگەیاندن، لەگەڵ کۆمیتەیکی تایبەت بۆ سەرپەرشتی کردن و رەهبەرایەتی بنکەکانمان لە ناوزەنگ، زەڵێ، نۆکان. کۆمیتە سەرەکیەی کە هێندی جار بە ناوی هەندرێن یا م. هەرێم یا حشع نامەو ئامۆژگاری و راگەیاندنی بلاوەدەکردەوە، هەروەکو پێشو مایەوە.

لەوە زیاتر هەر گەیشتمە ئاوچەکە زانیم ژمارەیەک لە چەکدارە کوردەکانی سەربەرژێم کە لەمێژسالە لە کۆمۆڵگای کوردەواریدا بە جاش

ناویان دەبەن بە چەکەکانیانەوە رایان کردووە و هاتونەتە پاڵ ئێمە. شوێنی ژیاتیان لە تۆکانە. لێپرسراوەکەشیان کۆنە پێشمەرگە بوو ناوی عەبدوڵلا ماویلیە. یەک و پەدک و حسیک هەرسێ لایان داوایان دەکرد عەبدوڵلا بە ئەوان بدرێتەوە. بەو هۆکارە گوایە دەستی هەبووە لە کوشتنی چەندا کەسی بێتاوان، ئێمەش بەرگری تەواومان لێدەکرد. واش لێک دەدراوە کە ئەم حزبانە دڵگیرو نا ئاسودەنە ئەم راکردنەی جاش بۆ ریزی پێشمەرگایەتی بەکم جارە لەم دووایەدا رۆ بدات چۆن دەبێ بێنە لای حشع و روونەکەنە لای حزبە کوردستانیەکان؟!

عەبدوڵلا ژن و منداڵەکانی هانیبوو، گوندی وەرتێ ‹١› بۆ ئەوەی لەوێ بژین، رێگای پێدرا بۆ چەند رۆژێک سەردانیان بکات، شوێنی ژیان و گوزەرانیان بۆ پەیدا کات.

رۆژی ١٩٨١/٩/٥ ئاگادار کراین کە مەفرەزەیەکی یەنک عەبدوڵلا ماویلیان لە گوندی دەرگەڵە‹٢› فراندووەو کوشتوویانە. م. هەرێم بە نامەی تایبەتی داوای لە جەلال تاڵەبانی کرد کە فراندنی عەبدوڵلا ماویلی لە دەرگەڵە کارێکی نارەوایە تکایە وا بکەن بەربدرێت و بگەرێتەوە ناو ماڵ و منداڵی. رۆژی ٩/٦ مام جەلال بە نامە وەرامی دابەوە نوسیبووی (مەفرەزەیەکی حشع لە بتالیۆنی سەفین بەسەرکردایەتی ئامیر بتالیۆنەکە عەلی کلاشینکۆف لەناو مزگەوتی گوندی فەقێیان‹٣›، وەسمان بەگ و سێ پێشمەرگەی یەنک/یان کوشتینە، ئەم چوار کوژراوەش بێتاوان بوون ئاگاداریان لە هیچ رووداوێک نەبوو. گۆیە لە تۆڵەی کوشتنی عەولا ماویلی بەم کارە هەڵساون. تێکهەڵچوونێکیش لە نێوان پێشمەرگەکانی

‹١›‹٢›‹٣› وەرتێ، دەرگەڵە، فەقێیان: سێ گوندی گەورەنە لە قەزای رواندز کەوتونەتە ئەم دیوو ئەو دیوی شاخی کارۆخ.

یەنک و حشع لە دەوروبەری گوندی وەرتێ و بناری شاخی کارۆخ روویداوە) بەنامەو نامەکاری سەرکردایەتی هەردوو لامان لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە ئەحمەد بانیخێلانی و نەوشیروان بچن بۆ وەرتێ کۆتایی بە ناکۆکیەکە بهێنن..

ڕۆژی ١٩٨١/٩/٨ هەردووکیان بەرەو وەرتێ کەوتنە ڕێگا لە ئێستگەی رادیۆی یەنک بانگەوازیەک بڵاوکرایەوە، داوا لە هەموو پێشمەرگەکانی هەردولا کرا دوورکەونەوە لە ناکۆکی و شەڕکردنی یەکتر. لە هەمان ڕۆژ م. هەریم منیان بە کارێکی تایبەت بۆ زەڵێ نارد، بەرێککەوت ڕووم بە ڕووی مام جەلال کەوت، بەگەرمی بەخێرهاتنەوەی لەسەفەرەکەم لێکردم، یەکسەر کەوتینە رەخنەو لۆمەکردن، گازاندەو گلەیی لە هەردوو هێز دەربارەی ئەم ڕوداوە کە ڕوویدا. بەرژەوەندی هیچ لایەکی تێدا نیە، دۆستایەتی و پەیوەندی و هاوکاری نێوان حشع و یەنک بگاتە سنووری پێشمەرگەکانمان تەقە لە یەکتری بکەن و کوژراو لە نێوانماندا هەبێ.

مام جەلال گەلێ بە پەستی و نا ئاسودەیی کەوتە قسەکردنی گوتی(لە یەکەم ڕۆژی رووکردنتان بۆ ناوچە شاخاویەکانی کوردستان، ئەمەی لە توانامدا بووە بۆ پتەوکردنی برایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ حشع،دریغیم تێدا نەکردووە هەموو سەرکردایەتی یەنک هەستی ئەوە دەکەن کەلە سەرکردایەتی ئێوەدا هەنە گومان لە دۆستایەتی یەنک دەکات و بڕوایان بە ئێمە کەمە. پارسەنگی کێشانیان بۆ هەندێ لایەنی تر خوار دەکەنەوە، لە قسەکانیدا تووشی تاوگیری هات و کەوتە سوێندخواردن بە کوردستان و بە قەبری دایکی (باش شارەزاییم هەیە مام جەلال لە تەمەنی منداڵیەوە دایکی زۆر خۆش دەویست ئەو قسەی دووای ئەم سوێندە بیکات لە ناخی دەروونی دێتە دەر ئەملاو ئەولای تێدانیە) وە گوتی(باش دەزانم

ژمارەیەکی باش لەسەرکردایەتی حزبەکان هەنە، ئاحەزی من نینە، ریزم دەگرن، دەیانەوێ رۆژ دوای رۆژ دۆستایەتی و هاوکاری نێوان هەردوولامان زیاتر گەشە بکات و بەرەو پێش بروات. بەڵام بەشێکیان دەیانەوێ من وەکو کەونێکی دەنگ خۆش لەناو قەفەزێکی زێردابم بە پێویست و ئارەزوو مەبەستی ئەوان لە هەموو کاروبارێکی سیاسی بجولێمەوە ئەمەش قەت ناکەم) گەلێ گفتوگۆی ترمان دەربارەی گیروگرفتەکان، باری شلەژاوو ئاڵۆزی ناوچەکان، پەیوەندی نا ئاسایی نێوان هێزەکانی چەکدار... هتد. جەخت لەسەر ئەوەکرا کە ئەرکێکی مێژوویە هەموولایەکمان هەست بە لێپرسراوی بکات چار بە گشت هەڵوێست و رووکارەکان دابخشێنینەوە، لاپەڕەی تازە لە نێوان هەموو هێزەکانی کوردستان بکرێتەوە. باچیتر رەنج و تەقەلای خەباتی نەتەوەکەمان و خوێنی شەهیدەکانمان بێ سوود نەڕوات. کە گەڕامەوە لای هاوڕێیانی م. هەرێم دەقی قسەکانی مام جەلالم بۆ گێڕانەوە.

چارەی ناکۆکی و تێکهەڵچوونەکە کرا، ئاسەواری رەشی خراپی خۆی جێهێشت. گومان و کەم بوونەوەی بڕوایی پێنجی خۆی داکوتا. فراندنو کوشتنی عەولا ماویلی کارێکی ناڕەوا تاوان و بێ مانابوو. هەروەها کوشتنی وەسمان بەگ و سێ پێشمەرگەش پەلەکردن و کردەوەکی بێ لێکدانەوەو گێرەشوێنەرانە بوو، ئە دەبا هیچ ئەم کارانە روویان بدایە.

دەگەڕێمەوە سەر کاروبارەکانی تایبەت بە حشع لە ناوەراستی مانگی ئاب مەکتەبی هەرێم کۆبووە بەراشکاوی دەرسی باری رامیاری ولات، پەیوەندی نێوان هێزەکانی نیشتمانی عێراق و کوردستانی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانی کرد. گەیشتە ئەو قەناعەتە کە پێویستە کۆمیتەی مەرکەزی بەم زووانە کۆبێتەوە و دەرسی بارەکە بکات بریارمان وەرگرت کە هاوڕێ ماجد بگەڕێتەوە سوریا مەسەلەی کۆبوونەوەی ل.م و شوێنی

کۆبوونەوەکەیان لەگەڵدا باس کات، ژمارەیەک لە ئێمە داوامان دەکرد کۆبوونەوەکە لە کوردستان بکرێت. ڕۆژی ۱۹۸۱/۸/۱۸ ماجد ئێمەی جێهێشت و گەڕایەوە دمشق.

*　　*　　*

میوانداریتی یا تاوانکردن

کتوپڕ ڕۆژێک هەمو ناوچەکەی ناوزەنگ، زەڵێ، نۆکان گرژی و ماتەمی، ناخۆشی و نا ئارامییەکی یەکجار دڵتەزێنەری بەسەرداهات.بڵاو بووە کە ماوەیەکبوو نامەو نامەکاری لە نێوان شێرکۆ شێخ عەلی و جەمالی عەلی باپیر دەهات و دەچوو خەریکی ئەوە بوون پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان پێشمەرگەکانی حسیک و ینک لە ناوچەی سورداش و شارباژێر پتەوکەن، دۆستایەتی و سەر لە یەکتری دانی گەرم و گوڕ لە نێوانیاندا هەبێت.

ڕۆژی ١٩٨١/٨/٢٣ جەمالی عەلی باپیر کادرێکی کۆمەڵە و ئامەر کەرتێکی پێشمەرگەی ینک لە ناوچەی سورداش و سەرگەڵو بەنامە داوای میوانداری شێرکۆ شێخ عەلی ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی و لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی حسیک لە ناوچەکە دەکات کە لە بنکەی پێشمەرگەکانی ینک لە گوندی (سەروکانی)‹١› پشتی (سەرگەڵو)‹٢›

‹١› گوندێکە کەوتۆتە ناوچەییەکی شاخاوی سەخت لە پشت سەرگەڵو لەسەر ڕێگای پیادەو هاتوچۆکردنی نێوان سەرگەڵو شارۆچکەی دوکانە.

‹٢› گوندێکی گەورەیە سەربەناحیەی سورداشە کەوتۆتە پشت شاخی پیرەمەگرون.

بۆ خواردنی نانی ئیوەڕۆ چاوە نۆڕیان دەکەن.

شێرکۆ و چەند پێشمەرگەیەکی بۆ شوێنی داوەتەکە دەچنە میوانداری جەمال. دوای کەمێک پشووردان و ڕێز لە یەکتری گرتن جەمالی عەلی باپیر بە شێوەیەکی یەکجار ناڕەواو نامرۆڤانە لەناو بنکەی خۆیا دەکەوێتە گیانی شێرکۆو ئەیکوژێت. بەرێککەوت برایەکی شێرکۆ لە دوورەوە چاوی لەم شانۆگەریەو کارەساتە دەبێت نایکات بە نامەردی یەکسەر جەمال دەکوژێتەوە. دەبێتە تەقوتۆق و تێک بەربوون، ژمارەیەک پێشمەرگەی هەردوولا لەم مانۆڕو شانۆگەریە بێ سودە خوێنی سوریان ڕێژترا. سەیری ئەم کارەساتە ئەم ماڵوێرانکردنە، ئەم تاوانە گەورەیە کە لە ئەنجامدا ۹ پێشمەرگەی حسیک و پێنج بریندار و هی یەنک/ش ٥ کوژراو حەوت بریندار. تاوان لەوە گەورەتر چیە کە ۲٦ پێشمەرگەی کوردستان بە قرچوبڕی و کەلو کۆزمەی یەکتری بکەونە گژیا.

فەرە مەبەستم بوو بگەمە پنجوێنەوانی هۆی سەرەکی ئەم کارەساتە! ڕاستی و درۆ لەچ لایەکەوەیە. لەسەر ئەوە نەوەستام تەنها گیوم لە گێڕانەوەی ئەم شانۆگەریە و منداڵ بازیە بێت کە برادەرانی سەرکردایەتی حسیک یا یەنک و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق باسی دەکەن. تەقەلامدا، چاوم بەچەند پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی لەخۆبوردووی ساکاری هەردوو لایان کەوت کە هێشتا فرتوفێڵی سیاسەت و عەقلیەت و ئایدیۆلۆژیەتی حزبایەتی تەسک مشتومالی نەکردبوون. هەر پرسیارێکی ئاراستەم دەکردن ڕاست و ڕەوا ریالیستی ڕووداوەکە چۆن بوو ئەوەیان هەڵدەڕشت و بەبێ ڕەتوش دەیان گێڕایەوە.

ئەم ئاپوورو مفتانە یەکێکە لە چەندان کارەسات و ڕووداوی ناڕەواو یەکتر برانەوە! ئەمەیە ئەنجامی ڕێبازی چەوت و کورت بینی و سەرلێشوان هەمیشە پێویست دەکات هەموو نەتەوەی کوردمان لە هەموو بەشەکانی

کوردستان، هەموو حزب و هێزە کوردستانیەکان، ئەم کوشتوبڕیە ئەم قەسابخانە ناڕەوایە و دەیانی لەوە چڕگیرتر، هەرگیزاو هەرگیز قەت لە یاد دەرنەچێت بکرێن بە پەندو ئەزموونی یەکجار گرانبایە دەرس و سروودی لێوەر بگیرێت، هەموو بەیەک دەنگ بەیەک بیرو هێزو توانا هاوار بکەین بابەس بێت شەڕی براکوژی با چیتر دوژمنانمان گوشاد و زاڵ نەکەین بەسەر خۆماندا! بات چیتر خەریکی خۆ خواردن و لەناوبردنی یەکتری نەبین.

